# ژنە کافرەکە

رۆمان

عەلی بەدر

**وەرگێڕانی: شێرزاد هەینی**

کوردستان 2017

ژنە کافرەکە: رۆمان
نووسینی: عەلی بەدر
وەرگێرانی لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی
تایپ: وەرگێر
هەڵەچن: هێمن مامەند
دیزاین: عەفان ئەحمەد
ژمارەی سپاردن:
تیراژ: 1000 دانە
نرخ:8000 دینار
چاپی یەکەمی دەقە عەرەبییەکە لە ئیتاڵیا لە ساڵی ٢٠١٥ دەرچووە.
لە بڵاوکراوەکانی دەزگای مەحمود زامدارە

# پێشەکی

## عەلی بەدر مێژووە پەراوێزخراوەکان
## بە رۆمان دەنووسێتەوە.

عـەلی بـەدر رۆماننووسـێکی دیـاری عـەرەبی عێراقییـە، لـە رۆمانەکانیـدا مێـژووە پـەراوێزکراوەکان و چیرۆکـە لـەبیرکراوەکان تۆمار دەکـات، هـەروەك خـاتوو رۆژنامەنووسـی ئـەمریکی مـاری وایمیل وەسفی دەکات، ئەوەش بەڕوونی لە رۆمانەکانی "ملوك الرمال" و " الطريق الـى تـل المطـران" و چەنـدان رۆمـانی تـری وەك "بابا سـارتر" و "شـتاء العائلـە" کـە لەلایـەن وەرگێـڕی ئـەم رۆمانـەی بەردەسـتمان وەرگێڕدراونەتـە سـەر زمـانی کـوردی، "الوليمـە العاريـە" دیـارن. رۆمانـەکانی ئـەو لەسـەر ئاسـتی عـەرەبی و جیهـانی، بەتایبـەتییش لەسـەر ئاسـتی کـوردیش ناسـراون. چەنـدین رۆمـانی ئـەم نووسـەرە، لەلایـەن نوسـەر و وەرگێڕی بەتوانا "شـێرزاد هـەینی" کـە مـن لەنزیکـەوە ئاگـادارم چەند بەپەرۆشییەوە کاردەکات، کە رۆمانێك دەنووسێت، یان کـە رۆمانێك وەردەگێڕێتە سەر زمانی کوردی و بە چاپی دەگەیەنێت.

سـەبارەت بەم رۆمانە "ژنە کافرەکـە"، بـاس لـە نەهامـەتی و بێریزی ژن، لە کـەلتوری ئـەم ناوچەیـە و رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت دەکـات، ئـەوەش لەسـەر زاری "فاتیمـە"ی ژنـە پاڵـەوانی رۆمانەکەیـە، کـە لـە شـارێکی بچـووکی دووری بیابـان ژیـاوە، ئیسلامییە توندڕەوەکان داگیری دەکەن، شـەریعەتی ئیسـلامی بەسەردا دەسـەپێنن، بـەناچاری، لەبـەر کەساسـی خۆیانـەوە، خێزانەکەی فاتیمـەش دەچنـە بـەرەی ئـەوان. تـا رادەی ئـەوەی باوکی و دواییش مێردەکەی خۆیان دەتەقێنەوە.

فاتیمە شوو بـە گـەنجێکی بێکـار و فاشـیل لـە ژیـان دەکـات، دواتـر بـۆ گەڕانـەوەی شـکۆمەندی بـۆ کەسـایەتییە لاوازەکـەی، دەگاتــە ئــەو بــاوەڕەی بــە خۆکــوژی ببێتــە پاڵــەوان، تــا لــە

فیردۆسەکەی ئەولا حەفتا حۆری بەدەست بێنێت. دەرئەنجام فاتیمە بڕیاری هەڵاتن بۆ ئەوروپا دەدات، دەگاتە برۆکسل. لەوێ حیجابەکەی فڕێدەدات و ناوی خۆیشی دەگۆڕێ بە سۆفی. بەڵام لەناو دوو کەسایەتی دەژێت، "فاتیمە"یەك بەیانییان لە کۆمپانیایەکی خاوێنکردنەوە کاردەکات، "سۆفی"یەك ئەو کچە ئەوروپییەی ئێواران دەچێتە باڕەکان و دەخواتەوە و سەما دەکات، دواتر لەگەڵ گەنجێکی جوانی ئەوروپی دەگەڕێتەوە ماڵەکەی خۆی، سێکسی لەگەڵ دەکات، وەکو تۆڵەسەندنەوەیەك لە مێردەکەی کە پێی گوتبوو خۆم دەتەقێنمەوە، تا بچمە بەهەشت، لەوێ حەفتا حۆرییم دەدەنێ، ئەویش بڕیاردەدات لەگەڵ حەفتا گەنجی ئەوروپی بخەوێت. بەڵام بەڕێکەوت لە برۆکسل دەکەوێتە داوی خۆشەویستی ئادریانی ئەندازیار. ئەویش گەنجێکی نادیار و ئاڵۆزە بووە، کەسایەتییە راستەقینەکەی خۆی شاردۆتەوە، کە هەر جارەو سۆفی شتێکی ژیانی شاراوەی ئاشکرا دەکات، بەڕێکەوتیش بۆی دەردەکەوێت، کە ئادریان بەرەگەز مەسیحییەکی لوبنانییە. خانەوادەی باوکی هەموویان لە شەڕی ناوخۆی لوبنان کوژراون. باوکی بە کوشتنی خێزانێکی فەلەستینی لە کامپەکان، بڕیاری تۆڵەکردنەوەیان دەدات، لەناو ماڵەکە کیژێك خۆی دەشارێتەوە و لە دەستی ڕادەکات و بزر دەبێت. باوکەکە پاش بوونی بە ئەندامی میلیشیا کریستیانەکان و بەشداری زۆر لە شەڕەکان بڕیاردەدات، لە لوبنان بڕوات، دەگاتە لای مامی لە نەرویژ، لەوێ کاردەکات و خێزان پێکدەهێنێت، کوڕێکی دەبێت ئەویش ئادریانە. دواتر بۆ کار و کاسبی دەگوازێتەوە سوێد، بەڵام تارمایی ئەو کیژۆڵەی ویستبووی بیکوژێت هەر بەدوایەوە دەبێت، تا دواجار شێت دەبێت و خۆی دەکوژێت.

ئەم چیرۆکە، کاریگەری زۆری لەسەر ئادریان دەبێت، بەتایبەتی دوای دانپێنانی باوکی بە تاوانەکەی لە فلیمێکی دۆکومێنتاری لەگەڵ دەرهێنەرێکی ئەڵمانی. لە فلیمەکە باس لەو کیژۆڵە رزگارکراوە دەکات، کە لە لوبنان گەورە بووە، ئەویش لە فیلمەکە باسی کۆمەڵکوژییەکە و دەربازبوونی خۆی دەگێڕێتەوە. بۆیە ئادریان دەچێتە بەیروت، ئەو کچە دەدۆزێتەوەو مارەی دەکات، بێ ئەوەی پێی بڵێ ئەو کوڕی ئەو پیاوەیە کە خێزانەکەی کوشتووە. ئینجا لەگەڵ خۆی دەیباتە سوێد و کچێکی لێی دەبێت، بەڵام کچەکە هەر لە ترسی تارمایی ئەو

پیاوە دەژیت، کە هەموو خێزانەکەی کوشتووە، وا خەیاڵ دەکات دێتەوە و خۆی و کیژەکەشی دەکوژێت، ژیانی تاڵ دەبێت، لەبەر ئەوە ئادریان ڕادەکاتە برۆکسل، لەوێ سۆفی دەناسێت و پەیوەندییەکی خۆشەویستی ئاڵۆز بە سۆفی دەبەستێتەوە، دواتر سۆفی بۆی دەردەکەوێت، ئەو ژنی هەیە و کچێکیشی هەیە، ئەویش بەتووڕەیی لە ماڵ دەردەچێت و تووشی ڕووداوی ئۆتۆمبێل دەبێت. لە کاتی کەوتنی لە نەخۆشخانە، سۆفی لە ماڵەکەی دەبێت و فلیمە دۆکومێنتارییەکەی دەستدەکەوێت، هەموو نهێنییەکانی ژیانی دەزانێت. ژنەکەی ئادریان دەگەڕێتەوە، سۆفیش بەجێیدەهێڵێت و دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی خۆیی و یاریکردن لەگەڵ تارماییەکانی.

هیواداریین عەلی بەدر، لە ڕۆمانەکانی ئایندەی باس لە دۆز و سەربردەی کوردیش بکات، ئەگەرچی لە هەندێ لە ڕۆمانەکانی ئاماژەی دوورونزیکی بە کورد و نەهامەتییەکانی داوە.

دەستخۆشییەکی زۆریش لە نووسەر و وەرگێڕەکەی دەکەم، هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم لە هەموو کارەکانی. وڵاتیش لە تارمایی ئیسلامییە توندڕەوەکان و شەریعەتە تاریکەکەیان پارێزراو بێت.

**نیهاد نەجار**
هەولێر ٢٥ی مای ٢٠١٧

# ژنە کافرەکە

٢٠ی تەموز

من لە نزیکی تۆم. ژنێکم لە وڵاتێکەوە هاتووم، شەڕی تێدا ناپڕێت. لە خاکە نەفرەتکراوەکەوە هاتووم. لەناو گەرمەی کوژرانە تەمومژاوییەکانەوە هاتووم. لە جیهانی جادووگەرییەوە. لەو وڵاتەی، پیاوەکان هاوسەرەکانیان دەخنکێنن، کیژان دەکوژن، هەموو رووداوەکانی ئەو وڵاتە، قێزەوەن و ترسناکە. لە وڵاتێکەوە هاتووم، قەبارەیەکی زۆر، ستەم، قەبارەیەکی زۆریش شادی تێدایە.

ئۆف، تۆ دەبێژیت شادی، ئەوەیان هەرگیز لە مۆراڵی مندا نەبووە! باشە، تۆ چی لەسەر من دەزانیت؛ تا ئەوە بڵێیت؟ کردەوەی وا دەکەم سەرسام دەبیت، بڕوام پێ دەکەیت؟ سوێندت بۆ دەخۆم، لە پەنا ئەو پێداگرییە توندەش، شادییش بوونی هەیە.

پێم گوتی گلاسەکەم بدەرەێ، تۆش دەزانی! گلاسەکەی خۆت پێدام، یەك قوومم فڕ کرد! ئارەزووی زۆرم هەبوو ئیمڕۆ سەرخۆش بم.

"ئاگاداری و دەزانیت چ جۆرە توندوتیژییەکەم دەرحەقکراوە، راستە توندوتیژی لە هەموو شوێنێکدا هەیە، تاوانیش لەسەر یەك کەس قەتیسکراو نییە، بەڵام تاوانەکان فرە جۆرن... تاوان هەیە، لە پێناوی ئەڤینە، هەروەها تاوانیش هەیە، بە ئاراستەی باوەڕدارییە، یەکەمیان، پیاوێکی نازداریش بیکات ئازارت دەدات... لە دووەمیان....".

_ "تۆ ئەوانە بە نازدار و شایستە دەزانیت؟" بە منت گوت!

"ئەوانە پۆشاکی گرانبەها دەپۆشن، دزن، ژنان ئەتك دەکەن، دەکوژن، بۆ خۆشەویستی، لەبەر رق و کینە کوشتاری دەکەن. ژیانیان لەو بازنەیە دەرباز نابێت، دەکرێ بڵێیت پرۆسەی ئەتککردنی ژنان، بۆ خودی توندڕەوە وەحشییەکان، بەرامبەر کوشتن، بە تاوان ئەژمارد ناکرێت، توندڕەوەکان هۆڤیانەترن،

ئەوان منداڵان دەکوژن. دەستدرێژی دەکەنە سەر ژنان، بەستەزمانان نابوود و گەندەڵ دەکەن. ئەوان زمانێکی تەمومژاوییان پێوەیە. پڕوام پێ بکە. دیوی بنچینەیی کوشتن پێداگرییەکی توندە. بە بۆچوونی ئەوان، کردەیەکی پیرۆزە، ئەوەش تەنیا وەك کردەوەیەکی موقەدەس دەیکەن و هیچی تر نا. پێیان پیرۆزترە لە کاری دارتاشێك، پەیکەرتاشێك، تورشیفرۆشێك و نەخشکەرێك و ئەوانی تریش".

_ "ئۆف، بەسە، واز لەوە بهێنە!" پێت گوتم.

لە برۆکسل، لە باڕەکە، ئەوە یەکەم هەڤپەیڤینمان بوو. ئیستا بەبیرم دێتەوە. لەبەردەمت دەیگێڕمەوە و یادی دەکەمەوە، لەودەمانە، دروست ئەودەمانە، لەبیرمە جارێکیان بە تۆم گوت:

_ "ئاسان نییە، بە زمانی ئەودەمانە، گوزارشتت بۆ بکەم. شتێك ئێستا ناتوانم بۆت شرۆڤە بکەم، یا راڤە، شتێکە تێیدەگەم، هەستی پێ دەکەم. بەڵام؛ زەحمەتە بتوانم بە وشە بیگونجێنم ودەریببڕم".

رۆژەکەم باش لەبیرە، وەك چرایەکی رەوشن، لە شەوێکی تاریکدا، لەناو بیرەوەرییم دەدرەوشێتەوە. تۆ داوات لێ کردبووم قردێلە لە قژم بکەمەوە، تا داو داو قژم بەرەو دەریاکە باڵ بگرێت و بفڕێت. تۆش نەعلەکەت لە پێت کردبووەوە؛ لەسەر کەنار دەریاکە، پێخواس، دەیویست گەرمایی لمەکە بگاتە بن پێیەکانت. تەنوورە پەمۆییەکەم بە شنەی با دەلەرییەوە. تۆش گوتت لێیگەڕێ با بلەرێتەوە؛ با قاچە ئەسمەرەکەت بە دەرەوە بن، جارجار دەربکەون.

رەنگە لەودەمانە ئەوەت بەبیرنەیەتەوە. بەڵام من باشم لەبیرە. لەناو خەیاڵم وێنا بووە، بەروونیش دیارە. پێستی تۆ _لەو رۆژە_ گەش و رەوشن بوو، لە دڵەوە پێدەکەنیت. زۆریش لەیەکتری نزیك بووین، ببووینە یەك جەستە و ئاسانیش نەبوو قەبارەی یەکتری هەست پێ بکەین. تا دوا ترۆپکی ئارەزوو، ئاسوودەیەکی ڤێنك دایپۆشیبووین، بە بۆنی یەکتری، بە ئاوێتەبوونمان بە بۆنی دەریاکە، دەستی چەپت لەناو قەدم بوو، بە چاوەکانت منت هەڵدەلووشی.

بەڵێ، رۆژەکەم لەبیرە، بەتایبەتی ئەو رووداوە، ئەوەم بە باشی لەبیرە. تۆش دەزانی بیرم تیژە، چونکە زۆرتر لە جارێك، بە منت گوتووە بیرت تیژە.

******

لەگـەڵ دەربڕینـی دوا رسـتە، خـەمگین، سـۆفی بزەیـەك دەكات. بۆ ژنەكە ئاسان نەبوو بزانێت ماوەی چەندە لەتەنیشـت ئەو دانیشتووە. دە دەقە، یان سەعاتێكە؟ دەست بـۆ كوپەكـەی سەر مێزەكە درێژ دەكات، كەمێك دەخواتەوە، ئاوەكە فێنـك بـوو، ئەو جۆرە ئاوەی پـێ خـۆش بـوو. ئـەوەش نیشـانەی ئـەوە بـوو ژوورەكەش فێنك و خۆشە. ژنەكە هەستی دەكرد سەبارەت بـە پیاوە برادەرەكەی، ئادریان، هـیچ نـەگۆڕاوە، كـە قسـەی لەگـەڵ دەكـرد. كەشـەكە بـەر لـە كـاتی قسـەكردنیش هـەر وابـووە، دروست هەڵوێستەكە بەو جۆرە بووە.

ئەو وەك خۆی بوو.

مۆبایلەكەی لێدەدات، لەناو جانتا پێسـتەكەی دەریـدەهێنێت، دەیكوژێنێتــەوە. دوور نییــە لێــدانی مۆبایلەكــە لــە كەشــەكە دابپڕیێت. دەگەڕێتەوە نـاخی خـۆی، زەنگـی تەلـەفۆنی ژنەكـە، لەگـەڵ هەناسـەی برادەرەكـەی ئاوێتـە دەبێـت. هەسـت بـە هاوسەنگییەكی نامۆی هەستەكانی دەكات. كەمێك لە پەیقین دەوەستێت، لەناكاو بێدەنگ دەبێت.

******

بە منت گوت:

"سـۆفی بیـرت تیـژە، هـەموو وردەكارییـە بچووكەكانیشـت لەبیرماوە!".

بەڵێ، وردەكارییە وردەكانیشم لـەبیرماوە، ئەوانـەم بـەروونی لەبیرە. وەك ئەوەی ئێستا روویان دابێت، ئێستا نەك لـە رابـردوو. بیـری مـن زۆر لـە بیـری تـۆ باشـترە، هاوڕێیەكـەم تـۆ هـەموو شـتەكان لـە بیـر دەكـەیت. تـۆ شـتە باڵكێشـەكانیش لـە بیـر دەكەیت، بەپەلـە شـتەكان لـە بیـر دەكـەیت. نامـەوێ بـە بیـرت بێنمەوە، كە چۆن سویچی ئۆتۆمبێلەكـەت لـە كافتریاكـە لـە بیـر كرد، جانتاكەی پارەت لەسـەر مێزەكە جێهێشتبوو، لـەماڵەكـەی مـن... شـتی زۆر زۆر لـە بیـر دەكـەیت. زوو زوو شـت لـە بیـر دەكـەیت و بـە بیـرت دێنمـەوە، زۆرتـر لـە جارێـك شـتم بـە بیرهێناویتەوە، لە بیریان دەكەیت!

بەگاڵتەوە پێت دەڵێم:

"_ئادریان، دیارە بە ئەنقەست شتەكان لەبیردەكەیت؟".

بە نەرمی پێدەكەنیت، شـەرمەكەت دەشاریتەوە.

بەڵام من، بە پێچەوانەوە، وەك تۆ نیم، هەرگیز هـیچ شـتێك لـە بیـر ناكـەم، نـەك شـتەكانم بـەڕوونی بـە بیردێتـەوە، زۆر

بەڕوونیش وێنایان دەکـەم، ڕووداوەکـان، پەیڤـەکان... هـەموویان لەناو مێشـکم دەچـەقن، بـەڕوونی، وەك تۆڕێـك گلـۆپ. چەنـدان سـەربردە و چیـرۆك و بابـەتی منـداڵییم لـە مێشـکی چـەقیوون، وادەزانم دوێنیٚ ڕوویان داوە...

تا ئێسـتاش، ناتوانم ئەو پیاوە لاوازە، دەم و چاو بە خوریکەکـە ، قژ ئاڵۆزەکە، نیمچە کتوکوێرەکە لە بیر بکەم، ئەوەی چەند داوە مـووێکی هێنـابووە ســەر کەچەڵییەکـەی و دەم و چــاوە تیــژە دڕەکـەی و هـەردوو ڕوومـەتی ماکیـان پڕێـوە بـوو. نـاتوانم دەنگـە کەرخـە خەمبارەکـەی لـە بیربکـەم، بـەردەوام لەســەر پشــتی کەرێکەوە بە بەردەم ماڵمان ڕەتدەبوو، دەیگوت:

"مەزلووم، ئای خودایە، مەزلووم خەڵکینە مەزلوومم...".

هەموو زولمیان لێی دەکرد، دەیانچەوساندەوە، دیمەنی ئەوم بــەردەوام لــە خەیاڵــە، چــەقیوە و جیانابێتــەوە. ددانــەکانی هـەڵوەریبوون، دەم و چـاوی گریـاو، نارەحـەت، _تـا ئێســتاش_ ئاکـاری ئـەو دڵـم دەکوشـێت. هەسـتم دەکـرد ژیـانی ئـەو وەك دارێکە و بۆ هەڵوەرینی گەڵا و پڕینەوەی لقەکانی خوڵقاوبێت.

******

ســـۆفی کـــەمێك دەوەســـتێت، ســـەیری ئادریـــان، کـــە دەستەوەسـتان لـە بـەردەمی وەسـتاو بـوو دەکـات، دەکەوێتـە پەیڤین _پاش گاڤێك_ بە دەنگێکی پەریشـان:

هەرگیز _جەمیلـە_م لـە بیرناچێتـەوە، ئـەو کچـە لەگـەڵ مـن خوێندکار بوو، لە منداڵییەوە دەمناسـی؛ هاوسێمان بـوون. قـژی لــووس و درێــژ بــوو، دەســتوپێی لاواز بــوو، کزیــی و ئاکــارە ئەســـمەرەکەی ڕەشـــایی زۆرتـــری بـــە قردێلـــەکانی قـــژی بەخشیبوو، لەبەر هەموو ئەوانە گیرۆدەی ببووم. بـە پێچەوانـەی ئەوانی تر هاوسۆزی بـووم، چونکـە کیژێکـی کەسـاس و لاواز و ڕەنگ زەرد بوو. ئاکارە نەخۆشییەکەی ڕووێکـی فریشـتەیی پـێ بەخشــیبوو، ئاکــارە ئاســمانییەکەی. بەیەکـــەوە دەماینـــەوە و بەیەکـەوە بـە دزی لـە قوتابخانـە دوور دەکەوتینـەوە. ئـەڤینێکی شاراوەم لە دڵەوە بۆ ئەو کیژە هەبوو، ئـەویش هـەمان سـۆزی بۆم دەنواند، بە ڕاستگۆییەکی زۆرەوە، بـێ سـنوور و خاکـەڕایی سۆزدارم ببوو.

سۆفی، پاش ئەو قسانە پشووێك دەدات، قسە ناکـات، وەك ئـەوەی بەربەســتێك بیوەســتێنێت. ســەیری ئاکــاری ئادریــانی پەریشــان دەکـات. پاشــان، دووبـارە ســەربردەی منـداڵی خـۆی

لەگەڵ دەستە خوشکەکەی دەگێڕێتەوە، سۆزێکی خەمگین لە دەنگ و شێوەی ئاخاوتنەکەی بەدی دەکرا و بەری نەدەدا.

بێ رەحمانە، باوکی کوشتی. بەردبارانی کرد، بەردێکی لە کەڵلەسەری دەدات، دەمرێت. کوشتی؛ چونکە کوڕێکی هاوسێیان دەستدرێژی دەکاتەسەر، ئیشی خۆی لەگەڵدا دەکات و را دەکات. کیژەکە بەترسەوە دەگەڕێتەوە ماڵەوە و نەیدەزانی چی لێ قەوماوە، بەستەزمانانە رژانی خوێنی نێوان رانەکانی بۆ دایکی دەگێڕێتەوە، دایکی شین دەگێڕێت و لە خۆی دەدات، روومەتی دەڕنێتەوە، بە باوکی دەڵێت، باوکی بۆ ئەوەی شەرمەزارییەکەی بشارێتەوە و پاك ببێتەوە کیژەکە دەکوژێت.

لەودەمانە هەستم بە مردنەکەی کرد، یەکسەر هەستم بە نەمانی رۆحی کرد. شەو بە ترس و هەژان لە خەو رادەپەڕیم. خەیاڵی ئەوم لەناو تاریکییەوە دەبینی، گوێم لێ دەبوو بانگی دەکردم، ناوی دەهێنام، لەوێ هەستم بە رۆحی دەکرد، لەو دیوی پەنجەرەکەوە هەستم پێیدەکرد. رووم بە جامەکەوە وەنابوو، بە چاوەکانم سەیری دوورم دەکرد، پریار دەدەم چاوەڕوانی بکەم. بەڵام؛ کەس لەوێ دیار نەبوو. کەس لەو دیوی پەنجەرەکە نەوەستابوو. تەنیا چەند درەختێکم دەبینی، لقەکانی دەهەژانەوە، لقەکان بەسام و تەماویی دەجولانەوە، بەو هاوینە هەورم بە ئاسمانەوە دەبینی، ئاسمانی داپۆشیبوو، تروسکایی هیچ رووناکییەکم لە شەقامەکان نەدەبینی، بێجگە لە تاریکی هیچی ترم نەدەبینی، رەش و تاریك وەك دڵەکەم.

لەناکاو، وەك ئەوەی لە دوورەوە گوێم لە دەنگی ئەو بێت، سەبر سەبر لێم نزیك دەکەوتەوە. دەنگە کزە لاوازەکەی دەگەیشتە من و لەناو گوێچکەم دەتوایەوە. بەو دەنگەی کە کوڕان دەستیان بۆی دەبرد، دەیانویست ئازاری بدەن، لێم دەپاڕایەوە و هاواری دەکردم. لەودەمانەش تێدەگەیشتم دەنگی ئەو خاو دەبووەوە، لەگەڵ ئەوەش رابردوو و بیرەوەرییەکانی توانەوە، هەمووی توانەوە، لەگەڵ ئەوەش شادییەکانم فەوتان و نەمان. هەموو ئەوانەی خۆشمدەویستن، ئەوانەی پارێزگارییم لێیان دەکرد، نەمان. هەموو شتەکان بەیەکجاری و تا ئەبەد رووچوون، ساتە جوان و شادییەکان بەیەکەوە ژیابووین، ئەوانەی بەیەکەوە گوزەرمان کردبوو، لە چاوتروکانێکدا ون بوون. گەڕامەوە ژێر پەتۆکەم، وەك ئەوەی لەناو گۆڕێکدا بم خۆم داپۆشی.

بەیانییەکەی، بەژان و سووتانێکی بێ پەروا، زۆر بۆی گریام. تا ئیمڕۆش، بێ پسانەوە و دامرکانەوە بۆی دەگریم. ئامادەییە مەندە نازدارەکەی ئەو منی تەنیبووەوە _کە ئاسوودەییەکی زۆرم بۆی هەبوو_ بەیەکجاری رۆیشت و نەما. بەتەنیا مامەوە،

بێ هاوڕێ مامەوە. بوونی و پەیدابوونی تۆ! لە ژیانی من دووبارە بەختیاری و شادییەکانی سەردەمی ئەوی بۆم گێڕامەوە، کە ڕۆحی داپۆشیبووم.

******

یەکێك لەو شتانەی هەرگیز لەیادم ناچێتەوە، کە شەوانە دەنگی دایکم لەناو گوێیەکانم دەزرنگایەوە. لەناو جێگەکەم مات دەبووم، خەوم لە خۆم دەخست، گوێم لێ دەبوو، بە رازی پیاوەکەی پاش کوژرانی باوکم، شووی پێ کردبوو دەگوت:

"_تۆ شەق لە دەموچاوم مەدە".

دەیویست رووی لێ وەربگێڕێت، ئەو بە دەستێکی توندی دڕی شەقار شەقارەوە رایدەکێشا، دووبارە شەقێك لە دەموچاوی دەدات، توند، خوێن لە لووتی دەهاتە خوارەوە.

"_قەحپە، تۆ قەحپەی. بڵێ من قەحپەم، وازت لێ ناهێنم تا نەڵێیت قەحپەم".

ئەویش پێی دەگوت:

"_کیژەکە خەوتووە، نامەوێ گوێی لێ بێت".

بۆنی تێکەڵاوی کحول و سیری دەمی ژوورەکەی پڕ کردبوو، ئەگەرچی سەرخۆشیش بوو بەڵام دەیتوانی توند شەق لە سکی دایکم بدات، بە دەنگێکی قەبەی گەورەی رەقەوە پێی بڵێت:

"_بڵێ من قەحپەم".

"_رازی، کیژەکە خەوتووە، خودا لێت رازی بێت، دەترسم بەئاگا بێت".

"_کچەکەشت وەك خۆت قەحپە دەردەچێت، ئێوە قەحپەن. دەستت بێنە خوارەوە، لەسەر رووت لابە. ئەگەرنا شەق لە سکی کیژەکەت دەدەم".

"_واز لەو کیژە بێنە، خودا لێت رازی بێت".

"_دەستت بێنە خوارەوە، لەسەر رووت لابە."

دەستی دەهێنایە خوارەوە _سەبر سەبر_ لەناکاو شەقێك لە دەموچاوی دەدات، شەقێکی توند، لە ددانەکانی.

دەقیژێنێت: ئاخ. لە ناخەوە هەست بەژان دەکات، بە قیژەیەکی کپ، بەڵام خوێن لە دەمی فیچکە دەکات، بالیفەکەی دەبێتە یەکپارچە خوێن. نەیدەویست بچریکێنێت و هاوارەکەی دەخنکێنێت. دووبارە شەقێك لە دەموچاوی

دەداتـەوە، لـە هـەموو شـوێنی پێشـوی. ئـەو وایـدەزانی مـن خەوتووم. دەترسا بەئاگا بێم.

******

دایکم هـەرگیز باسـی ئـەوی بـۆم نـەدەکرد، بـەردەوام خـۆی لەوە دەدزییەوە. دەم و چاوە زامدارەکـەی لـە مـن دەشـاردەوە، بـەیانییان چـاوە بـە گریانەکـەی نیشـانم نـەدەدا. رەنگـە رۆژی مردنەکەی تۆڵەی خۆی لێ کردبێتەوە، دیواری خانووێکی کۆنی بە سـەردا دەرووخێت، کـە لەگـەڵ هاوڕێیـەکانی لـەبن دیوارەکـە قوماری کردووە. کە پێی دەڵێن مردووە، هیچ قسـەی نـەکردووە، یەك وشـەی لە دەم دەرنـەچووە، نـەمبینی دڵۆپـە فرمێسـكێكی چاوەکانی لەسـەر رووومەتە کزەکەی بێتە خوارەوە.

لەبەردەم تەباخەکە، لە ناوەڕاستی حەوشـەکە دەوەسـتێت. کـەوگیرێکی گـەورەی لـەناو دەسـتە ماندووەکـەی بـوو، بـە جولەیەکی دووبارەی بەردەوام لەناو مەنجەڵێکی پیسـی رەشـی شـۆربای _بـەردەوام بـێ گۆشـت و دۆشـاوی تەماتـە_ وەردەدا. دەستەکەی تریشـی لـە کەمەریـدا بـوو. روو زەرد، مانـدوو و بـە ئارەقە، چاوەکانی کز و دەرپـەڕیوی زامـدار، بـەڵام ئیشـی خـۆی هەر دەکرد و نەدەوەستا.

سـەیرم کـرد. دەمزانـی کاردانـەوەی چییـە. لـە ناخـەوە و لـە بنەوە مەزنـدەی ئـەوەم دەکـرد: لەودەمانـە و لـەو رەوشـە چـۆن زادی پـێ دەخورێـت. بـە نیگایـەکی چەسـپیوو سـەیر دەکـات، شارەزای نیگاکانی بووم. ئەو بە دەنگێکی نەرم و حەلیم دەڵێت:

"_لەو رۆژەوە ئیتر، ناهێڵم هیچ پیاوێك ئازارت بـدات، بـە یـەك وشـەش زامدارت بکەن. بەڵام ئیمڕۆ؛ دەتـوانم بڵـێم مردنـی ئـەو ژیانی ئێمەی تاڵ نەکرد".

مەنجەڵەکە هەڵدەگرێت و دەچێتە ناو ژوورەکەی تر و دەڵێت:

"_لەو گەردوونە مردنی پیاوێك ناتوانێت تەشریبەکەمان خراپ بکات".

سـۆفی کـەمێك بێـدەنگ دەبێـت، ئەگریجەکـەی بـەرچاوی گرتبـوو، بـەرز دەکاتـەوە. سـاتەکانی بـێ دەنگبـوون کـەم بـوون. ماوەیـان هـەبوو، لـەورۆژە ئـارەزووێکی زۆری هـەبوو، بـە درێـژی قسە بۆ ئادریان بکات، دەیویسـت باسـی ژیانی پـێش هـاتنی بـۆ ئەو شوێنەی بۆ بگێڕێتەوە، پێش ناسینی ئەو. دڵۆپە فرمێسكێك لـە چاوەکـانی دێتـە خـوارەوە، دەسـت بـۆ پارچـە دەسـتماڵە

سپییەکەی سەر مێزەکە دەبات و دەیسڕێتەوە، خەم و دەردەسەرییە تاڵەکان، ناتوانن لە گێڕانەوەکە ساردی بکاتەوە، دەیویست هەموو وردەکارییە بچووکەکانیش باس بکات.

دەزانم گێڕانەوە و باسکردنی هەموو وردەکارییەکان بابەتێکی نەگەتیقە، بۆ دڵیش خراپە، بەڵام بۆ رۆح باشە. لەبیرمە جارێکیان بە منی گوت:

"_سۆفی، تۆ بە پیتەکان بیر دەکەیتەوە، زمانی فەرەنسی _سەبارەت بە تۆ_ داوێکە، تەواو نایێت، پێی دەچنیت، وەك ئەوەی ژیان بسازێنیت، کە سەربردەکان دەگێڕیتەوە".

بەڵێ، بیرەوەرییەکانم بەو جۆرەیە. وەك وێنەیە لە دیمەنێکی فۆتۆگرافی. دیمەنی چاپکراوی سەر سیدییەك، وەك نمایشی فیلمێك بۆم ساز دەبێت. دیمەنەکە بەرجەستەیە، وردە، وێناکراوی دروستە، بەڵام بە قەبارەی گەورە هەستی پێ دەکەم، وەك ئەوەی ئێستا قەومابێت. وەك تابلۆیەکی سەر پارچە کاغەزێك یان سەر قوماشێك. ئەوەش یەك ساتە و ناشاردرێتەوە. هەست دەکەم تەواوی بوونم لەو خاکە قەتیس ماوە، هەموو ساڵەکانی تەمەنم، چۆن ژیاوم، رۆژەکان ئاوێتەن. بێ سەرەتا، بێ کۆتاییش. لەوێ دادەنیشتم، بەرامبەر فیلمێك؛ لەو فیلمەدا من وەك بەشدار و تەماشاڤانم. لەوێ لەبەر سێبەرێکم، هەورێکی زەڵال چواردەورەی گرتووم. دەزانم من خۆمم، بومەتە ئەو کەسەش، کە لە دەرەوە چاوی تێمان پڕیوە و چاودێرییمان دەکات.

دەزانم فاتیمەی دانیشتووی سەر سیسەمە شکاوەکە، لەناو ژوورەکەی بە چەندان ستوونی بۆر راگیراوە، هەست بە چ دەکات؛ دیمەنەکە وردەکارییەکانی دیارە. دەزانم سۆفی بەو چاوەی تێی پڕیوە هەست بە چ دەکات.

******

بابەتێکی خەمگینە هەموو وردەکارییەکانی ژیانت بزانیت. بیرێکی تیژت هەبێت و هەموو شتەکانت لە بیر بمینێت. لەگەڵ هەموو رۆژانەی تێدا ژیاویت، هەموو ئەزموونەکانت بژیت، ئیمڕۆ دان بەوە دادەنێم... ژنێکی بێدەسەڵاتم، ناتوانم لەسەر هەموو شتە زۆرەکان گوزارشت بکەم.

هەستم زۆرە، نازانم چۆن دەریان ببڕم. ناتوانم تێیان بگەم، بە زمانی تۆ... ئایا ئەوەش خەم و دڵگرانی نییە؟! ئایا ئەوەش شتێکی کارەساتبار نییە؟!.

دان بەوەش دادەنێم _هەروەها_ ئەوەش کوشندەتر و ریسواترین بابەتەکانی ژیانم نییە!.

ریسوایی چییە، ئاسمانە دڵۆڤانەکە پریەتی لە خودا، ئەوانەی بەردەوام بۆ خەڵکەکە باران دەبارێنن، وەك دایك فرمێسك بۆ جگەرگۆشەکانیان دەبارێنن، هەموو شتێکیان پێ دەبەخشن: رووناکی، ئاو، گەرمبوونەوە... بەڵام ئەوانە بۆ من کەم و دەگمەن بوو، توند و دژوار بوو! ئەدی بەختیاری... بەر لەوەی دیمانەی تۆم بۆ بسازێت کەم بوو، دەگمەن بوو. کەم بوو، وەك چەند درەختێکی ناو دەشتاییەك، کڕیوەی زستان رووتی کردبێتەوە. هەستم بە ئارامییەك نەدەکرد، لە باوەشم بگرێت، سۆزێکم بەدی نەکرد، هەستم بە خودی بوونم نەدەکرد. بوونم وەك ژنێك لەگەڵ تۆ بەرجەستە بوو. هەست بەو خۆویستییە گەورەیە دەکەم، ترسی گەورەشم ئەوەیە _دووبارە_ بە دوورکەوتنەوەی تۆ، بوونم بهەژێتەوە.

سۆفی لەگەڵ برادەرەکەی قسەی دەکرد، لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانەیەك، پاڵکەوتووە. جەستەیەکی لاواز بەرامبەر راکشاوە. هەردوو دەستە شل و خاوەکانی، بە درێژایی جەستەکەی درێژ ببوون. پێستی زەرد و تەنك، بە ئاسانی دەمارە شینەکانی دیار بوون. سۆندەیەك بە باسکی چەپی بەسترابووەوە، کە شلەیەك لە جەستەی دەکات، سۆندەکە بە کیسەیەکی پلاستیکی سەر قەرەوێڵەکە بەسترابووەوە. ئەو رووتە و بە چەرچەفێکی سپی خاوێن داپۆشرابوو. قاچەکانی لە ژێر ئەژنۆکانیەوە بە دەرەوە بوون و جوانیش دیار بوون.

ژنەکە ماوەماوە دەستی لەناو دەستی راستی پیاوەکە دادەنا. لەتەنیشتی قەرەوێڵەکە دانیشتبوو، قاچی لەسەر قاچ دانابوو، سەری بە سەر قەرەوێڵەکە کردبوو. قژە رەشەکەی هاتبووە سەر شانی، سینگ و مەمکە توندەکەی باش دەرپەڕیبوو. پێستە ئەسمەرە ێگەردەکەی، لەبەر رووناکییەکەی هاتبووە ناو ژوورەکە، دەبریسکایەوە.

کوڕە گەنجەکە سیس دیار بوو، بە رووداوی ئۆتۆمبێل بریندار بوو، خوێنی زۆری لەبەر رۆیشتبوو، هێشتا باش بەخۆ

نەهاتبووە، پێستی بە ماسولکەکانی وەنووسابوو، لۆچی زۆر لە دەموچاوی دەرکەوتبوو. هێشتا بە ئۆکسجین و دەمامکەکەی سەر دەمی هەناسەی دەدا، چاوە شینە جوانەکانی داخرابوون. رووی لە بنمیچی ژوورەکە بوو، لەگەڵ رووداوەکەش _بەردەوام_ ئاکارە ئەسکەندەناقییە سیحراوییەکەی هەر مابوو.

ژنەکەش، لەتەنیشتی دانیشتبوو. بەیەکەوە لە ئاهەنگێك گەڕابوونەوە، هێشتا جلی ئاهەنگەکەی لەبەردا مابوو. چاکێتی ئاوریشم و قەمیسی سپی و تەنوورەیەکی کورتی رەشی لەبەردابوو، پێڵاو پاشپانە بەرزەکەی، هەر لە پێ بوو. لەتەنیشتی دانیشتبوو، هەستی لە ریتمی هەناسە بەردەوامە خاوەکەی راگرتبوو.

******

که بەیەکەوە لەگەڵ تۆ دادەنیشم، لەسەر کەرەوێتەکە، تۆ بە شۆرت و قەمیسە سپییەکەت خەریکی خوێندنەوەی رۆژنامە دەبوویت، ژوورە چوارگۆشە تەسکەکەی ماڵەکەم بە بیر دێتەوە. ژوورەکەی منداڵی و گەنجی خۆم تێدا بەسەر بردبوو. ماڵە بچووکە داماوەکەی رۆخ بیابانەکەم بە بیر دێتەوە. ماڵەکەمان لە پەڕگەی شارە بچووکەکە بوو. شارەکەی یەك بازاڕی بچووکی تێدا بوو، شارەکەی بریتی بوو لە چەندان خانووی کەلاوەی شڕ، نازانم بۆ بەردەوام ئەوانەم بە بیر دێتەوە، ئەو شتانە لە خەیاڵم دوورناکەونەوە، هەرگیز نایەوێ لێم دابپڕێن، دیارە پێوەم لکاون، وەك چۆن پیسی بە پێست وەدەنووسێت. بەڵێ، شوێنەکەم بە بیر دێتەوە، وەك ئەوەی بزانم بەراوردێك لەنێوان پێستی تۆ و پێستی ئەوانەی بەدرێژایی ژیانم ناسیبووم هەبێت...

سۆفی دەستی درێژ دەکات، دەست دەگەیەنێتە مووە زەردە ناسکە نەرمەکەی، بە پەنجەکانی پێستە نەرمە ناسکەکەی دەورووژێنێت...

پەردە نەخشینە کۆنەکەم بەبیردێتەوە، پەردەکەی کون کون ببوو، کونەکان تیشکی خۆریان لێوە دەهاتە ژوورەوە، لەو کونانە هەتاوەکە دەگەیشتە ناو ماڵەکە، لەسەر بەڕ و فەرشەکانی سەر زەوییە تەڕەکە و کاشییە ناشیرینە قێزەوەنەکان دەردەکەوت.

ماڵەکەی خۆمانم پێ خۆش نەبوو، بۆیەش زۆر خولیای دایکم بووم، بە راکردن بۆی دەچووم. بەڵام دایکم هەرگیز بایەخی بە

من نەدەدا. شەوانە، کە خۆم لە باوەشی دەکرد، بە دەستی منی دوور دەخستەوە، وەك ئەوەی لادیوارێك بیەوێ بکەوێتە سەری و پاڵی بدات و دووری بخاتەوە. دایکم بەیانییان دەچووە ناو بازاڕ، منیش خەمبار و بە شەوقەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەوم دەکرد.

دوورکەوتنەوەی ئەو، نیگەرانی دەکردم و لەسەر دڵم دەبووە گرێ. لەسەر سەکۆی دەرگاکەمان _بەردەوام_ دادەنیشتم، چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەوم دەکرد. لەوێ _بەردەوام_ منداڵی گەورە پەلاماریان دەدام و تەنگاویان دەکردم. لێیان دەدام، بە بێ هۆکار تەشقەڵەیان پێ دەکردم، جنێویان پێ دەدام، یان شتەکانی دایکم لە بازاڕ بۆی دەهێنامەوە لێیان دەدزیم. منیش _هەندێ جار_ پەنام دەبردە بەر گەورەکان، بەڵام ئەوان خراپتر بوون. بە بیانووی پاراستن دەستیان بۆم دەهێنا.

هەستم بەو هەموو دەستدرێژی و ستەمێك دەکرد، لە هەموو لایەکەوە دەچەوسێنرامەوە و بێ دەنگیش دەبووم. دەترسام قسەیەکیش بکەم. دەترسام راستییەکان بدرکێنم، دەترسام کەس بڕوام پێ نەکات، لەناو خەم و ژانەکانم بێدەنگ دەتلامەوە.

بۆ دەربازبوون لە زوڵمەکە، بۆ دەربازبوون لە شەڕانگێزییەکانی سەر شەقامەکە ناچار رام دەکردە ماڵەوە، کە پێم خۆشیش نەبوو. دادەنیشتم و چاوەڕوانی گەڕانەوەی دایکمم دەکرد.

چەند پەرۆشی ئاسۆی کراوە و گەشاوە بە هەتاوم دەکرد؛ تێدا رەوە رەوە باڵندە لە ئاسمانە شینەکە کۆچیان دەکرد. بەڵام بەختیارییەکەم بە ئاسوودەییەکی خەمگین دەگۆڕیەوە، کەساس و بێدەنگ و مەلوول لە ماڵەوە دەمامەوە.

دەگریام، بە دواکەوتنی دایکم _هەندێ جار_ زۆر دەگریام، بیرم لەوە دەکردەوە _ڕۆژێکیان_ کردەوەیەکی خراپ بقەومێت، ئێستا بەردەوام لەگەڵ تۆ رەچاوی ئەوە دەکەم. دەترسم کە کەمێك دوادەکەویت، هەمان خەم دامدەگرێتەوە، زارم تاڵ دەبێت و ژانەکە دەگاتە ناو دڵم. کە دوادەکەویت چەندان سیناریۆی خەمبار دێتە خەیاڵم، ئینجا دەکەومە ناو خەمێکی قووڵ، هەندێ جاریش دەسەڵاتم بەسەر دەمارەکانم نامینێت و بە گریانەوە دەتەقمەوە.

کە دایکم دەگەڕایەوە، لە خۆشیان زۆر شادمان دەبووم، خۆم لە پەنا پەردە دڕاوەکە دەشاردەوە، پەرجووێکم بۆی دەنواند.

دەمویست هەست بە داپرانم بکات. بەڵام منی لەناو کونەکان دەبینی و پەردەکە منی نەدەشاردەوە! دایکم بەوە تووڕە دەبوو، چونکە حەزی بە گەمەکردن نەبوو، رقی لە یاریکردن بوو. دایکم پێکەنینی خۆشنەدەویست، رۆژێك نەمبینی دایکم پێبکەنێت. بە پێکەنین و گاڵتەی دەگوت گەمژەیی. لەسەر ئەوە ریسوای دەکردم، هەرگیز نەیدەویست ئەوەی لەگەڵدا بکەم. دایکم بەردەوام خەمبار بوو، بەردەوام گریاو بوو، لە هەموو شتەکان گازاندەی هەبوو. دایکم پێکەنینی خۆشندەویست، گاڵتە و بەزمەکانی نەدەویست... وایدەزانی ئەوانە بۆ خەڵکی تر خولقاوە، ئێمە لەو ژیانە تەنیا بۆ ژان و مردن خولقاوین. ئەو ژیانە بریتییە لە توندوتیژی و دەستدرێژی و بەس.

******

ئۆف، هاوڕێیەکەم، چەند پەرۆشم کیژێکم ببێت، کێژێك گەمەم لەگەڵدا بکات، بەزمی خۆشم لەگەڵ بکات. چەند پەرۆشم کیژێکم دەبوو، تا ئاسوودەی بکەم بەردەوام پێبکەنین. کیژێکی جوان، تۆش باوکی بیت. باوکم هەرگیز ناتوانم ئاکارە دژوارەکەی، نیگا توندەکەی لە بیر ناکەم. باوکم _بەردەوام_ لە ژوورە لاکێشەکە دادەنیشت، هەرگیز میوان رووی تێ نەدەکرد، کەرەستەکانی کۆن و قێزەوەن بوون. وێنەیەکی خۆی لە دیوارەکە دابوو، تێدا ڕووبەڕوو بۆ کامیراکە دانیشتبوو. قژە رەشە ئاڵۆزکەی، چاوە قووڵەکانی، نیگا تیژەکانی سمێڵە تەنکەکەی. ردێنە درێژە بۆیەکراوەکەی بە خەنە، لەگەڵ ئەوەش ئاکارێکی شیاوی هەبوو، بەڵام عەبووس و تووڕە، ئەوەش دیمەنێکی قێزەونی بەدکاری هەبوو.

نازانم بۆ ئێستا ئەو شتانەم بە بیر دێتەوە؟

بیر لەوانە دەکەمەوە، لەگەڵ تۆ لەو دیمەنانە دەرباز ببێت، کە تۆ لە شاش لوولدراویت، بە زەحمەتی هەناسەت دێ و دەڕوات، بە کەمامە ئۆکسجینەکە هەناسە دەدەیت. ئەوەش جۆرێکە لە دەربازبوون لەو دیمەنەی ئازارم دەدات، ناتوانم و نازانم لەو دیمەنە خۆم دەرباز بکەم. ئێستا، هاوڕێیەکەم، هەست بە سستییەکی تەواو دەکەم، خنکان، نەمان، ماندووبوون و پەککەوتن، خۆم پێ راناگیرێت و دەمەوێ بکەوم، دەکەومە سەر زەوی، بەڵام دەتوانم خۆم بگرمەوە، دەڵێم نا من بەهێز و جێگیرم.

تاکە بواری گونجاوی دەربازبوونم لەو دیمەنە بیرکردنەوە و یادی شتە دوورەکانە، رووداوەکانی ناو ژیانم. گەڕانەوە بۆ ساتە خەمگینەکانی منداڵیم، وڵاتە دوورەکەم، قۆناخە بە ژانەکانی سی ساڵی رابردووی ژیانمە، ژیانەکەی تەژی بوون لە رووداو.

لەودەمانە سۆفی هەست بە نائومێدییەکی دژوار دەکات، هەڵدەستێتەوە، شوێنەکەی دەگۆڕێت، دەست دەداتە گلاسە ئاوەکەی سەر مێزە نزیکەکە. کەمێك ئاو دەخواتەوە، گلاسەکە دەباتەوە سەر مێزەکە. لەودەمانە دروست ئەودەمانە سۆفی هەست بە حەقیقەتی ژانە رەقە قووڕسەکە دەکات، ژانێك نەرم نەبێتەوە، ژانێك بێ بەرگری بگاتە قووڵایی رۆح.

بەرەو پەنجەرەکە دەڕوات. پەنجەرەکە بریتی بوو لە دەرگایەکی گەورەی شووشە و دەڕوانێتە باخی نەخۆشخانەکە. دەوەستێت، بێ دەنگ، نیگای پەخش دەکات و سەیری دیمەنەکەی بەردەمی دەکات؛ شەقامێکی بەرینی پشت شوورەی باخەکە، نەخۆشخانەکە لە هوتێلێکی گەورە دادەبڕێت. لەودەمانە باریکە تەمێکی نیمچە سپی دەبینێت چۆن دەتوێتەوە، لەناو باڵەخانە بەرزەکان خاو دەبێتەوە، ئاسمانیش بە تیرۆژێکی نیمچە سوور دادەپۆشرێت.

لە ژوورەوەش برادەرەکە لەسەر پشت کەوتووە، بە چەندان پارچە شاش جەستە زامدارەکەی بەستراوەتەوە. برینێکی گەورە، وەك برینەکەی مەسیح لە کەلەکەی دەتریوێنێت.

لەودەمانە ژنەکە هەست بە تەنیاییەکی بکوژی سامناك دەکات. لە ناخەوە ژانێکی گەورەی نەخوازراو پێچاوپێچ دەکات، ئەو دیمەنە کەساسە، رەنگدانەوەیەکە بۆ دۆخی ئەو.

لەودەمانە، بیر لە چەند مانگی رابردووی دەکاتەوە، ئایا ئەوەیان راستی بوو، دیمەنەکە بە وەهمێك دەچوو، دیمەنەکە نامەعقول بوو. چرکەساتێك، سەیری پەنجەرەکە دەکاتەوە، هەست بە ونبوونی خۆی دەکات، دوورکەوتنەوە، سەرگەردانی... فێربوو خۆی لەو دۆخە دوور دەگرێت، دەگەڕێتەوە تەنیشت پیاوەکە.

هۆکاری ئەو هەستە نازانێت... هەستکردنێکی تەواوە بە داوەشان و خەمبارییەکی بێهوودە. ئایا ئەوەت لە ژیان تاقیکردیتەوە؟ پێوا ناکەم، ژیانی من و تۆ جیاوازە.

"_تۆ لە کوێی، من لە کێم؟" بە زمانی عەرەبی گوتی.

بیرەوەری و ڕۆژانەی ژیانم هەرگیز لە خەیاڵم پەراوێز نابن، ڕووداوەکان نارەونەوە، وەك ماك و خاڵ پێمەوە نووساون، یان وەك برینێکی کۆنی قووڵە. ڕەنگە لێرە، لەناو دڵی ئەو ناز و نیعمەتە، نیعمەتی بوونم لەگەڵ تۆ، بۆ خەمخۆرییم بۆ تۆ پەیدابووم. نامەوێ دووبارە تەنیا بمینێمەوە، من برسی خۆشەویستییم. جەستەکانی پێش تۆم ناسیووە بێ گیان و ڕۆح بوون. سەبارەت بە ڕۆح، لەناو تۆیە، بۆیە؛ من برسی تۆمە، ئێستا و تا ئەبەد بێ سنوورە.

هەموو منداڵییم بەسەر برد، بە چاوەڕوانی خۆشەویستی تۆ، لە چاوەڕوانی ئەڤینێکی مەزن کە هەرگیز لەناو دڵدا نارِوات. بێ زێدەڕۆیی، هاوڕێیەکەم، ئەڤینەکەی چاوەڕوانم دەکرد، لەگەڵ تۆ هات. ئەوەش تاکە ئامرازی بەردەستم بوو، بۆ مان و خۆراگری، بەڕووی باهۆزەکانی ڕووبەڕووی دەبوومەوە. بۆیە؛ ڕوا ناکەم ئەوانە هەموو کۆتایی بێت. دەکرێ پشت بە خۆراگری و مانەوە ببەستم، لەناو ئاژاوەکەی ژیان دووبارە، لە دەرەوەی سنووری بوونت، بۆ ژیانێکی نوێ پێداگری بکەم.

توانای ئەو خۆراگرییەم نییە، بڕوام پێ بکە، توانام نەماوە، ناتوانم چاوەروانی ئەڤینێکی تر بکەم، سەبرم نییە، ناتوانم لە پێناوی یەکێکی تر ئەوە بکەم. بەو جۆرە پێشتت لێ دەگرم، تۆ، وەك خۆت. بەڵام؛ پاش ئەوەی دوێنێ ڕوویدا، دەتوانم هیچ بکەم؟

ئێستا تۆ لە بەرامبەر منی، تۆ زۆر منت هەڵگرت تا گەیشتم بە تۆ. ئایا ڕوا دەکەیت؟

خەونم بەوە دەبینی ئەوەندە زۆر پیاوێکم خۆشبوێت. هەموو شتێکی پێشکەش بکەم. هەموو نهێنییەکانی بۆ ئاشکرا بکەم. بەڵام کاتەکە لەگەڵ تۆ درێژەی نەبوو؛ بوار نەبوو هەموو شتەکانی خۆمت بۆ بگێڕمەوە. ماوەکە زۆر کورت بوو. فەرموو تۆ وا لەبەردەمم ڕاکشاویت، بەڕووێکی زەرد، بە دوو قاچی باریکەوە.

******

یەکەم جار لە دوورگەی "ئاوستندە"، من دوو قاچە باریکە سپییەکەتم لەبن شۆرتە سپییە بەرینەکە بینی. سینگە شەرابییەکەی تیشکی خۆر برژاندبووی، لەنێوان قەمیسە سپییەکەی کرابووەوە دەبینی. یەکەم جار ڕاستەوخۆ سەیری

چاوەکانتم کرد. نیگایەکی بەشدار، هێڤیدارم بینی. ئەوەم باش لەبیرە، لە بیرمە چۆن سەرەتا خۆم لە سەیرکردنی تۆ دەدزییەوە، بە چاوەکانت چۆن سەیری خاڵێکی دووری سەر دەریا ترسناکەکەت دەکرد.

دەریاکە مەند و پرشنگدار بوو، تیشکی خۆرەکە لەسەر کەفە نەرمە زەلاڵەکە، بە هاژەیەکی ناسکی بەردەوام، لمەکەی دەشووشتەوە کۆتایی دەهات. لەو چرکەساتەدا هەستم بە تێپەڕبوونی ساڵانی دوورودرێژی ژیانم دەکرد، بێ ئەوەی یەك جاریش، هەست بە ئەڤین بکەم. یان هەست بە ئارەزوویەکی نوێی دووبارەی پیاوێکی تر، ئارەزووێکی بە جۆشی وەك شەپۆلێکی بە تەوژمی توند و بەرەو کەنار راپێچم بکات، دووبارە بەتەنگاوی و پەستی بمباتەوە قووڵایی دەریاکەم

لەو سەعاتەدا، کەسی تر لەسەر کەنارە بەرینەکە نەبوو. بەیەکەوە و بەتەنیا لەناو پانتاییە مەندەکە بووین. کەس لەوێ نەبوو، لەبن شینایی ناسکی ئاسمان، وەك دوو خاڵی راکشاوی سەر لمەکە، رەق و چەسپیوو، جوولەمان لێ بەدی نەدەکرا، بەتەنیا لەو ئاسۆیە بەرینەدا، لەسەر لمەکە، بەیەکەوە سێکسمان دەکرد. شەپۆلە ناسکە خۆشەکە دەگەیشتە لای ئێمەش، خۆی لە ئێمە دەدا، پەردەیەکی زیوینی ناسکی لەسەر جەستەمان دادەنا، لەبەر تیشکی خۆری هاوینی ئاوستندە دەبریسکایەوە، وشکیش نەدەبووەوە، چونکە دووبارە تەڕی دەکردینەوە، دەبڕا و دەتوایەوە و دەهاتەوە.

******

لە بەیانییەکە، لە پشووی هاوین، لە هوتێل، بۆت سووتابووم، تۆ بەرووتی لەبن دوشەکە ئاوت بە خۆت دادەکرد، بەر لەوەی قاوەی بەیانی بخۆیتەوە دوشت دەکرد. دوایی مایوە رەشەکەت لەبەر دەکرد، جەستە پتەوە توندە بە ماسولکەکەت بە دەریا دادەدا، تا ئەژنۆت چووبویتە ناو ئاوە ساردەکە، هەوای دەریاش رووبەڕوو لێی دەدای.

تۆش داوات دەکرد، منیش بێمە ناو ئاوەکە.

_ وەرە... وەرە...

منیش هاتمە ناو ئاوەکە، ئاوەکەش سارد بوو، بەڵام بە گەرمی تۆ خۆم راگرتبوو. گرتە گەرمەکەی تۆ منی لە ئاوە ساردە سوێرەکە دەپاراست، دوایی تۆ پێش من لە ئاوەکە

هاتیته دەرەوە. دەتقیژاند وەرە دەرەوە، دەمویست خەمی منت بێت، بۆم نیگەران بیت، لەناو ئاوەکە بەوەیان کامەران بووم.

_ سۆفی... وەرە بگەڕێوە... بگەڕێوە، گەمژە مەبە...

کە دەزانم لەو سەرزەمینە یەکێك هەیە بۆم نیگەران دەبێت، هەستم بە شادی و کامەرانییەکی گەورە دەکرد... ماوەیەك مەلەوانیم کرد، دوایی ترسام، بەپەلە گەڕامەوە. گەڕامەوە سەر خۆڵەکە و سەیرێکی کەنارە لماوییە بەرینەکەم کرد. هیچ چەترێکی لێ نەبوو، تۆ بەتەنیا لەسەر کەنارەکە بوویت. لەسەر ئاوەکە وەستابوویت، چاوەڕوانی منت دەکرد، دەتویست لەناو ئاوەکە بێمە دەرەوە، بگەڕێمەوە سەر باسکە درێژەکانی، بەراکردن بەرەو تۆ هاتم، رامکرد، لە سەرمانا دەلەرزیم، بە باڵەکانت، لە ئامێزت گرتم، پێستت سپی سپی بوو، رووناك و گەش، نەرم، منیش لەدڵەوە پێدەکەنیم. چێژم لەو لێخشانە دەبینی، کەوتبوومە ناو شینایی چاوە تیژەکانت، دەستماڵێکت بۆ هێنام، لە خۆمان ئاڵاند، بەپێ گەڕاینەوە هوتێلەکەمان.

وەك ئەوەی پەڵە هەورێکی خەمگینی دایپۆشیبیت، ماوەیەك بێدەنگ دەبێت. لێی نزیك دەبێتەوە. ژنەکە دەستی بۆ دەستی دەبات. پەنجەکانی دەخاتە ناو پەنجەکانی ئەو. بۆ یەکەم جار، هەست دەکات گەرمە. ترپە دەکات. توندە، بزەیەکی دێتێ، لە چاوەکانی، بەگوڕ فرمێسکی دێتە خوارەوە.

دەزانی ئێستا من لە تەنیشتت دانیشتووم؟ هەست بە بوونم دەکەیت؟ دەنگم دەناسیتەوە؟ ئایا تۆ بەختیاری من لە تەنیشتت دانیشتووم؟ دوێنێ دکتۆرەکە گوتی باش نییە زۆر لەلای بمینێیتەوە. بواری دەدام تەنیا چەند چرکەیەك لەلات بمینێمەوە. منیش چەند سەعاتێك لەناو ساڵۆنی چاوەڕوانی دەمامەوە. ئای کە مانەوەیەکی بە ئازار بوو! چاوەڕوانی شتێکە، نازانم چییە. رەنگە هەواڵێك بێت، من تا ئەبەد بڕووخێنێت. بەڵام _ئێستا_ بوار دەدەن بمینێمەوە! دەزانی؟ رەنگە ئەوەش بمترسێنێت، من دانیشتووم، لە تەنیشت تۆم؛ دیارە نائومێدییە، ناگەڕێیتەوە، دووبارە ناگەڕێتەوە ناو ژیان.

بەڵام ئەو دەستگرتنە ناسکە، هانم دەدات. هیوایەکی گەورەم پێ دەبەخشێت کە بەیەکەوە بەردەوام دەبین، تۆ دەژیت؛ چونکە هەستدەکەم بێ تۆ، ژیان نابێت.

هاوشانی تۆ ئارامییەکی گەورەم پێ دەبەخشێت. هەستدەکەم دەتوانم پارێزگاریت لێ بکەم. بوار نادەم

بەیەکجاری بڕۆیت و دوور بکەویتەوە، ون بیت. لە ئامێزت دەگرم، بـوار نـادەم، ون بیـت، یـان کـۆچ بکـەیت. ڕەنگـە بتـوانم تارمـایی مردنت لێ دوور بگرم. ئایا تۆ بڕوا بە توانای من دەکەیت؟

******

# یەکەم

پەرستارەکە دێتە ژوورەوە، چەرچەفێکی خاوێن و حەوزێکی پلاستیکی بچووکی پێ بوو. داوای لێکردم لە ژوورەکە بچمە دەرەوە، چەرچەفی سەر قاچی ئادریانی هەڵدەدایەوە؛ تا پاکی بکاتەوە.

سۆفی، خەمبارانە نیگایەکی لێ دەکات، لە ژوورەکە دەچێتە دەرەوە، خۆراگرانە دەڕوات، پەرستارەکە لە ژوورەکە دەمینێتەوە. سەرکەشانە دەڕوات، تەقەی پاژنەی پێڵاوەکانی دێت، بە یەك ریتم، پێڵاوەکانی، لەسەر کاشییە سپییەکە تەقەتەق دەکەن و لە نەخۆشخانەکە دەچێتە دەرەوە.

ئەگەرچی سۆفی ماوەیەك دەنگی نامینێت و قسە ناکات، بەڵام هەست دەکات، لە خەیاڵی ئادریانی راکشاوی سەر جێگاکەی، دیدێك جێدەهێڵێت، کە هێشتا پەیڤی زۆریان بەیەکەوە ماوە و تەواو نەکراوە.

شەوەکە بەخێرایی گەیشت، شەقامەکە تاریك بوو، رووناکییە تیژەکانی لایتی ئۆتۆمبێلەکانیش لەسەر شەقامەکە بەدی نەدەکران، سۆفی لە ئاڤنۆ ئانسباك لە شەقامەکە دەپەڕێتەوە، دەگاتە سەر شۆستەکەی بەرامبەری. بوتیکی جلوبەرگ و رێستورانت و باڕەکان کرابوونەوە، چرا رووناکەکان رەوەنەقیان بە جلوبەرگ و ئاکاری بەخشیبوو. رۆژی نیشتمانی وڵاتیش نەبوو، بەڵام لە هەموولایەك ئاهەنگسازی بوو، سەرەتا سەرسام دەبێت، ئاپوورەیەکی زۆر دەبینێت، دەیویست لەو قەرەباڵغییە دەربازی بیت، شەپۆلێکی زۆر خەڵك هاتوچۆیان بوو، بەرەو گۆڕەپانە گەورەکە دەڕوات، یان بەرەو گراند پلاس. بەشە گەورەکەی کۆزمۆپۆلیتیەکە، لە هەموو بەشەکانی ئەو شارە ئەوروپییە دیارە، دەردەکەوت.

چەند سانێك سامگرتوو دەبێت، لە ناوەندی شەقامەکە، ئۆتۆمبێلێکی تیژ بە تەنیشتی دادەڕوات. هەرگیز وەك ئیمشەو هەستی بەتەنیایی نەکردبوو، بە قووڵی ئەو رامانی دەبێت.

کەسـی نزیکـی نـەما؛ بیگرێتـەوە، یـان سـەربردەی خـۆی بـۆ بگێڕێتـەوە. هەسـت دەکـات _بـە شـێوەیەکی تـەواو_ تـەنیا و داپڕاوە. بەرامبەر ئەوەش، ڕۆحێکی خۆویستی دەردەکەوێت، لـە نـاوەوە هەسـت بـەوە دەکـات، ڕقـی لـە هـەموو خەڵکـە، ئـەو ئێوارەیە شەڕانگیز ببوو. ئاهەنگی سەرە ساڵی رابردووی لەگەڵ ئادریـانی بەبیردەهاتـەوە، بـە سـۆزێکی تونـدی گـران بیـری دەهاتەوە. ژانە قوورسە گرانەکە لە ناوەوەی دەسووتا.

لە نیگاکردنی بـۆ خەڵکەکـە، ئامـاژەی بێـزاری پێـوە دیـار بـوو. دەڕوات تا دەگاتە سەرەتای گراند پلاس. رادەوەستیت؛ دەیـەوێ سـەیری تەقینـەوەکانی فایـەر ۆرکسـی ئاسـمان بکـات، ڕەنگـە جوانـەکانی دروسـتیان کـردووە، چـۆن لەسـەر ئاکـارە خۆشـە شادییەکانی خەڵکەکە دەردەکەوت، سەیری گەنجـەکان، کـوڕ و کیژەکان دەکات، کە بە راکردن بەرەو باڕ و ڕێستورانتەکان دەڕۆن.

ئۆتۆمبێلـەکان پـڕ بـوون، بـەرەو شـەقامەکانی تەنیشـتی دەڕۆیشـتن، لـەناو دارەکـان، نزیـك خـانووە بچووکـە نـازدارەکـان، بسکۆڵە وردە گلۆپیان پێوە هـاتبووە خـوارەوە. سـۆفی هەسـتی بەوە دەکرد، ئاساییە خەڵکەکە بگەن بە هیوا و خەونەکانیان، کە بـۆ ئـەو مەحاڵـە فەراهـەم بێـت. بـەڵام گیـرۆدەی دەبێـت، وەك حەقیقەت رامانی دەبێت.

پێویستی بەوە بوو لەناو شـەقامەکـان پیاسـەی درێـژ بکـات. ئارەزووی نەدەکرد بگەڕێتەوە ماڵەوە. هەستی بـەوە دەکـرد لـەو شەوە بگەڕێتەوە ناو ئاهەنگی خەڵکەکە. بـەوەیان ڕەنگـە خـۆی لەبیربکات، یان مەزاجی کەمێك بگۆڕێت.

"_بۆ نا...؟" لەبـەر خـۆی دەڵێـت. ڕەنگـە ئـەو هیوایـە کـەمێك ئارامی و ئاسوودەییەکی پێ ببەخشـێت. بـۆ _ئـەویش_ پابەنـد نەبێت بە شتێك، شتێکی ئەو هیوایە؟

کـە بیـر لـەوە دەکاتـە تروسـکاییەك لـە هیـوا دەگاتـە نـاخی ناوەوەی. کەمێك هەناسە گیراوەکـەی دەکرێتـەوە. هەسـت بـە سووکە شادییەك دەکـات، لـەناو جەسـتەی بخولێتـەوە. هیـوای کەمێك لە چێژ و ئارەزووەکان بـوو. بـەڵام بـە شـێوەیەکی کـاتی. بێگومان بۆ ئەو کاتی دەبێت.

بەر لەوەی بگاتە گۆڕەپانەکە دەوەستێت. دەسوورێتەوە؛ لەناو یـەکیك لـە شـەقامە باریکـەکان ون دەبێـت. چەنـد هـەنگاوێك دەڕوات، دەگاتـە نـاو شـەقامێکی بچـووك، کـە چەنـدان بـاڕ و ڕێستورانتی هەمەجۆری تێدا بوو.

پاش گاڤێکی کورت لە بیرکردنەوە، سۆفی بڕیار دەدات بەرەو باڕی عـەرەبی بـڕوات؛ لـەوێ گلاسـێك بخواتـەوە، لـەوێ، نـانی ئێوارەش بخوات.
دەچێتە ناو باڕەکە. خەڵکی زۆری تێدا نەبوو. لەسەر مێزێکـی دوور دادەنیشێت. چاوێك بەسـەر وێنـە هەڵواسـراوەکانی سـەر دیوارەکـان دادەگێڕێـت. تێـدا، وێنـەی ژنـە راهیبەیـەکی نیمچـە رووت. وێنەیەکی گیڤارا، بە کاسـکێت و سـیگارەکەی دەسـتی، ژمارەیەك کیژ لە یەکێك لە شارە ئەمریکییەکان نمایشێك نیشان دەدەن. ژنێکـی رەشـی رووت، حـەوت یـان هەشـت ملوانکـەی کانزایی گرێدراوی لە ملـە، ئەوانـە لـە تەنیشـت وێنەیـەکی مـاو دانراوە.
لـە تەنیشـت پەنجەرەکـە، دادەنیشـێت، ئـارەزووی هیچـی نەدەکرد، هیچ، ئەگەرچی برسیشـی بـوو، لـە دوێنـێ شـەوەوە هیچـی نـەخواردبوو. بڕیـار دەدات ژەمێکـی سـووك داوا بکـات. گارسۆنەکە چاوەڕوانی دەکرد. لێی نزیك دەبێتەوە. بزەیـەکی بـۆ دەکات.
_ خواردنێکی سووکم دەوێت.
قاپێـك لـە زەڵاتـەی عـەرەبی و نـۆکی بـۆ سـاز دەکـات، لـە بەردەمی دادەنێت. قاپەکە هەڵدەگرێت، لەسەر مێزێکی لاچەپ دادەنیشێت.
دەیویسـت بخـوات، زۆری برسـی بـوو، بـەڵام ناتوانێـت. بیردەکاتەوە:
"_چۆن دەتوانم بێ ئەو بیخۆم؟".
بـە بیـری دێتـەوە چـۆن بەیەکـەوە نانیـان دەخـوارد! پیاوەکـە دێنێتـەوە بـەر چـاوانی خـۆی. زۆر سـەرەنج دەدات. وێنەکـە ون دەبێت، لە بەردەمی نامینێت.
دووبارە خەمبار دەبێتەوە.
چـۆن جەسـتەی ئادریـان وای لـێ هـات، ئـەوەی ئێسـتا لـە بـەردەمی راکشـاوە؟! چـۆن جـارێکی تـر دەجولێتـەوە، دەڕوات، دەخوات، ئەگەر ئەو لەو دۆخەدا بێت؟
خۆشـەویستی چییە؟ مانای چییە، بۆ سۆفی چ دەگەیەنێت؟ مانـای ئەوەیـە ئادریـان بـەردەوام هاوشـانی بێـت، ئەگـەر لـەو دووریـش بێـت، هەسـت بـەوە بکـات رۆژانـە هاوشـانی بێـت! قسـەی لەگـەڵ بکـات، بەیەکـەوە و بەتـەنیاش! بەرنامـەی شـەوەکە بەیەکـەوە دابرێـژن، بەرنامـەی بـەیانی، رۆژانـی

پشوودان، هاوینەکە، لـە بەیانییـەوە ئاکـاری لەبـەر چـاوی بێـت، ئێوارەکانیش.

هـەموو سـاتێك، ئـەو لەگـەڵ ژنەکـە ئامـادە بێـت، هـەموو سەعاتێك لەناو خەونی ژنەکە بێت، چاوەکانی پیاوەکـە ببینێـت، سەرنجیان بدات. هەستی پێ بکات، چاودێری بکات، قسەی بۆ بکات! بەیەکەوە ئاخاوتن بکەن! دەمەتەقێ و دیالۆگ ساز بکەن. لێی توورە بێت، هزرەکـانی بـۆ راسـت بکاتـەوە، جۆرەهـا شـتی لـیٙ داوا بکـات! هـەموو ئەوانـەی لـە هـزردا هـەبێت، هـەموو ئەوانـە، کـە لـەناو متـرۆش مەنـد و بێـدەنگ دادەنیشـێت! یـان وەستاوە و چاوەڕوانی میترۆ دەکات، لە رێگای چـوونی بـۆ سـەر کار! کە بەتەنیا لە ماڵەوەیـە، لەسـەر سـۆفاکە دانیشـتووە. یـان لەسەر مێزی ئۆفیسـەکەیەتی. هـەموو ژنەکـە بێـدەنگ دەبیـنن، بەڵام ژیانی لە ناوەوە شێتانە و بە هاوارە.

ژنەکە کە جلەکانی لەبەردەکات بۆ نمونـە، هەسـت دەکـات، پیاوەکە لەوێ ئامادەیە! داوای لـێ دەکـات ئـەو قەمیسـە لەبـەر بکە، یان ئەو تەنوورەیە، یان ئەو جووتە پـێڵاوە. لـە سـەیرکردنی ماندوو نـەبێت، کـە سـەیری دەکـات، دەیـەوێ لـەناو چاوەکـانی پیاوەکە جوانتر دەربکـەوێت! ئەگـەر بەتـەنیاش لـە ماڵـەوە بێـت، دەیەوێ زۆرتر بایەخ بە خۆی بدات! هەست بە ئامادەیی بکـات، بە هەناسـەکەی، وابزانێت لەناو جێگەش بەیەکەوەن! هوشیاری هەموو لەرینەوەیەکی زەنگی تەلەفۆنەکە بێـت، هـەر دوو دەقـە جارێك، نامەیەکی بۆ بنووسێت!

پرسـیار بکـات تـۆ ئێسـتا لـە کـوێی؟ لەگـەڵ کێـی؟ دەیـەوێ هەموو چرکەیەك ئاگاداری ژیانی بێت، دەیـەوێ بزانێـت پیاوەکـە بیر لە چ دەکاتەوە؟ رۆژانە دەچێتە کوێ؟ لەگەڵ کێ دەپـەیڤێت؟ چی لەبەر دەکات؟ چ دەخوات؟ لەگەڵ کێ نان دەخوات؟

ئەوەیە خۆشـەویستی، ئەدی وا نییە؟!.

سـەرەتا، ژنەکە بیردەکاتەوە بچێتە ماڵەکەی، شـەوێك لـەوێ بمینێتەوە، بەیانییەکـەی، بچێتـە نەخۆشـخانە. بـەڵام بیرۆکەکـە دەگۆڕێـت. دەترسـا بچێتـە شـوقەکەی، لـە گـەڕەکی ئۆکـل. دەترسێت لەوێ هەندێ شـت ببینێـت و ببێتـە پـەرجوو بـۆ ئـەو، ئەگـەرچی خۆشیدەویسـت، ئـەگـەرچی دوو سـاڵیش بـوو پەیوەندییان هەبوو. ئادریان بەرەهایی کەسێکی شاراوەی نادیار بـوو، بـۆ ژنەکـە وابـوو. هـەموو جارێـك شـتی نـوێ لـە ژیـانی دەدۆزێتەوە، زووتر باسـی نەکردبوو. بۆیەش لەبەر ئەوە، چـوونی

بۆ شوقەکەی دوادەخات، ناچێتە ئۆکل، لەوێ ناخەوێت؛ چونکە دەیزانی لەوێ نهێنییەکانی پاراستووە، لەوێ شتە پیرۆزەکانی پاراستووە، نازانێت _دروست_ چ لەوێ بوونی هەیە. لەبەر خۆی دەڵێت:

"رەنگە ئەو لە دەست شتێك رایکردبێت!".

ئەو _دەرئەنجام_ وەك ژنەکەیە، ئەویش قاچاخە، لەبەر زۆر شتی ناو ژیانی رایکردووە، کێ دەزانێت؟! رەنگە _هەروەها ئەویش_ لە زۆر شتی ژیانی تایبەتی رایکردووە؟!

ئەو خەڵکی ستۆکهۆلمە. هاتووە لێرە کار بکات، ئەوە ماوەی زۆرتر لە ساڵێکە لە برۆکسلە. بە ژنەکەی نەگوتووە بۆچی هاتووتە ئەو شارە، نازانیت خێزانی هەیە یان نا، نازانێت بۆ هاتووتە ئێرە. بۆ خێزانەکەی جێهێشتووە، بۆ هاتووە لە برۆکسل کار بکات. سەرەتا، بیانووی بۆ هێنابووەوە، وەك ئەوەی بەرێکەوت بووبێت، هاتووە وەك ئەندازیار لە فڕۆکەخانەی زڤتان کار بکات. بەڵام دوایی دەزانێت برادەرەکەی زۆر شتی لێ دەشارێتەوە. کە یەکەم راستی لێ دەدۆزێتەوە و بەرووی دادەداتەوە، کوڕەکە وەك منداڵ لە ترسانا دەلەرزێت. بەپەلە، دەماری دەگرێت و هار دەبێت. دەلەرزێت، تووڕە دەبێت، رادەکات. بەردەوام شتی نوێی لێ دەدۆزییەوە، زووتر نەیزانیبوو، ژنەکە نەیدەزانی بۆ، چ نهێنییەك لە ژیانی هەیە. دەیزانی چیرۆکێك هەیە... بەڵام چییە؟ نەیدەزانی، پێداگری دەکرد بۆ ئەوەی بزانێت، سەبر سەبر، بەنهێنی کۆششی دەکرد، بێ ئەوەی پیاوەکە هەستی پێ بکات، یان هەستی بژاکێنێت.

بەڵام دڵی سۆفی پێداگریی زۆرتری تێدەکەوێت. بۆ نەچێتە شوقەکەی، لە شتەکانی بگەڕێت، کاسێتە ڤیدیۆییەکانی، کتێبەکانی، کۆنە رۆژنامەکانی هەڵیگرتوون، هەموو شتە شاراوەکانی، ئەوانەی نیشانی نەداون، رەنگە لەوانە نهێنی ژیانی بزانێت و شتێك بدۆزێتەوە؟!

سۆفی بەو جۆرە بیر دەکاتەوە. دەڵێت:

"مادام کلیلی شوقەکەم پێیە، بۆ نەچمە ئەوێ، دەچم لە شتە شاراوەکانی بگەڕێم و بیاندۆزمەوە... دڵنیام شتی زۆری لێم شاردیتەوە. ئەو پیاوە نهێنییەکی مەزنی لە ژیاندا هەیە، بۆ من، بۆیەش بەردەوام لێی دەترسم، چییە من نایزانم، حەقیقەتەکەی چییە؟".

بەڵام ژنەکە دەترسێت، بەو بیرۆکەیە موچڕکی پێدا دێت. ڕەنگە لەوێ شتێك بدۆزێتەوە و لێی دووربکەوێتەوە، یان ئەو لەو دووربکەوێتەوە. لەجیاتی ئەوە، دەگەڕێتەوە شوقەکەی خۆی لە سابلۆن.

******

ماوەیەکی زۆر بوو سۆفی خەونی ناخۆشی ترسناکی دەبینی، هێشتا خۆر هەڵنەهاتبوو لەبەر کاریگەری خەونەکەی لە خەو هەڵدەستێت. دەستەکانی سڕببوون، لەسەر سیسەمەکەی هەڵدەستێتەوە، دەلەرزێت. هەست دەکات تەنگەنەفەسە و قووڕگی گیراوە. پەنجەرەکە دەکاتەوە. ڕووناکی تابلۆی ڕێستورانتە پەمبەکەی ئەو بەری شەقامەکە، لەبەر چاوی دەلەرینەوە. ڕووناکی تابلۆکە لە کەرەستەکانی ناو ژوورەکەی دەدا.

"_چۆن ئەوە ڕوودەدات؟".

سۆفی لەبەر خۆی دەڵێت.

"_چۆن هەمان ئەو خەونە دەبینمەوە، پێش دە ساڵ دەمبینی، بەر لە ناسینی ئەو؟".

ڕووبەڕوو بەرامبەر ئاوێنەکە دەوەستێت. ڕووی کز و زەرد بوو، چاوەکانی ئاوسابوون. دەبوایە تێبگات، لەو ساتە، ئەگەر دوێنێش هێشتا ئەوەی نەزانیبوو، یان پڕوای نەدەکرد:

بەختیاری بەردەوامی نییە.

بەختیاری، ئەگەر لە لوتکەش بێت مەودایەکی دیاریکراوی نییە، دەکرێ سنووردار بێت، بکەوێت، ناکرێ بەختیاری بۆ ئەو لە ژیانی زۆر بەردەوام بێت. ئەو ژنە وایە. کەواتە دەکرێ بیر لەو ڕووداوە بکاتەوە، کە کەوتنەکە بەپەلە دەردەکەوێت، ژنەکە مەزندەی ڕوودانی دەکات. ڕوودانی شتێکی مەزن کۆتایی بە بەختیاری و کامەرانییەکەی دەهێنێت. ئەو دەیزانی ڕۆژێك لە ڕۆژان کامەرانییەکەی زۆر ناخایەنێت. بەڵام؛ بڕوای نەدەکرد ڕووداوێکی بەسەر دێت. هەرگیز بیری لەو ڕوودانە نەدەکردەوە. بەڵام، وەك زەبرێکی کوشندەی بکوژ ڕووبەڕووی دەبێتەوە. وەك نوکتەیەکی دڕندە، دوو چاوی خاوێنی سەلامەتی، دەکاتە دوو چاڵی سپی وەك چاوی کەسێکی نابینا.

ژنەکە جلەکانی لەبەر دەکات، بەپەلە. پارچە نانێك، لەگەڵ پارچەیەك پەنیر دەخوات، نیوە فنجانێك قاوەش دەخواتەوە.

ئیمڕۆ ناگرێت! دەسەڵاتی هیچی نەبوو، خەمگینیش نەبوو، تووڕەش نەبوو، نەرووخابوو، هەستێکی نامۆی هەبوو، زووتر هەستی لەو جۆرەی تاقینەکردبووە. شتێك لە جورئەت و خۆراگری، لەگەڵ شتێك لە رووخان و خاوبوونەوە.
دەست دەداتە جانتاکەی، لە ماڵ دەچێتە دەرەوە.
لەناو ئەسانسۆرەکە، سۆفی رووبەڕووی ژنە پرتوگاڵییە سێبەر قوورسەکە دەبێتەوە. ژنە لاوازەکەی هاوینان پانتۆڵی بەرین و تیشێرتی پەمۆی لەبەر دەکرد، بە زستانیش چاکێتی ئەستووری پیاوانەی لەبەردەکرد. هەروەها لە وەرزی زستانیش چاویلکەی هاوێنی تۆخی لەچاو دەکرد، بەوەش چاوە سوورهەڵگەڕاوەکانی بە مەشروبی دەشاردەوە.
سۆفی هەرگیز ئەو ژنەی خۆشنەدەویست، وایدەزانی ژنێکی گەمژەیە، عەقڵی لە کەللەدا نییە. بیری رەق و پووتە.
کە لەناو ئەسانسۆرەکە سۆفی دەبینێت لێی دەپرسێت:
"_کوڕە برادەرەکەت چۆنە؟".
سۆفی توانا و مەزاجی نەبوو وەڵامی بداتەوە.
ئەو بەردەوام دەبێت:
"_دەڵێم ئاگات لە برادەرەکەت بێت، پیاو پشتیان پێ نابەسترێت، ئەوان بەردەوام بەدوای ژنان رادەکەن... ئەوە دەزانیت؟! کە لە تەمەنی تۆ بووم منیش برادەرێکم هەبوو، بە دوای ئەو ژنە سۆزانییانە رایدەکرد، کە هەموو جەستەیان تاتوێر بوو، تۆش دەزانیت پیاوان بەو جۆرە ژنانە سەرسامن.. مەبەستم تاتوێرە. ئۆف چۆن باسی ژنانت بۆ بکەم؟! شتێکی قێزەوەنە، بە قسەی پیاوان پڕوا مەکە، کە باسی خۆیان دەکەن، ئەوان تا رادەیەکی زۆر دەبەنگ و بەدن. پڕوایان پێ مەکە".
لەناو ئەو قسانە، سۆفی هەست دەکات سەری دەسوورێت، دەگاتە ئەو ئاستەی _بەڕاستی_ هەست دەکات ئاوەزی لە دەستداوە، مردووە، دەیەوێ پڕشێتەوە، رووبەڕوو بکەوێتە سەر نەمامە دڕکاوییەکانی ناو باخەکە.
******

# ٢١ی تەموز

"_بەقووڵی سەیر بکە، چ دەبینیت؟! زۆرتر ورد بەرەوە! بەردەوام بە، سەیر بکە"، دوێنێ شەو لە خەو پێم گوتی.

"_هیچ نابینم. هەورێکی رەش، لە شێوەی مردن، بێگومان کە مردنە". بە منت گوت.

"_باشتر فۆکس بکە، زۆرتر".

"_ئەوە مردنە".

ئەوە دە ساڵە ئەو خەونە دەبینم و کەسیشم نییە قسەی بۆ بکەم. دوێنێ، تێگەیشتم قسە لەگەڵ تۆ دەکەم. پێم گوتی:

"_ناتوانم ئەو رەشاییە بگۆڕم، بەڵام؛ رەنگە ئەو رەشاییە، نەك مردن، وەك بانگەشەی دەکات".

داوات لێ دەکەم سەیری بکە، بەقووڵی. لەودەمانە گوێم لە نووکەی گریان دەبێت. باڵ راوەشاندن دەبینم، فڕینی سەر دەریام لەبەرچاوە. پێم گوتی:

"مەگری، مەگری، من هاوشانی تۆم، نەك لە دیوێکی ترەوە" گوێم لە خشەخشی دار دەبوو، گڤەگڤی بای ئاوێنەیی بە دەنگی گریانێکی خەمگین و بەسۆز.

"ئەو دڵمە، پێشکەشی تۆی دەکەم. دڵەکەم بەر لە رووداوی هەر شتێك هەستیارە. دڵەکەم ئەوەی لەگەڵ تۆ دەهەژێت، بۆت دەلەرێتەوە"، ئینجا هانت دەدەم خۆراگر بیت:

"خۆراگر بە، بە خۆشەویستی، دەتوانیت مردن بڕووخێنیت. مەگری. خۆت بگرە. خەونەکان بەبیر خۆت بهێنەوە. بە رازەکان، خۆت بگرە، بە ویستی جەستەت خۆراگر بە. بەراکردن بۆم وەرە، لە ئامێزم بگرە، دەست لەملانێی ناڵەی چنار و گۆرانی قەرەجەکان بکە. پەنا بەرە بۆ دار سێوەکەی لە لقەکانی گەڵا دەردەکەن، قازەکان، بە مار دەچن. گوێ لە نوزانەوەم مەگرە، من ژنێکی نەفرەتلێکراوم، ژنێکی کافرم، لە عەشیرەتەکەم دەرچووم، رۆحم کز بووە. دڵی کیژە بیابانەکە بەبیر خۆت بهێنەوە ئەوەی تۆی خۆشدەویست. کیژە دەشتەکییەکەی، بە هەموو

شتێك، گیانبازی بۆ دەكردی، بۆ تۆ، كیژەكەی لەناو باخ و جۆگەلەكان، لەناو رەشماڵی قەرەج و شوێنەواری هۆزەكانەوە بۆ تۆ دەهات".

جارێكیان لە منت پرسی:

"سۆفی، تۆ باسی ژیانی خۆت بۆ من نەكردووە..."

منیش گوتم:

"رۆژانە بۆت دەگێڕمەوە، هاوڕێیەكم بۆت دەگێڕمەوە، بەڵام، ئێستا نا".

بەیەكەوە دانیشتبووین، بەو گەرمایەی لە كابینە داخراوەكە دەهات. دانیشتبووین، بەیەكەوە فراوینمان لەسەر مێزێكی نەوی دەخوارد. پاش ئەوەی قاوەمان خواردەوە، لەسەر كەنارەكە بەدرێژایی رۆژەكە پیاسەمان دەكرد، تا ماندووش بووین لەناو دەریاكە مەلەوانیمان كرد، تۆ نا بەڵام من ماندوو بووم. گەڕاینەوە هوتێل، من كەوتمە شیرینەخەو. لەسەر سیسەمەكە چاوەڕوانم كردی، جەستەم بەو ماندووبوونە شیرینە شەكەت و هیلاك بوو، زۆر رۆیشتبووین و لەسەر دەریا پیاسەمان كردبوو. تۆش لەسەر سیسەمەكە هاتیتە پاڵ من، منیش بۆنی جەستەتم دەكرد، هەستم بە نەرمی پێستت دەكرد، تۆ بە منت گوت:

"_سۆفی سەربردەی ژیانی خۆتم بۆ بگێڕەوە، رابردووت بزانم... لە یەكەم دیمانەماندا، تۆ باسی توندڕەوەكانت بۆ دەكردم؟ بەڵام تۆ هیچت لەبیر نەماوە، سۆفی تۆ كێی؟ لەكام وڵاتەوە هاتوویت؟".

خەوم لە خۆم دەخست...

"_خۆت مەخەوێنە، تۆ بە منت گوت..."

ژنەكە بێدەنگ دەبێت، سەری بەرزدەكاتەوە، وەك ئەوەی شتێكی ئەزیزی بەبیر هاتبێتەوە.

بەڵام بەڕاستی خەوتم. خەوم لێكەوت، بۆیە نەدەكرا، سەربردەی ژیانم بگێڕمەوە. وەك ئەوەی نهێنییەك باس بكەم، بەو شێوەیە بوو، لەبەر ئەوەم نەبوو نامەوێ ئەو نهێنییە بزانیت، دەترسام زێدەڕویی بكرێت، لێم ون بێت و دەربازیان ببێت. لەبیریان بكەم، یان لێم ببێتە شتێكی نامۆ. زۆرییم لە خۆم دەكرد بیرم بكەوێتەوە. دەترسام زێدەڕویی تێدا بكەم، بە تۆم گوت، یان خەڵكی تر، كۆتایی دێت، یان من كۆتاییم دێت! لێی دەترسام،

ئاشکراکردنی ترسی هەبوو، لە خەڵك دەترسام بزانن من چ بووم، دەتوانم بۆ نمونە بە تۆ بڵێم:
"_ئەوەی ئێستا ناوی سۆفییە، زووتر ناوی فاتیمە بووە...؟".
لە ژیانێکی ئەوەندە هەژارانە دەژیام مەزندە ناکرێت... لەناو ژوورێك دەژیام، تەشتێکی قۆپاوی قەڵشتی، ئاوێنەیەکی بچووك، بەقەد دەموچاوی تێدا بوو، ئاوێنەکە روونیش نەبوو، تێدا بەزەحمەتی دەموچاوت لەناودا دەبینی. لە شارێك دەژیام دەکەوێتە بن دەستی چەکدارە توندڕەوەکان، تێدا هەموو شتەکانی تەواو دەبێت. ژیانی تێدا دژوار بوو، هیچ جۆرە لێبووردەییەکی تێدا نەبوو، لەبەر خۆم دەڵێم:
ئۆف، ئای لە لێبووردەیی تۆ! کە دەبینم چاوەکانت بزەم بۆ دەکات، کە لە شتێك هەڵە دەکەم... نەخێر... ناکرێ بۆت بگێڕمەوە، ژیانی خۆم ناگێڕمەوە، پەیڤەکانی تۆ، بە دەنگی سرووشت دەچێت، کە لە چاڵێکی تاریکی چڕەوە دەردەچێت، دەبوایە ئاسوودەم بکات، ئینجا لەبەریان رامدەکرد، هەڵدەهاتم، وەك چۆن شەونم لەبەر خۆری بەیانی رادەکات.
بە منت گوت:
" _سۆفی مێشکت گەورە بکە، بۆم بگێڕەوە، لە پرسیارەکانم رامەکە".
وامدەزانی مەسەلەکە ئاڵۆزترە لەوەی مەزندەی دەکەیت، کە رۆژێکیان تۆ هاتیتە ماڵەکەم، من موزیکێکی وڵاتەکەم لێدەدا، تۆش داوات کرد بیکوژێنمەوە، تۆ گوتت ئەوە کارەساتە، وەك شیوەن و ماتەمە، تۆ شووشەیەکی پڕی شەرابت لەسەر مێزی مەتبەخەکە جێهێشتبوو.
چ بکەم، برادەرەکەم؟ ببوورە، ژیانێك ژیاوم زۆر جیاواز بووە لە ژیانی تۆ، ژیانێك ژیاوم یەك تروسکایی جوانی تێدا بەدی نەدەکرا، یەك درزی شادمانی تێدا بەدی نەدەکرا.
"_خەو لە خۆت مەخە، نەخەوتی... ژیانی خۆمت بۆ باس بکە..."
چۆن سەربردەی ژیانی خۆمت بۆ بگێڕمەوە؟! هاوڕێیەکەم، چیت بۆ بگێڕمەوە؟! لە شارێکی کەساسدا دەژیام، تژی لە داماوی و کەساسی. چەکدارەکان داگیری دەکەن. مەزندە دەکەی؟ ژیانی تێدا سیس بوو، بە بوونی ئەوان، هەموو شتەکان کوژانەوە. هێواش هێواش شارەکە دەبووە گۆڕ. من و دایکم، لە خزمەتی ئەوان کارمان دەکرد. بەیانییان لەگەڵ کازیوە

هەڵدەستاین؛ دەبوایە خزمەتی پیاوە رووترش و بێدەنگ و سستەکان بکەین، بە چەکەوە دەڕۆیشتن، چالاکی نادیاریان ئەنجام دەدا. دەزانم، ئەگەر بۆت بگێڕمەوە، دەتاسێیت و زەندەقت دەرژێت.

ئێمە هەژار بووین! ئەسپێکی پیر و ماینێکمان هەبوو. ماڵەکەمان کەوتبووە کەنار بیابان، گوندەکە، پشتی گردۆلکەی لماوی بەرین بوو، بەرین و بێ کۆتایی، بەرامبەرمان شارێکی کەساسیش هەبوو، خانووەکانی بۆر و کەلاوە بوون. لەناو کوخێکی داڕماوی بێ رووبەند دەژیاین، دەرگایەکی ژەنگاوی و حەوشەیەکی پیسی لەبەردەم دا بوو، حەوشەکە زۆر بەزەحمەتی بە گلۆپێکی کزی سەرشەقامەکە رووناك دەبووەوە. شەوانە دیوارەکانی بە چرایەکی رووت رووناك دەکرایەوە، بڵێسەکەی بەئاسانی رانەدەوەستا، لەبەر گومێشی سەر شووشەکەی رووناکییەکە کز دەردەکەوت. وێنە هەڵواسراوەکەی باوکم لەسەر دیوارەکە ئاکاری دیار نەبوو. یان باوکم بە سمێڵە گەورەکەی، دوو چاوە روونەکەی لەو وێنەیە زۆر گۆڕابوو، ئاکاری کەسێکی عەبووسی ماتی لێ دەرچووبوو.

لە سرووشتەکەی بەرامبەرم هیچ لە رەنگەکان بوونیان نەبوو. لەو سرووشتەی من تێدا دەژیام، یەك رەنگ بوونی هەبوو. رەنگی زەردی لماوی کەساس. رەنگە لەبەر توندکاری و بەدکارییەکان بووە، دەموچاوی خەڵکەکەش گۆڕابێت. ئەوە لە یەك رەنگی پەیدا دەبێت، هەموو شتەکانی نزیك خۆی دادەپۆشێت، بوون و جەستە و خاك و رووبەندی خانووبەرەکانیش.

بە مردن گەمارۆ درابووین، درەختەکان سیس و وشك و رەق بوون، گەرمی خۆرەکە کاری لێ کردبوو. هەواکە تۆزاوی بوو، لەگەڵ گەردەلوول خەڵکەکە دەکەوتنە بن غوبار و لم و خۆڵ، بەیانییان پێخواس دەهاتمە دەرەوە، لەگەڵ کوڕان غارغارێنێم دەکرد، لەناو بیابانە پانوبەرینەکە راکەراکەمان بوو. ماوە ماوە دەکەوتینە سەر کەلاکی ئاژەڵێکی تۆپیووی بۆگەنی، یان حوشترێکی مردوو، ئەندامەکانی جەستەیان خورابوون، یان کەرێك کەوتبوو و هەناویان دەرهێنابوو، هەتاویش سووتاندبووی، یان سەگێکی وشککراو وەك ئەوەی مۆمیاکرابێت، یان بەردەبووینەوە سەر کەللەسەری ئەسپێك.

ڕوا دەکەیت؟ ئەو ژنەی خۆشتدەوێت لەگەڵ ئەو پەیکەرە ئێسقانانە گەمەی کردووە، لەگەڵ ئەو جەستانە.

ناوچەکە بنیادەمی تێدا نەبوو، _هەندێ جار_ چەند ژنێك دەچوونە بازاڕی شارەکە بەتەنیشتمان ڕەتدەبوون، ئەوانیش بە عەبای ڕەش سەرتاپا داپۆشرابوون.

لە سەردەمانێکی زۆر توندکار و دژوار ژیاوم، هاوڕێیەکەم. من لە خاکێکەوە هاتووم وەك دەستی جووتیارە قەڵشتبوو، لمی خاکەکەی بە هەتاوە گەرمەکە هەڵوەشابووەوە. بەردەڵانی گردە دژوارەکان ئاسۆکەی بەرامبەری داخستبووین، خەڵکەکە بێجگە لە دەموچاوی خۆی هیچی تری نەدەبینی. لەو سرووشتە ترسناکە دژوارەدا، پیاوی کەڵەڕەق و توند بەرهەم دەهێنێت، ئاکاری ترس و عەبووس، وەك ئەوەی پەڵەهەوری چڵکن بن، بە زەوی گیرسابنەوە. کەشوهەواکەش دابونەریتی کەساسی دابڕاویش دەنوێنێت، بۆیە دەتوانن زادی ڕۆژانەیان تەنیا بە زەبر و دەستدرێژی و وەهەم پەیدا بکەن، ئەڤین؛ هیچ نییە، دەگمەنە، کەس لێوەی نزیك نابێتەوە؛ چونکە بەرەو مردنت دەبات، وەك کێکێکی پەراوێزکراو دەمینێتەوە.

لەناو ستەم و ئازار ژیاوین، لە خۆشەویستی، لە خواردن بێبەش بووین، چەکدارە توندکارە دڵڕەقەکان چاودێرییان دەکردین، لە کەشی ساردی وشك ئازاریان دەداین، بێ ئەوەی شۆربایەك بخۆینەوە! پێویستی زۆرمان بە خۆشەویستی هەبوو، هەستی خەڵکەکە وەك بەرد ڕەق ببوو! چونکە بە شوورەیەکی ئاسن، ژن و پیاویان لەیەکتری جیاکردبووەوە، بۆیەش پیاوە بێ ژنەکان ناچارن بوون پڕ بدەنە کەر و مانگاکان.

******

هاوڕێیەکەم، باسی چی ئەو ڕۆژانەت، بۆ بگێڕمەوە؟ لەو ڕۆژانەدا کە دەزانین چەکدارەکان دەگەنە ناو شارەکە، بە شەو، لەناو خەڵکەکە، سام و ترس بڵاودەبێتەوە، هەموو شوێنێك دەگرێتەوە، خەڵکەکە لەماڵی پیاوە گەورەکەی گوندەکە کۆدەبنەوە، ئەو پیاوێکی زانا بوو، بە تەمەن بوو. خەڵکەکە وەك بورغییەکی سووڕاو دەخولانەوە، نەیاندەزانی چ بکەن، کەس نەیدەتوانی دژایەتییان بکات.

پیاوە گەورەکەی گوندەکە هاتە ماڵی ئێمەش، لەسەر دەرگاکە لەگەڵ باوکم ڕاوەستا. باوکم ڕقی زۆری لە

دەسـەڵاتداران بـوو، هۆکـاری هەژارییەکـەی خـۆی دەخسـتە ئەسـتۆی ئـەوان، نائومێـد بـوو، لـە وڵاتێکـی داتـەپیوو، پـەکی کەوتبوو، تا رادەیەك لەگـەڵ دارودیوارەکـان دەدوا، لـە ماڵـەوەش کـەس نـەبوو گـوێی لـێ رابگرێـت، یـان بـە هانـای بچێـت، بۆیـە هەسـتی نائومێـدی و رق و ناڕەحەتییـەکان، سـەرگەردانی کردبوو.

شـەو، کەرەکان دەزەڕن و سەگیش دەحەپن، کەشـەکە کـپ دەبێت، چەکدارەکان هێرش دەکەنە سـەر گوندەکـەمان، هـەموو گوندەکە دەگرن، بۆیە باوکم بڕیـاردەدات پەیوەنـدی بـە چەکـدارە توندڕەوەکانەوە بکات.

******

دایکـم لـە بـاوکم دەپاڕایـەوە، پەیوەنـدی بـەو چەکدارانـەوە نـەکات، مـەلا بانـگ دەدات، بـاوکم مـات و بێـدەنگ، بـەڵام لـە بڕیارەکـەی پەشـیمان نابێتـەوە، رووی ببـووە تابلۆیـەکی بـەتاڵ، هـیچ هەسـتی تێـدا نـەمابوو، عـەبووس، تونـد و کـەڵڵەرەق، بەیەکجاری نەیدەویست لە هیچ تێبگات.

"_چی بکەم لێـرە؟" بـەرووی دایکـم دەقیژێنێـت. "لـەو گونـدە کەساسـە وشـکە بمینێمەوە؛ راوە مێش بکەم؟".

عەباکەی دادەوەشێنێت، بە رێگایە خۆڵاوییەکە بەرەو شوێنی چەکدارەکاندا دەڕوات، شـەوەکە وەك گـەردەلوول بەرزدەبێتـەوە، گونـدە بچووکەکـە لـوول دەدات، گوێمـان لێبـوو بایەکـە لـە لقـی دارەکانی دەدا، لەناو کژوگیاکە گوێمان لە گریان دەبوو.

******

بەیانییـەکی زوو بـاوکم دەگەڕێتـەوە ماڵـەوە، بـەڕووێکی گـرژ لەناو حەوشـەکە دەوەستێت، بـە یـەك رسـتە قسـەکانی تـەواو کرد، گوتی دەگوازینەوە لێرە دەڕۆین و دەچینە ناو خانووێکی تـر. زیـاتری نـەگوت. هـیچ روونکردنەوەیـەکی پـێ نـەگوتین. پـاش سەعاتێك، بینیم لەگەڵ دایکم لە ژوورەکەی تر قسـەی دەکـرد، دایکم نیگەران و ترساو بوو، لـە دایکـم پرسـیم بـۆ وا نیگـەران و ترساوی؟ بەڵام ئەو هیچ قسەیەکی نەکرد.

بەیانییەکـەی کەلوپـەلی ماڵەکـەمان گواسـتەوە شـارە بچووکەکـە؛ چووینــە نــاو خــانووێکی گــەورە، چەنــد چەکــدار پاسـەوانی دەکـرد، هـەموویان روویـان تـرش و ناشـیرین، جلـی سـەیری نامۆیان لەبەردا بوو، عەمامەی رەشـیان لەسـەردا بـوو،

ریشیان درێژ. لەناو خانووەکە مێزێکی گەورەی تێدا، خواردنی زۆری لەسەر ریزدەکرا، زێدەڕۆیی دەکرد، بەردەوامیش دەنگەدەنگ و هاوارکردن بوو. لەو خانووە، ژوورێك تەرخان کرابوو بۆ ژنانی "مونەقەبە"، ژووری پاسەوانەکانیش لەبەردەم ئەو ژوورە بوو. ژوورەکە دوولای کەرەوێتەی دریژ دریێژ، پەنجەرەی بچووك بچووکی تێدا بوو، دانەدەخران و دەیانڕوانییە شەقامەکە. بەرامبەر ئەوانەش، پەنجەرەیەکی گەورە، بێ چوارچێوە و بێ جامی تێدابوو، لە پەنجەرەکەوە دارخورمایەك دیار بوو. لەسەر کەرەوێتەیەکی گەورە، لەلای چەپ، دوو ژنی "موحەجەبە" دانیشتبوون؛ یەکەمیان لاواز و بچووك، دووەمیان قەڵەو، دەنگی زۆر ناخۆش و تەپ بوو، کەس بێ رەزامەندی ئەو دوو ژنە، بۆی نەبوو بچێتە ناو ژووری ژنە مونەقەبەکان.

ئیشی دایکم ئەوە بوو، دەبوایە هەموو بەیانییەك ئەو خانووە گەورەیە پاك بکاتەوە، ئەوەش تا نیوەڕۆی دەخایاند، ئینجا دەگەڕایەوە خانووە بچووکەکەی تەنیشت ئەو خانووە. ماڵەکەمان بە تەویلە دەچوو، لەوێ دەخەوتین، لەوێ نانمان دەخوارد.

من و دایکم لەو خانووە بچووکە دەماینەوە، بەدرێژایی رۆژیش کارمان دەکرد. بەڵام باوکم؛ بە رۆژ ون دەبوو، شەوانە دەگەڕایەوە، هەندێ جاریش؛ شەوانەش ون دەبوو، هەندێ جاریش چەند رۆژێك ون دەبوو و دیار نەدەما، دیارە چالاکی دوور و دەرەوەی شاری پێ دەسپێردرا، فەرمانی چەکدارەکانی رادەپەڕاند. من؛ دەبوایە لە خاوێنکردنەوە یارمەتی دایکم بدەم، هەروەها لە کاروبارەکانی تریش بەردەستی بکەم؛ بەیەکەوە بەیانییان زوو لە خەو هەڵدەستاین، پێش خەڵکەکە، نهۆمی سەرەوە و نهۆمی خوارەوەمان پاك دەکردەوە، ناتوانیت مەزندەی ئەوە بکەیت دەستە بچووکەکانم چەند ماندوو دەبوون، جەستەم، پێیەکانم، کە دەگەڕامەوە پاش ئیشکردنێکی زۆر، ئینجا تێدەگەیشتم چەند ئازارم بینیووە.

******

لە رۆژێکی هەینی، بەیانییەکی زوو، پێش ئەوەی پاککردنەوەکە تەواو بکەین، ژمارەیەك چەکدار بە ریشی درێژ و عەمامەی رەشەوە هاتنە ژوورەوە، لەسەر ئەرزەکە دانیشتن، کەوتنە دانوستان، باسی مەسەلەیەکی ترسناکیان دەکرد. لە

گۆشەیەکی دەرەوەش، پاسەوانە دەمامکدارەکان وەستابوون، چەکدار، لەناو کۆڵانەکە، بەرامبەر دەرگای دیوانەکە، لەوێ ژمارەیەکی چەکداری گەنج وەستابوون.

پاش سەعاتێك، چەکدارەکان، بە شێوەیەکی رەق و ناشیرین، داوایانکرد، من و دایکم شوێنەکە چۆڵ بکەین. ئەوان پێشتر ئەگەر لەگەڵ یەکێك قسەیان کردبوایە، بە شێوازێکی شایستە و رێز قسەیان دەکرد، بەتایبەتی لەگەڵ ژنان. ئێمە خەریکی کۆکردنەوە و دەرچوو بووین، گەورەکەیان قیژاندی، بەر لەوەی بگەینە سەکۆکە، فەرمانی کرد، یەکێك لە ژنە بەندکراوەکەی ناو زیندانەکە بێنن.

"_ ئەو ژنە زیناکەرە کافرە بێنن، لە زیندانەکە بیهێنن!".

دەنگەکە بەو جۆرە بوو، دڕ و توند بوو، جەختی لەسەر دوو وشە دەکردەوە، زیناکەر و کافرەکە، ئەوانە ماوەیەکی زۆر درێژ لە گوێم زرنگانەوە، کەمێك دەمزانی زیناکەر مانای چییە. مانایەکی تەماویی، بەڵام نەك حەقیقی، بەڵام زۆر بەدروستی نەبوو، بەڵام؛ شتێك نزیك لە ماناکەیم دەزانی. بەڵام وشەی کافر؛ بەیەکجاری ماناکەم نەدەزانی. بەڵام؛ وەك ریتم، لەگەڵ ئەوەی چەکدارە توندڕەوەکە دەریدەبڕی. ژنە کافرەکە... ئای کە سیحراوی بوو! لەبەر خۆم گوتم، ئەو ژنە گرینگە کێیە ئەو هەموو پیاوە رادەچڵەکێنێت. بەوە سەرقاڵن، بەو رادەیە سەرقاڵ دەبن، باسی دەکەن.

لەبەردەم سەکۆکە بووین، دایکم گەڕایەوە ناوەوە، منیش بەداوی کەوتم، پێی گوتن:

"_جانتای جلەکانم لەبیرکردووە، بچم بیهێنم...؟".

"_ئای خودایە، بەپەلە، هەی ژنە گەمژەکە... هەمووتان گەمژەن... خودا وای دروستکردون".

لەناو کۆڵانەکە، رووبەڕووی ژنە کافرە زیناکەرەکە بوومەوە. ژنەکە تەمەنی بیست ساڵان دەبوو، لاواز و سیس، چاورەش، بەڵام شیرین بوو. نیقابی لەسەر نەبوو.

"ئەوەندە ئازا بووە لەو شوێنە، بێ حیجاب بێت؟".

بیری منداڵییم مەزندەی ئەوەی دەکرد، لەودەمانە، دەپرسم، لەبەر خۆمەوە:

چۆن ئەو ژنە دەتوانێت سەرپێچی فەرمانەکانی ئەو پیاوە بەهێزانە بکات؟ یان چونکە کافر و زیناکەرە بۆیە وایە، دیارە ژنی زیناکەر و کافر ناکرێ نیقاب لەسەر بکەن؟

لەو شارە ژنانی ئەو شارە و هەموو گوندەکانیش، ئەوانەی لەژێر کۆنترۆڵی ئەوانە بێت، نیقاب دەپۆشن، یەکپارچە رەشپۆشن، لە تۆقی سەریانەوە تا بنی پێیان، هەموو ژنان کەوتبوونە ژێر نیقابی رەش، تا کیژە بچووکەکانیش، ناکرێ نینۆکی پەنجەکانی دەستیشیان بە دەرەوە بێت. ژنان دەبێ خۆیان داپۆشن، پەنجەوانەی رەش لە دەست بکەن، لە رۆژانی گەرمیش، ئەگەر ژنێك بەدەرەوە بوایە و مونەقەبە نەبوایە، دیارە ژنێکی غەریب یان لایدە بووە. هەرگیز لەو دەڤەرە هیچ نەبوو رووی بە دەرەوە بێت، تەنیا رووی ئەو ژنە نەبێت. ئەو ژنە جوانەی رووبەڕوومان هات و بینیمان، ئەوەی پاش ئەوەی دەنگی دەرگاکە هات و کرایەوە، دەرگاکەی بە دەرگای تەویلەی ئاژەڵان دەچوو.

بەقژە رەشە درێژە پەخشانەکەی لەبەردەم سەرۆکەکەیان دەوەستێت، پیاوەکەی ئاکاری بە رووی زیندەوەر دەچوو. لەودەمانە، نیگام بەرامبەر ژنەکە گۆڕا، ژنەکە بەهێز نەبوو، بەڵکو؛ وەك گەڵای دار لەبەردەمیان دەلەرزی. نازانم، بۆ وا بوو؟

ژووری چەکدارەکان رووناك بوو، چرایەکی زەیتی بە گوریسێك لە بنمیچەکە هاتبووە خوارەوە، چراکە لێوانێکی شووشەیی بوو، سەرۆکەکەیان لە پێشەوەی مەجلیسەکە دانیشتبوو، قاوەی دەخواردەوە، عەبووس و ملهوڕ، بێدەنگ و بەردەستەکەی لەپشتی وەستابوو، پێیان دەڵێت:

"_ئەوە فەتوایە... حوکمم لەسەر ئەو ژنە دەرکرد، پاش نوێژی هەینی روجمی بکەن".

******

نەمدەزانی وشەی رەجم مانای چییە. بەڵام بەراکردن بەرەو شەقامەکە رۆیشتم؛ ویستم هەواڵەکە بە هەموو کوڕ و کیژەکان، بەتایبەتی ئەوانەی لە تەمەنی خۆم بوون رابگەێنم.

"ژنە کافرەکەی ئیمڕۆ بینیم، پاش نوێژی هەینی رەجم دەکرێت".

دەسکەوتێکی مەزن بوو، زانیم لەو ژوور داخراوە چ روودەدات، ئاگاداری نهێنییەکانی دەبم، پیاوەکانی ئەو شارە بەڕێوە دەبەن چ بڕیارێك دەردەکەن. لەودەمانە، نەمدەزانی رەجم چییە، مانای چییە و هۆکاری رەجمیش چییە.

******

پاش نوێژی هەینی، کۆبووینەوە، لەناو گۆڕەپانەکەی بەرامبەر مزگەوتەکە. خـەڵکی شـارەکە هـەموویان هـاتن؛ هـاتبوون ببنـە شاهیدی ڕەجمەکـە. کاتەکـە پـاش نوێژەکـە بـوو، پـاش ئـەوەی نوێژکەرەکان لە مزگەوتەکە دێنە دەرەوە، خەڵکەکـە بەپەلـە لـەو شوێنە بۆ دیتنی پرۆسـەکە ئامادە دەبن.

لەو ڕۆژە شارەکە زووتـر بـەئاگادێت؛ ئەگـەرنا شـارەکە خـاو و سسـت و داپۆشـراو بوو، بەڵام ئیمڕۆ؛ شـارێکی چالاك و زیندووە، واتە ئیمڕۆ ڕۆژێکی ئاسـایی نییـە لـە مێـژووی شـارەکە، دەبێتـە ڕۆژێکی دیار و باڵکێش، ڕۆژێکە بە ڕۆژەکانی تر ناچێت. لە ڕێگاوە؛ منـیش رامـدەکرد و قاچـەکانم لـە نیقابـە رەشـەکەم تێکـدەئاڵا، بینیم منداڵە پێخواسـەکانیش ڕادەکەن. هەموو زۆریـش کامـەران بوون، ئەوانیش هەواڵەکەیان دەگەیاند، بە ڕێبوارەکانیان دەگوت. بەڵام نەیانـدەگوت مـن هەواڵەکـەم پێیـان ڕاگەیانـدووە، بـەوەش کەمێك دڵتەنگ بووم. ئینسافیش وا بوو، دەبوایـە بڵـێن مـن ئـەو هەواڵـە ترسـناکەی گەیانـدووە، ئـەوەی لـەو شـوێنە تایبەتییـە نهێنییە هەواڵەکەی درکاند، منم. لەناو چەکـدارەکان، ئـەوە مـن بووم، من هەواڵەکەم بۆیان بردبوو.

******

بە یەك سـەعات یان کەمتریش، هەموو شارەکە، عەبووس و ملهـوڕ و ناشــادەکان، دڵشــاد و کامــەران دەبــن، بــە ڕووداوە مێژووییە نوێیەکە کامەران دەبن.

ماوەماوە پیاوێك دەهات، بە چەکەوە دەهات خەڵکەکـەی ڕیـز دەکرد، خێزانێکی ناشیرین، لەبەردەم خەڵکـەکـە لـە پێشـەوەی هەموویان دەوەستن، هاوار و دەنگەدەنگەکە بەرز دەبێتەوە، داوا دەکـەن بکشـێنەوە دواوە. پیاوەکـانی خێزانەکـە داوایـان دەکـرد چەکـدارەکان زوو بـەردەکان بێـنن. دایکەکـە وەك بەبەغایـەکی پیری نـەخۆش دیـار بـوو، مێـردە شـەلەکەی بـەو دیمەنـە و بـەو ڕووداوە زۆریش کامەران بوو. هەسـتێکی سـۆزداری شـیرین لـە ئاکاری خەڵکەکە بەدی دەکرا. دیمەنە ترسناکەکە وەك دیارییەك بۆیان دابەزیبووە خوارەوە.

خەڵکەکـە بـۆ ڕووداوەکـە سـاز ببـوون، هەسـت و سـۆزی شـادمانی لـە ئاکاریانـەوە دیـار بـوو، چونکـە ئـەوان قوربانییەکـە نـەبوون. ئاکـار و دیمەنەکـە نزیـك بـوو لەودەمانـەی کـە سـواری گەمە ترسناکەکانی شاری یـاری دەبیـت، تێـدا چەنـد شـادی و

خۆشــییەکان بــەرزتر دەبنــەوە، ســاتی تــرس و مــردنیش نزیــك دەبێتەوە.

لــەناو لاکێشـــەیەك، پیـــاوێکی قەڵـــەو دەوەســـتێت، لـــە ناوەڕواســتی چەکــدارەکان، دەنگــی خوێنــدنی ئایــەتی قورئــان دەهات، هەموویان لەبەر ڕێنمایی پیاوەکە دەجولانەوە.

لەپێشــەوە ئاکـاری گـەنجێکی گـەمژە دەردەکـەوێت، کـەمێك لاوازیش بوو، لووتی خوار. منداڵێك دەگریا و دایکی دەیلاواندەوە؛ تا بتوانێت باشــتر ڕووداوەکــەی پاش چەنـد چرکەیـەك ڕوودەدات ببینێت. پیاوێك شێتانە باسی ئـەوە دەکـات چ لـەو ژنـە دەکـەن، واتە ڕەجمی دەکەین و بەرەو دۆزەخی دەبەین. مـن وەســتابووم و دوو کیژی پێخواســم لـە پـێش بـوو، جلـی شـینی بەبریقـەیان لەبەردا بوو، ئەوان و منداڵێکی کورتەباڵا، ناشیرین، بەڵام بـەهێز و جەستە پڕم لەبەردەم بوو.

کوڕەکە دەقیژێنێت، دەیەوێ بگاتە پێشەوەی خەڵکەکە، بەڵام یــەکێك لــە چەکــدارەکان قامچییــەکی لــێ دەدات، ســـمتی دەگرێتەوە، منداڵەکە دەگەڕێتـەوە دواوە. حەشـاماتەکە زۆر بـوو، ئاژاوە بوو، لە کەژاوەیەك دەچوو، هەندێ لە ڕێبوارەکـانیش دێنـە ناو حەشاماتەکە، لەسـەر پشتی کەرەکانیانەوە هاتبوون، منداڵ بەســەر شــوورە بــەرزەکان دەکــەوتن؛ دەیانویســت، لەوێیــەوە چاودێری دیمەنەکە بکـەن. ژمارەیـەك ژنـی بـە حیجـاب، لـەنزیك بازنەکەی بە تەباشیر رایانکێشابوو دەوەستن.

ئۆتۆمبێلێکی چوارپستن، ڕەشاشێکی گـەورەی بـە سـەرەوە بوو، لەنزیك شوێنەکە دەوەسـتێت، ڕووی لـە خەڵکەکـە کردبـوو. دوو پیاوی بەهێز، وەك ئەوەی زۆرانبازیش بن، جلـی ئـەفغانییان لەبەردا بوو، ماسولکە گەورەکانیان بەدەرەوە بوو، ژمارەیـەك پیـاو پاڵدەدەن؛ تا گۆڕەپانەکە گەورەتر بکـەن، پیـاوێکی عـەبووس، بـە کەوایـەکی درێــژەوە، نــەرم نــەرم دەخولایــەوە، قــژە درێژەکــەی هاتبووە سەرشانی، برۆیە ڕەشـەکانی، تا رادەیەکی ناشـیرینی گەورە بوون، ئەویش بڕیاری بەردبارانەکەی دەکرد.

ناوی سـێ کەسـی هێنا، سـێ چەکدار لە ئۆتۆمبێلە گەورەکە دابەزین، تفەنگیان بە شانەوە بـوو، لەبـەردەمی دەوەسـتن، بـە دەستی فەرمانیان پێ دەکات ژنە کافرەکە بێنن.

بەپەلە، بەرەو ئۆتۆمبێلە نزیکەکە رادەکـەن، هـەموو چاوەکـان لەســەر ئــەوان بــوو. دەچنــە نــاو ئۆتۆمبێلەکــە، ژنــە گەنجەکــە دادەگرن، هەر ئەو کچە بوو من بەیانی لـەناو ڕێڕەوەکـە دیبـووم.

ژنەکە دەلەرزی، سەرەتا لاملی کرد، بەڵام ئەوان رایدەکێشن. دەیهێنە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکە. ژنیکی بەتوانا، رەقکاریان لەگەڵدا بوو، دەست و پێیەکانی ئەستوور و گەورە بوون، لە پیاو دەچوو. ئەویش مونەقەبە بوو، رەش لە سەرەوە تا خوارەوە، دیارە نیقابەکە رێگر نەبوو نەبەردییەکەی ئەنجام بدات. ئەویش کیژەکە رادەکێشێت، بەرەو شوێنەکەی دەیهێنن، لە ناوەڕاستی بازنەکەی دایدەنێن، ئەوەی بە تەباشیری سپی راکێشرابوو. گوریسێك بە ناوقەدی بەسترابووە، بەو گوریسە توندی دەکەن؛ تا نەجولێتەوە، دەیهێنە سەر چۆك، لە پشتەوە دەستی دەبەستن؛ تا قیت بوەستێت و نەجولێت. کیژەکە لە ترسانا دەلەرزی، ئاماژەیەك بۆ ژنە مونەقەبەکە دەکات، کە گوریسەکە توندە و ئازاری دەدات، خەڵکەکە بە داوا و قسەکە پێدەکەنن.

ئۆتۆمبێلەکەی بەردی هێنابوو گەیشت، لەنزیك شوێنەکە بەردەکەی هەڵڕشت. کیژەکە سەیری بەردەکانی کرد، راچڵەکی، سام دایدەگرێت، ئەوە لە چاو و رووی بەدی دەکرا. چەکدارەکان کە دەزانن کیژەکە ترساوە، بزەیەکی بۆ دەکەن، شادمان خۆیان دەنوێنن؛ کیژەکە لەگەڵ هەڵڕشتنی بەردەکان وەك باڵندەیەك هەڵبفڕێت راچڵەکی.

هەموو خەڵکەکە، ژن و پیاو و منداڵەکانیش بەپەلە رادەکەن بەشی بەردی خۆیان هەڵبگرنەوە. من دەستم بۆ بەردەکان نەبرد. ئەو بەرامبەرم بوو، دروست رووبەڕوو بووین، سەیری دەموچاو و جەستەم دەکرد. دەمتوانی گوێم لە ناڵەناڵیشی بێت، گوێم لە هەناسەکانی دەبوو، دڵۆپە فرمێسكێکم بینی، لە چاوەکانی رژا، هەستم بە بەستەزمانی ئاکاری دەکرد، هەستم بە بەستەزمانییەکەی دەکرد.

داوایان لێی کرد سەیری خەڵکەکە بکات. چەکدارێکی بە ریش لەسەر سەری وەستابوو، هاتە خوارەوە، سمێڵی تاشراو بوو، لووتە گەورەکەی رووی داپۆشیبوو، ئێسقانەکانی دەموچاوی دەرپەڕیبوون، شاناز سەری بەرز دەکاتەوە، فەتواکەی بۆ کیژەکە دەرچووبوو دەخوێنێتەوە. دەست دەکات بە پەیقین، خەڵکەکەش گوێی بۆ رادەگرن. بە پەرۆشەوە سەیری دەموچاوی کابرام دەکرد، بەڵام لە مانای قسەکان تێنەدەگەیشتم. سەیری عەمامە رەشەکەی سەری کابرام دەکرد، کە بە هەردوولای سەری هاتوچۆی بوو. هاوسێیە قەڵەوەکەیان، ئەوەی شاهیدی یەکەمی سەر کیژەکەی دابوو،

لەتەنیشت چەکدارەکان بە ورگی زلەوە وەستابوو، لەودەمانە هەموو خەڵکەکە لە برسانا رەق ببوونەوە.
ئەویش، بە دەستی، ئاماژە دەکات، خەڵکەکە، کیژەکە، بەردباران بکەن.

******

بە لاملی و پێداگرییەوە و لەبەردەم هەموویان نیقابەکەم لەسەر رووم لادا؛ ویستم باش سەیری بکەم. ئەو کیژێکی جوان بوو، لێو ئەستوور، لووت ناسك، کەمێك گێژیش دیار بوو. دوو چاوی گەورەی رەشی هەبوو، بەڵام ئاکار خەمگین دیار بوو. لەودەمانە فۆکسم خستبووە سەر چاوەکانی؛ پاش بڵاوبونەوەی فەرمانەکە، فەتوای رەجمکردنەکە، ژاوەژاوەکە بەرز دەبێتەوە. پیاوەکان دەخشن، بۆ رووداوەکە، پێیان دەجولێنن.
لەگەڵ بەرکەوتنی یەکەم بەرد، چاوم لەناو چاوەکانی بوو، لەگەڵ یەکەم قیژەی، زمانی دەلەرزی و پرتەپرتی بوو. گوێم لە خشەی جلەکانی بوو، گوێم لە فیچکەی رژانی خوێنی بوو. دەنگی گریانە بەناز و نەرمەکەی بوو. چاوەکانمان پڕیبووە یەکتری؛ چڕی نیگاکانمان بۆ یەکتری زۆرتر دەبێت.
لەودەمانە هەستێکم لا دروست بوو _ئێستاش ئەو جۆرە هەستەم ماوە_ دەمویست توند لە باوەشی بگرم، توند بیگرمە خۆم، پێی بڵێم "خوشکەکەم"، هەناسەم توند گرتبوو تا بەپێی توانا رۆحم بگاتە نزیك رۆحی ئەو.
ئەویش؛ هەناسەیەکی قەبەی بۆم نارد، بە خوێن، پەلی دەهاویشت، قاچەکانی لە زەوی دەکوتا، بەرگەی بەردەکانی نەدەگرت، ئەوانەی بە دەموچاوی، بە سەری دەکەوتن، دەستەکانی توند بەسترابوون. قاقای پێکەنین بەرز دەبووەوە، ئەوان دروست پەلارەکانیان لە سەر و لە دەموچاوی دەگرت. ماوەیەکی زۆر جەستەی دەجولا، گینگلی دەدا، من لەسەر سەری بووم. گومانم نییە بیری لە من دەکردەوە، بەر لەوەی رۆحی دەربچێت بێدەنگ بوو.
خەڵکەکە بە بەردەکان شاردیانەوە، کەوتە بن بەردەکان، بەتەنیا لەناو گۆڕەپانەکە کشامەوە. ئەوەندە بەردیان لێی دابوو، زەوییش ناڵەی دەهات.
لە ئاسمان دوو چۆلەکەم بینی، دوور دەکەوتنەوە، چاودێرییم دەکردن، هیوادار بووم لەگەڵ ئەوان بفڕم، لەو شوێنە دەربازم

بێت. هەستم دەکرد لە ترسانا لەبەر خەمە گەورەکە دڵم دەردەپەڕێت. ئاسمان تەنیا چەند پەڵە هەورێکی پێوە بوو، ئەویش سوودی نەبوو. لە بیابانەکەش یەك شوانی تێدا بوو، کوڕەکە لە تەمەنی من  بوو، لەسەر بەردێك خەواڵوو و باوەشکی دەهاتێ، چەند بەرخێکی لە پێش بوو، بەرخەکان ژمارەیان نەدەگەیشتە پێنجیش، لەڕ و لاواز، لەناو گوفەکە، لە شتێك دەگەڕان بیخۆن.

******

تا ئێوارە بە دەرەوە مامەوە، نەهاتمەوە ماڵەوە، بیرم لەو ژنە کافرە دەکردەوە. دەمویست ببمە ژنە کافرەکە، بۆ دڵدانەوە و کەساسییەکەی دەمویست ببمە ژنە کافرەکە، وەك ئەو بم؛ باری گرانی سووك بکەم. کە گەڕامەوە ماڵەوە، گوێم نەدا بە تووڕەیی دایکم، کە بەسەرما قیژاندی:

"_لە کوێ بوویت؟".

"_لەوێ بووم..." بەنەرمی و بێهودە گوتم.

"_ئەوێ کوێ؟ زۆر بەدوات گەڕام، لە هەموو شوێنێك بۆت گەڕام، تۆم هەر نەدۆزییەوە، نائومێد بووم، لە کوێ بوویت؟".

"_گوتم لەوێ بووم... چیت لە من دەوێت؟".

"_بڕوات پێ ناکەم، هەی سەگ، زۆرت بۆ گەڕام، لەناو شارەکە، لە ترسانا دڵم تەقی، قبووڵ ناکەم هەڵمخەڵەتێنیت، بەسە گەورە بوویت، بڵێ لە کوێ بوویت؟! قسە بکە...!".

_ "چیت لە من دەوێت؟ قسەی چی بکەم؟".

" _بڵێ بزانم لە کوێ بوویت؟ ئەگەرنا بە باوکت دەڵێم؟".

"_پێی بڵێ، باکم نییە...".

"_ئۆف، ئەی خودایە، چ روودەدات؟!... تۆ ئەو کیژە نەماویت کە دەمناسیت! چیت لێ قەوماوە؟! پێم ناڵێیت؟!".

"_ئیتر منیش بوومەتە ژنە کافرەکە..."

"_ئیش ئیش، ئەو جۆرە قسانە مەکە، با یەکێك گوێی لێت نەبێت".

"_دەبوایە هەموومان ببینە ژنە کافرەکە، نەدەبوایە بهێڵین ئەو کیژە بەتەنیا بمرێت".

بەگریانەوە خۆم هاویشتە باوەشی دایکم.

******

شـەو، لـەناو تەویلەکـەی ئێمـەیان تێـدا پەسـتابوو، سـەیری مانگم دەکرد، بێهودە سـەیرم دەکرد. کـە سـەیرم دەکـرد، مانـگ منارەکـــەی روونـــاك کردبـــووەوە. گـــەردوون کشـــومات بـــوو، ماوەماوەش بەس دەنگی حەپەحەپی سـەگ دەهـات. پـەردەی پەنجەرەکـەی بەرامبـەر مـن هەڵـدرابووەوە، لـە پەنجەرەکـەوە دارێکی خـوارم لێـوە دیـار بـوو، رەش و کـەوتبووە پشـتی شـەوە گەشـــاوەکە. دایکـــم بەرامبـــەر مێزێـــك دانیشـــتبوو، کـــە بـــە چەرچەفێکی کەسك داپۆشرابوو، دوو مۆم رووناکی کردبووەوە.

لە دایکم پرسی:

"_ئایا خودا دادپەروەرە؟".

"_بەڵێ دادپەروەرە".

"_خوا پیاوە؟ یان ژنە؟".

"_ئەو رۆحە، نە ژنە، نە پیاوە؟".

"_ئایا رۆحی پیاوە، یان رۆحی ژنە؟".

"_باشـە بۆ ئامرازی پیاوانە ناوی دەهێنـین، بـە ئـامرازی ژنانـە ناوی نابەین؟".

"_چونکە ناکرێ خودا بە ئامرازی ژنانە ناوی بهێنین".

"_بۆ؟".

"_چونکە ژن لە پیاو کەمتر".

" _بە چ کەمترە؟".

"_زۆر کەمترە...".

_ "بۆ نمونە دەمەوێ بزانم بە چ کەمترە، بە چی".

"_ژن زیرەکی کەمترە لـە پیـاو... پیـاو باشـترن، خـودا وێنـەی پیاوی باڵاتر لە وێنەی ژن خوڵقاندووە".

"_خودا ژنی لەسـەر وێنەی چ دروستکردووە؟".

دایکم وەڵامی نەدامەوە، بەگومانـەوە سـەیرێکی کـردم، یـان نیگایەکی نائومێدانە، رەنگـە وا بێـت. لـە پەیقینەکـە رازی نـەبوو _بەدڵنیاییەوە_ لەو پرسیارانەی هەرگیز بیری لێیان نەکردبووەوە. راستییەکەی، منیش ئەگەر رەجمکردنی کیژەکەم نەدیبوایە، کە ژیانی ژەهراوی کردم، بیرم لەو پرسیارانە نەدەکردەوە.

"_ئایا پیاویش رەجم دەکەن...؟ من پرسیم.

"_نەخێر".

"_بۆ...".

"_چونکە ژن پیاو هەڵدەخەڵـەتێنێت، ئـەو وایکـردووە سـێوەکە بخۆن، لە بەهەشت دەربکرێن...".

"_تـۆ گوتــت ژن گــەمژە و نەفامــە، چــۆن ئــەو ژنــە نەفامــە دەتوانێت پیاوی زیرەك هەڵخەڵەتێنێت؟!"..

دایکـم وەڵامـم نەداتـەوە. دەبوایـە خـۆم وەڵامەکـە بدەمـەوە. دەبوایە لەو وەڵامە بگەڕێم، بگەمە وەڵامەکە. پـاش ئـەو رووداوە من بوومە کەسێکی تر، هەرگیز وەك جاران منداڵ نیم.

******

# دووەم

بیرەوەری سۆفی دەگەڕێتەوە سەر ئەودەمانـەی کـە ئادریـان دەناسێت. ئەوەش ساڵێك پێش رووداوەکـە بـوو، دروسـت یـەك سـاڵ. رۆژێکـی گـەرم بـوو، لـەو هاوینـەی سـەفەری ئاوسـتندە دەکات. لەودەمانە بەلژیکا نۆرماڵ نەبوو. پلـەی گەرماکـەی بـەرز بوو. ئەوەندە گەرم بوو زۆری نەمابوو ئەسفلەتی شەقامەکانیش بتوێنێتەوە. درەختی لە قەدەوە وشـك کردبـوو. ئاسـمان سـاماڵ بـوو، دەریـا بۆرەکـە و شــەپۆلە شــینە نەرمەکـە ئاوێتـە ببـوون. جوولەی کەمی تێدا دەبینـرا. زۆر مەنـد و ئـارام بـوو. ئێوارەکـەی، هــەموو شــتەکان رەنگــی گەوهــەری وەنەوشــەیی گرتبــوو، کەشەکە ئاسوودە بوو.

سۆفی رۆژەکەی لەبیر ماوە، پلەی گەرما و رەنگی ئاسمان و دەریاکەش رۆڵی سەرەکییان لەسەر ئەو ئەڤینە هەبوو؛ ئادریـان هــاتبوو؛ بــە بۆنــەی جــەژنی لــەدایکبوونی، لــەوێ ماوەیــەك بەسەربەبات. دیمانەکە بەرەو ئەڤینیان دەبـات. هـەوا و ئاوەکـەی ئاوێتەی ببوون و بەگـەرمی دەگەنـە نـاخی هـەردووکیان، بـەرەو ئەڤینێکی قووڵیان دەبـات، ئـەوەش ئاسـایی بـوو لـەو هاوینـەی ئاوستندە روویدات.

******

دووبـارە ڕۆژی کارەسـاتە شـوومەکە ڕوودەدات، تێـدا کوڕەکـە دەکەوێتــە نەخۆشـــخانە ڕۆژی لـــەدایکبوونی بـــوو، ڕوودانـــی ئۆتۆمبێلەکە. پـێش سـاڵێك و لـە هـەمان ڕۆژدا، ئادریـان دەچێتـە ئاوستندەی باکووری بەلژیکا؛ دەیەوێ هەفتەیەك لەوێ لەسـەر دەریـا بمینێتـەوە. لـەوێ، سـۆفی دەبینێـت، ئـەویش پشـووی هەبووە، بەیەکەوە لە یەك هوتێل دابەزیبوون.

کیژەکـە، کوڕەکـە لەبـەردەم ژنـە کارکەرەکـەی پێشـوازی هوتێلەکە دەبینێت، باسی ژوورەکەی دەکرد، پشتی لەو دەبێت، ڕووبەڕوو یەکتریان نەدیبوو، سۆفی سەرنجی قسەکانی دەدات، وشەکان لەناو گوێی دەزرنگێتەوە. بە کیژەکەی پێشوازی دەڵێت ناوم ئادریانە، لە ستۆکهۆلمەوە هاتووم، لە فڕۆکەخانەی زڤتـان، لە بروکسل کاردەکەم.

ئـەو دەیـەوێ، بـە بۆنـەی ڕۆژی لـەدایکبوونی، دوو ڕۆژ لـە هوتێلەکە بمینێتەوە.

"بۆ ئەوە یادی ڕۆژی لەدایکبوونی بەتەنیا دەکاتەوە؟" کیژەکـە بیر لەوە دەکاتەوە.

کیژەکـە نەیـدەتوانی سـەیری نـەکات. سـەیری دەکـات، پڕۆفایلەکـەی سـەرسـامی دەکـات. قـژە زەردە تایبەتییەکـەی ئەبلـەقـی دەکـات. چـاوە شـینە بێگـەردەکانی بـە چاوەکـانی خودایەکی ڕۆمانی دەچوو. جەستەی کۆك، ئەندامی جەستەی کوڕەکە هاوسۆز بوو لەگەڵ دەنگی.

کە سەیری دەکات، هەست بە جووڵە منداڵییەکەی دەکات، دووبارە هەست بە سۆزێکی نوێ دەکاتەوە، سـۆزێك نزیـك لـە موزیك و دەچێتە ناخی. کوڕەکە قسەکانی لەگەڵ کارکەرەکـەی پێشوازی تەواو دەکات، لەبەردەمی کیژەکـە دەڕوات، سـەیرێکی دەکات، بەڵام بە لاتەنیشت هەست دەکات وورووژاندویەتی.

کیژەکە جووڵەیەکی لەخۆڕای بۆ دەکات، دەیەوێ _بـەوەیان_ هەستی پـێ بکـات، سـەیری بکـات، ئـەوەش سـەر دەگرێـت، کوڕەکە سەیری دەکات، لەگەڵ ئەوەش سۆزێکی تایبـەتی پـێ دەبەخشێت، وەك ئەوەی پێی بڵێت:

تۆ لەو جۆرە ژنانەی من خۆشمدەوێن. یان هەر هـیچ نـەبێت؛ ئـەو ژنـەی دەتـوانم ڕۆژانـی پشـووەکەم لەگـەڵت ببەمـە سـەر، بەیەکەوە لە ئاوستندە بمینێنەوە.

کیژەکەش _لەلایەن خۆییەوە_ هەڵە نەبوو، دەزانێت ئـەو لـەو جۆرانەیە حەز بە سەیرکردنی ژنان دەکات. لەوانە نییە ئەوانـەی

لەسەر شەقامەکان، لەناو بارەکان و لەسەر کارەکەی دەیناسین. ئەو جۆرێکی ترە، لەو پیاوانەیە سەیر دەکەن، بەخۆشەویستییەوە سەیری ژن دەکەن، لەو پیاوانەیە جۆرێك سیمای رۆمانسییان تێدایە، لەسەر ژن، هزر و وێنە و خەیاڵی هەمەرەنگی هەیە.

ئەوەش راستە. دوایی دەگەمە ئەو راستییە. ئەو کەسێکی سۆزدار بوو، تا رادەیەکی ناسك، سۆزێکی تایبەتی بۆ ژن هەبوو، رەنگە ئەوەش خەسڵەتێکی هەرزەکارانەی ئەو بێت، یان تایبەت بووە بە ژیانە تەنیایی و نائومێدییەکەی لەگەڵ باوکە نەخۆشەکەی، کە دوایی دەکەوێتە خانەی پەککەوتووەکان، دواییش؛ بە خۆکوشتن کۆتایی بە ژیانی دەهێنێت.

ئادریان، ماوەیەکی درێژ ئەو سەربردەیەی لێ دەشارێتەوە و باسی ناکات، بەڵام دوایی بەرێکەوتێکی سەیر ئاشکرا دەبێت.

******

کەواتە؛ سۆفی، کیژە رۆمانسییە تایبەتییەکە، ئەوە لەسەر ژن لە ئادریان دەدۆزێتەوە. نەك ژنە جوانە سەربەستەکە، بەڵام وەك ژنێك. سۆفی دەزانێت ئەو جۆرێك لە رۆمانسیەتی تایبەتی تێدا بوو بۆ راونانی کیژان، لە هەموو شوێنێك، تەنیا بە نیگاکانی. پیاوەکە چێژێکی مەزنی هەبوو لە زەوقی جەستەیی. پەیوەندییەکانیشی بە ژن کەم و دەگمەن و لێزان بووە. بەڵام؛ لەناوەوە وەك پیاوێکی ناسکی سۆزدار دەمایەوە، پیاوە رۆمانسییە خەوندارەکە، ئەوەی ژنی لەناو رۆحی و لەناو عەقڵیشی بە وێنەیەکی جوان پاراستبوو.

******

لەو سەعاتە، کەسی تری بەرامبەر نەبوو. کەنارەکە گەورە و بەرین. کەمێکیش لە هوتێلەکە دوور بوو. بۆشاییەکی مەندی هێمنی لەژێر ئاسمانە شینەکە بەدی دەکرد، هەورەکەش بە ناسکی و دوو باڵندەش لە ئاسمان باڵەفڕەیان بوو. کیژەکە، لەو ئاسۆیە بەرینەدا، دەزانێت باڵندەکان هەڵۆن. چاودێریان دەکات، ئەویش لەسەر لمەکە دەڕۆیشت، پێیەکانی کەفێکی سپی شەپۆلەکانی لەسەر نیشتبوو، توێژێکی تەنك، چەند پێیەکانی لە ئاوەکە دووردەکەوتەوە کەفە سپییەکە دەتوایەوە. پێیەکانی بە هەتاوەکە وشك دەبووەوە، دەگەیشتە تۆپەکەی لەسەر

لمەکە غلۆر دەبووەوە و دەگەیشتە لای چەتری ژنێك، کتێبی دەخوێندەوە، کەرەستەکانی هاوینەی خۆی لەتەنیشتی دانابوو.

(ئایا ئەوە هاوسەریەتی، ئەو ژنە؟!... ئایا ئەو ژنە هاوڕێیەتی؟) ئەوە پرسیاری یەکەم بوو کە بیری لێ دەکاتەوە، ژنەکە سەیری دەکات، لە دوور چاودێری دەکات، دەیەوێ دیمەنەکان هاوێر بکات.

رۆژانە و بەیانییان دەیبینی. باش چاودێری دەکرد، بە نیگاکانی، کوڕەکەش، وەك ئەو چاودێری هەنگاوەکانی کیژەکەی دەکرد، سەیری دەکرد. هەندێ جار لەبن چەترە گەورەکە رادەکشا. کتێبێکی دەخوێندەوە. چاوەکانی لەگەڵ دێرەکانی دەهات و دەچۆ. بەڵام ئەو _ماوە ماوە_ کتێبەکەی دەخستە تەنیشتی. سەیری کیژەکەی دەکرد. هەستی لە جەستەی رادەگرت. لە جوولەکانی رادەما. چاویلکە رەشە هەتاوییەکەی چاوەکانی بەرزدەکردوە؛ دەیویست بزانێت کیژەکە ماوە، دەگەڕایەوە سەر خوێندنەوەی کتێبەکەی، دووبارە دەیخوێندەوە.

******

ئێستا، دەیەوێ شتەکانی ئەو رۆژەی بەبیربێتەوە، رۆژی یەکەمی ئەوی تێدا بینبوو. کیژەکە نەیدەزانی نیگا سەرپێیەکانی ئەو رۆژە _رۆژێك لە رۆژان_ ئەو بەرەو ئەو ئەڤینە مەزنە دەبات.

******

رۆژێکیان، کیژەکە لەناو باڵکۆنی هوتێلەکەی بوو، ئەویش لە ژێرەوەی دەڕوات. وادەزانێت بەو ئاکارە ئاشنایە. رامان دەکات: ئایا من ئەو کوڕەم دیوە، لە شوێنێك، زووتر ئەوم دیوە؟ وا مەزندە دەکات، لەوەیان یەقین بوو، کە ئەو ئاکارەی زووتر دیوە. ئایا لەو شوێنانەی پیاوەکانی دەبینێت، بەردەوام لەوێ ئەوەشی دیوە؟ یان لە شوێنێکی تر، ئەوەی دیوە؟ بێدەنگ لەبەردەم پەنجەرەکە وەستابوو. جگەرەیەك دەردەهێنێت، بە پەنجەکانی بێ ئەوەی سەیری بکات پاکێتەکە دادەخاتەوە. پاکێتەکە یەك جگەرەی تێدا مابوو، لە گۆشەیەك گیربوو، سەیری نەدەکرد، بە پەنجەکانی دەیویست دەریبهێنێت، بەزەحمەت دەیگرێت و دەریدەهێنێت و لە دەمی دەنێت. شخارتەکەش دەردەهێنێت، جگەرەکە دادەگیرسێنێت، دووکەڵ بە با دەکات، دەگەڕێتەوە ناو خەیاڵەکانی.

ئەو بیری دەکردەوە _هەندێ جار_ بەڵام بە دەنگی بەرز. ماوەیەکی زۆر بوو ئەوە فێرببوو، چەند ساڵ بوو ئەو خووەی گرتبوو. پەیڕەوی دەکرد؛ تا لە نیگەرانییەکانی، دەربازی ببێت. کە قسەی دەکرد، هەستی دەکرد، ئاسوودەیە، بەتایبەتی کە لەبەر خۆییەوە، بە دەنگی بەرز قسەی دەکرد.

******

بەیانییەکەی، ئازایەتی دەداتە بەر خۆی، دەچێت، لێی دەگەڕێت، لە هەموو شوێنێك چاو دەگێڕێت: لەناو هوتێلەکە، لەسەر کەنارەکە، لە رێستورانتە نزیکەکان، لە سەنتەری شارەکەش. یان کیژەکە مەزندەی ئەوەی دەکرد، یان نەیدەکرد، لەوادەمانە، دروست لەوەدەمانە لێی دەگەڕێت. کە دەیدۆزێتەوە، بەرەو ئاراستەی ئەو دەڕوات، سەیری دەکات. دیارە، سۆفی کۆششی زۆری کردبوو؛ ئەو چرکەساتە بکاتە، ساتی تەواو و بڕیاردان، ئەویش، دیارە کۆششی زۆری کردبوو، ئەو چرکەساتە بکاتە ساتێکی باڵکێش.

سۆفی نەیدەزانی، ئایا کوڕەکە، ئادریان بەو شێوەیە و راستەوخۆ، ئەوە یەکەمجارە قسە لەگەڵ ژنێك دەکات یان نا. نازانێت جاری یەکەمە، ئایا ئەو بوار دەدات بەکراوەیی بەیەکەوە قسە بکەن. ئایا ئەوە بۆ ئەویش یەکەمجارە، بوار دەدات پیاوێك بەو جۆرە قسەی لەگەڵ بکات؟ یان نا؟

دیمانەکە دەبێت، لە ناوەڕاستی رێگاکە یەکتری دەبینن. کە لێی نزیك دەبێتەوە هێور دەبێتەوە. بەر لەوەی هەنگاوەکانی لەو نزیك ببێتەوە، ساتێك دەوەستێت. کوڕەکە بزەیەکی بۆ دەکات، پەنجەکانی بە نەرمی بۆ ناو قژی درێژ دەکات. بە دەستەکەی تری، جگەرەیەکی بەدەستەوە بوو. جگەرەکە دەهێنێتە ناو دەستەکەی تری و دایناگیرسێنێت. لەبەردەم کیژەکە دەوەستێت، رووخۆش و دەکرێتەوە؛ هەموو لۆچەکانی دەموچاوی نامینێن. بزەیەکی جوان لەسەر لێوی کیژەکە ساز دەبێت. رووبەڕوو، یەکتری دەبینن. بەڵام کوڕەکە بەر لەوەی سڵاوێکی لێ بکات، دەشلەژێت. دەپرسێت:

_ "ئایا زووتر ئێمە یەکترمان دیوە؟!.

_ "وادەزانم تۆم دیوە، لە شوێنێك...".

_ "لە بروکسل کاردەکەم".

_ "ئۆ، _منیش_ لەوێش دەژیم، لە بروکسل، کەواتە؛ گومان لەوەدا نییە دیمانەمان بەیەکەوە بووە".

ئیتر بەو جۆرە دیمانەیان دەبیت، سۆفی و ئادریان، لەسەر شۆستەی کەنارەکە.

بە کیژەکە دەڵێت ئیمرۆ کەشەکە جوانە، دەیەوێ بەیەکەوە پیاسەیەك بکەن. سۆفی _ئەو رستەیە_ بە دروازەیەکی کلاسیکی دەزانێت بۆ چوونە ناو چەندان بابەتی هەمەجۆر، زۆرجار وابووە، سەرەتا بووە، بۆ شتی تر. بەڵام چی تێدایە ئاساییە، باشە؛ دیارە هەردووکیان یەك ئارەزوویان هەبووە، بۆ بەردەوامی پەیڤەکە، رەنگە ئەو رستەیە ببێتە سەرەتای پەیڤینێکی درێژیش.

ئیتر سۆفی چاوەڕوان دەکات، بزانێت ئادریان چی پێ دەڕێت، چ رستەی تر دەڵێت، بەڵام ئەو زاری، بە وشەکان تێکدەئاڵێت. سەرەتا، دەشێوێت، رووی سوور هەڵدەگەڕێت. لەناکاو هەست دەکات کەسێکی تەواو ڤاڵایە. بابەتی زۆری پێ نییە؛ تا پێی بڵێت، بەڵام بۆ کیژەکە سۆزی هەبوو، بەپێی هەڵچوونەکە بێ ئەوەی هەستیار و مەبەستی بێت، سۆزی تێدا بوو. بێ ئەوەی بزانێت بۆ. بەڕاستی، هەڵوێستەکە ئارام نەبوو. سۆفی لەوە دەگەڕا دەربازبوونێك بدۆزێتەوە، بە زۆرزانی، کولانکەیەك دەدۆزێتەوە. لە ماوەی تەنیا سی چرکە، وا دەکات کوڕەکە بزەیەکی بۆ بکات. ئیتر کیژەکە دەبوایە بە رەوشەکە رابگات، نەوەك ئاخاوتنەکە ئاستی دابەزێت و بڕمێت، بەوەش هەموو دیمانەکە بفەوتێت. ئیتر بەو جۆرە جۆشی دەدات؛ بۆ ئەوەی پەیڤینەکە تەواو بکات، کوڕەکە گەرم دەکات؛ بە یەك هەنگاو بچێتە پێشەوە، بەڵام بە شێوازێکی گونجاو و جوانیش. ئیتر وشە و پەیڤەکان بە وزەیەکی تژی لە سۆز و دیدی روون دەردەکەون.

کیژەکە قبووڵ دەکات قاوەیەکی لەگەڵ بخواتەوە، پێی دەڵێت پەلەم نییە و دەتوانم. ئەوەش زۆر بە جوانی نمایش دەکات، بۆ ئەوەی بتوانێت کاتێکی جوان لەگەڵ ژنێك بەسەر ببات، ئیتر، لەوەدەمە، دەتوانێت، بگاتە، بەر بازنە و کێشانی کوڕەکە.

******

بەیانییەکەی، بەیەکەوە، بە پانایی شوورەکەی سەر دەریاکە پیاسە دەکەن. رووناکی شەوەکە کز بوو، گۆڕەپانەکەی بەرامبەر دەریاکە بە گلۆپ رووناك کرابووەوە. شوێنەکە بۆنی هاری دەریای لێ دەهات. لەسەر کەنارە خۆڵاوییە نەوییەکە دانیشتن، هەردووکیان قاچە رووتەکانیان لەناو لمە تەڕەکە دانابوو.

کیژەکە هەست دەکات لەگەڵ ئەو کوڕە دەتوانێت چیرۆکی ئەڤین بکات. بەڵام نازانێت چ جۆرە چیرۆکێك، بەڵام؛ لەوێ _لە ڕۆژانی داهاتوو_ حیکایەتێکی گەورە ڕوو دەدات. ئەوەش نیشانەکەی دیار بوو. لەودەمانە کیژەکە بیر لەوە دەکاتەوە پەلاماری بدات، بە وردە ماچ، بە لێوە ناسکە گولزارەکەی، ڕووی بەو ماچانە داپۆشێت، بە قژەکەی.

لقە پەخشانەکانی دارە گەورەکە لە کەنارەکە دوور نەبوو، دارەکە لقەکانی، دەهەژی، شەوەکە جەستەی هەردووکیانی شاردبووەوە. لەسەر لمەکە راکشابوون. بەپەلە، دەستەکانیان،پانتۆڵ و کالسۆنەکانی داکەند، بەپەلە بە تاریکی ڕووت بوونەوە.

"_تۆ بەڕاستی ئەوە دەکەیت؟" کوڕەکە پێی دەڵێت.

کیژەکە پێی پێدەکەنێت:

_ "تۆ دەترسیت...؟".

******

چەند ڕۆژێکی جوان بەیەکەوە دەژین، ڕۆژانی خۆشەویستی ڕاستەقینەیی، ئەوەش لە یەکەم سات دەبینرێت. وەك ئەوەی زۆر لەمێژە یەکتری دەناسن. وا هەست دەکات _کیژەکە_ شادمانە، چەندان ساڵە، شادی وای نەدیبوو. ئەویش _لەلایەن خۆییەوە_ ماوەیەکی زۆر و بەدرێژایی تەمەنی چاوەڕوانی ژنێکی لەو جۆرەی دەکرد.

لەگەڵ تەماویی ژیانیشی، لەگەڵ هەموو شتە نائاساییەکانی ژیانی _بەپێی توانا_ دەیویست هەموو شتەکانی لێ بشارێتەوە. بە پێناسەیەکی سادە، کەسایەتی خۆی دەناسێنێت. ناوی ئادریانە، ئەندازیارە، لە فڕۆکەخانەی زڤتان، لە بروکسل کار دەکات، لەناو شوقەیەکی بچووك، لە ئۆکل، لە ئۆسلۆ لەدایکبووە، لە ستۆکهۆلم، ژیاوە.

******

ڕۆژی کۆتایی مانەوەیان، لە ئاوستندە، ڕۆژێکی زۆر سۆزدار بوو، سۆفی ڕۆژێك پێش ئەو لە هوتێلەکە دەڕوات. ئادریان، بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی، دەیباتە وێستگەی ترێنەکە. تا ناو فارگۆنەکەش جانتاکەی بۆ هەڵدەگرێت، بەپەلە دەگەڕێتەوە. لەسەر شۆستەکە چاوەڕوان دەبێت، کیژەکەش، ڕووی بە جامی پەنجەرەکە وەدەنێت؛ تا باش ببینێت. بەر لەوەی ترێنەکە بجولێت هەست بە نیگەرانی دەکات. ئەویش لەسەر شۆستەکە، وەستاوە و بە پەرۆشییەوە سەیری پەنجەرەکە

دەکـات و دەسـتی بـۆ رادەوەشـێنێت، بزەیـەکـی بـۆ دەکـات. بزەیەکی شـادمانی بـوو، بـزەی خۆشەویسـتی راسـتەقینەیی بوو. سۆفیش لەلایەن خۆیەوە؛ هیچ گومانی لەو ئەقینە نەبوو. لەگەڵ ئەوەش نەیدەزانی ئەو دڵنیابوونەی لە چییەوە بۆ فەراهم بووە.

کیژەکـە _لەودەمانـەی لـە ئاوسـتندە بـەرەو بروکسـل بەڕێدەکـەوت_ هەسـت دەکـات گەیشـتووتە نـاو چیرۆکێکـی ئەڤینی نائاسایی. بـزەی ئـەو رۆژە بـۆ ئـەو، تـژی بـوو لـە هیـوا، لەگەڵ ئەوەش، کەمێك پڕیار و پێداگرییشی لەگەڵ بـوو. ئاسـان نەبوو، ئەو هەستە بەرجەسـتە بکرێـت، بـە وشـە ئـەو ناکرێـت، زەحمـەت بـوو. ئـەویش دەسـتی بـۆ رادەوەشـێنێت، ئینجـا _کیژەکـە_ پاڵدەداتـەوە، بـاش دەکەوێتـە سـەر کورسـی نـاو فارگۆنەکـە. دوا دیمەنەکـەی لەبـەر چـاوان ناکـەوێت. قـژە زەردە کورتەکـەی لەسـەر مـۆدەی گـەنجانی بـاوی ئیمـڕۆ. پێسـتە گەشـەکەی، کـە لەبـەر هەتاوەکـە دەبریسـکایەوە، برونـزی دەردەکـەوت. بەگشـتی، هـەموو ویسـتەکانی پیـاوەتی تێـدا دەردەکەوت.

******

کـە ئادریـان دەگەڕێتـەوە بروکسـل، یەکسـەر پەیوەنـدی بـە کیژەکـە دەکـات. ئـەویش لەلایـەن خۆییـەوە بەرگـەی دووری نەدەگرت. سۆفی کیژە چاو ئاگرینەکە، پڕیار دەدات _لە تەمەنی سی ساڵی_ ژیانی بخاتە ناو بازنەیەکی سـنووورداری بـاڵکێش: رادەسـتبوونێکی مـەزن و تـەواو، ژیـانی بکاتـە قوربـانی، ئـەو گەنجەی چەند رۆژێکە ناسیویەتی. بە پێداگرییـەکی تـەواو، بـێ گەڕانەوە هەموو جەستە و رۆحی بۆ ئەو تەرخان بکات.

هـەموو خەڵکەکـە دەکاتـە قوربـانی ئـەو گەنجـە ئەسکەندەناڤییە، واز لە هەموو کـەس دەهێنێـت. هـەمووش بـۆ ئەو گەنجەی مەیلی نمایش و نواندنی نـەبوو. گـەنجێکی کـۆك، تژی لە نهێنی، کیژەکە دەیناسێت، بە زەحمەتی دەگاتە نـاخی، هێواش هێواش هەنگاوی بۆ دەهاوێـت. بـەڵام زۆر دڵنیـا نـەبوو، کە خۆشیدەوێت، زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ ئـەو بەسـەر دەبـرد، ئـەوەش ببـووە مایـەی سـەرفرازی کیژەکـە، داگیـری دەکـات، بێگومان ترسـی لـەوەش هـەبوو رۆژێکیـان ئـەو ئەڤینـە سـیس و پـووچ ببێـت، دەترسـا بەپەلـە بـڕوات، بـەڵام گومانـەکان دووردەخاتەوە. ئەڤینەکەی _لە سەرەتاوە_ بە قـووڵی زۆرەوە بـۆ

دەردەخات؛ تا بێزاری نەکات. نمایشی ئەوەش نیشان دەدات کە بەشێکی کەمی لەو دەوێت. سەرەتا داوا دەکات یەك هەفتە دیمانەیان نەبێت. بەڵام لە رۆژی یەکەمەوە خەوی لێ ناکەوێت، ئارامی نامینێت، حەبی خەو دەخوات، بەڵام هەر خەوی لێ ناکەوێت، بێدار دەبێت، بەپەلە و زوو تەلەفۆنی بۆ دەکات، داوا دەکات بیبینێت، بەیانییەکەی بیبینێت.

لەودەمانە سۆفی زۆر وردەکاری ژیانی نەدەزانی، بەڵام _زۆر باش_ شارەزای جەستەی ببوو، هەڵسوکەوتی، بیر و بۆچوونەکانی، رۆژانە ئاساییەکانی، خواردن و خواردنەوەکانی، شتی تریشی شارەزا بوو. بەڵام لە حەقیقەتەکەی تێنەگەیشتبوو، چیرۆکی ژیانی نەدەزانی. ئەویش قسەی دڵی خۆی بۆ نەکردبوو، باسی هیچی نەکردبوو، هیچ لەسەر مێژووی ژیانی. وەك ئەوەی کورەکە لەبن ئەرز بۆی هەڵتۆقیبێت. زۆر قسەیان نەدەکرد، باسی خێزانەکەی نەکردبوو. پێی نەگوتبوو بۆ لە ستۆکهۆلم رۆیشتووە، بۆ هاتووتە بروکسل. بە سادەیی و سەرپێی باسی نەخۆشییەکەی باوکی کردبوو، بەڵام وردەکارییەکانی بۆ نەدرکاندبوو، شێتبوونەکەی، خۆکوشتنی لە رۆژی لەدایکبوونەکەی ئەوانەی باس نەکردبوو.

******

# ٢٢ یولی

پاش کوشتنی ژنەکە، وەك جاران نەمامەوە، زۆر دەگۆڕێم. بە نیگایەکی نوێ سەیری شتەکانی نزیك خۆمم دەکرد، بەتایبەتی خێزانەکەم، کە بەشداربوون لە گرووپە چەکدارەکان. هەرگیز، بە دیدی جاران سەیری باوکیشم نەدەکرد. هێواش هێواش پەیوەندییەکانم بەو دەگۆڕا. ئەویش هەرگیز لە پیاوێکی ئاسایی نەدەچوو. ببووە پیاوێکی زۆر ترسناك، ئەو پیاوەی جاران نەبوو کە لە گوندەکە دەژیا. کەس نەیدەتوانی _هەرگیز_ سەیری ناو چاوەکانی بکات. ئاکارێکی تەماویی لەسەر نیشتبوو، وەك

ئـەوەی بـە گـەڵای داران داپۆشـرابێت. سـێبەری سـاڵانی زۆری کەوتبووە سـەر، لە ژیان، لە ڕق و کینە، لە تووڕەییش.
کەسێکی دڕندە بوو! بـەڵام لەگـەڵ چەکـداڕەکانی سـەرووی خـۆی بـە زەلیلــی دەبینــرا. بۆیــە؛ زۆر سەرســام دەبــم، کــە _ڕۆژێکیــان_ گــوێم لێبــوو لەگــەڵ کەســێکی پایــەداری نــاو ڕێکخسـتنەکەیان بـە نـەرمی قسـەی دەکـرد. وامـدەزانی ئـەو پیاوانە بریتین لە زنجیرەیەك لە ترس و تۆقاندن، چین بە چین.
بەڵام لەناو خێزانەکەمان؛ دایکم دوا کەسـی چینەکە بوو. کـە قسـەی لەگـەڵ بـاوکم دەکـرد، منگـەمنگی بـوو، زاری تێـدەئاڵا و کەس لێی حـاڵی نـەدەبوو. دەنگـی کـز دەبـوو، وەك ئـەوەی لـە هـەوارێکی دوورەوە هاتبێـت. کـە داوای شـتێکی لێـی دەکـرد، دەبوایە یەکسـەر پێی بڵێت:
"لەخزمەتتدام!".
جارێکیان بینم دایکم فانووسـی بۆ ڕاگرتبوو؛ تا پێسـتی بـۆری تاریك و چاوە گەشـەکانی وەك چاوی حەیوان دەربکەوێت. دایکم لەبـەردەم دڕنـدەترین پیـاوی جیهـان دەوەسـتا. پیاوێـك کـەس بەرگـەی ناگرێـت، هـەرگیز نەیـدەتوانی وشـەی "نـەخێر"ی پـێ بڵێیت.
دایکم ژیانی لەوە بەڕێدەکات، لە فەرهەنگی ئاخاوتن وشـەی گونجــاو بــۆ لێــدوان لــە بــاوکم بدۆزێتــەوە. کــە لەبــەردەمی هەڵدەستا، باوکم دوا نیگاشـی لەسـەر سمتی بوو. یان لەسـەر هەردوو مەمکە قیتە بچووکەکانی بوو. دایکم هـەموو وشـە ڕەق و وشکەکانی ناو هزری دەسڕێتەوە، هەموو وشـەکانی ریـایی و دڵنەوایی زۆر شیاوی بـۆ بـەکاردەهێنا. وشـەی سـیس و لاوازی لەگەڵ بەکارنـەدەهێنا، کـە بـەڵێنی ڤاڵا و مایـەپووچ بگەیـەنێت. هەموو لێزانییەکە ئەوە بوو بتوانێت هەسـت و بیری بورووژێنیـت، بـەڵام بــە شــێوازێکی دروســت. هــەموو دەســتەواژەکانی بــۆ کامەران بوو، ئەگەرچی ئەوانەشـی بە ژان و دەردەسـەرییەکانی بەرهەمی هێنابوو.
لەگەڵ ئەوەش، ترس ئیفلیجی کردبوو. بەڵێ، ئـەو بـەردەوام دەترسا. جارێکیان لە دایکم پرسـی:
"_دایکە، تۆ بۆ دەترسیت؟".
وەڵامەکەی بەو جۆرە بوو.
"_ژن بۆ دەترسێت؟".
"_نازانم... ژن دەترسێت...".

"_پیاو ناترسێن؟".
"_ئەویش دەترسێت، بەڵام؛ لە شتی تر دەترسێن".
بەپێی بۆچوونی دایکم، ژن دەترسێت، لە هەموو شتێك دەترسێت، لە چواردەورەی دەترسێت. کە شەوانە دەڕوات، کە گوێی لە هەنگاوەکانی پشتەوەی خۆی دەبێت. تەقەتەقی پێڵاوی سەر شۆستەکەی لەدوای دەڕوات، بیر لەوە دەکاتە پەلە بکات، لەگەڵ پێی ئەوان دەڕوات، پەلە بکەن، ئەویش پەلە دەکات، بە خاوبوونەوە خاو دەبێتەوە. لەو چاوانەی بە چاوی ئاژەڵان دەچێت دەترسێت و چاودێرییان دەکات، ژن دەترسێت لە دڵی خۆشی دەترسێت، کە دەڕوات مەزندەی شتی سڕبووش دەکات، دەجولێتەوە و گوێی لە غەڵبەغەڵب دەبێت، لە هەموو شوێنێك دەنگێك دەیترسێنێت.
"_کەواتە ئەوەش ترسە لە پیاوان؟".
دایکم وەڵامی نەدایەوە.

******

ئاکاری پیاوەکانی نزیك لە ئێمە، وەك پارچەیەك کانزا رەق بوون، چاویان وەك بەرد وشك. کە رووبەڕوو چاوم دەبینین دەترسام. لە عەبووسییەکەیان دەترسام، لە ناخەوە رادەچڵەکیم، هەستم دەکرد ئەوانە سازن بۆ ئەوەی؛ دەستیان بۆم درێژ بکەن و پەلامارم بدەن، دەترسام رۆحم لەوانە تۆی بێت. کە لەناو بارەگاکە، لە هەر شوێنێك ئەوانەم دەبینی دەکشامەوە و دەترسام، کە بە _دەنگە توورەییەکەیان_ کتێبە پیرۆزەکەیان دەخوێند و دەنگیان دەهات دەترسام. رێشە درێژەکانی بە با نەدەجولانەوە دەیانترساندم... بە راکردن دەگەڕامەوە کن باوکم، بە راکردن بۆ ناو باوەشی ئەو! دەمویست دەست لە دەموچاوی بخشێنم! ئاکارە کۆنەکەی لە ئاکارم نزیك بوو، کە تەنیا بزەیەکی شیرینم لێی بەدی دەکرد، ئاشنای بۆنەکەی بووم، بە چاوی قوچاو، لەناو باوەشی بە گەشاوەیی بۆنم دەکرد، ردێنەکەی، سینگی، دەموچاوی هەمووم بۆن دەکرد! بەڵام ئەو بۆن و بەرامە، ئەو بزەیەی سڕایەوە و نەما، شادییەکە لە دەموچاوی، لە جەستەی پاش پەیدابوونی چەکدارە توندڕەوەکان لە شارەکەمان، نەما.
باوکم دەگۆڕێت. لەگەڵ ئەوەش باوکم وەك کەسێکی زەبەلێح لە هێز و توندکاری و دەسەڵات و توورەییە رووخێنەرەکە

دەبینــی، بــاوکم لــە ڕۆژانــەی ژیانمــان و پــێش پەیــدابوونی ئــەو چەکدارانەش بەو جـۆرە بـوو. ئـەوەش لەبـەر تووڕەییەکـەی بـوو، لەبەر ئەوە و بەس و هیچی تـر نـا. گازانـدەی لـە دایکـم نـەبوو، ئــەوەی هــەمووەمانی بــە نازێــك نزیــك لــە قامچییــەکی ئــاگرین دادەپۆشــی. بــەڵام بــاوکم، لەگــەڵ هــەموو ساردوســڕییەکانی لەگــەڵ ئێمــە، پــێش دەرکــەوتنی چەکــدارەکان شــتێکی پێمــان دەبەخشی، لە هێزەوە، بەڵام دوایی! هەستم دەکرد گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەرداهات. هەستم بەو هێـزەی جـارانی لەســەرم نەما. وامدەزانی من بەســەر ئـەودا زاڵـم. وام لێهـاتبوو لـە وزە و تاقەتەکـەی دەترســام کـە بـە تـرس دەریـدەپڕی، ئـەو و هـەموو ئەوانەی لەو نزیك بوون.

لەگەڵ ئەوەش رقم لێی نەبوو، نەك لەبەر ئەوەی باوکمە، نا، بەڵام؛ رەنگـە لەبـەر هۆکارەکـانی پشـتیوانی دەبـن، بـۆ ئـەوەی ئەوە بکات. ئەو هەرگیز باسی هۆکارەکانی نەدەکرد. ئەو پیاوێك بوو، هەرگیز، بۆ کەس بیانووی نەدەهێنایـەوە، فێـر بـوو هـەر بـە خۆی، بڕیارەکانی دەدا، فێر بوو فەرمانەکانی دەردەکرد. ئەوەشم بە هەست و چارەش دەزانی. ئەو کەسێکی فەرامۆشکراو بـوو، چونکە هەژار بوو، دەیویســت نـاوی دەربکـات و ببێتـە کەســێکی باڵکێش، ئەوەش، لە هـەموو ئـەو شـوێنانەی تێدا دەژیـاین، بـە دەوڵەمەنـدی، یـان بـە هێـز دەســتبەر دەبـوو. ئیتـر بـەو جـۆرە؛ پەیوەندی بە چەکدارەکانەوە دەکات، دەبێتە کەسێکی بایەخدار. پێوەری بایەخ و گرینگیەکەی ئەوە بوو، کەس جورئەتی نـەدەکرد ســەیری چاوەکــانی بکــات. چەکــدارەکان خۆشیاندەویســت و ســەریان بــۆی نــەوی دەکــرد. منــیش بــەردەوام دەمپرســی، بەختیارییەکـەی دەرئـەنجامی ئـەو ترسـەیە ، کـە لـە هـەموو شوێنێك بەرپایدەکرد، دەیگەیاند.

******

برســیەتی هۆکــار بــوو. بێگومــان ئــەوە دەڵــێم. مــن دڵنیــام، شتێکی روون بووە، پێویست بە هیچ بەڵگە و سەلماندن ناکات. بــەڵام؛ چیرۆکێکــی تــریش هــەبووە. هەژارییەکــەی بــاوکم سرووشتی نەبوو. ئەو هەرگیز بە هەژاری لەدایك نەببوو، ئەو لە خێزانێکی خوداپێداو لەدایکبووە، لە شارێکی دووری شارەکەمان ژیابوو، باپیرم، ئەوەی هـەرگیز نەمـدیبوو، پارەیـەکی ئەسـتووری دەســتدەکەوێت، لــە بــاوکی وەك میــرات بــۆی دەمینێتــەوە، کــە

یـەكێك بـووە لـە دەوڵەمەنـدەكانی ناوچەكـە، ئـەو لـە سـێ خوشـكەكەی گەورەتر بوو، دەست بەسەر بەشەكەی ئـەوانیش دادەگرێت. ئەوەش لەو جیهانە مەسەلەیەكی باو و زۆر بووە، كە برا گـەورە میراتـی خوشـكەكەی بـردووە. بـۆ ئـەوەی بەڕاسـتی موڵكەكانیان ببات، قبووڵ ناكات كیژەكـان شـوو بكـەن؛ تـا داوای میراتەكە نەكەن، دوایی قسە نەكەن. ئەوانیش وەك كۆیلە لەناو ماڵەكە دەمینێنەوە، كاردەكەن، كۆشـش دەكـەن، ئـەو ئاسـوودە بێت.

سنووری موڵكەكانی باپیرم دەسـتی دەكـەوێت، دەگەیشـتە سـەر سنووری شارە گەورەكـە، چەنـدان جووتیـاریش كاریـان بـۆ دەكـرد. لەگـەڵ موڵكـە زۆرەكـەی نـاو گوندەكـە، لـەناو شـاریش دەباغخانەیەكی هەبووە. دایكم جارێكیـان بـۆی گێڕابوومـەوە كـە باپیرم كیژی دەرەبەگێكی گوندەكـە دەهێنێـت، ئـەویش كیژێكـی زۆر ناشیرین بووە، باوكی ناچاری دەكـات هاوسـەرگیری لەگـەڵ بكات. لەو ژنـە پێـنج منـداڵی دەبێـت، گەورەكـەیان بـاوكم بـووە. بەڵام باپیرم لەگەڵ ژنە ناشـیرین و منداڵـەكانی نەحەواوەتـەوە، خەریكی قومار و مێبازی و سەفەر بووە. دایكـم دەیگـوت بـاپیرت لە سێ ژنی تریش سێ منداڵی هـەبوو، هـەر شـارە و ژنێكـی لێ جێهێشتووە و رۆیشتووە، لەگـەڵیان نـەژیاوە، ژنـی هێنـاوە و رۆیشــتووە، مانــای خۆشــەویســتی نــەزانیوە، رەحــم و دڵۆڤــانی نەبووە، یەكجار لەگەڵ ژنێكی سۆزداری بە تەمەن بچووك، زۆرتـر ژیاوە و یادگاری هەر دەمینێت و نەیدەتوانی لەبیری بكات.

دەڵـێن بـاپیرم ئـەو كیـژەی لـە تیاترۆیـەكی بـاكووری وڵات ناسیووە، شەوێكیان لەگەڵی خەوتووە و گەڕاوەتەوە گوندەكەی، چونكە لەگەڵ بازرگانێك كار و ژووانێكی هەبووە. بەڵام ژنەكە لـە ئەندێشـە و هۆشــی گیرسـاوەتەوە و نـەیتوانیوە لـەبیری بكـات، دیدارە كورتەكەی لێ بووە بە سـۆز و یادگـاری. كـە دەگەڕێتـەوە لای ژنــە ناشــیرینەكەی و منداڵــەكانی عــەقڵی هــەر لــەلای كیژەكە بووە، بۆیە دەگەڕێتەوە و ئامادە بووە هەموو سامانەكەی تەرخان بكات بۆ هێنانی كیژەكە. بەڵام كە دەگەڕێتـەوە دەبینێـت كیژەكە رۆیشتووە و نەماوە. كیژەكە، سۆزانییەكی گوندی گـەنج بووە، لەنێوان شارەكان بۆ رەزقی خۆی سووڕاوەتەوە.

بەڵام بـاپیرم تەسـلیم نابێـت، مەسـەلەكە نائومێـدی ناكـات، بـەدوای دەگـەڕێت، بـەڵام سـوودی نابێـت و نایدۆزێتـەوە، هـیچ شوێنەوارێكی نادۆزێتەوە، لەجیاتی تەسلیمی دەنگوباسـەكانی

دەبێت، جۆرەها قسەیان لەسەر کردبوو. هەر یەکێکی دەبینی دەیپرسی، ئەویش پێی گوتووە لە فلانە شوێن دیومە، ئەویش یەکسەر رۆیشتووە، دەگەڕێت تا لە سەفەر و هەواڵەکانی نائومێد دەبێت. دەڵێن لەناو بیست شاردا بۆی گەڕاوە، باکوور و باشووری وڵاتی کردووە و نایدۆزێتەوە. جارێکیان کابرایەکی جادووگەر دەبینێت، پێی دەڵێن ئەو کەسە دەتوانێت شوێنە راستەقینەکەی کیژەکەت بۆ ئاشکرا بکات. ئەویش کۆڵی دەگرێت، وەك کۆیلە بۆی دەچەمێتەوە، داوای لێ دەکات لەو تەنگژەیە دەربازی بکات، کیژەکەی بۆ بدۆزێتەوە. جادووگەرەکەش شەیدابوونی کابرا دەقۆزێتەوە، گەمە بە عەقڵی دەکات. بە پارەی زۆر زانیاری پێ دەدات، بەیەکەوە سەفەر دەکەن، لەو شوێن بۆ ئەو شوێن، دەیانساڵ دەگەڕێن بۆ دۆزینەوە کیژە سۆزانییە چاو گەشەکەی فستانێکی زەردی لەبەردا بوو، بێ پەروا، جادووگەرەکە ئەوە بە دەرفەت دەزانێت کابرای پارەدار بروتێنێتەوە، گەمە بە گەمژەییەکەی دەکات، تا دوا فلوسی لێ بەردەداتەوە و بەو داخەوەش باپیرم مردووە.

******

ئیتر باوکم لەگەڵ خوشکەکانی بێ پارە و سامان دەمێنێتەوە. لەگەڵ دایکیان کەساس، هەژار و بێ پارە دەمێننەوە و سەرپەرشتییان دەکات. زەوییەکانیان نەمابوو، دەباغخانەکەی شاریان فرۆشرابوو، مایەپووچ مابوونەوە.

لەودەمانە، باوکم دەچێتە شار؛ کار دەکات، پارە بۆ دایکی و خوشك و براکانی دەنێرێتە گوندەکەیان، بەڵام کارەکەی هیچ نەبووە، دەگەڕێتەوە کۆنە دەباغخانەکەی خۆیان، لەوێ بە پارەیەکی کەم ئیش دەکات. چەندان ساڵ، زۆر بە سەختی، کار دەکات، بێ وەستان کار دەکات، لەوێ ژنێك دەدۆزێتەوە، باوکی وەك کرێکار لە دەباغخانەکە کاریکردووە، لەگەڵ هاوسەرەکەی دەژیت و حەوت منداڵی دەبێت، لە شارە دوورەکەوە پارەش بۆ خوشك و براکانی دەنێرێتەوە. باری قوورسی ژیان بێزاری دەکات، لە باری قوورسەوە بۆ قوورستر و ناڵەبارتر. ژیانی ژن و منداڵەکانی ناچێتە پێش و باش نابێت. هەست دەکات ژیانی دەبێتە زیندان و کارگەکەش وەك ژێرزەمینێك تەنگاوی دەکات. جارێکیان بە دایکم دەڵێت شوێنی کارەکەم ژوورێکی تەڕی تاریکە، تا ئێواران دەمایەوە و دەگەڕایەوە ماڵەوە، کە نزیکی

کارگەکـە بـوو. مـاڵێکی بچـووکی رایـەخراو بـە چەنـد کەلوپـەلی کۆنی شڕی و رایەخی کۆنی قامیش. باوکم دەسەڵاتی دارایی ئــەوەی نــەبووە هــیچ بــۆ ژن و منداڵــەکانی بەرهــەڤ بکــات. بەردەوامیش خەونی ئەوەی هـەبوو، دەوڵەمەنـد بێـت. خـەونی بەوە دەبینی خانووێکی گـەورەی هـەبێت و ژنەکـەی پۆشـاکی جـوان بپۆشـێت و ماڵەکـە روونـاك و چلچـرا و رایـەخی نـازدار و مـافووری ئەســتووری تێـدا بێــت. تـا ئـەو رۆژەی دەگاتـە سـەر نائومێدییــەکی بکــوژ، باشــیش تێــدەگات، ناگاتــە ئــەو مــەرام و خەونە. رەنگە لەبەر ئەوەش بوو کـە زۆر کەسـاس بـوو، زۆریـش زوو زوو هەڵـــدەچوو و تـــووڕە دەبـــوو، ســـەبری نـــەمابوو؛ بـــۆ بەدەســتهێنانی شــتەکانی پێویســتی پــێ بــوون. بەپەلـە بـوو دەیویست هەموو ئارەزووەکانی یەکسـەر بۆ جێبەجێ بێت. ئیتر، ئـارەزووی ژیـانی لـەوێ نـەمابوو، هەسـت دەکـات، ئـەو لەگـەڵ _حەوت منداڵەکەی_ ناتوانێت خەونـەکانی بێنێتـە دی، ئـەوەش دەبێتە کۆت و تا ئەبەد دەیگرێت و کۆتبەندی دەکات. بۆیـەش بـە دزی لە دەست ژن و منداڵەکانی رادەکات.

باوکم هاتووتە شارەکەمان، لەوێ کار دەکـات، لـە بـوتیکێکی نزیـك بازاڕەکـە، بازاڕەکـەی دایکـم کەلوپەلـەکانی لێـوە دەکـڕی. رۆژێکیان، عائیدەی دایکم، لەو شـارە دەبینێـت، کـە دەگەڕێتـەوە گوندەکەی، بەدوای دەکەوێت. تا ژنەکـە دەگاتـەوە ناوماڵەکـەی. پاش دوو رۆژ، داوای دەکات، بێ ئەوەی هـیچ لەسـەر رابـردووی خـۆی بگێڕێتـەوە. دایکیشــم بێکـەس و هــەتیوو بــووە، لەگــەڵ لــەدایکبوونی ئـەو دایکـی دەمرێـت، دوو براکەشــی لــە شــەڕ دەکوژرێن، سێیەمیان سـەفەرێك دەکات و ناگەڕێتـەوە. کەسـیان نەمابوو، باوکێکی پیر و لەسەر مردن دەبێت، بۆیەش رەزامەندی هاوسەرگیرییەکە دەکـات، ئەگـەرچی پیاوەکـە بیســت ســاڵیش لەو گەورەتر بوو.

******

ژیانی بـاوکم لەگـەڵ ژیـانی رابـردووی، جیاوازییـەکی نـەبوو، ناتوانێـت سـامانێك کۆبکاتـەوە، ئـەوەی خـەونی پێـوە دەبینـی، چونکــە ژنێــك و حــەوت منــداڵی جێهێشــتبوو، بــۆ ئــەوەی سیســتەمی ژیـانی بگۆڕێـت، بـەڵام هـەر، وەك جـاران، هـەژار دەمینێتـەوە. تاکـە گـۆڕانی ئـەو تووڕەبـوون بـوو لـە حکومـەت و فەرمانبەرەکانی، رقی لە حکومەت بوو، کە فەرامۆشی دەکەن،

رقی له فەرمانبەرەکان بـوو، چونکـه لووتبـەرز بـوون و شـانازییان بەسەر خەڵکی گوندەکانەوە دەکرد. برسیەتی و نائومێدییەکان، وادەکەن بـاوکم هـیچ جـۆرە سـۆزێکی بەرامبـەر خـەڵك نـەبێت، بەرامبەر خەڵکە نزیکەکانیشی هیچ جۆرە سۆزێکی نەبوو.

رۆژێکیـان، فەرمانبـەرێکی حکومـەت، لـە شـارەوە دێتـە، گوندەکەمان. کە باوکم دەیبینێـت دەسـت دەکـات بـە جنێـودانی، بێـزی لـێ دەکاتـەوە. بـاوکم پێـی دەڵێـت ئێـوە موچـەی ناموستەحەقی زۆر بەخۆڕایی وەردەگرن، ئەوان منداڵە قەحپەن، رقتان لە کەسانی شـەریفی وەك ئێمەیە. فەرمانبەرەکـەی زۆر شاناز بوو، قسەکانی بە دڵ نەبووە، ویستویەتی شەقێکی لـێ بدات، باوکم بە جلی ماڵەوە بووە، وەك مانگا پـەلاماری دەدات و دەکەوێتە سـەری. بەڵام باش بوو، فەرمانبەرەکەش بـێ غیـرەت نـەبووە، دەسـت دەکاتـەوە و دەکەوێتـە گیـانی، هـەردووکیان یـەکتری دادەکـوتن، وەك پارچـە گۆشـتی نـاو مـەقلی یـەکتری هەڵگێڕووەرگێڕ دەکەن.

منـیش لـە پشـتی پەنجەرەکـەوە، سـەیری ململانێـی هـەردووکیانم دەکـرد. تـەنگاو و پـەرۆش سـەیری دیمەنەکـەم دەکرد. لەناو خۆڵەکـە یـەکتریان دەگەوزانـد، جلـەکانی یـەکتریان هەڵدەدڕاند. ئەنـدامی نێرینـەی بـاوکم لـێ دیـار بـوو، جلـەکانی بەری دڕابوو. کێشـەکەش لەوەدا بوو، هەموو جلەکانی یەکتریان هەڵدڕاند و لەیەکتری نەدەبونەوە و هەموو گیانیان ببـووە خـۆڵ و خـوێن. دیمەنەکـە ببـووە دیمـەنێکی پێکـەنیناوی بـۆ هاوسێیەکانمان، بۆیەش بـاوکم ئـەوە لـەبیرناکات و هەڕەشـەی تۆڵەکردنـەوەیان لـێ دەکـات. پـاش ئـەوەی دەچێتـە نـاو گرووپـە چەکدارەکە، یەکە یەکە رایاندەکێشێت و تۆڵەیان لـێ دەکاتـەوە. بـە بیـانووی کەمتەرخـەمی لـە جیهـاد و دژایـەتی نـەکردنی حکومەتـە کافرەکـە. ئەگـەرچی بـاوکم دینـداریش نـەبوو، ماوەمـاوەش سـەرخۆش دەبـوو، بـەڵام رقـی زۆری لـەوان بـوو و سارد نەدەبووەوە.

******

لەودەمانـە هـەرزکار بـووم! هەسـتی سـەرەکی و یەکـەمم بەرامبەر جەستە و گەورەبوونی بوو، کە ببووە مایەی ترس و رق بـوو. ئـەوەش ببـووە مایـەی سـەرنج و سـەیرکردنم. هـەموو پیاوەکـان سـەیری سـینگ و مـەمکیان دەکـردم! سـاتی

هەستکردنی یەکەمم بۆ گەورەبوونی جەستەم و چێژ و ئارەزووەکانی سەرووی توانا و دەسەڵاتم بوو! ئەوەش بوو سەرنجی خەڵکی دەدا، چاویان تێدەکردم. بێ ئەوەی بخوازم ببوومە ئارەزوو و ویستی ئەوان. بە منداڵی، خۆم دەشاردەوە، دوور لەبەر چاوان بووم! لەناکاو دەکەومە بەر دیدی خەڵك، چاوی هەموو پیاوەکان. هەموو چاوەکان سەیری سمت و سینگ و مەمکیان دەکردم.

لەورۆژانە هەستم بەو شتانە دەکرد، خۆم وا دەبینی. تا ئەو رۆژەی باوکم قسەم لەگەڵ دەکات.

باوکم، لێم دێتە ژوورەوە، گەمەم دەکرد، بووکەشووشەیەکم لە دەست بوو، هاتە ژوورەوە و سەیری نەکردم، بەناوی خۆم بانگی کردم. هەستم بە هاتنی کرد. منی بانگی ژوورەکەی تر کرد، هەڵسامەوە سەرپێیان؛ بۆ ئەوەی بەدوایدا بڕۆم، دایکم رایگرتم. ئاماژەی بەوە کرد حیجاب لەسەر بکەم.

"_حیجاب بەرامبەر باوکم؟" بەگاڵتەکردنەوە.

بە چاوەکانی ئاماژەیەکی بۆ کردم سەرپێچی نەکەم! بەڵام من رەفزم کرد، توند دەستی گرتم، سەیری کردم، بەرووێکی بەزەییانە. پێم گوت:

"_دەستم بەردە".

بێ حیجاب، چوومە ژوورەوە، ئەو ژوورەی باوکم تێدا چاوەڕوانی دەکردم، دانیشتم، لەسەر کەرەوێتەکە و بەرامبەر ئەو. کە سەرم بەرزکردوە؛ تا گوێ لە قسەکانی بگرم، لە یەکەم نیگای ئەو، هەستم کرد، نیگای باوکایەتی نەمابوو، چاوەکانی وا بوو. هەستم کرد، نیگا بەسۆزەکەی هەندێ جار منی دادەپۆشی نەمابوو! نازانم چۆن؟!

لەودەمانە هەستم دەکرد کەمێك دەترسم، لە باوکم.. چرکەساتێك بێدەنگ، ئەو سەیری دیوارە عەبووسەکەی دەکرد. سەیری منی نەدەکرد. دوایی دەنگی بەقووڵی هات، وەك ئەوەی لەناو بیرێکی قووڵەوە بێت.

"_بۆ بۆ بەرامبەر من حیجاب دانانێیت؟".

بێدەنگ بووم. هیچ پەیڤێکم نەبوو: بیڵێم. بەیەکجاری رەق بوومەوە، هەستم وشك بوو. من بەرامبەر باوکمم. چرکەساتێك بێدەنگ نێوانمان دەکات، ئینجا دەست دەکات بەقسەکردن. قسە دەکات، بە جۆرێك من تێینەدەگەیشتم. وامدەزانی ئەو دەیەوێ باسی مەسەلەیەکی ترسناکم بۆ بکات، شتێك

هەڕەشــەم لــێ بکــات، ترســناك، شــتێك دایکــم ناتوانێــت و جورئەتی ئەوەی نەبوو بمدوێنێت.
کوڕێکی گەنجی باشی هاوسێمان هەبوو، سەیرم دەکرد. هەستم دەکرد کەوتوومەتە داوی و خۆشمدەوێت... قسەی لەگەڵ نەکردبووم، منیش قسەم لەگەڵ نەکردبوو، بەڵام چەندان جار _لەنێوان خۆمەوە_ خەونم بەوە دەبینی قسەی لەگەڵ بکەم و بیدوێنم... هیچم نەکردبوو، خۆم وا نیشان دەدا سەیری ناکەم، کە لەبەردەم دەرگاکەمان دەڕۆیشت. خۆشەویستی بۆ من ڕێگاپێدراو نەبوو.
پەرۆشی ئەوە بووم ڕۆژێکیان لە دایکم بپرسم:
"_دایکە، دەتوانم و دەکرێ خۆشەویستی بکەم؟".
دایکم وەڵام ناداتەوە. هەرگیزیش وەڵام ناداتەوە. ئەو _بەردەوام_ ئاگاداری مەزاجە خراپەکەی من بوو. کە من قسەم لەگەڵ دەکرد، وەڵامی نەدەدامەوە. نەیدەویست بریندارم بکات، نەیدەویست راستییەکەش بڵێت. تاکە شت بەیەکەوە کۆك بووین، کارەکانی ناوماڵ بوو. دوور لەوە، هەموو شتەکانی دایکم، کردەوەکانی بێدەنگی بوو. بێدەنگ، مات، خەمگین. گوێرایەل و کارکەر، نەیدەویست لەگەڵ کەس کێشەی هەبێت. خاڵە سەرەکییەکە ترسی باوکم ئەوە بوو، هەر لەوەش چێژی وەردەگرت. بەتایبەتی ئەودەمانەی ئەو بەگەرمی لەسەر ئەوە قسەی لەگەڵ دەکردم. لە کەساسییەکەی دوو چێژی نوێ دەدۆزێتەوە، باوکم، ترس و لەدەستدانی شەرەفی مەبەست بوو. بۆیەش دەبوایە ئاگادارم بکاتەوە، کە ئەو دەیەوێ خۆی لەوانە بپارێزێت.
لەودەمانە، بۆ یەکەمجار هەستم کرد، بەوەی ئاگادارم دەکاتەوە، لە کردنەوەی چاوە گەورە بەستەزمانەکانی هەستم پێی کرد، نهێنییە ترسناکەی پێم رادەگەیەنێت: " ژن بریتیە لە پەردەی پاکیزەیی".
کەواتە؛ ئاگادارکردنەوە قەدەغەکراوەکەی ئیمڕۆ باوکم ویستی پێم رابگەیەنێت، مات و عەبووس. نهێنییەکەش ئەوە بوو، کە دایکم دەیویست من لە بەرامبەر ئەو دابنیشم و حیجاب بپۆشم، جێگیر و باش و عاقڵانە دابنیشم. ئەویش بە جلە رەشەکانی، بە عەمامەکەی سەری، بە ریشە چڕە گەورەکەی نیوەی دەموچاوی داگیرکردبوو، تەسبێحێکی لە دەستە و بە جوولەیەکی میکانیکی دەیجولێنێت.

هیچ وشەم لەدەم دەرنەچوو، ئەو گوتی:
"ئەگەر کیژ پەردەکەی لە دەستدا، ژیانی لە دەست دەدات". ئەوەش جۆرێك بوو لە هەڕەشەکردن. بەڵام؛ حەق دەگوترێت، لەودەمانە من هەستم بەوە کرد، ئەگەرچی منداڵیش بووم، باوکم باسی پەردەکەی نێوان رانەکانم ناکات، باس لەو گەوهەرەی لەوێیە دەکات، پارچە ئەڵماسەکە، ئەوەی خودا لەوێ بۆ تاقیکردنەوەمان دایناوە. تەنیا یەك پیاو هەیە، لەو گەردوونە، حەقی هەیە، هەڵیتەکێنێت، بۆ خۆی و حەقی بە سەرەوە هەیە، تەنیا ئەو دەتوانێت گەوهەرەکە ببات، بۆیە دەبێ بەر لەوەی ئەو پیاوە بگات، نەیفەوتێنین، ئەگەرنا سەرزەوییەکە دەفەوتێنین، هەروەها ئاسمانیشمان لەکیس دەچێت.
"_ئەوە عەداڵەتی خودایە، باوکە؟ ئەدی پیاو چ لە دەست دەدات؟".
"_هیچ".
"_چۆن؟".
"_ئەو پیاوە".
"_پیاو؟".
باوکم هەڵوەستەیەك دەکات، دەڵێت: "ئێمە شەرەف لەدەست دەدەین".
"_بەڵام جەستەم".
"_جەستەکەت موڵکی تۆ نییە، بۆ تۆ نییە!".
"_جەستەم موڵکی خۆم نییە؟".
چاوە خۆڵاوییەکانی وەك دوو کونی ناو خۆڵ بوون، دەستی گەمەی بە تەسبێحەکەی دەکرد، من لەودەمانە هەستم دەکرد یەکسەر پانم دەکاتەوە. جەستەم کە تەنیا ئازار بە خۆم دەدات، دەبووە هەڵم، دەبێتە شەرەفی پیاوەکانی چواردەورەم! سەیری ئەوم دەکرد، ئەویش وشك ببوو، جوولەی نەمابوو، سۆزی تێدا نەبوو، سەیری پێشەوەی خۆی دەکرد، من بیرم لە جەستەی خۆم دەکردەوە، کە ببووە موڵکی یەکێکی تر، جەستەم ئەگەر نەیپارێزم، پیاوان بە پێیەکان پانم دەکەنەوە، وەك باج و سزا، وەك نەگریس و نەفرەتلێکراو! باوکم پرسیار لە خۆی ناکات چۆن شەرەفی پیاوان کەوتووتە نێوان رانی من، پیسایی و میزی رۆژانە پێ دادەکەم. گرینگ نییە! بەڵام؛ دەبێ لە دەستی نەدەم. دەبێ ئەو ئەڵماسە پرشنگدارە بپارێزم کە سوارێك، بە چووکی خۆی دەریدەهێنێت.

دیــارە، بــاوکم دەیــەوێ دەســەڵاتی بــە ســەر هــەموو چواردەورەکەی بسەپێنێت. بەو زەبرەی، کە ئیمان لەسەر باوکم فەرزی کـردووە. هـەموو ئاژەڵـەکان دەتـوانن یـەکتری بکـوژن، بـۆ مانیان ئەوە دەکـەن، بـەڵام مـرۆڤ، تاکـە بونـەوەرە دەتوانێـت بـۆ ئیمانبوونی بە هزريك، خەڵکی تر بکوژێت. یان بۆ ئیمانەکەی، بە خودا. مرۆڤ تاکە بونەوەرە دەتوانێت خەڵکی تر بکوژێـت؛ چونکـە بڕوایان بە هزرێك هەیـە، ئـەوان بڕوایـان پێـی نییـە، یـان دەبـێ، ئەوانیش بڕوا بەو هزرە بێنن کـە خـۆی بـڕوای پێیـەتی. ئـەوەش گەوجی و مەهزەلەیە!

بـاوکم ڕۆیشــت، لەبـەر ئیمانەکـەی، بـۆ هزرەکـەی ون بـوو. ڕۆیشـت بۆ ئیمانەکـەی خـەڵکی تـر بـڕوای پێـی نـەبوو، دەبوایـە بیانکوژێـت. پشــدێنی تـەقینـەوە دەیەســتێت و بەیـەکجاری لـە ژیـانی ئێمـە ون بـوو... دەیـان ئـاژەڵ ون دەبـن، بـە ونبوونیـان، کاولبوونێکی گەورە دەقەومێت، بە مردنەکـەی! چـاوەڕوانم کـرد، لـە ڕۆژە خەمگینـەکان، چـاوەڕوانم دەکـرد، وەك چـۆن خـەڵکی تریش چاوەڕوانی دایکوباوکیان دەکەن، بە ونبوونیان سـەرگەردان دەبوون.

******

# سێیەم

سـ‌ـ‌ـۆفی دەگەڕێتـ‌ـ‌ـەوە شـ‌ـ‌ـوقەکەی لـ‌ـ‌ـە سـ‌ـ‌ـابلۆن. کـ‌ـ‌ـە پەنجەرەیەکی گەورەی تێدایە، بـە پـەردەی سـپی داپۆشـرابوو، پەردەکە وێنەی باڵندەی کۆچەری، لە ئاسمانی ڕەنگینی، زەرد، شـینی لەسـەر بـوو. لـە ژوورەکـە چەنـد کەرەسـتەی سـادە و کەرەوێتـەی سـوور، دۆلابێکـی داری جلوبـەرگ و ئاوێنەیـەکی بەردەم مێزتوالێتەکەی کەرەستەی مکیاژ و وێنەیـەکی ئادریـانی لەسـەر بـوو، دەبینـرا. ئادریـان لـە وێنەکـە دیـار بـوو، گـەنجێکی تەمەن سـی ساڵی، قژی کورت ڕیبوو، ڕەنگە زەردەکەی کەمێك سووریشـ‌ـ‌ـی تێکـ‌ـەوتبوو. چاوەکـ‌ـانی شـ‌ـ‌ـین و دەبریسـ‌ـ‌ـکانەوە. جەسـ‌ـ‌ـتەیەکی لاواز، بەدلەیـ‌ـ‌ـەکی ڕەسـ‌ـ‌ـمی و ملپێچێـ‌ـ‌ـك، چاویلکەیەکی ڕەشـی ناسـکی لە چاودا بوو.

لەودەمانە ڕۆژانی هاتنی ئادریـانی بـەبیر خـۆی دەهێنایـەوە؛ لەسـەر سیسـەمەکە، وەك منداڵێك، بخەوێت، ئارام، بێ ئـەوەی چرپە و خشپەیەك خەوەکەی بزرێنێت. کیژەکەی پێی سـەیر بوو، چۆن وا بە تەواوی خەوی لێ دەکەوێت و مات دەبێت، جارێکیـان ئەوەی پێ دەڵێـت. ئـەویش دەڵێـت لـەناو سیسـەمەکەی خـۆم خەوم کەمە، ئارام نـابم، هـەزارەها ئاشـووبە گـەمارۆم دەدات و خەوم دەبات، بەڵام لەکن تۆ، لەسـەر ئەو سیسـەمە هەسـت بە ئاسـوودەیەکی تـەواو دەکـەم، هـەموو شـتەکانی ڕابـردوو لـەبیر دەکەم، بە تەواوی ڕادەستی خەوم دەبم و تەواو.

******

کیژەکـە چـرای سـالۆنەکە دادەگیرسـێنێت، ڕووناکییـەك وەك گـەرد و غوبـار، لەسـەر کەلوپەلەکـە بڵاودەبێتـەوە. هەنـدێ لـە جلەکانی لەسەر فەتوولیە چەرمە ڕەشەکەی _بێ ئەوەی قـەد بکرێن_ فڕێدرابوون و هەڵنەگیرابوونەوە. پالتۆی کوڕەکـە لەسـەر کورسـی بەرامبەر پەنجەرەکە فڕێدرابوو، بۆنی جەسـتەی ئـەوی لـێ دەهـات. بالکۆنەکـە دادەخـات؛ چونکـە بـە بایـە بەهێزەکـە

پەردەکان هەڵدرابوونەوە، قاوەکەی دەکات، سەیری وێنەکانی لەو ساڵەی بەیەکەوە پەیوەندییان هەبووە، دەیگرن، دەکاتەوە.
بێدەنگ و مەند، سۆفی سەیری تیشکی خۆرنشینەکەی، نەرم نەرم دەگاتە ژوورەکەی دەکات. خۆری ناسکی بروکسل، دەکەوێت و ون دەبێت. ئەو دیمەنە، یادی هەردوو دەریاچە گەورەکەی ئەوروپا، ژەنیف و زیوریخ، کە بەیەکەوە، ساڵی پار سەردانیان کردبوو، دەکاتەوە؛ بەیەکەوە دەوەستن و سەیری ئاوابوونی خۆر دەکەن، چۆن دەکەوێتە پشتی ئاسۆ، ئینجا، شەقامەکەش، بە تاریکی هێدی هێدی ئاوا دەبێت، رووناکی ئۆتۆمبێلەکانیش نامێنێت، لەناو پارچە چوارگۆشەییەکانی پارکەکە و باڵەخانە گەورە و بچووکانی سەرکەشانە _بە هێزێکی سیحری_ بەرەو ئاسمان بەرزبوونەتەوە، لەناو شەونمی ئەو هەورەی بە گەرمایی دەتوێنەوە، شەوەکە دەخشێت، رووی شارەکەی، بە رۆژ بۆ ئاکاری خەڵکەکە دەکرێنەوە، ون دەکات. جوانییە تەمبەڵەکەی، دارودرەختەکانی کەشی ئەوروپا، بە پەرجوویێك، ئاوێتەی ساردیی بووە، بەدی دەکات.

******

ئیمساڵ، بەیەکەوە دەیانەوێ، ئاهەنگی رۆژی لەدایکبوونی ئادریان بکەنەوە، بڕیاردەدەن بچنە ئاهەنگێکی موزیك، بچنە رێستورانتێك، ئینجا: بگەڕێنەوە، ماڵەوە. کوڕەکە پێی گوتبوو، ئیمشەو، وەرە؛ لەلای من بخەوە، لە شوقەکەی لە ئۆکل کە دەکەوێتە باشووری شاری بروکسل.
لە شەقامی لویز، لە رێستوارنتێکی نازدار شەوچەرەیەکی خۆش دەگوزەرێنن. گوێ لە موزیك دەگرن، سەما دەکەن، کە خەڵکەکە کەمێك مەست دەبن.
کیژەکە دەچێتە ناو ئۆتۆمبێلەکەی. بەر لەوەی دەرگاکە دابخات ماچێکی لێ دەکات. کیژەکە شتێکی نامۆ بەدی دەکات. ئادریان زۆر شادمان نەبوو. هیچ ئاماژەیەکی کامەرانی، یان نیشانەی شادی لێ بەدی نەدەکرد. لەگەڵ ئەوانەش کەمێك نیگەرانیش بوو. دیار بوو شتێك سەرقاڵی کردووە. کیژەکە مەزندەی ئەوە دەکات، یان ئەوە دەخوێنێتەوە و هەڵچوون و سۆز و ئادگارەکانی وا دەبینێت، ئیمشەو کوڕەکە ئاسایی نەبوو، لێی دەپرسێت:
"_بۆ خەمگین دیاری؟".

"_ من... هەرگیز..." ئەو بەردەوام نکۆڵی دەکرد، ئەوەش پیشەی ئەو بوو، یەکەم جاری نەبوو نکۆڵی لە بۆچوونەکانی سۆفی بکات، بەڵام؛ پاش چەند دەقەیەك، دان بە راستییەکە دەنێت.

"_ئیمڕۆ رۆژی لەدایکبوونتە، دەبێ بەختیار بیت؟ دەزانم باوکت لە رۆژی لەدایکبوونی تۆ، خۆی کوشتووە، تۆ منداڵ بوویت، ئەوەش مانای ئەوە نییە بەدرێژایی تەمەنت خەم هەڵبگریت".

بێدەنگ دەبێت.

ئەوەش یەکەمجار نییە، سۆفی ئەوەی بەبیر دێنێتەوە، بەڵام ئەو بەبێ دەنگی و ماتبوون، وەڵامی دەداتەوە. دەکشێتەوە ناوەوە، ئینجا دەردەکەوێت _زۆر جار ئاسان نییە_ بیگێڕیتەوە دۆخە ئاساییەکەی جارانی.

دەگەڕێنەوە ماڵەوە. سۆفییش نیگەران بوو، رەنگە نیگەرانییەکەی زۆر دژوارتر بوو، چڕتر و زۆرتر بوو لە نیگەرانییەکانی ئەو. ئەو هەستی بە گرینگی رۆژەکە دەکرد، لە پەیوەندییەکەیان، نەخێر، _هەروەها_ لە ژینی ئەو، هەستیشی بە سەختی رۆژەکە دەکرد. کیژەکە تێیدەگەیشت، ئاسان نییە لە یەك رۆژ سێ پێشهاتی بێتە رێ: رۆژی لەدایکبوون، رۆژی یەکترناسینیان لە ئاوستندە، یادی خۆکوشتنی باوکیشی. ئەوانە، ئەو رووداوە باڵکێشانە روودەدەن، هەمووش لە یەك رۆژ. ئاساییە ئەگەر سەخڵەتی بکەن. ناکرێ بەرگەیان بگرێت و رووبەڕوویان ببێتەوە. ئینجا لەگەڵ هەموو ئەوانەش، کوڕەکە ئاسایی و نۆرماڵیش بژیت، یان هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکات، گوێ بە رووداو و تراژیدیاکانیان نەدات.

نیگەرانییەکەی _لەگەڵ ئەوانەش_ زێدەڕۆیی بوون، زۆر لە جارانی تر توندتر بوو، دیارە هۆکارێك هەبووە، ئەویش نەیدەزانی. مەسەلەکەش پەیوەندی بەو نەبوو، تەنیا بە بۆنەکەوە بووە، کیژەکە بیر لەوە دەکاتەوە. بەڵام، لەبەر هۆی تر، بەزەحمەتی دەتوانێت بیزانێت، بەڵام بۆ زانینی پێداگری دەکات. شتێك بۆ زانینی ئەو دەیورووژێنێت. ئەو لوغزەی نیگەرانی کردووە، لەو رۆژەدا، وەك ئەوەی رۆژەی ساڵی رابردوو کە یەکتر دەناسن.

کیژەکە دەستی درێژ دەکات و دوگمەی فستانەکەی دەکاتەوە، فستانەکە بەردەبێتەوە سەر ئەرزەکە، ستیانەکەی

دادەکـەنێت، فڕێـی دەداتـە سـەر کورسـییەکە، بـە پێخواسـی بەسەر کاشییەکەدا دەڕوات، دەگاتە سـەر مێزەکـە، دەسـت بـۆ پـاکێتی جگەرەکـە دەبـات، یـەکێکیان دەردەهێنێـت و دایدەگیرسێنێت، ئەویش دەچێتە توالێتەکە.

لەبـەردەم بالکۆنەکـە جگەرەکـە دەکێشـێت، شـتێکی سـەر مێزەکە سەرنجی رادەکێشێت، کارتێکی پیرۆزبایی و وێنەیەکی فۆتۆگرافی بوو. لەناو دوو زەرفی کراوەی نزیك کتێبێکی بچووك دانرابـوو، بـێ مەبەسـت لێیـان نزیـك دەبێتـەوە، کارتەکـە هەڵدەگرێتەوە، وێنەی منـداڵێکی لەسـەر بـوو لـەناو باخچەیـەك گەمـەی دەکـرد، کارتەکـە وەردەگێڕێـت، وشـەکانی پشـتەوەی دەخوێنێتەوە:

بابە جەژنی لەدایکبوونت پیرۆز بێت،
هەموو ساڵێك بە خۆشـی و بە بەرەکەت،
ئیمساڵ دوور لە ئێمە بەسەردەبەیت، دایە وا چاك دەبێتەوە.
وەرە، من تۆم خۆشدەوێت.

**کچی خۆت،**
**سالی**
ستۆکهۆلم
١٧ی یولی

دووجـار نووسـینەکە دەخوێنێتـەوە، دیـارە وێنەکـە وێنـەی فۆتـۆگرافی کیژەکەیـەتی. کیژێکـی بچـووك، دوو قـاچی جـوان، پانتۆڵێکی کورتی لەبەرە، قەمیسێکی شین، چاوەکانی شین و خـەوین و بـە چاوەکـانی بـاوکی دەچێـت، زەردەیـەکی لـە دەموچاوی کردووە.

ئادریـان، ژنـی هەیـە! دیـارە ئـەوەی لـە مـن شـاردوتەوە. هاوسەرگیری کردووە، کیژێکـی هەیـە، نـاوی سـالییە، هـەرگیز ئەوەی لەکن من نەدرکاندووە.

بۆ مەسـەلەیەکی لـەو جـۆرەی لـە مـن شـاردوتەوە؟! ئـەوی خۆشـدەوێت و ئـەوەی پـێ نـەگوتووە، وەك دەڵێـت، ئینجـا لێـی دەشـارێتەوە هاوسـەرگیری کـردووە، کیژێکـی هەیـە، لـە سـتۆکهۆلم دەژیـت؟! بـۆ ئـەو پیـاوە هـەموو شـتێکی لـێ دەشارێتەوە؟ بوو بە ساڵێك بەیەکەوە و رۆژانە شتی نوێی لـێ ئاشـکرا دەبێـت، شـتێك زووتـر نـەیزانیوە؟ بـۆ ئـەو شـتانە لـەو

دەشــارێتەوە، دەبــێ دوو عاشــق ئــەو جــۆرە شــتە گرینگانــە لەیـــەکتری نەشـــارنەوە؟! مەســـەلەیەکی زۆر باڵکێشـــە، مەســەلەیەکی ســەرپێی نییــە؛ تــا بشــاردرێتەوە، بــۆ وایــە ئــەو پیــاوە؟! چ جــۆرە نهێنییــەکی شــاردوتەوە، ئــەوەی ســاڵێکە لــە هــوتێلێکی بچــووکی ئاوســتندە ناســیویەتی، پەیوەندییــەکی سۆزداری گەرم لەنێوانیان پەیدا دەبێت؟! چییە ئەوە ئەڤینە، یـان پەیوەندییــەکی ســەرپێیە. خۆشەویســتی راســتەقینەییە، گومانیش لەوەدا نییە. بەڵام کیژەکە _لەگەڵ ئەوەش_ هەسـت بە دیاردەیەکی نامۆ دەکات. کەسـێك _بـەردەوام_ لـە رابـردووی خـۆی دەترسـێت، نیگەرانییشــە. هــەموو پێشــهاتەکانی ژیـانی مایەی گومـان و هەڵوەسـتەیە. لـە هـەموو شـوێنێکی سـمکۆڵ دەکــات. کەســێکی گــەورە، بــەڵام وەك منــداڵێکی بچووکــە. بەرامبــەر هــەر راســتییەك وەك منــداڵ دەگرێــت، دەلــەرزێت، دەترسێت، من دەترسم... بیرەوەرییەکانم هەراسـانم دەکـەن... باوکم خۆی کوشتووە، لە رۆژی لەدایکبوونی من خۆی کوشت... دەترسم، من دەترسم...

"_لەچی دەترسیت...؟".

وەڵام ناداتەوە.

بەس دەترسێت. توانای ئەوەی نییـە شـتێك بڵێـت. بـەردەوام رۆژانــەی خــۆی دەشــارێتەوە و باســی ناکــات، وەك ئــەوەی دەسـتێکی گۆجـە، یـان قـاچێکی بـڕاوی لـێ بشـارێتەوە، وەك ئەوەی ژیانی کەماسییەکی تێدا بێت و بیەوێ بیشارێتەوە.

******

ژنەکە _دانیشتووە_ بیـر لـەوە دەکاتـەوە، سـەرەتا چـۆن ئـەو کوڕەی ناسیووە، کوڕێکی ئەسکەندەناڤی، قژ زەرد، چاو شینی روون. بەوەش دیارە _هیچ گومانی تێـدا نییـە_ خـەڵکی وڵاتـانی باکوورە. بەڵام _راستییەکەی_ سەد لە سەد وا نییە. پاش یـەك مانگ لە دیمانەکەیان، دەردەکەوێت، بە رێکەوتێکی سـەیر، ئـەو نیوە ئەسکەندەناڤییە و نیوەکەی تری لوبنانییە.

ناوی بنەماڵەکەی بەس بوو کە رەچەڵەکی عەرەبە. رۆژێکیان ناسنامە و کۆمەڵە شتێکی لەسەر مێزەکە جێهێشـتبوو، لەوانـە تێدەگات. کلیل و چەرخەکەی. جگەرە، بنیشت و کلینکس.

سۆفی ناسنامەکە هەڵدەگرێتەوە و دەیخوێنێتەوە:

Adrien Jabbour

لەناکاو، ناوەکەی بۆ عەرەبی دەگێڕێتەوە: جبور! بۆ ئەوەیان جبور نەبێت.؟!

******

سەرەتا نکۆڵی لەوەیان دەکات، بە کیژەکەی گوتبوو من ئەسکەندەناقییم، رەنگە بەڕێکەوت ناوێکی عەرەبییش هەبێت لەو ناوەی من نزیك بێت. بەڵام کیژەکە واز لە گومانەکەی ناهێنێت. دەیەوێ لەوە بکۆڵێتەوە، ئەو نازناوە وەك ناوی بنەماڵەیەکی ئەسکەندەناقی، نەرویژی دروست و تەواو هەیە. دوو رۆژ لەناو تۆڕەکانی ئەنتەرنێت دەگەڕێت، لەناو ناوی خێزانە ئەسکەندەناقییەکان، دەرکەوت هەرگیز ناوی وا نەبووە، گومان نییە ناوەکەی جبوری عەرەبی بووبێت.

رۆژێکیان بەتوندی رووبەڕووی دەبێتەوە.

"_نکۆڵی مەکە، ناوی بنەماڵەکەت عەرەبییە؟".

"_بۆ پێداگری لەوە مەسەلەیە دەکەیتەوە؟".

"_هەر وا دەمەوێ بزانم".

مەسەلەکە روون و ئاشکرابوو، بەڵام سۆفی دەیویست وردەکارییەکەی لە خۆییەوە ببیستێت، زۆرتریش وردەکاری بۆ شرۆڤە بکات. بەڵام ئەو _وەك پیشەی جارانی_ لەوەیان دووردەکەوێتەوە و رایدەکرد. دەیویست هەموو رۆژانی رابردووی لێ بشارێتەوە. مەبەستی بوو، هەموو وردەکارییەکانی ژیانی خۆی، بنەماڵەکەی، ناسنامە و شوناسەکەی، لەناو تەماوییەکی رەها بۆ ئەو بهێڵێتەوە. پێی دەڵێت:

"_تۆ _هەروەها_ زۆر لایەنی ژیانی خۆت لە من شاردوتەوە!".

"_نەخێر هیچ شتی گرینگی خۆم لە تۆ نەشاردوتەوە..."

"_نەخێر شتی زۆرت شاردوتەوە؟" دەیویست، زۆرترین وردەکاری و دیالۆگی پێ بکات؛ تا لە باسەکە دووربکەوێتەوە.

"_پێم بڵێ!".

"_دەتەوێ چ بزانیت؟".

"_دەمەوێ راستییەکە بزانم، دەمەوێ بزانم تۆ کێی؟ خێزانەکەت کێیە؟.

"_ئەوەندە بەسە و من لێرە دەناسیت، ئەوەندە بەسە... بۆ دەتەوێ خێزانەکەم بناسیت؟! تۆ چ پەیوەندییەکت بە خێزانی من هەیە، ئەگەر لوبنانی بن، یان لوبنانی نەبن، ئەوەش هیچ لە مەسەلەکەمان ناگۆڕێت؟!".

"_ئەوە من نیم... ئەوە باوکمە، بەڕەچەڵەك لوبنانییە، ئەوەش هەموو مەسەلەکەیە...".
"_بۆ لەوە رادەکەیت، باشە بۆ؟".
"_راناکەم... بەڵام؛ ئەو کەڵەرەقییەش مانای نییە، نازانم ئەوەیان چ لە مەسەلەکە دەگۆڕێت، ئەگەر زانیت رەچەڵەکم لوبنانییە، یان نا، مەسەلەکە، ئەوەندە گرینگ نییە، بیر بکەوە من کەسێکی ئەسکەندەناڤییم، هیچی تریش نا، بڕوا بکە رەچەڵەکم هیچ بایەخێکی نابێت".
"_بۆ ئەوە دەشاریتەوە؟! بۆ ...؟!".
_ "پێم گوتی... هیچ هۆکارێك نییە".
"_بۆ دەترسیت و دەلەرزیت، وەك ئەوەی گوناحێکت کردبێت...؟".
"_هەرگیز... هەرگیز نا... بەڵام دەمەوێ بابەتەکە لە بیر بکەم... تێگەیشتی؟! پێم خۆش نییە باسی بکەمەوە..".
"_لەوەیان شتێك هەیە، بۆ نمونە...؟".
"_پێم گوتی... ئەوەش رابردوویەکی چەپەڵە، نامەوێ بیری لێ بکەمەوە...".

******

پاش دوو رۆژ، ئادریان سەربردەی بنەماڵەکەی بە سۆفی _بەکورتی_ رادەگەیەنێت، پێی دەڵێت، باوکم لە بنەماڵەیەکی کریستیانی جەبوورە، لە لوبنان، ناوی گابریل جەبوور بووە. لە رۆژانی شەڕی ناوخۆ، بۆ ئۆسلۆ، کۆچی کردووە، لە نەرویژ. لەوێ لە کارگەیەکی مامی، مونیر جەبوور کاریکردووە، مامم کۆمپانیایەکی کارگوزاری و گواستنەوەی دەریایی هەبووە. لەوێ ژنە سکرتێرەکەی مامی بە ناوی بیرنا یارگارد Berna Järegård دەناسێت و هاوسەرگیری دەکەن (دایکی ئادریان)، هەردووکیان، بۆ ئیشکردن، دەچنە ستۆکهۆلم، لە سوید و لەوێ گابریل ئۆفیسێکی بازرگانی نێوان بەیروت و ستۆکهۆلم دەکاتەوە، هەر لەوێش هاوسەرگیری دەکەن.
ئادریان لە ستۆکهۆلم لە دایکبووە، تا خوێندنی ئەندازیاری تەواو دەکات، لەوێ دەژیت، ئینجا بۆ کارکردن دێتە فڕۆکەخانەی زۆڤنتان، لە بروکسل.
ئەوە یەکەم گێڕانەوەی ئادریان بووە بۆ سۆفی. پاش سێ مانگ ئینجا هەندە وردەکاری لەسەر چۆنیەتی خۆکوشتنی باوکی دەزانێت. ئەوەش بە شێوازێکی تەماویی و زۆریش بەپەلە

بووە. دوایی دەزانێت باوکی هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەی، لە لوبنان، بە کۆمەڵکوژییەکی تایفەگەریی لەدەست دەدات. بەڵام سەربردەکەی بەو جۆرە لە ئادریان بیستبوو، یەکێك لە میلیشیا چەکدارەکان پەلاماری گەڕەکێکی کریستیانی دەدەن، کە بنەماڵەی باوکی ئادریان تێدا ژیاوە. لەوێ کۆمەڵکوژییەك دەرحەق بە دانیشتوانەکەی دەکرێت، خێزانەکە بە تەواوی دەبنە قوربانی دەستدرێژییەکە، لەوانە پوورێکی بە ناوی ئایلین، ئەویش باوکی کوڕەکە لەبەر ئەوەی لە دەرەوەی ماڵەوە بووە، بۆیە تاکە کەس بووە دەربازی بووە و نەکوژراوە.

دوایی جارێکی تریش لە کوڕەکە دەبیستێت، بەڵام زۆر بە کورتی، وەك هەموو شتەکانی تر:

باوکی ویستویەتی تۆڵەی کوژرانی ئەندامانی خێزانەکەی بکاتەوە، دەچێتە ناو ریزەکانی میلیشیایەکی کریستیانی، ئەوانە کۆمەڵکوژییەك دەرحەق بە میلیشیایەکی تر دەکەن. پاش ئەوە باوکەکە رادەکات. لە لوبنانەوە بەرەو ئۆسلۆ دەربازی دەبێت. بەڵام ناتوانێت لە دیمەن و تراژیدیای شەڕەکان دەربازی ببێت، نەخۆش دەکەوێت، شیزوفرینا دەگرێت، ماوەیەکی کەم دەژیت و خۆی دەکوژێت.

سۆفی ئەوەی بەبیردێتەوە، ئەویش خۆی جارێك ویستویەتی خۆی بکوژێت، کە دەگاتە بروکسل، بە قۆناخێکی هەستیار گوزەر دەکات، نائومێدییەکی رەها، بۆیە بڕیار دەدات، بە دەستی خۆی، کۆتایی بە ژیانی بهێنێت. بەیانییەکەی لە خەو هەڵدەستێت و بڕیاری جێبەجێکردنی بڕیارەکەی دەدات.

لەسەر دەستشۆرەکە دەوەستێت، سەیری دەموچاوی دەکات، لەبەردەم ئاوێنەکە. شێرەی ئاوەکە دەکاتەوە. بە دەستی خۆی مووسی ریشتاشینەکە لە پارچە کاغەزەکە پاك دەکاتەوە، کاغەزەکە فڕێ دەداتە ناو تەنەکەکە. مووسەکە لەسەر باسکی دادەنێت. لەوەدەمانە، خوێن دەرژێت، خوێنێکی سوور، هەموو شتەکان سوور دەکات. نەرم نەرم دێتە خوارەوە، خوێنەکە فێنك، دەردەپەڕی و دەڕۆیشت. جلەکانی رەنگ دەکات، سەر ئەرزەکە سوور دەکات. فەرشەکە سوور دەکات، دەبێتە رووبارێك و دەڕوات، ژنە هاوسێیەکەیان لە دەرگا دەدات، داوای ئەمبلاسی بۆ دەکات.

******

# ٢٣ی یولی

ڕۆژێکیان پێم گوتی، منیش ویستوومە خۆم بکوژم. چی ترت پێ بڵێم؟! جۆرێك لە جۆرەکان، هەستم بە ئارامییەك دەکرد. تا ئێستاش، برینەکەم کە خوێنی لێ دەچۆڕا لەبەر چاومە، خوێنی نەدەوەستا. لەبیرمە چ جۆگەلەیەکی هەڵبەستابوو.

دوێنێ، لە خەونم، دووبارە ویستم خۆم بکوژم. هاتمە بەرامبەرت، پێم گوتی:

ڕێچکەی خوێنم بگرە _بێگومان_ دەگەیتە شادەمارەکەم. بێدەنگ دەبێت، یەك وشەی لەدەم دەرناچێت.

پێم گوتی: "بخۆرەوە!".

"_پەروام بە خواردنەوە نییە!".

"_قسە بکە".

"_هیچ قسەم نییە". ئەوە وەڵامت بوو.

پێم گوتی وەرە، هاوڕێیەکەم، ڕۆحم پێشوازیت دەکات. ڕەوە قازێك بەرەو تۆ باڵیان گرتووە. خشەخشی درەختەکان، جۆگەلەی ئاو لە دارستانەکە، بەتەنیشت تۆ دا دەڕوات. کۆمەڵ کۆمەڵ جەژن و ئاهەنگت بۆ ساز دەکەن. هاوارم کرد: وەرە... هاوڕێیەکەم وەرە...؟.

رووت لەناو دەریاچەکە، مەلەوانیم دەکرد، تۆش لەسەر کەنارەکە وەستابوویت، ترساو، گلاسێك بورتو، یان شیرییت لەناو دەست بوو، بەڵام نەتدەخواردەوە. لە خوێنم دەترسایت، پێم گوتی:

"_ بخۆرەوە، چەند درندە و کارەساتە، بۆ ناخۆیتەوە".

تۆ دوودڵ بوویت، چاوەکانت سوور ببوون، نیگەران، ئاکار ترش و عەبووس. لە ترسانا دەستەکانت دەلەرزین. ترسە گەورەکەی تۆ، ترسی دایکمی بەبیرهێنامەوە. پەروا دەکەیت؟ بەڵێ، دایکم بەبیرهاتەوە. دایکم بەردەوام دەترسا. بۆ تۆ دەترسا. وێنەی ئەو، ترساو و دەلەرزی لەبەردەم باوکم، ئەو دیمەنە لێم جیانابێتەوە. دایکم کە قسەی لەگەڵ دەکرد، بە ویقارێکی مەند و مات

قسەی دەکرد. هەموو شتێکی دەجولا، لێوەکانی، روومەتی و دەستەکانی. ترس بەرۆکی دەگرت. بە لاوازییەکەی دەگیرسایەوە. قەدە زراڤەکەی، دوو چاوە جوانەکەی، وەك چاوی جوانی قەدیسەکان مەند و مەست و بەنیگا بوو. دەستە بچووکەکانی، کە لەناو هەویری دەنا، نانی دروست دەکرد.

دایکم ئەو چەشنە بوو، دەنگی بەسۆز، گەرم. چوارچێوە رەشەکەی چاویلکەکەی لە جۆرە هەرزانەکان بوو، هەرگیز سەعاتەکەی دەستی دانەدەنا. من لەسەر چۆکی دادەنا و جلە سپییە دانتێلەکەی قوتابخانەی لەبەر دەکردم، قژی دەکردمە بسك و دەیبەستا و قردێلەیەکی گەشی لێ دەدا. ئاکاری دایکم لەو وێنەیە دیارە، تاکە وێنەکەی، بەرامبەر وێنەگرەکە دانیشتووە، گەنجێکی جوان، چاوە رەشەکانی بۆ کامیراکە کردوتەوە، جلی گوندی سادەی لەبەردا بووە. دەموچاو لاواز و ترساو بەرامبەر ئامێرە رەشەکە و پیاوە مەسیحییەکەی، داوا و ناچاری دەکات بەرامبەر عەدەسەکە بزەیەکی بۆ بکات، وێنەکەی بۆ من و بیرەوەرییەکانم ماوەماوە دەردەکەوێتەوە.

زۆر بایەخی بە قژی من دەدا، زۆر خەریکی جوانکاری من دەبوو، پێڵاوی تایبەتی بۆم دەکڕی، بەوانە لەناو برادەرەکانم ناوازە دەردەکەوتم. کە لەناو شەقامەکە دەردەکەوتم، لە کیژانی چینەکانی تر دەچووم، ئەوانی تر وەك مەیمون بە جلی پیسەوە دەکەوتنە سەر شەقامەکان.

هەستم بەوە کردبوو، ئەو زەمانە، دایکم دەیویست _بە شێوەیەکی کەڵلەرەقانە_ دوورەپەرێزی چواردەورەی خۆم بم. وەك کەسێکی نەخۆش و نەفرەتلێکراو بم. ئەو هەستی نامۆیی لە جیهانی چواردەورەم دەچێنێت. کاردانەوەی خەڵکەکەش لەسەر من توند و دژواریش بوو. منداڵەکان گاڵتەیان پێم دەکرد. تاکە بوار بۆ بەرپەرچدانەوەم لەسەر شێوە لووتبەرزییەکەم ئیهانە وریسواکردنم بوو، رقیان لێم دەبووەوە: لێم نزیك دەبوونەوە. بە نیگای سەیر و سەرسامییەوە تەماشایان دەکردم. لە نزیکم دەوەستان و قسەیەکیان لەگەڵ نەکردم. قسەی ناشیرین و بەدرەوشتیان لەبەردەمم دەگوتەوە. بێدەنگ بە. جنێویان دەدا، بێدەنگ بە. پاڵیان دەدام، دەکەوتمە سەر زەوی، پێدەکەنین و زەوقیان لەوە دەبینی.

سەرەتا، ئەوە بابەتە منی دوورەپەرێز کردبوو، گرمۆلە دەبووم، بەپێی توانا دوور دەکەوتمەوە. دوایی، بڕیار دەدەم لەگەڵ

کەشـــەکە بگـــونجێم. ئاوێتـــەیان بـــووم. منـــیش وەك ئـــەوان هەڵسوکەوتم دەکرد، بەیەکەوە بەیانییان رامانـدەکرد، هاوارمـان دەکرد، لەناو رێگایە خۆڵاوییەکە دەمانقیژاند، لەسـەر سـادەترین شـــت شـــەڕە دەســـتمان دەکـــرد، لـــەناو گەمـــەکان دەبـــووە هاتوهاوارمان.

وەك منداڵەکانی تر بە پێخواسـی دەسووڕامەوە، بۆ کرانەوە و جۆشـــی نـــاوەوەم دەمقیژانـــد. ئیتـــر هەســـتم دەکـــرد لـــەبن هـــەژموونی دایکـــم دەربـــازم بـــووە، هێـــواش هێـــواش خـــۆم دەهاویشـتە بازنەیـەکی تـر؛ لـە دەرەوەی دەسـەڵاتی ئـەو بـم. هەستم دەکرد چیتر کیژی ئەو نیم. لاملییم لەگەڵ دەکرد، رقـم لێی دەبووەوە. بەپێی توانا دەمویست لەو جیاواز بم. بۆ هـەمـوو بیانووێك دەگەڕام تا رقم لێی ببێتەوە.

بەڵام رۆژەکان درێژ نابن. دوایی و پاشـان دەزانـم، رەوشـەکە چەنـد بـاڵکێش بـوو. بـە بایەخـەوە دەمویســت بگەڕێمـەوە کەشـەکە، دووبـارە دەگەڕێمـەوە، دەچمـەوە نـاو باوەشـی ئـەو، هەرگیز لە تەئمل بـەو نەدەوەسـتام. هەسـتم دەکـرد گیـرۆدەی ئەوم. وام لێهاتبوو _مـاوە مـاوە_ ئاکـارم بـە ئاکـاری ئـەو بـەراورد دەکرد، جارێکیان پێم گوت:

"_مەزندەی پەرجووێك دەکەم، دایك و کیژێـك هاوشـێوە بـن! چەند بەو دەچم! چەند لەو جیاوازم!" بێ ئەوەی وەڵامم بداتەوە بزەیەکم بۆ دەکات. ئەوەش هانم دەدات بپرسم:

" _دەکـرێ _دایکـە_ بـۆ خۆمـان شـوێنێکی ئـارام و هـێمن و ئاسوودە دەستەبەر بکەین، لەسەر ئەو خاکەی هەمووی چاڵ و کۆسپە".

دایکـم لـە پرسـیارەکەم تێنەگەیشـت، دووبـارە پرسـیارەکەم دەکەمەوە:

"_پڕوا دەکەیت _دایکە_ بتـوانین ژیـانێکی راسـت بـژین، لـەو کۆمەڵگە خوار و چەوتە؟".

وەڵامی نەدامەوە! بەڵام دەمزانی _ئـەویش دەیزانـی_ ئێمـە رۆیشتین، زەمەنی ئێمە تەواو بوو، زەمەنی خەڵکی ترە.

دایکە ماندووە هەراسانەکەم، بەردەوام هەموو گیانی ئارەقـە بوو، هیچ جۆش و کڵۆفەیەکی بۆ سـۆز و خۆشـەویسـتی نـەبوو. هـەر ئەوەنـدە کـاتی هـەبوو؛ مـن ببینێـت، یـان بمناسـێتەوە، بۆیـەش؛ بـۆ ئـەو، بـە نەناســراو دەمینێمـەوە. وەك ئـەوەی سەرسامی بکەم بەوەی جەستەم گـەورە بـووە و هەڵکشـاوم،

بوومەتـە بونـەوەرێکی جیـاواز. دایکـم نەیـدەزانی مـن چـۆن وام لێهـات. منـیش _لەلایـەن خۆمـەوە_ کیژێکـی بـەجۆش و گـەرم نەبووم؛ تا سـەرنجی ئەو راکێشـم، پێویسـتیشم بەوە هەر نەبوو، وەك کیژانی تر. کیژێکی مەنـد و کشـومات، شـەرمن، بـەردەوام سـەرقاڵ، لە گۆشـەیەکی ماڵـەوە دەمامـەوە و گەمـەی نهێنیـیم دەکرد. تەنیا بۆ چوونە قوتابخانە لە ماڵەوە دەردەچووم.

دایکم یەك ساتیش لە کارکردن پشووی نەدەدا. شـەوانەش و لەکاتی نووسـتنیش بەرنامەی بەیانی دەگوتـەوە. تاکـە شـانازی ئەو تەنیا من بووم. لەبـەردەم هاوسـێیەکانمان شـانازی بـە مـن کردووە؛ چونکە کیژەکەی ئەو بـەردەوام خـەڵاتی وەرگرتـووە، لـە قوتابخانـە یەکـەم بـووە. سـاڵانە لـە خوێنـدن بـەردەوام یەکـەم دەبووم. دایکم زۆر بە بوونی مـن بـەختیار بـوو، رۆژانـە نـوێژی بـۆ دەکردم؛ تا ببمە دکتۆر، ئەوەش مایەی شـەرەف بوو، بۆ ئەو، تکا، نـزا و پاڕانـەوەکانی بـۆ خـودا؛ بۆشـایی سـەردەمی بـاوکم پڕ بکەمەوە، رەنگە لەبەر ئەوەش بوو زۆر ڕقی لەو بوو، بێزیی لێـی دەبـووەوە. هـەرگیز نەیـدەتوانی لەگـەڵی ئاشـنا و هـۆگر بێـت. لەگەڵ رۆژگاریش ناتوانێت بکەوێتە بـەر دڵـی، بەپێچەوانـە زۆرتـر رقی لێی هەڵدەستا. برینەکانی سارێژ نـەبیوون، زۆرتـر خـوێنی لەبەر دەڕۆیشت. بە هەموو بوون و مانەوەی رقـی لـەو بـوو، بـە هەموو هزر و بیر و قـەوارەی جەسـتەی رقـی لـەو بـوو. هیـوای کارەسـات و شـکان و نەخۆشـی و رووداوی بـۆ دەخواسـت، دەیویست لەسـەر کورسییەك بێت و وەك پەرستارێك ئیشی بەو بێـت، ئـەوەش تۆڵەسـەندنەوەیەکی بەتامـە، بۆیـەش خـودا داواکـەی جێبـەجێ دەکـات؛ بـاوکم تەقینەوەیـەك دەکـات، لـەو رووداوە چەندان جووتیار دەکوژرێت و خۆشـی دەمرێت.

******

دایکم بەیانییان سـەعات حەوت هەڵدەسایەوە ، نانی بەیانی ئامـادە دەکـرد، بـەیانییان بـە دەنگـە ئاسـاییەکەی رادیۆکـە راهاتبووم. دەنگی فیشکەفیشکی سـەماوەر و بێژەرەکـە ئاوێتـە دەبـوون. قرەقـڕی دەنگـی مەکینـەی ئۆتۆمبێلـەکان و ژاوەژاوی بەجۆشی بەیانییان، پێویسـتی قـووڵی بـە گۆرانییـەکانی فیـروز بـوو. پـاش پەیـدابوونی چەکـدارەکان و داگیرکردنـی شـارەکە و گوندە نزیکەکان، بەیەکجاری قوتابخانەکان دادەخرێن. سـرووتە ئاساییەکانی بەیانییمان نەما. شارەکە مات دەبێت. چەند رۆژێك لـە ماڵـەوە دەمینێمـەوە و یارمـەتیم دەدا، پـاش ئـەوەی بـاوکم

دەچێتـە نـاو گرووپـە چەکـدارەکان، دایکـم دەکەوێتـە سـەرکارە نوێیەکەی، ئەویش خاوێنکردنەوەی ماڵی چەکدارەکان بوو.
پـێش هــاتنی چەکــدارەکان دایکــم زۆر کــەم لــە ماڵــەوە دەردەچـوو. ئێـواران لـەناو حەوشـەکە دادەنیشـت، بێـدەنگ، لـە گۆشـەیەکی حەوشـەکە مات دەبوو. بەیانییان لەنێوان ئاگردانەکە و ژوورەکەی هاتوچۆی بوو؛ خواردنی بۆ ئێمـە ئامـادە دەکـرد. بـە دەگمــەن یــەکێك هەســتی بــە بــوونی ئــەو دەکــرد، بــاوکم فەرمانێکی پێ دەکرد و دەجولایەوە، پێی دەگـوت مێشـکوژەکە، لە تواڵێتەکە بەکاربهێنە، هەڵسە تانکی گەرماوەکە پڕ ئـاو بکـە. جارێکیان لەگەڵ خۆی دەیباتە بازاڕ. پێش هـاتنی چەکـدارەکان، بە چەند هەفتەیـەك، حـەزم دەکـرد لەگـەڵ دایکـم بچمـە بـازاڕ، پیاسـەیەك بکـەم. قـۆڵم لـە قـۆڵی هەڵکێشـم، کامـەران بـووم، هەستم بە شادی دەکرد؛ ڕۆژەکە خـۆش بـوو _بـە شـێوەیەکی گشـتی_ بـۆ پیاسـەکردن. بـەڵام دایکـم نەیدەویسـت دەسـتی لـەناو دەسـتم بنێـت، دەسـتی دوور دەخسـتەوە، دەسـتەکانم نائومێد دەکشاندەوە ناو گیرفـانم. مـن _هەنـدێ جـار_ سـەیری تـابلۆی کۆگاکـانم دەکـرد، سـەیریم دەکـرد، لـەناو شـەقامەکە دەڕۆیشـتم، شـتی زۆرم دەبینـی، شـیاوی دیـتن و هەڵوەسـتە بوون، هەرگیز و زووتر بوارم نەبووە و نەدەکرا سەیریان بکەم.
دایکم بواری دەدام سەیریان بکەم.. لە گۆشـە نیگایەکی ئـەو هەستم بـە سـۆزێك دەکـرد، بۆیـە؛ منـی دەبـرد، لـەوێ پـێڵاوی جوان، جانتا، کڵاو و خشـلم دەبینی.
دایکم ڕوانینەکانی پەرتەوازە دەکردم، منـی دەبـردەوە ڕێگـا و کۆڵانـە دوورەکـان، دوور لـە کۆگاکـان، پـاش ئـەوەی نائومێـدیش دەبوو بە منی دەگوت:
"_ئەوانـەت بـۆ چییـە... تـۆ هـەر حیجـاب لەسـەر دەکـەیت... نیقـاب چاوەڕوانـت دەکـات، زۆرت نـەماوە چەنـد مـانگێکی تـر" بەردەوام دەیگوت:
"_جــوانی سرووشــتی پێویســتی بــە زینــە و جوانکــاری دەستکرد نییە".
"_دایە باس لەکام جوانی دەکەیت؟".
دایکــم دڵــی بــەوە خــۆش دەبــوو، دەســتی ڕادەکێشــام. گەڕەکەکەمان پیر دەبـوو، ژنـەکانی دەبوونـە پیـرەژن. لێـرە تـەنیا مردنی تێدا بوو. لە گەڕەکەکەمان تاوانێـك دەقـەوما. چەنـدان ژن

لـە گەڕەکەکـەمان دەکـوژران. بکوژەکـە، بـرا، یـان بـاوکی بـوو، تاوانەکەش تاوانی شـەرەف بوو.

ماڵەکە یەك کوڕیان هەبوو، نمایندەی کۆمپانیای کەرەسـتەی مەتبـەخ و میوانـداری بـوو، گوتیـان تـا کەسـی تـر میراتـەکـەی بەرنەکـەوێت، خوشـکەکەی کوشـتبوو؛ چونکـە بـەرووتی، لـەناو سیسەمی ماڵە هاوسێیەکەیان گیرابوو. زەحمەت نەبوو بگەیتـە ناو ماڵی ئەو کیژە گەنجە. کیژەکە لـەناو مـاڵی دایکـە پیرەکـەی دەژیا، ئەو ژنەی بەردەوام توانجی لـە ڕێبوارەکـانی کۆڵانەکـەیان دەدا.

******

لەگـەڵ هـاتنی چەکـدارەکان، جەسـتەم پڕێـدەگات، سـینگم گـەورە دەبـوو، مـووی ورد و نـەرمم لـێ دەهـات، بـەوەیان زۆر سـەرقاڵ دەبووم، لەودەمانە دونیا هەموو بە شتێکی تر سـەرقاڵ و پەریشـان بـوو، خـەریکی لافیتـە و نووسـین و فـەتوا بـوون، چەکدارە بەریشـەکان سـەرگەرم سـەرقاڵ بـوون، لـەناو شـارەکە بڵاودەبوونـەوە. لـەناو شـارەکە تـەنیا قسـە و باسـی ترسـناك بڵاودەبـووەوە، هـەموو باسـی پیـاوە ئاکـارە سـەیر و نامۆکانیـان دەکرد. هەواڵەکان بەردەوام باسی پیاوە تونـد و گـەورەکان بـوو، کە خەڵکەکە لێیان نەدەترسان، خەڵك سامی نەمابوو، بەڵکو بە زەلیلیش سەیریان دەکردن.

لەودەمانەی لـەناو ماڵەکـە کارمـان دەکـرد، ئـەوەی چەکـدارە توندڕەوەکان تێدا دەژیان، ژنی مونەقەبـەی زۆرمـان دەبینـی، لـە چەنـدان شـوێنەوە هـاتبوون، لـەو جیهانـە گەورەیـە هـاتبوون. لەودەمانـە بـە چاودێریکردنیـان ئاسـوودە دەبـووم، دەبوایـە ورد و درشتی ئاگاداری دایکم بکەمـەوە، هـەموو وردەکارییـەکانم بـەو دەگوت، بەنهێنی چاودێرییم دەکردن و ئاگاداری ئەوم دەکـردەوە. ئەو کارە جاسووسـییانە، ڕەوشـی جەسـتەیی و هـەسـتیاریی منی بەیەکەوە دەورووژاند، ئەگـەر ئـەو وردەکارییـە، ئـەو هـەموو جولەی ژنانەم نەدیبوایە، لـەناو ئـەو ماڵـە گەورەیـە، ژنـە دامـاوە نادیارەکان، ئەوانەی بە زیندان و کەنیزە دەچـوون، ژیـانم دەبـووە تارماییەکی ناو ژوورە تاریکەکان.

بە درێژایی کاتـەکان، مـن لـەناو ژووری ژنـەکان کـارم دەکـرد، ژوورەکان ژمارەیان زۆر بـوو، لـەدیوی پشـتەوەی، ماڵەکـە. بـەڵام دایکم؛ لـە نهـۆمی سـەرەوە کاریـدەکرد، لـەناو ژووری پیاوەکـان. بەرپرسـی چەکـدارە تونـدڕەوەکان فـەرمانی پـێ دەکـرد ڕێـڕەو و

قاڵدرمە و ژوورەکان پاك بکاتەوە، کە بەیانییان چۆڵ دەبوون. بەڵام من؛ لەناو ژووری ژنەکان کارم دەکرد، کە بەردەوام پڕ ژن بوو، ژنە خەمگینەکان، شاراوە و تەماوییەکان، دەجولانەوە، بە نەرمی و بێدەنگ، قسەمان لەگەڵ نەدەکردن؛ چونکە پەیڤین لەگەڵ ئەوانە قەدەغە بوو. سزاکەی دارکاری بوو، یان کوشتن، رەوشەکە زۆر ترسناك بوو. بەڵام ویستی من زۆر بەکلۆفە بوو، هانی دەدام هەندێك شتیان لەسەر بزانم. بەوریایی و ویستی پەرۆشەوە سەیرم دەکردن؛ تا ئاکاریان بناسم. گوێم سووك دەکرد؛ تا ناوەکانیان فێر بم. بە چرپەی نێوانیان، دەمویست بیانناسم، حیکایەتەکانیان بزانم. هەموو ئەو شتانەم، زۆر بە مەندی دەکرد. تا کەس گومانم لێ نەکات.

ئێواران، قسەکانم بۆ دایکم دەگێڕایەوە. پاش ئەوەی هەموو کارەکانمان تەواو دەکرد و دەگەڕاینەوە ماڵەوە ورد ورد سەربردەکانم بۆ دەگێڕایەوە.

لەوێ، لەناو خانووەکە، هەرگیز قسەمان نەدەکرد. قسەکردن قەدەغە بوو. هەمووماں بێدەنگ سەرقاڵی کارەکانی خۆمان بووین. بێ وەستان کارمان دەکرد، چەکدارەکانیش چاودێرییان دەکردین. لەکاتی پشوودان و نیوەڕۆیان، دەردەپەڕیمە لای دایکم، باسی ژنە پاسەوانەکانم بۆی دەگێڕایەوە، کە لەگەڵ کیژە چەکدارەکان، بە نۆرە، جووت دەبوون. ژنە بچووکە ترساوە سامگرتووەکانی، ژیانی بۆری چەکدارەکانی ناو ماڵەکەیان، شیرین و بەتام دەکرد، رەنگین دەکرد، هەندێك لەوانە ئەرکی بەسامی شاراوەیان ئەنجام دەدا، ئەوەش بە ئەرکی شاناز، رەنگینی ژیان و هەموو رەنگە نهێنییەکانی خۆشەویستی، یان کارەساتیان ئەژمارد دەکرد.

هەموو وردەکارییەکانم بە دایکم دەگوت، بە خەیاڵی خۆشم هەندێ جار چیرۆکیشم هەڵدەبەست. بەڵێ، ئەوەشم دەکرد. بەڵام دایکم زوو ساختە و درۆکەی ئاشکرا دەکردم. جارێکیان بۆم گێڕایەوە دایکم خووێکی خۆرسکی دروستی هەبوو، دەیزانی ئەفسانەکانی خەیاڵ ئاشکرا بکات، بە هەمان شێوەیەش دایکم دەیتوانی هەندێ زانیاری شاراوەشم پێ ئاشکرا بکات. هەستە پراکتیکییە وردەکانی و مەزندەکانی ئەو ئاسانکاری بۆم دەکرد، هەموو وردەکارییەکانی ژێر بنمیچی خانووە گەورەکە بزانم. پەرۆش بووم _بەوردی_ کردەوە و

چالاكی چەكدارەكان بزانم، لەگەڵ كێ دەخەون، لەگەڵ كام لەو كیژۆڵانە جووت دەبن.
پاش ئەوەی شارەكەمان هەموو ژاوەژاو و چالاكی شەقامەكانی لە دەست دەدات، ئەوانەم لەبیرە. لە شارەكە ژیانی تێدا نەمابوو، شارەكەمان زۆرتر كشومات دەبوو، زۆرتریش هیستریا دەیگرت. ئەوەشت پێ بڵێم سیمای شاری نەمابوو. ببووە سەربازگایەكی لاچەپ، سەربازگایەك لە ترس و ملكەچی و زەلیلی. رۆحی بە ترس و دڵەڕاوكێی توند لەلایەن توندڕەوەكان گیرابوو، هەموو دەنگەكانی ژیان كپ ببوو، دەنگی مەكینەی ئۆتۆمبێلەكان، دەنگی ریكۆردەرەكان، رادیۆكان، هۆڕنی ئۆتۆمبێلەكان، حەپین، هەلهەلە، دەنگی خەڵك، جریوەی باڵندە هەموو وەستابوون. سیمفونیایەكی دۆزەخی لێدەدرا، لە دەنگی گوللە و هاواری كوژراو و خنكاو و سەربڕاوی بە چەقۆ، نوزە و ناڵەی ژنە داماوە كەساسەكان.
پێت دەڵێم، دارخورماكان سەوزاییان نەمابوو، بەڵیَ دار خورماكان سەوز نەمابوون... سەرەوەیان ئاگری گرتبوو، تیشكی گەرمی هەتاو گڕی تێ بەردابوون، دەڵێم بڕوا بكە شۆستەكانیش وەك جاران نەمابوون، ئەوانیش دەكەوتنە بەر كاولكاری، دەبوونە چاڵ و گوفەك و زبڵدان.
برادەرەكەم، چۆن باسی رەوشی ژنانت بۆ بكەم... ژنان هەموویان حیجابیان پۆشی، لە سەرەوە تا خوارەوە، شارەكە بووە شاری قەلەرەش؛ تێدا ژنان كشومات دەڕۆیشتن و دەنگیان نەدەهات، هەرگیز زاریان نەدەكرایەوە. نەك ئەوە و بەس، جەلدە دەركردن ببووە شتێكی ئاسایی، قاچی رووتیان دەدایە بەر قامچی، پشتیان رووت دەكرد و داركاریان دەكردن.
شارەكە پەتایەكی گرتبوو، پەتایەكی گەورە، هاوڕێیەكەم، یاسا نەمابوو، سیستەم نەبوو. وڵاتێكی كەساس، هێواش هێواش ، ناسنامەكەشی لەدەست دەدا، بیابانییەكان روویان تێیدەكرد، هاوسێیە وەحشییەكانیش. شارێك بوو پڕ لە چەكدار و ململانێیشی تێدا باو بوو، بۆ دزییەكان، سامانەكانیان، مەڕوماڵات، خانووەكان ناكۆك بوون. گەوادییەك بوو. كاسبی تێدا نەما بوو، ئاینەكەیان لێ شێواندین، دەست دەكەن بە جادوو و كارە شەیتانییەكانیان، شارەكەیان كاولكرد، لە هەموو زێرابەكان بۆنی بۆگەنی دەهات.

******

بەڵام من، لە جیهانێکی تر بووم! حیجابیش نەیدەتوانی سۆز و ئارەزووە گەرمەکانم کپ بکاتەوە، جەستەم تەڕ و مێلاق بوو. بەڵام لەگەڵ هاتنی چەکدارەکان و کارکردنی بەردەوام، بیستنی سەربردەی ژنە داماوەکانی ناو خانووە گەورەکەی لەگەڵ دایکم هەستمان پێی دەکرد، نوزەی گریان و پاڕانەوە و خەمە گەورەکانیان، منی سارد دەکردەوە و لە مەراقا وشکم بووم، رۆحە تەڕەکەم نەما، کاری لەسەر زەوق و سۆزم دەکرد و ژیانی شێلو کردبووم.

بەڵێ، هەموو شتەکان گۆڕا، بۆ من شتەکان گۆڕا، هەستم دەکرد، سەرەتا وا گوڵی مێینەم لە ناوەوەم دەگەشێتەوە، بەڵام؛ زوو کپ بوو، دامرکا، بە زەبر و هێز و داپلۆسینی رەوشەکە نەما.

سەرەتا، کە دەنگم گۆڕا زۆر سەرسام بووم. گوێم لە دەنگی خۆم رادەگرت. وەك ئەوەی گوێ لە دەنگی یەکێکی تر رابگرم. کەسێك خۆشمویستبێت. هەستم دەکرد بوومەتە ژن و ماڵئاواییم لە منداڵی خۆم کردووە. بەڵام ـپاش ئەوەـ لێی دەترسام. کە دەبمە ژن، واتە دەبمە کەسێکی ویستراو و داواکراوی خەڵکی تر. هەستم دەکرد موستەحیلە یەکێك لەو پیاوانەی لێمەوە نزیکن، چاوم تێببڕن. رقم لەو گۆڕان و گەورەبوونە دەبێتەوە، لە دەنگم، کە دەگۆڕێت، لە شێوازی قسەکردنم. رقم لە هەموو شتێك دەبێتەوە، هەموو ئەوانەی چواردەورەم. نائومێد و کەساس دەژیام، دەترسام، لە جەستەم دەترسام، لە مێینەی خۆم، دەترسام، ئەو پیاوانە دڕن و بەرگەیان ناگیرێت، جەستەی بێ رۆحن. دەمیان کەڵبەی گۆشتخۆرەکانە. دەنگیان ناخۆشە وەك تەقەتەقی سەر تەنەکە. دەستیان دڕ، کە قامچی و چەك هەڵدەگرن، کە سەیریان دەکردم، هەستم دەکرد ئەوانە دەیانەوێ بمفەوتێنن.

بەپەلە لەناو شەقامەکانا دەڕۆیشتم، بەپەلە؛ نەوەك یەکێك سەیری سمتە دەرپەڕیوەکەی پشتەوەم بکات. باش و ـبەئاسانیـ لە ئاکارە داماوەکانیان تێدەگەیشتم، نیگا پیسەکانیان. دەستە دەستە دەڕۆیشتن؛ بۆ ئەوەی دانان و چەسپاندنی نیقابی ژنان بچەسپێنن. چاوەکانیان گەش، دڵیان رەق. چاوەڕوانی بچووکترین هەڵەیان دەکرد. جوولەیەکی نەگونجاوی نزیکبوونەوە لە یەکێك، لێیان دەترسام. چەند جار لەناو شەقام دەڕۆیشتم و باوکم لەگەڵ ئەوان دەبینی، ئەویش چەکی لەناو دەست بوو، قامچی پێ بوو، ئەوەی خەڵکیان پێی

دەترساند. چەند جار دەمبینی بە خۆشی و کامەرانی لەناو شەقامەکانا هاتوچۆی بوو، دەڕۆیشت و کامەران، نەك بۆ سرووە فێنکەکە، نەك بۆ چرپەی دار، نەك بۆ باڵەفڕەی باڵندەکان، نەك بۆ ئەستێرە پرشنگدارەکانی ئاسمان، دڵشاد بوو بۆ ئەوانە نا، کامەران بوو بۆ زەلیلکردنی خەڵك، بۆ جەلەدەکردنی لاسارەکان، بۆ سزادانی ژنێك ئەگەر لەناکاو عەباکەی لەسەر بەربێتەوە. ترساو و شلەژاو دەگەڕامەوە، رۆژانە بەردەوام ترساو بووم، نەفرەتلێکراوی ناو نەفرەتلێکراوەکان بووم.

******

پاش کوژرانی باوکم، دایکم ئەوەندەی بۆ دەمینێتەوە, شوو بە کەسێکی تر بکاتەوە. پاش ناشتنەکەی، زۆر لە هاوڕێیە چەکدارەکانی دواى دەکەوتن. دایکم ئەوانەی بە کەسایەتی گونجاوی بەرێز نەدەبینی، قبووڵی نەبوو ئەوانە بێنە بنمیچی ماڵەکەی.

دایکم کە گەنج بووە، خەونی بەوە بینیووە, شوو بە پیاوێکی بەرێز بکات، کارێکی ناسراوی هەبێت، هەڵسوکەوتی شایستە بێت، جۆرێك بێت بیژێنێت. بەو خەونە دەژیت. بەڵام دیارە کە ژیان زەبری خۆی لێدەدات. سەرەتا وێنەگرە چەپەلەکە سەیری دەکات و چاوی تێدەبڕێت. پاش ئەوەی چەکدارەکان دووکانەکەی دادەخەن، ئەویش دەچێتە ناو گرووپە چەکدارەکە. پیاوەکە بێزاری کردبوو. دایکم بۆی دەگێڕامەوە پاش مردنی مێردەکەی، هەموویان بۆم دەهاتن. هەموویان دەیانویست لەگەڵم جووت بن، قبووڵم بێت یان بەزۆر، بۆیە؛ پیاوێك بەناوی "رازی" قبووڵ دەکات، ئەو پیاوێکی زۆر فاشیلی هاوسێمان بووە. سەرخۆش و قومارباز، پاش ئەوەی مەشروب قەدەغە دەکەن، بەڵام دوایی ئاسایی بوو بازرگانی پێوە بکەن، بەوەش قازانجی زۆریان دەستدەکەوت و چاوپۆشیان لێی دەکرد و بەنهێنی دەفرۆشرا، رازی ئەو کارە دەکات و لە گوندەکانی ترەوە مەشروبی دەیهێنا و دەیفرۆشت، چونکە زۆر لە دەسکەوتەکەی دەبەخشییە چەکدارەکان، بۆیەش؛ لێی بێدەنگ دەبن. ئەوەش _بەردەوام_ وا دەکات لاساری و سەرکێشی بکات، ژیان بە قومار و خواردنەوە بەسەرببات، بەڵام بە نهێنی.

رازی داوای دایکم دەکات، ئەویش قبووڵ دەکات، من پێم گوت:

"دایکە شووکردن لەگەڵ پێاوێکی بەرێز بکە، باشترە؟".

بەگلەییەوە گوتی:
"پیاوی بەرێز، لەکوێ بێنم، کوا نەماوە".
دایکم دژ بە ویستی و داخوازییەکانی خۆی دەجولێتەوە، قبووڵیش دەکات رازی بێتە ناو ماڵەکەمان و تێدا بژیت. ئەگەرچی هیچ مەرجی پیاوی گونجاو و مێردی نموونەیی تێدا نەبوو. ئەو، ئەوەی بە خراپەیەکی باشی دەزانی، بۆ ئەو خراپە باشەکە بوو. سەرەتا، رازی لەگەڵ دایکم خراپ نەبوو، ئەگەر شەوێك زەلیلی کردبوایە، بەیانی وەك گوجیلە لێی نزیك دەکەوتەوە. بەڵام؛ پاش کوژرانی کوڕەکەی، پیاوەکە هار دەبێت، توندکار، بە دڕەندیی لێی دەدا.
رازی چەکدار نەبوو. دایکم دەبوایە شوو بە یەکێك لەوانە بکات و بچێت لەناو زیندانەکە بژیت، کە هۆڵە گەورەکەی پڕ بوو لە ژنە چەکدارەکان، یان ببێتە پاسەوانی چەکداری کەنیزە داماوەکان، یان شوو بەو پیاوە سەرخۆشە بکات، کە بەردەوام سەرانەی دەدا بە چەکدارەکان؛ تا بتوانێت بەنهێنی بخواتەوە و قومار بکات.

******

دەمبینی دایکمی دەبردەوە ژوورەوە، ئەویش _بەزەحمەتی_ جانتا گرانەکەی رادەکێشا، ئەویش گوشێکی گرانی لەسەرشان بوو، پڕبوون لە بوتڵی عەرەق. خۆم بە دیوارەکە وەنووساندبوو، سەیرم دەکرد؛ دایکم لەدوای دەڕۆیشت، سەیری ئاکاری ئەوم دەکرد، چاوەکانی پڕیبووە سمتی دایکم، بەشێکی فستانە پەمۆکەی _بەتوندی_ چووبووە ناو کونی سمتی.
دایکم ژنێکی لاوازیش بوو، بەڵام؛ هەردوولا نێك و سمتی گەورە و دیار بوون. هەرگیز هەستی مێینەی وا جوانم لە ژنان نەدیبوو. هەموو شتەکانی ورد و ناسکیش بوو، بەڵام نێکی سمتی جوان و خڕ و قیت بوون. بەڵام نیقابەکە هەمووی شاردبووەوە، نەوەك چەکدارێك هەست بەو نازە بکات و چاوی تێببڕێت و بەزۆر لە خۆی مارەی بکات. کە دەچنە ناو ژوورەکە، دایکم پلاکی کارەباکە پێ دەکات، پەڕی پانکە گەورەکەی بنمیچەکە، زیکەزیکی ئاسنی ژەنگاوی دەگەیاند.
لەوەدەمانە، رۆتینی ناو ماڵەکەمان بەیەکجاری گۆڕا. کارەکانم زۆرتر بوون؛ رازی لەوەدەمانەی خەڵك بەدەرەوە بوون ئەو دەخەوت، رۆژانە چەند سەعاتێك گەرماوەکەی داگیر دەکرد،

زۆربەی ئـەو خواردنانـەی دایکـم سـازی دەکـردن دەیخـوارد. کـە دایکـم لـەگـەڵ گـەرمای نیوەڕۆیـان دەگەڕایـەوە، رۆژەکـە لەبـەر هەتاوە سپییە ترسناکەکە خاو دەبووەوە، ئەویش تـازە لـە خـەو هەڵدەسـتا. بۆیـەش دایکـم داوای دەکـرد بـەیانییان تەقەتـەق نەکەم.

ئیتر پیاوەکە بەو جۆرە لە ماڵەکەمان دەژیـا، لـەناو جێگەکـەی رادەکشـا، ئێـوارانیش سـەرخۆش دەبـوو، قومـاری دەکـرد، لەوەدەمانەش داوای خواردنی ئەفسوناوی زۆری لە دایکم دەکرد.

******

چەکـدارەکان هـەموو شـتەکانیان لەسـەر رازی مێردەکـەی دایکم دەزانی، چاویان لێی دادەپۆشـی، ئەویش پارەی دەدانـێ. ئەگـەرچی پەیوەنـدی باشیشـی بەوانـەوە هـەبوو، بـەڵام زۆر ترسـنۆك بـوو، زۆر لێیـان دەترسـا. خـەڵکیش دەیـانگوت شـەرابیشیان دەداتێ، دەیانگوت بـەدزی دەخۆنـەوە؛ بەتایبـەتی پـاش ئـەوەی لەگـەڵ کـەنیزە و کیژۆڵـەکان جـووت دەبـن و دەگەڕێنەوە، ئەوانیش مەسیحی یـان ئیزیـدی، یـان هاوسـەری پیاوە موسلمانەکان بوون، ئەوانەی پێیان دەگوتن مورتەدەکان.

ئەو ژوورانە پڕ بوون لە ژن، ئـەوەش مەسـەلەیەکی ئاسـان و سادە بوو! کە چەکدارەکان دەیزانی یـەکێك ژنەکـەی جوانـە، بـە کوفر و ئیلحاد تومەتباریان دەکرد. پاشـان؛ دەیانکوشـت. دوایـی؛ ماڵەکـەیان زەفـت دەکـرد، ژنەکەشـیان دەگواسـتەوە نـاو ماڵـە گەورەکە، تا چەکدارەکان لەگەڵی جووت بن و سێکسـی لەگـەڵ بکەن. دوایی دەیانفرۆشتەوە یەکتری. ئەوەش بەسـەر حامیـدی بەقاڵ هاتبوو. جارێکیان بە خراپە باسـی چەکـدارەکانی کردبـوو، نارەزایی لەسـەر بەردبارانی کیژە کافرەکە دەربڕیبوو، ئێوارەکـەی دەگەنـە سـەری، بـە هەڵگـەڕاوە نـاوی دەبـەن، دەیبەنـە نـاو گۆڕەپانەکە، لەوێ چوارپـەلی دەبەسـتن و ئاگربـارانی دەکـەن و دەیکوژن. بەیانییەکەی، ژنەکەی وەك کـەنیزە و سـەبایا دەبـەن، چەکـدارەکان سـواری دەبـن و دەیفرۆشـن و دەیکـڕن، لـەناو خۆیانەوە دەیکڕن و دەیفرۆشنەوە.

******

بەقاڵەکە ژنەکەی نـاوی "نەعیمـە" بـوو. نیوەڕۆیـەکی گـەرم، من بە دەرەوە بووم، لەناو کۆڵانە خۆڵاویی گوندەکـە دەڕۆیشـتم. دەگەمە بەر پەنجەرەکەیان؛ پەنجەرەکە کرابووەوە، بۆ هەواگۆڕین لەسـەر پشـت بوو، حەمیدی مێردی ژنەکە دەگەڕێتەوە، بینیم لە

پشتەوەی بۆی دەخشێت، لێی نزیك دەبێتەوە. ئـەویش لەسـەر کورسییەك دانیشتبوو، قەمیسێکی دەدووری، پشـتی لـەو بـوو. ئـەویش نیمچـە رووت، فانیلایـەکی سـپی لەسـەر جەسـتە ئەسمەرەکەی لەبەردا بوو، لێی نزیك دەبێتەوە، ئەویش پشـتی چـەمابووەوە، چاوەکـانی بڵنـد دەکـات، بـۆ ئـەوەی بـە بزەیـەکی جوان وەڵامی بداتەوە، حەمیـد دەسـتی لەسـەرشـان دادەنێـت، دوایی دەستی دەباتە سەر سـینگی. ژنەکـە نـەجولا، سـەیری دەکـات، بـە نیگایـەکی برسـی. نـازانم مـن چـۆن هەسـتم بـە دەستی ئەو دەکرد، وەك ئەوەی دەسـتی لـە سـینگ و شـانی من دانابێت. لە دوورەوە هەستم بـە سـۆزەکە کردبـوو، هـەردوو دەسـتی نەعیمـە چـۆن خاوبوونـەوە، بەیەکـەوە جـووت بـوون، شەپۆلەکەی هەردووکیانی جووتکرد، لەناو سیسەمە نازدارەکە، هەستم دەکرد، ئارەقە لە نێوچەوانم دێتە خوارەوە، دەستی تەڕ کــردم. هەناســەم نــەما، تەنگەنەفــەس بــووم، دڵــم وەك پشیلەیەکی گیراوی نـاو پەراسـووەکانم بەنـد ببـوو، پەنجـەکانم نەرم بوون، هەستم بە گەرماییەکی خۆش دەکرد لەناو هـەناوم تەوژمی هێنابوو.

******

رووداوی هەر گـەورەی ناوماڵەکـەمان، هـاتنی کـوڕێکی رازی بوو، هاتبوو سەر لە باوکی بدات.

گـەنجێکی کـۆك، بـێ ریـش، جلـی مـۆدێرنی لەبـەردابوو. خوێندکاری زانکۆ بوو. چەکدارەکان لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکـەن و دوایی سەربەستی دەکەن؛ هـاتبوو بـاوکی ببینێـت، دەیگـرن، بەڵام پاش ئەوەی باوکی پارەیان دەداتێ ئازادی دەکەن.

ئیتر بەو جۆرە ئەحمەد، لەناو ماڵەکەمان دەژیت، هاوینەکەی دەمینێتەوە پشووی زانکۆ بوو، بە هـاتنی کوڕەکـەی، رازی بـاش دەگۆڕێت، لە رۆژانی زووتر ئارامتر و باشتر دەردەکەوت. دارکـاری دایکمـی نـەدەکرد، یـان تونـد نـەبوو. هـەروەها هەسـتم دەکـرد دایکیشم باش ببوو، لە سەرەتا ئاماژەکانی گۆڕانم بەدی دەکرد، زووتر قسـەیان لەسـەر دایکم دەکرد، یەکەمجاریش بینـیم دایکـم خۆی جوان بکات، خەونی بەوەش دەبینـی شـوو بـە گـەنجێکی لەو جۆرە بکات، نەك سـەرخۆشێکی وەك باوکی، نەك شـێتێکی وەك بـاوکی. لـەوە راهـاتبووم جاسووسـی بـە سـەر خەڵکـەوە بکـەم، لـەمێژ بـوو ئـەو خـووەم هـەبوو، شووشـە عەترەکەشـم دۆزییـەوە کـە دایکـم لـە پارچەیـەك نـایلۆن لـوولی دەدات، لـەناو

فـەردەی نیســکەکەی دەشــاردەوە، کوڕەکــە بــە دزی هەنــدێ دیاری وەك مکیاژی هێنابوو، بۆ دایکە نوێیەکەی.
باش هەستم بە بـزە و ڕووخۆشــی دایکـم دەکـرد، کـە لـەناو ژوورەکە دادەنیشت، بەتایبەتی پاش ئەوەی خۆی دەشووشت و لـە حـەمام دەهاتـە دەرەوە و لەســەر کەرەوێتەکـە دادەنیشــت، کوڕەکە _هەنـدێ جـار_ کـە بـاوکی لـە مـاڵ نەبوایـە لەگـەڵمان دادەنیشت، باسـی ژیانی خۆی لە شارە گەورەکە بـۆ دەکـردین، باســی بەزمــە خۆشــەکانی لەگــەڵ ژنـان دەگێڕایــەوە، بەدڵــەوە پێدەکەنی و تریقەی دەهات.
بەرامبەر بە دایکم،_لە سەرەتاوە_ ڕقـم لـەو کـوڕە دەبـووەوە، چونکە هەسـتم بـەوە دەکـرد، ئـەو پیـاوە هـەموو بۆشـاییەکانی ماڵەکـەی داگیرکــردووە، هــەموو جــۆرە بایــەخێکی پێــدەدرێت، دەبوایە ئەوە بۆ من بێت. ســەبارەت بـە دایکـم؛ پیـاوێکی هەیـە، سـەرخۆشــەکەی شــەوانە بەیەکــەوە دەخــەون. ئــەوەی پــاش هــاتنی کوڕەکــەی بــووە بــە گوجیلەیــەکی شــیرین. بــە هەڵســوکەوتی دایکـم و ڕیـایکردن بـۆ کوڕەکـە تـووڕە دەبـووم، لەگـەڵ ئـەوەش کـە دەسـتی بـە خـۆی دادەهێنـا، قـژی شـانە دەکــرد، نینۆکــەکانی ڕەنــگ دەکــرد، چەپــەلی کوڕەکــەش سەخڵەتی کردبووم، کە دایکمی دەورووژاند.
لەبەر خۆمەوە دەمگوت:
"ئەوە کێیە؛ بایەخی پێ بدەین؟ خوێندکارێکی کەم بایـەخی مایەپووچـە... کـوڕی ئـەو سـەرخۆشـە گـەوادەی لەگـەڵ دایکـم دەخەوێت".
سـەرەتا خۆشـمندەویست، سووك و چەپـەلم دەبینـی. کـۆك، بەڵام؛ هەستێکی مێینەی تێدا بوو، بە جۆرێك لە جۆرەکان، لەناو ماڵـەوە هەنـدێ گـۆرانی دەگوتـەوە، ئەگـەرچی گۆرانییـەکانی جۆرێك خۆشییان تێـدا بـوو، بـەڵام وشـەکانی نـاو گۆرانییـەکانی سووك، ئاماژەی سێکسییان تێدا بوو، دەموچاوی من و دایکمـی بە مکیاژکردن سوور دەکرد. لە دوارۆژ دەبێت بـە چـی؟! ئـەویش وەك باوکی، پیاوێکی سـەرخۆشـی لێ دەردەچێت! بەڵام دایکـم دەیگوت نەخێر، ئەو، لە پایەتەخت، دەبێتە فەرمانبـەرێکی گـەورە؛ کە چەکدارەکان ناتوانن بگەنە ئەوێندەرێ.
کوڕەکە کەشێکی ئاهەنگسازی لەناو ماڵەکەمان خوڵقاندبوو، زۆرتر شادی و بەزم بوو، ئەوەش یەکەمجار بوو ئەو جـۆرە بەزمـە لە ژیانم ببینم.

کە تاریك داهات، دایکم چرا زەیتییەکەی داگیرساند، بە دیوارەکەی هەڵواسی، شلەی نیسکەکەی پارچەیەك گۆشتی تێدا بوو، لەبەردەممان دانا. بەڵام دەستی دەلەرزی، شادمان بوو. لەودەمانە هەستم بە هەموو شانەکانی ناو جەستەی دایکم دەکرد، بە کوڕە سمێڵ و ردێن تاشراوەکە زۆر کەیفساز بوو. دایکم سووراوی دەکرد، سەیرم دەکرد، وەك ئەوەی تای لێیە و سووربوویتەوە.

هەستم بە کردەوەکانی دایکم دەکرد، دەمزانی نمایش دەکات، لە دڵەوە پێدەکەنی، هەستم بەوە کردبوو دایکم گیرۆدەی کوڕەکە ببوو، پەریشان. بۆنەکەی رازی بۆی هێنابوو بەکاریدەهێنا، ئەگەرچی زووتر بۆنەکەی بەکارنەدەهێنا. هەستیشم دەکرد دایکم لەو کوڕەم دووردەخاتەوە، هەر چەند من لێی نزی دەبوومەوە، ئەو دووری دەخستەوە، کە لەوێ و بەرامبەریان دەبووم ئەو دەشلەژا و تەنگاو دەبوو.

******

رووداوی هەرە گەورە بەرامبەر کوڕەکە روودەدات، کە هەستم کرد ئەو چاوم لێ دەکات. لەبەردەمی دەڕۆیشتم، هەستم دەکرد چاوی لەسەر سمتمە. ئیتر پاش ئەو شەوە، بە دیدێکی تر، سەیرم دەکرد، جیاواز لە جاران، رقم لێ نەبوو، لێی نارەحەت نەبووم. هەر هیچ نەبێت _کەمیش بێت_ سەیرێکی سمتی دەکردم. چیتر پێویستی نەدەکرد بێزم لێی ببێتەوە. پاش هەموو دیمانەیەك، کە قسەی دەکرد، کە گوێم لە دەنگی دەبوو، هەمووم بەبیر خۆم دەهێنایەوە و دووبارە هەڵدەچووم و دەیورووژاندم، رۆحم دەلەرییەوە، تەپەی دەکات، نەمدەزانی چۆن لەناو چەند رستەیەك، دایانبرێژمەوە.

بەدزی چاودێرییم دەکرد، لە دوورەوە، ئیتر بەو جۆرە؛ هەستم بە دۆزینەوەی شتی نوێ دەکرد، هەرگیز زووتر ئەوەم نەدیبوو. یەکەمجار مووی سەر سینگی ئەوم بینی، لەنێوان فانیلەکەی دیار بوو. دەرکەوت ملی جوان بوو، هاتنەخوارەوەی هەردوو نیکی سمتی، کەفەڵە ئەستوورەکانی، کە لە حەمامەکە دەردەچوو، ئەویش بەئەنقەست، بۆ من و دایکم، دەیویست هەندێ لە ئەندامەکانی جەستەی دەربخات. هەستم بە پانایی سکی دەکرد، هەردوو لێوە ئەستوورەکانی، ناسکی و هاوشێوەیی هەردوو قاچە باریکەکانی. هەستێکم بۆ دروست ببوو، ناتوانم لێی نزیك نەکەومەوە؛ بۆ ئەوەی لە ئامێزی بگرم.

کە نزیك دەکەوتمەوە، گوێم لە هەناسەی دەبوو، لە ترپەکانی دڵی، کە لە نزیکمەوە دەڕۆیشت، بۆنە وشکە تیژەکەی ئەوم دەکرد، وەك بۆنی نانی گەرم.

شەوانە بە خەیاڵ گەمەم بە مووی سەر سینگی دەکرد، دەستم دەدایە ماسولکەکانی بەلك و قاچی، دەستم لە گردۆلکەکانی سمتی دەخشاند، گوێم لە دەنگی قووڕگی دەبوو، کە چاوی بڵند دەکرد و سەیرێکی دەکردم، بەراکردن؛ بۆ خۆشاردنەوە دەردەپەڕیم، لە دوورترین گۆشەی حەوشەکە. لەوێش دەلەرزیم. ئەو هەموو هزرەکانی داگیرکردبووم. نەدەکرا بەرگەی مانەوەی زەمەنی دووری ئەو بگرم. کە دەچوومە دەرەوە، هەستم دەکرد لەناو کابوسێکم. بیرم لەوە دەکردەوە ئەودەمانە ئەو چ دەکات، لەگەڵ کێ قسە دەکات. لەناو سیسەمەکەم لەناو تاریکی گلینگم دەدا، پابەندی پەردە تاریکە ئەستوورەکە دەبووم، کە بە بای پانکەکە دەلەرییەوە و دەنگە ژەنگاوییەکەی لە ژوورەکە دەهات.

******

داوام لە دایکم دەکرد فستانێکم بۆ ئوتو بکات، بۆ ئەوەی لەبەری بکەم، لە گۆشەیەکی ماڵەکە، دابنیشم، خۆم بە چەند شتێك سەرقاڵ بکەم، دەستم، بە شیشی چنین، یان بووکەشووشەیەك، یان دەفتەرێکی وێنەکێشانەوە بێت. بەڵام هەموو عەقڵ و هۆشم لەکن ئەو بوو. کە چاوی لە من دەکرد، کە قسەی لەگەڵ دەکردم، لە ترسانا لە نیگەرانی دەشلەژام، وامدەزانی و دڵنیاش بووم لە خۆشییانە دەمرم، ئەگەر دەستێکم لێ بدات، یان قسەیەکم لەگەڵ بکات.

بەڵام دایکم، ئەویش پەرۆش و تەنگاو؛ چونکە فەرمانی پێ دەکرد خزمەتی بکات، هەموو شتێکی بۆ بکات، ئەویش هەموو خزمەتێکی لەبەردەم دەکرد، لە هەموو مەسەلەیەك، ئامادەیی ئەو گێژی کردبوو، دایکم چاودێری دەکرد، لە هەموو شوێنیك چاوی لەسەر بوو، خزمەتی تەواوی دەگەیاند، لە هەموو شتەکان، ئارەزووەکانی جێبەجێ دەکرد؛ بەر لەوەی داواش بکات خزمەتەکانی پێشکەش دەکرد.

رۆژێکیان، هەموویان لە ماڵەوە دەرچوون. دایکم دەرچوو؛ لەناو شار ئیش بکات. ئەویش لەگەڵ باوکی رۆیشت، تا بە برادەرەکانی بیناسێنێت. ئەوەم بە دەرفەت زانی بچمە ناو ژوورەکەی ئەو تێدا دەژیا. چوومە ژوورەوە، دەرگام لەسەر خۆم

داخست. جانتاکەم کردەوە، بە ناسکی و بە نەرمی و وریاییەوە. بینیم جلەکانی وەك خوێندکارێکی زانکۆ، هەموو خاوێن دەقکرابوون، خاوێن جوان بوون. وێنەیەکی رەشوسپی، لەناو گیرفانی سەرەوەی بوو. دەستم دەلەرزی کە دەرمهێنا، لە چاوم نزیك کردەوە، بە پەنجەکانم دەمویست هەست بە لێوە و دەموچاوی بکەم، لێوم لەسەر لێوی وێنەکە دادەنا و چاوم دادەخست، دەستم لەسەر سینگی دادەنا، هەردوو گوێی مەمکەکانم رەپ دەبوون، هەستم دەکرد ژانیش دەکەن.

چەند جار ئەوەم دووبارە کردەوە.

جلەکانم لەبەرکردەوە: عەباکەم لەبەرکردەوە، کالسۆنەکەشم لەبەرکردەوە، نەرم نەرم دەستم دایە ئاوێنەکەی ناو جلەکانی، بە دەستی پاکم کردەوە، سەیری دەموچاوی خۆم کرد. قەمیسەکەم دەرهێنا و لەسەر جەستەی خۆم دامنا، وەك ئەوەی هەست بەگەرمایی لەشی دەکەم. پێڵاوەکەم دەرهێنا و لەپێم کردن و هەستم بە پەنجەکانی دەکرد، دەمویست بەرجەستە و موڵکداری بکەم، بە جلەکانی ئەوە بکەم، هەموو کەلوپەلەکانم هەڵگێروەرگێر دەکردەوە، جلەکانی ژێرەوەی و پیسەکانیشم دەرهێنا. دوایی... هەموو شتەکانم لە جانتاکەی دەرهێنا، لەسەر ئەرزەکە پانم کردنەوە، خۆم رووتکردەوە و بەرووتی لەسەر جانتاکەی راکشام.

زۆری نەخایاند گوێم لە دەنگی تەقەی دەرگاکەی دەرەوە بوو، زانیم کرایەوە، بەتوندیش داخرایەوە. ئەوەش مانای ئەوە بوو یەکێك هاتەماڵەوە. راچلەکیم، بەڕاستی ترسام، لەبنی پێمەوە تا تەوقی سەرم راچلەکیم. بەپەلە، هەڵسامەوە، عەباکەم لەبەرکردەوە، جانتاکەم داخستەوە، بەترسەوە بەرەو حەوشەکە رامکرد، لەودەمانە بەبیرم هاتەوە کالسۆنەکەم لەناو جانتاکە جێهێشتووە، هەستم بە شەرمەزارییەکی راستی کرد، ژانە سکێکم گرت، بیرم لەوە کردووە، رەنگە ئەو بەوەیان ریسوام بکات.

بەڵام ئەوەی نەکرد.

لە کۆتایی هاوینەکە کورەکە، رۆیشت. من و دایکم لە باوکی زۆرتر بۆ کورەکە خەمبار بووین. ئەوەی دڵشاد و کامەرانی کردبووم، کە رۆیشت، لەودەمانەی رۆیشت، کالسۆنەکەی لە ژوورەکەی جێم هێشتبوو نەدامەوە، رۆیشت و کالسۆنەکەی لەگەڵ خۆی بردبوو.

******

دایکم بەردەوام جەختی لە مێردەکەی دەکرد کوڕەکەی داوەت بکاتەوە و سەردانمان بکات. ئەویش بەڕاستی داوای دەکات، چاوەڕوانیشمان کرد، منیش بەکڵۆفەوە چاوەڕوانم کرد، بەڵام ئەو جارە باوکی مۆڵەتی هاتنەوەی لە چەکدارەکانی شارەکەمان بۆ وەرنەگرتبوو.

ڕۆژێکیان، لەناو ماڵەکەمان گوێمان لە ژاوەژاوێکی گەورە دەبێت. دایکم بەراکردن دەردەپەڕێت و دەچێتە ناو شەقامەکە، رازی مێردەکەی لە ماڵ نەبوو، ژمارەیەك ژن و پیاوی هاوسێیەکەمان، بە دیار گەنجێکی لەسێدارەدراوی بەر قەدی دارخورمایەکی پیر وەستابوون، گەنجێکی لاواز، ئەسمەر، هەموو ئێسقانەکانی جەستەی بەدەرەوە بوو. کوڕەکە پێخواس، رووت، تاکە پێڵاوێکی پێوە مابوو، هەڵواسرابوو. ژیانی تێدا نەمابوو، چەندان مێش لەسەر قژە رەشە بەگڵوازەکەی گزەگزیان بوو، دایکم سەرگەردان و تاساو لەبەردەمی وەستابوو.

چەکدارەکان گەنجەکەیان کوشتبوو، کە هاتبوو سەر لە باوکی بدات، ریشیان هەڵپاچیبوو، گوێیان بڕیبوو، لووتیان بڕیبوو. بە هەڵواسراوەیی جێیانهێشتبوو، جەستەکەی دەلەرییەوە، خوێن و چڵم و برینی وشکی بەدەموچاوی وەنووسابوو. چەکدارەکان قبووڵیان نەبوو تەرمەکەی دابەزێنین. بەو جۆرە دوو ڕۆژ تەرمەکە مایەوە، هەڵواسراو و بە قاچی کراوە، هەردوو گوونی وەك هەویر تولڵخابوونەوە.

******

# چوارەم

سۆفی سڕ و ماندوو دەگاتەوە ماڵەوە، لەسەر کەرەوێتەکە، لەناو سالۆنەکە چراکانی کز داگیرسابوون رادەکشێت، سەری بە بالیفە چەرمە سوورەکە دەکات، کتێبخانە دارەکە، چەندان کتێبی لەسەر ریزکرابوو دەکەوێتە پشت سەری، دیوی چەپی، کانتۆرە گەورەکەی جەلەکانیشی دەرگاکەی کرابووەوە. لەنزیك ئەوانیش قاپەکانی خواردنی ئێوارەش هەر مابوونەوە، نەشووردرابوون، شووشەیەکی بەتاڵی شەراب و گلاسەکانیش هەڵنەگیرابوون، سۆفی لە بەیانییەوە هەر ئەو جلانەی لەبەردا بوو، فرمێسکی چاوەکانیشی وشکی نەکردبوو.

هەست دەکات خەوی لێ ناکەوێت، چاوەکانی تەماویی بوون. وەك ئەوەی نیگایەکی تەئملییان پێ بکات. بە نیگایەکی بەژانەوە ئادریانی لەبەرچاوە. کە یەکەمجار لەسەر کەنارە قاڵاکەی دەریاکە، لە ئاوستندە دیداریان دەبێت. ئەو نیمچە رووت بوو، لەودەمانەش دەریا ئاسۆیەکی مەندی هێمنی رەوشنی هەبوو. کە خۆرەکە ئاودیو دەبێت، کەفێکی تەنك، لمەکە دادەپۆشێت، حەزی لەو چرپەیە دەکرد. لەودەمانەی سۆفی لەسەر تەنیشتی سیسەمەکە دانیشتبوو، هەستی بەو ساتە جوانانەی بەیەکەوە بوون دەکرد، بە تەڕی و نەرمی دەستەکانی، کە هاوینەکە کەشێکی جوانی هەبوو و نەرم نەرم لە دەموچاوی دەخشاند.

******

ئێوارەکەی بەتەنیا، خەمگین و دڵتەنگ دەمینێتەوە و خەوی لێ ناکەوێت. تا ماندووش دەبێت لەناو ژوورەکە هاتوچۆ دەکات و نەیدەزانی چ بکات. هەستکردنێکی بێ سنوور، بە شکان. کیژەکە دەشکێت، هیچ چارەسەرێکی نەبوو؛ بۆ ئەوەی شکانەکە، بەرەو سەرکەوتن ببات. چەندان ساڵی تەمەنی لەناو تەویلەیەك خەوتووە، لەوێ مێشولە بەردەوام پێیوەداوە، بەڵام ئەوانە نەیشکاندوون و دەستەوەستان نەبووە، هیوای بە ژیان هەبووە، بەڵام ئەو جارە شتێکی ترە، زۆر جیاوازە.

کیژەکـــە _بـــە سســـتی_ ســـەیری شـــەپۆلی چـــرای ئۆتۆمبێلەکانی سەر شەقامەکەی دەکرد، بە چەند چرکەیەك، بەپەلەش، تاریکییەکەش دەڕەوێتەوە و ئاسۆیەکی شین سەر دەردەکات .

چ دەکەیت؟ هەموو شتەکانی ناو ژیانی سەبر سەبر رەش دەبن.

دەپرسێت چ بوو، هەموو شتەکانم بۆ گێڕایەوە؟! مەعقوڵە ئەوەم دەکرد؟ ئاخاوتنی دوو رۆژی رابردووی دێتەوە بیر، بۆ وا راشکاوانە قسەکانی بۆ کرد؟! لێی دەپاڕایەوە یارمەتی بدات بۆ بەرگە گرتنی ئەو هەموو کۆژانە. پاش ساتێکی کورت، دەچێتە لای سەلاجەکە، حەپێکی خەو و گلاسێك ئاو دەهێنێت. دەچێتە ســـەر ســـۆفاکە و رادەکێشـــێت، جانتاکـــەی دەکاتـــەوە، تێـــدا جزدانەکەی ئادریانیشی تێدا بوو.

******

ئادریان وێنەیەکی باوکی لەناو جزدانەکەی دانابوو، ئەو بە شێوازە عەرەبییەکەی، پیاوێکی جوان دیار بوو:

پێستێکی ئەسمەر، دوو چاوی رەشی زەق، قژێکی رەش، وەك ئـــەوەی چـــەور کرابێـــت دەبریقایـــەوە. هـــەرگیز دیمـــەنی کەسێکی توندکاری پێوە دیار نەبوو، پیاوێکی شەرمن و بەرێز دیار بوو، لە خوێندکارێك دەچوو، لەکاتی خۆی و بێ دواکەوتن، مانگانـــە کرێـــی شـــوقەکەی دابێـــت. ئادریـــان، جارێـــك وێنـــەی بنەماڵەکـــەیان لـــە لوبنـــانی پـــێ نیشـــان دابـــوو، خانووەکـــەی میلیشـــیاکان دەیســـووتێنن. خـــانووێکی گـــەورەی دروســـتکراو بـــە بەردی کۆن و دار، بەردەمەکەی قاڵا و بەرین؛ تێدا داپیر و باپیری لەبـەردەمی دانیشـتوون، سـەرکەش و ئـارام. وێنەیـەکی تـری بنەماڵەکەیان، لەناو مەتبەخەی خانووەکە. خێزانێك لە پیاو و ژن و منداڵ، لەسەر خوانێك دانیشتوون، نانی ئێوارە دەخۆن، وێنەی سێیەمیش، هەموویان بەیەکەوە لەناو ساڵۆنەکە کۆبونەتەوە، پێدەکەنن و سەیری تەلەفزیۆن دەکەن.

وێنەکان هەموویان پێش پەلاماردانەکە بوو، پێش کۆمەڵکوژی میلیشیاکەی بەردەوام ماندوو نەدەبوون لە کوشتنی خەڵك، خەڵکیان دەردەکرد، لەجیاتی ئەوان خەڵکی تریان دەهێنا و نیشـــتەجێیان دەکـــردن. کریســـتیانەکانیان لـــە گەڕەکـــەکانیان دەردەپەڕاند، خێزانی تریان دەهێنا، خانووەکانیان دەسووتاند،

کڵێساکەشیان سووتاند، خانووە گەورەکەی ناو گوندەکە، دەکەنە ماڵی گەورەی میلیشیاکەیان.
******
کەواتە؛ باوکەکە گابریل، لەودەمانە، پەیوەندی بە میلیشیا مەسیحییەکانەوە دەکات؛ تا تۆڵەی خێزانەکەی بکاتەوە. بەڵام تۆڵەکردنەوەکە لەناو دەریایەکی خەم و کەساسی دەیخنکێنێت، دەربازی نابێت، ژانەکەی تەواو نابێت، بۆیە مامی لە نەرویژەوە داوای لێ دەکات سەفەر بکات و دەربازی ببێت، لە میلیشیاکە دووربکەوێتەوە. پێی دەڵێت بۆ چاککردنەوەی رەوشت و رێزی یادی دایکوباوکت، کە لە ژیانیاندا کەسانی مەسیحی باش بوون، هەردووکیان بەرامبەر خوداش موبارك بوون، کورەکەیان ئەوەی لەناو خێزانەکەیان تەنیا بە زیندوویی ماوەتەوە، بۆ گەیاندنی فەزیلەت و کارکردن و دوورکەوتنەوە لە خراپە و دووبارەنەکردنەوەی، با دوور بکەوێتەوە.
بەڵام باوکی ئەدریان، سەرەتا ئەوە قبووڵ ناکات، کەڵەرەق و ملهور دەبێت، ئەگەرچی لەناخەوە رقی زۆری لە چالاکی و کارکردنی لەناو میلیشیاکە بوو. بەڵام دوایی، کە شەرمەزاری و کارەساتەکانی شەڕەکە زۆر دەبێت، بەرگە ناگرێت، بیر لەو راکردن و دەربازبوونە دەکاتەوە، دەیەوێ لە هەموو شتەکانی وڵاتەکە دوور بکەوێتەوە؛ تا ئاسوودەیەکی هەمیشەیی بدۆزێتەوە، دەگاتە ئۆسلۆ، لەوێش بەرەو ستۆکهۆلم. دیویست لە پەنا هەر کارێك بێت بشاردرێتەوە، دەیویست لە بیرەوەرییە کۆنە خەماوییەکانی رابردوو دەربازی بێت، کە بەردەوام ئازاری دەدا. دەیویست کارێك بکات، یان پەراوێز بژیت، تۆڵەکردنەوەکەی ناچاری دەکات بچێتە ناو میلیشیاکە، رۆحی دەرباز ناکات، بەپێچەوانە ئازاری دەدات، بۆیە هێواش هێواش هانای بەرەو دانپێدانان بۆ دەربازبوونی رۆح دەبرد، لە سزا و هەڵە و تاوانەکانی کە ئەنجامی داوە پاك ببێتەوە.
******
ئادریان دەبینێت، کە باوکی تەقە لە سینگی خۆی دەکات، ئەو وێنە بەژانە هەرگیز لە خەیاڵی جیانەدەبووەوە.
لەناو ئەلبومەکە دانیشتنێکی پرسەکەی تێدا بوو، جارێکیان سۆفی لە ماڵەکەی دەیبینێت؛ باوکە مردووەکەی دیارە قاتێکی رەشی لەناو تابوتەکە لەبەردابوو، تابوتەکە لەبەردەم مۆم و روخام، لە دیمەنێکی خەمگین و بێدەنگ و ملکەچی ناو ماڵەکە دانرابوو. لە وێنەکە دیارە، مردووەکە دوو چاوی داخراوی ئارامی

هەبووە، نمایشی ساتی مردنی گابریل جبوور دەکات. هەموو خەمبار، خەمێکی ئارام، بەڵام ئادریان دیارە خەمەکەی قوورس و بەژانە.

******

پاش مردنی باوکەکە، دایکی ئادریان سەرپەرشتی بازرگانی نێوان لوبنان و ستۆکهۆلم دەکات، لەوەدەمانە ئادریان هەست دەکات چارەنووسی ئەو بەندە بە مردنی باوکی. کارەساتەکە کاریگەرییەکی کوشندەی لەسەر دەنوێنێت، بەڵام نەیدەزانی کار لەسەر ژیانی دەکات، هەموو لایەنەکانی ژیانی. دایکی بەردەوام سەفەری بەیروتی دەکرد، زۆر دەڕۆیشت و ئەوی پشتگوێ خستبوو. لەسەر داوا و وەسیەتی باوکیشی، کوڕەکە دەنێرنە قوتابخانەیەکی ناوخۆی مەسیحی.

مەسەلەکە هەمووی بەیەکەوە ئاسان و سادە نەبوو. دیارە گونجان لەگەڵ کەشەکە بۆ ئەو، باش و زۆریش دیار بوو، دەیویست ببێتە قوتابییەکی باش، دیسپلینی خۆشدەویست، پابەندی هەموو یاسا توندەکانی ناو باڵەخانە بەردینەکە دەبێت، نوێژگەی بە پەیکەرە پیرۆزەکان و بۆنی مۆمەکان و یاسەمینەکان خۆشدەویست، بە سەعاتی زۆر لەوێ دەمایەوە، لەناو کۆلیدۆرە بەتاڵەکان و حەوشە بە سێبەرەکان. بەڵام ئەو لەوێ بێزار دەبێت، لە ژاوەژاوی خاکوخۆڵەکەی و بۆنی سالۆنەکانی خوێندن. لەبەر چاودێرییەکانی ژنە راهیبەکان را دەکات، لەناو ژوورە شاراوە دوورەکان خۆی دەشارێتەوە، لەناو پەیکەرە ئاینییەکان و فەرشە فڕێدراوەکان؛ تا چیرۆکە خەماوییەکان، چیرۆکی خێزانەکەی بەبیر خۆ بهێنێتەوە.

******

# ٢٤ی یولی

رۆژەکەم باش لەبیرە. تۆش لەبیرتە؟

دانیشتبووین، خوێدانەکە، هاونێکی بیبەر کوتان و گلاسێك شەراب و پاکێتێك کلینکس نێوانی دەکردین. لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، بێدەنگی دەیجوییم و قووتی دەدام. بەڵام ژاوەژاوەکە هەموو رێستورانتەکەشی قووتدابوو. نەتدەتوانی یارمەتییم بدەیت. لە پەنجەرەکانی رێستورانتەکەوە لێم دیار بوو، چۆن خۆری هاوینەکە دەگەیشتە سەنتەری شارەکە؛ گومبەتی کۆشکەکە و دیوارەکانی، ئەگەرچی رەنگیان بۆر و کزیش بوو، بەڵام هەر دەبریسکانەوە، نەرمی هەتاوەکە دەیلاواندنەوە.

"_ هەڵسە، با بڕۆین... بە منت گوت "رۆژەکە خۆشی کرد، دیارە خۆش دەبێت".

چاوەکانم دادەخەم، خاو دەبمەوە، فێر نەبووم بەردەوام ئاسوودە و ئارام بم.

"_ئەوە زۆرە هاوڕێیەکەم، "بە تۆم گوت". لەگەڵ ئەوەش نائومێد مەبە! رابردوو لە بیر مەکە و بیری لێ بکەرەوە... بەیەکەوە بڕۆن... ئەو تاکە هۆگری تۆیە... جانتاکە بە دەستت هەڵگرە، لەگەڵ رۆژەکانی رۆیشتن تۆش بڕۆ... شتە راستییەکان رۆیشت، ناگەڕێنەوە... ئەویش بیرەوەرییە، هاوڕێیەکەم، بیرکردنەوە شەو و رۆژ منی سەرقاڵکردووە، لەوەتی پێیەکانم هاویشتووتە ناو خاکی ئەوروپا".

******

لەودەمەوە هەستم کرد کەوتوومەتە، ناو فێڵێکی گەورە. بێدەنگییەکە فراوانتر دەبێت. دەستت درێژ دەکەیت، دەتەوێ ئاخاوتنەکەمان درێژ تر بێت. سەیری پەنجەکانت دەکەم کە گەمەیان بە ناو دەستم دەکرد، قسەت لەگەڵ دەکردم. پەیقەکانت منگەمنگ بوون. لەناکاو هەموو شتەکان ون بوون. لەگەڵ نەستی برینەکان، خاو بوومەوە، بێ وەستان دەگەڕامەوە رابردوو. پاش بێدەنگییەکی کورت، بە تۆم گوت:

"_شـتێك لـە ناخـەوە _هەنـدێ جـار_ پەریشـانم دەكـات بـۆ گەڕانەوەی نێوان خۆم و ژیانی رابردووم".
پاش گوێت لە قسەكانم بوو، دەستت لەسەر دەستم دانا.
"_ بوەسـتە...". لـە نـاوەوەم قیژانـدم، سـەیریشـم دەكـرد، بەردەوام چاوم لەناو چاوەكانت بوو...
ئیتر لەودەمەوە هەستم دەكرد نیگـەرانم، وەك دار لیمۆكـەی ناوەنـدی حەوشـەكە، لەبـەر هـەتاوی گـەرمی خۆرەكـەش وا دەتوێمەوە.

******

لەو دونیایـە گـەورە بـووم. ئـەو دونیایـەی ناتوانێـت مەزنـدەی وشكی و سیسبوونەكەی بكەیت. زمـانی سـۆز _بەیـەكجاری_ لە گوندەكەمان نەمابوو، وشـە گەشـەكانی خۆشەویسـتی كـە بەكارماندەهێنا بەیەكجاری سیس بوون، چیتـر بەكـەڵك پـەیڤین نـەمان. لـەجیاتی ئەوانـە وشـەی تونـد پەیـدابوون، وشـەكانی راستەوخۆ بەرەو مردنی دەبردن وەك: كافر، بتپەرست، مورتەد.
زمانــە ســۆزدارە ناســكەكەی خەڵكەكــە پێــی دەپــەیڤین، توندڕەوەكان دەیكـەن بـە خۆڵـەمێش. ئـەوەی لـەناو گونـدەكانی وڵاتەكــە، بــە هــەر چــواردەورەی بــڕوات، لەودەمانــە گونــدە لەبیركراوەكان، ببوون بە پیسایی و گوو، ئـەوەش تاكـە ئامـاژەی مانەوەی مرۆڤ مابوو.
لەگـەڵ ئـەوەش، وەك هـەموو كیژێكـی سـەر ئـەو زەوییـە، خـەونم بـە خۆشـەویسـتی دەبینـی. ئیتـر، لـە تەمـەنی حەڤـدە ساڵییەوە خۆشـەویستم كردووە. ئەوەش پاش ونبوونی بـاوكم و مردنــی رازی، مــن و دایكــم بەتــەنیا ماینــەوە، بەتــەنیا لــەناو ماڵەكەمان، وەك دوو خوشك بـووین، ئـەوەش مانـای ئـەوە نییـە یەكبووین، بەڵام دایكمم بە نیگایـەكی تـر دەبینـی. لـەو دونیایـە كەسـی ترم نەبوو. ئەویش لەگەڵ من دەگۆڕێت.
مـن بـۆ ئـەو ببوومـە گوڵێـك بـە رووی ئاسـمان، دەبوایـە مـن بپارێزێت، لە هەموو رووناكییـەكی گـەش، لـە هـەموو باهۆزێـك. ئەو كۆششـی دەكرد بەرپەرچی هەموو چاوە زیتـەكان بداتـەوە، ئەوانــەی لەســەر رێگاكــانیش ســەیریان دەكــردم. هاوكــات، ئامۆژگاری دەكردم چ بكەم، تا سەرنجی پیاوان رابكێشم.
پـەرۆش و شـەیدای ئـەڤین بـووم، دەمزانـی جەسـتەم وەك سـەندووقێكی مـۆركراوی داخـراو بـوو. كـە گەنجینەیـەكی نـاز و هەست و خۆشـی بێ سنووری تێدایـە. مـن و دایكـم، وەك دوو

ژنی هـەتیو دەژیـاین، لـەناوماڵەکـە میراتـە سـادە کەمەکـەمان دەخـوارد، بـەوەش دەژیـاین، بـێ کـار و پیشـە بـووین. دایکـم نەدەهاتـە نـاو بازنـەی ویسـت و سـۆزەکانم، سـۆزە گەرمـە باشـەکەی بەرامبـەر مـن هـەر مـابوو، بـەڵام بـە هـەمان زمـانی جاران منی دەدواند، بۆ داڕشتنی ئامۆژگارییە بێ سوودەکانی.

رۆژێکیان، هەستم بەوە کردبوو، وا خۆشـەویسـتی لـێم نزیـك دەبێتەوە، یەکێك لـە چەکـدارەکانم خۆشـویسـت، کوڕەکـە نـاوی "ریـاز" بـوو، بـۆ پرسـەکردن رۆژێکیـان هـاتبووە ماڵمـان، هـاتبووە سـەرەخۆشـی مردنی رازی مێردی لە دایکم بکات، ئەویش تاکـە کـەس بـوو لـە توندڕەوە چەکـدارەکان بـۆ پرسـەکەمان هـاتبوو. چونکە رازی بەوە ناسرابوو، کەسێکی مەستە، ئەوەش بۆ ئەوان مایـەی رەحـم و دڵۆڤـانی نییـە، داواشـیان کـرد بـێ پرسـە و دانیشتن بینێژن.

کـوڕە گەنجەکـە بەرامبـەر دایکـم دادەنیشـێت، چاوەکـانی ئاراسـتەی مـن دەکـرد، مـن چەنـدان جـار ئـەوم دیبـوو، لـەناو گۆڕەپـانی شـارەکە، بـە چەکـەوە ئـەوم دیبـوو، گـەنجێك، _بەردەوام_ لەپشت بەرپرسەکان دەوەستا.

بـەر لـە پەیـدابوونی چەکـدارەکان لـەناو شـارەکەمان، دەمناسـی، لەبەر دەرگاکەمان دەڕۆیشـت، جانتـای قوتابخانـەی لە پشت بوو. جلی جوانی لەبەردابوو، چاکێتێکی شینی کورت، یەخە پانەکەی دەهاتەوە سەرشانی، پانتۆڵەکەشی لە هـەمان رەنگ بوو. بزەی دەکرد و دەڕۆیشت، سڵاوی لـە خـەڵك دەکـرد، لـە هـەموو شـوێنێك بـەرێز دەردەکـەوت. هاوینـان، لـە پشـووی هاوینان هەموو ئیشێکی دەکرد، شیرینی یانسۆنی دەفرۆشـتە منداڵان، یان فەردەیەکی بەکۆڵ بوو، لەناو مـاڵان دەسـوڕایەوە و فیشـەکی یـاری دەفرۆشـت، بـەوەش دەناسـرا، قەڵـەمی فسـفۆری شـەوانە روونـاك دادەگیرسـا، دەفرۆشـت، پـاش ئیشـکردنیش؛ لەسـەر دیوارەکـان وێنـەی رەنگـاورەنگی دەنەخشاند.

کوڕەکـە خـەڵکی گوندەکـەمان بـوو، لـە چەکـدارە نەناسراوەکانیش نەبوو، ئەوانـەی گوندەکـە و شـارە نزیکەکـەی ئێمەیان داگیرکرد، بەڵام هاوکاری کردبوون، جۆرێك لە پارێزگـاری بۆ دەنواندن، پەیوەندییشیان پێوە دەکات. بە رەنـگ و روخسـاری گـۆڕا بـوو، بـەڵام لـەرووی کەسـایەتی هێشـتا ئاکـارە بەستەزمانییەکەی مابوو.

مەبەستم ئاکاری دەرەوەی بوو، بۆ نمونە جلوبەرگی: پانتۆڵ و قەمیسەکەی زووتر لەبەری دەکرد، فڕێ دەدات. عەبایەك لەبەر دەکات و کڵاوێکی سەیریش لەسەر دەکات. ریش بەردەداتەوە، بەڵام ریشەکەی بریتی بوو لە چەند داوە مووێکی پەرتەوازە، لەسەر رووە سپییە کزەکەی، هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە بیست ساڵ.

چیرۆکی ئەو لەگەڵ چەکدارەکان کەمێکیش نامۆ بوو، بەشداری شەڕە جنێوەکانی نەدەکرد، جنێوی بە هاوڕێیەکانی نەدەدا، هەمووش دەیانزانی کوڕێکی کەمێك نامۆیە، کاری منداڵانە دەکات، ئەگەرچی تەمەنی هەرزەکاری بڕیبوو. چەکدارەکان شارەکەشیان گرتبوو، ئەو وەك خەڵکەکە پەیوەندییان پێوە ناکات، لێیان دوور دەکەوێتەوە، بێباك و دوورەپەرێز دەبێت و بێزارییش دەرناپڕێت، وایدەزانی ئەوان بوونیان هەر نییە. بە نیگا و ڕوانینەکانی دەردەکەوت کەسێکی خەوینە، لەو جیهانە نەدەژیا، خەیاڵی لە جیهانێکی تر بوو.

لە ماڵەوەش دەچووە دەرەوە، خانووەکەیان لەوانە بوو، هاوینان پەنجەرەکانیان بەڕووی دەرەوە دەکرانەوە. ئەگەرچی چەکدارەکان هاوتوچۆی شەوانەیان قەدەغەکردبوو، بەیەکجاری قەدەغە بوو. لە ماڵەکەیان دوور دەکەوێتەوە، ئەو دەچێتە شوێنێك، هەموو خەڵکەکە لە پەنجەرەکانیانەوە دەیانبینی، بە قەڵەمی فسفۆر لەسەر پارچە کارتۆن، دەستی دەکرد بە وێنەکێشانی جۆرەها شێوەی ڕەنگاورەنگی پشیلە، پشیلە و جۆرەها ئاژەڵی تر، وێنەکانی لەسەر شۆستەکە ریز دەکرد، لە دوورەوە کە تریفەی مانگیان بەردەکەوت، وێنەکان دەبریسکانەوە، هێواش هێواش گەمەی کوڕەکە لەناو گوندەکە دەبێتە دەنگوباسی هەموو لایەك، کیژ و کوڕەکانی گوندەکەمان، ئەوانەی لە تەمەنی من بوون، دەچوونە سەربانەکانیان، یان لە پەنجەرەکانیانەوە؛ سەیری گەمە فسفۆرییەکانی ئەویان دەکرد، بەوەش دەبێتە کەسایەتییەکی زۆر ناسراوی ناو گوندەکە. هەر بەو خولیایە منداڵانییە، کوڕەکە لە گوندەکە و لەناو شارەکە باش دەناسرێت. ڕۆژێکیان کۆلارەیەکی کاغەز دروست دەکات، بە قەڵەمی فسفۆر دەینەخشێنێت، دەیفڕێنێت، کۆلارەکە بە کلك و ڕەنگە فسفۆرییەکەی دەبریسکێتەوە، چەکدارەکان لە گەمەکانی تێدەگەن، وادەزانن ئەو گەمە فسفۆرییانە جۆرێکە لە

ریکلامی دژ بە بوونی ئەوان، بڕیار دەدەن سـزای بـدەن. بـۆ بـەو جۆرە بیر لەو کوڕە دەکەنەوە؟ کەس نەیدەزانی.

لـەناکاو چەکـدارێکی زۆر بــە چەنــدان ئوتۆمبێلــەوە دەگەنــە ناوچەکە، ڕێگاکان دەگرن، پەلاماری ماڵـەکان دەدەن، بەتایبـەتی ئـەو ماڵانـەی پەنجـەرەکانیان بـەرووی شــەقامەکە دەکرایـەوە. چەند منداڵێکی بچووك رادەگرن، پرسـیاریان لـێ دەکـەن، لـەوە تێدەگــەن ریــاز ئــەو جــۆرە وێنانــە دەکــات. لەبــەردەم ماڵێــك دەوەســتن، رووناکی فســفۆرەکان دەبیـنن، دەدرەوشــایەوە. کەمێك دەوەستن؛ بزانن چ روودەدات، چەند دەقەیەك بوو ریاز لە خەو هەڵسابوو، نیوەڕۆیان دەخەوت، کوڕەکە دەگاتە بەر دەرگای ماڵەکەیان، ئەو پانتۆڵێکی جینز و تیشـێرتێکی سـووری لەبـەردا بوو، ئەو جۆرە جلوبەرگەش لەلایەن چەکدارەکان قەدەغەکرا بوو، ئەو لـە خـانوویێکی دوو نهـۆمی جـوان دەژیـا، بـاوکی لـەناو بـازاڕ بارزگان بوو، لەگـەڵ دایکـە جوانەکـەی لـەو ماڵـە دەژیـا. ریـاز لـە جیهانێکی تر دەژیـا، ئاگـاداری ئـەو گۆڕانکارییانـەی نـاو گوندەکـە نەبوو، بایەخی تەنیا بە رەنگ و قەڵەم و وێنەکانی دەدا.

کە ئەو لە ماڵەوە دەردەچێت، چەکدارەکان یەکسـەر پەلاماری دەدەن، لەوانە یەکێکیان پیاوێکی کەلەگەتی ئاکار ناشیرین، توند دەیگرێـت. بـە داران دەکەونـە سـەری، لـە پشــتی دەدەن، لـە باســکەکانی، ســەر و ملــی دەکــوتن، خــوێن لــە لــووتی و لــە کەللەســەری و هــەردوو باســکە بەســتراوەکەی دێــت. لەگــەڵ ئەوەش هەر بەپێوە مابوو، لەســەر ســەر دەســووڕا، منگـەمنگی بـوو. چەکـدارەکان لـە هـەردوو قـاچی دەدەن، دەکەوێتـە ســەر زەوی. ئینجا دەکەونە سەر گیانی، دارکاری دەکـەن، بـە هـەموو هێزیــان لێیــدەدەن، هــەســتم دەکــرد گــوێم لــە شــکانی ئێســقانەکانی دەبـوو. جنێویـان پێـی دەدا. یـەکێکیان بەتونـدی شەقی لە سکی دەدا، لە دەموچاوی دەدا.

پاش ئەوەی لەسەر شۆستەکە دەکەوێت جێیدەهێڵن، خوێن لـە هـەموو گیـانی دەهـات، هـەموو جەســتەی زامـدار بـوو، دەبورێتـەوە، ناڵـەناڵی بـوو. ئێمـە، منداڵـەکان؛ هـەمووان بـۆی دەگریاین، چونکە ئەو تاکە کـەس بـوو ژیـانی رەنگـین دەکـردین، ئەو ژیانەی چەکدارەکان رەشپۆشیان کردبوو.

******

ریاز زۆرتر لە مانگێـك لـە ماڵـەوە خـۆی دەشـارێتەوە، هـەموو وێنە رەنگینەکانی شــەوە تاریکـەکانی رووناك دەکـردەوە، نـەما،

چیتر نەماندەبینی، وێنەکانی دیار نەبوون. یەکەمجار کە دەرکەوتەوە، لەسەر سەکۆی ماڵەکەیان دادەنیشیت، برین و زامەکانی پێچرابوونەوە. پاش دوو مانگ چاك دەبێتەوە. پاش ئەوەی هەڵدەستێتەوە، دەچێتە کن چەکدارەکان و پێیان دەڵێت ئامادەم هەموو هاوکارییەکتان بکەم، ئەگەرچی ئەو سوودیشی نەبوو، بەکەلك شەڕ و توندڕەوییەکان نەدەهات، بەڵام سوودی هەبووە؛ لافیتەیان بۆ بنووسێت، فەتوان و فەرمانیان بۆ بنووسێتەوە. بەڵام ئەو وەك خۆی مابوو، ئەگەرچی گۆڕانی زۆری بەسەر جلوبەرگەکانی هاتبوو، ریشی بە شێوەیەکی گاڵتەجاریش دانابوو.

******

ریاز خەمبار بەرامبەر دایکم دانیشتبوو. شێوەی ئەوم بەبیردەهاتە کە خۆی لەسەر وێنەکان لەسەر شۆستەکە دەچەماندەوە، کە بە قەڵەمە فسفۆرەکانی کارتۆنەکان دەنەخشاند. لەناو تاریکی رەنگ و جەستەی دەرەوشاوەیی ئاژەڵەکانی دەردەخست، چەکدارەکان ژیانیان کردبووە عەدەم، ئەو دەیبوژاندەوە.

ئەو گەنجێکی ئاکار گەشاوە بوو، قەد زراڤ، شان پان و گەورە و دوو چاوی کراوەی فڕینی هەبوو.

بە دزی سەیرم دەکرد، چاوەکانی دەکردەوە، وەك ئاو، بزەیەك لەنێوان لێوەکانی هەڵدەقوڵا. شەرمم دەکرد، دەستم لەسەر دەمم دادەنا؛ تا قاقای پێکەنینەکەی بێ ویستی خۆم دەردەچوو، بشارمەوە. فستانێکی سووری دڕاوم لەبەردابوو، بەشە دڕاوەکانم لەبن پێیەکانم شاردبووەوە. ئەو قسەی لەگەڵ دایکم دەکرد و لەوەدەمانەش بە نیگای ناسك سەیری دەکردم.

لەو چرکەساتەدا، هەستم بۆی دەجولێت. هەستم بە هۆگرییەکی بەجۆش کرد، ئەوەش هەموو جەستەی داگیرکردم، بەڵام دایکم دیمەنەکە دەپچڕێنێت، کە پێم دەڵێت چایەکی بۆ ساز بکە، بەپەلە و بەراکردن دەچمە مەتبەخەکە، لەبەر خۆمەوە دەمگوت:

"بۆ خۆت ئەو چایە ئامادە ناکەیت، دایکە بۆ، من بەتەنیا لەلای ئەو کوڕە جێناهێڵیت؟".

******

بە شلەژانەوە چام بۆ لێ دەنا.

ئاوم لەناو چایەپەستەکە کرد، بێ ئەوەی تۆچای تێ بکەم، ئاگرەکەم کردەوە، لەگەڵ ئەوەش پەنجەیەکم داخکرد. دوایی زانیم تۆچام تێ نەکردووە، تۆچام تێکرد، دیارە ئاوەکە زۆرتر دەیێت و هەڵدەچێت.

لەبەر شپرزەیی خۆم، چایەکەم هەڵچوو... هەمووم رووکردە ناو مەغسلەکە.

دووبارە چایەکم لەناو کترییەکە کرد، ئاوم تێ کردەوە، بەڵام بە ئاستێکی مەعقوڵ، لەسەر ئاگرەکەم دانایەوە، بەپەلە گەڕامەوە؛ لەتەنیشت دایکم دانیشتمەوە، شان بەشانی دانیشتم، سەیری ئەویشم دەکرد. ئەویش لەلایەن خۆییەوە، هەستی بە ستایشێکی زۆر دەکرد، رێز و شانازی، بەرامبەر دایکم بە ویقار قسەی دەکرد، بزەی بۆ دەکرد، ماوەماوە بۆ منیش بزەیەکی دەکرد.

******

دوایی لەو دەزانم، ئەو وادەزانێت هۆشمەندی، بەردەوام لە ژنان بەرهەڤ دەبێت، باوکە بازرگانە ناسراوەکەی نەخۆشییەکی سەیر دەگرێت، دەمرێت. هیچ بۆ دایکی جێناهێڵێت. بەڵام خاتوونی ماڵەکە تەسلیمی ئەو قەدەرە نابێت. لە بازار دەست دەکاتەوە بە کارکردن، وەك سەوزەفرۆش، بەیانی زوو دەردەچوو، ئێوارەکان دەگەڕایەوە. بەوەیان ژنەکە نەك خۆی، بەڵکو ریازی کوڕیشی لە برسیەتی دەرباز دەکات، لە هەژاری دەربازیان دەبێت. کوڕەکە لە ئیشکردن و ماندووبوون دەرباز دەکات. کوڕەکە ناچار نەبووە ئیش بکات، پەرۆشی کاردۆزینەوە بێت، کە دەچێتە ناو چەکدارەکان مەبەستی پارە نەبووە، دەچێتە ناو ریزەکانیان؛ تا لە بەدکارییەکانیان خۆی بپارێزێت، کێشەی بۆ نەخوڵقێنن. بۆ سامان و دەسکەوت لەگەڵیان نەبووە، ئەوانە، وەك دوایی خۆی بۆی گێڕامەوە، هەرگیز بیری لەوانە نەکردوتەوە.

ئەو رۆژە ریاز ماڵئاوایی دەکات و لە ماڵەکەمان دەڕوات، هەستم دەکرد، دایکم، ماندووە، دەیویست بچێتە ژوورەکەی و پشووێك بدات. بەڵام _بە مۆنی_ و _ بە تی چاوێکی_ گوتی کوڕێکی باش بوو. ویستی نکۆلیش بکات، بەڵام هەموو شتەکان بەروونی دیار بوو. پاشان؛ ویستی نیگای لە شتێکی باڵکێش بکات، پێم گوت:

"دەزانی بۆ دانیشتنمان بەیەکەوە مەرجی حیجابی دانەنا. وەك رۆژانی پێش هاتنی ئەو چەکدارانە بەیەکەوە دانیشتین،

قسـەمان دەكـرد و ئێمـەش لەگـەڵ كـوڕان يارييشـمان دەكـرد، پێدەكەنين".
"_ڕاسـت دەكـەيت... هيـوادارام بـە كـاركردنى لەگـەڵ ئـەوان تێكنەچێت، نەيگۆڕن، لە ئايندە پيسـى نەكەن".
"_پڕوا ناكەم".

******

ســێ رۆژ بــوو، پــەرۆش بــووم، دەمويســت هــەواڵى بــزانم. نەمـدەزانى چـۆن دەتـوانم دووبـارە ببينمـەوە و قسـەى لەگـەڵ بكەم. بـەو چەنـد سـاتەى لـە ماڵـەوە بەيەكـەوە لەگـەڵ دايكـم ميوانمان بوو، سيحراوى ببووم، گومانم نييە كوڕەكـە لەبـەر مـن هاتبوو، بۆ بير لە سـەردانى ئێمە دەكاتە؟
هـەرگيز پڕواناكـەم _تـەنيا_ لەبـەر سـەرەخۆشـى لـە دايكـم هاتبێـت، لەبـەر مردنـى ڕازى مێـردى. لـە نـاوەوەم، دەمويسـت بڵێم، لەبەر من هاتووە، بەڵام؛ چۆن ئەوە بزانم؟.
لەگەڵ ئـەوەش، گومـانم هـەبوو، لـە نـاوەوەم بيريشـم لـەوە دەكردەوە، رەنگە وا بێت، تـەنيا بـۆ ئـەوە هـاتووە، ئـەو بـە گەمـە منداڵييـەكانى ناسـرابوو. بـەوە ناسـرابوو، مەبەسـتى هيچـى نەبووە، ئەگەر سـەردانى ماڵێـك بكـات، هـاتووە و مەبەسـتێكى هـەبووە، كـە كەسـى عاقـڵ دركـى پـێ ناكـات و شـرۆڤەى بـۆ نەيێت، وەك ئەو مەبەستانەى رۆژانە لەسـەر ديوارەكـان جۆرەهـا وێنـەى دروسـت دەكـرد، بـە قەڵەمـە فسـفۆرەكەى هـەموو شـوێنێكى دەنەخشـاند. ئـەو لـەو جـۆرە كەسـانە بـوو! هـەموو خـەڵكى گوندەكـەمان ئـەوەيان دەزانـى، بـەو شـێوەيە باسـيان كردبوو. قسـەى لـەو جۆرەيـان بـۆ هەڵدەبەسـتا، _زۆرجـار_ ئـەو كردەوەى بەستەزمانانەى منداڵانەى دەنواند، هەر ئـەوە بـووە و بەس، بەڵام؛ چۆن مەبەستەكانى بزانم و تێبگەم؟.
لەگەڵ ئەوەش، فێڵـێكم بـۆ دەرچـوونم لـە ماڵـەوە دۆزييـەوە، بازاڕكردن، بەڵام؛ راستييەكەى، مەبەستم كڕينـى هـيچ نـەبوو، هـەرگيز ئـەو ئـارەزووەم نـەبوو، ئـەوەش دەبێتـە بيانوێـك، يـان هەنجەتێك، تا بتوانم پەيوەندييەكى پێوە بكەم.
"_ دايكە، دەمەوێ لەجياتى تۆ بچمە بازاڕ؟".
"_ نەخێر، ناچيت، لێت دەترسم".
"_ دايكە، لەچى دەترسيت".
"_ كيژم تۆ گەورە بوويت، لێت دەترسـم... دونيـا ئاسـوودەيى تێدا نييە".

"_ تـۆ، لـە چـی مـن دەترسـیت؟! چـۆن دەمناسـن، لـەژێر نیقابەکەم چۆن دەمناسن؟!
"_ بەدڵنیاییـەوە، دەزانـن... ڕۆیشـتنی کیـژی جحێـل وەك هەنگاوی ژنی بەتەمەن نییە".
"_ چ دەکـەن؟ بـا بـزانن. سـەدان کیـژ بـەدەرەوەن، لـەناو شەقامەکان دەسووڕێنەوە، من تاکە کیژ نیم بەدەرەوە بم".
"_ کیـژم تـۆ نازانیـت چ جـۆرە مەترسـییەك دەوری داویـت، نازانیت... بێدەنگ بە".
_"مامـا، ئـازارم مـەدە، دەڵـێم دەڕۆم دەڕۆم، بەپەلـە دەڕۆم و دەگەڕێمەوە، بەحەق، هەست لە نیگای کەسیش ناناگرم".
"_بەو خودایە، کیژم، لێت دەترسم".
"_ دایکە وا مەبە، دایکە، مەسەلەکە ئەوەی پێویست نییە".
"_ نەخێر... نەخێر...".
"_ دایکە، بەو جۆرە مەبە... دەمـەوێ کـەمێك بچمـە دەرەوە؛ چونکە من _بە سادەیی_ لە دانیشتنی ناو ماڵە و بەردەوامیش بێزار بووم".
دایکم بێدەنگ دەبێت، مات دەبێت، هەستم بەوە کرد کەمێك شـلی کـردووە. منـیش تەسـلیمی نـەدەبووم، زۆرتـر پێـداگرییم دەکرد:
"_ دەی بەو خودایە، دایکە، ئەوەندە توند مەبە".
"_ باشـە، بڕۆ، بەڵام؛ بەپەلە دەگەڕێیتەوە".
"_ بێگومان... بێگومان".
"_ ئەوە باش بزانە، تۆ دوابکەویت، دڵم دەوەستێت و دەمرم".
"_ دواناکەوم...".

******

بە فێڵی بازاڕ لە ماڵ دەرچووم. سـەعات نزیکـەی یـازدە، یـان نیوەڕۆ بوو، دروست سەعاتەکەم لەبیرنەماوە. بەڵام؛ دەزانم لەو سەعاتە دروست بە بەر دەرگایان ڕەتبووم، چەند دڵتـەنگ بـووم، کە ئەوم لەبـەر دەرگـا، یـان لەسـەر شـەقامەکە نـەبینی. ئیتـر، نەچوومـە بـازاڕ لـەناو کۆڵانـەکانی گوندەکـە لـەو دەگـەڕام، بەڕێکەوت ببینم، بەڵام؛ سوودی نەبوو.
چوومـە بـازاڕ، ڕاسـپاردەکانی دایکـم جێبـەجێ کـرد، زۆریـش خـەمبار بـووم. لەسـەر ڕێگـای گەڕانـەوەش، گـوتم سـەرێك لـە ماڵەکەیان دەدەم، لێی دەپرسـم. ئـەوەش بڕیارێـك بـوو، لەگـەڵ

خۆم کردم، ئەگەرچی شێتانەش بوو. لەبەر خۆم گوتم، ئـەوەش دەکەم، چ دەبێ با ببێت، ئەوە دەکەم.

داوای قەڵـەمێکی فسـفۆری جـوانی لـێ دەکـەم، لەوانـەی باوکی بەر لە مردنی لە پایتەخت بـۆی کڕیبـوو. شـتێك دەکـەم، بیانوویێك دەدۆزمەوە، بێگومـان، زۆریـش دڵنیـابووم هـاتنی ئـەو و سـەردانەکەی بۆ ماڵەوەمان لەبەر من بـووە، بـۆ پرسـەی دایکـم نەبووە.

شتێك لەدڵەوە ئەوەی پێ دەگـوتم. زۆریـش لـەوە دڵنیـابووم. کە قسـەی لەگەڵ دایکم دەکرد، بزە و ڕووخۆشـەکەی ڤاڵا نەبوو. بـێ هۆکـار نـەبوو، ئـەوە دەزانـم، دەتـوانم قـووڵایی لـەناو دڵـم هەست پێ بکەم.

گەیشتمە شـەقامەکەیان، بە هەنگاوی دروسـت دەڕۆیشـتم، خـاو نەدەبوومـەوە. بـەر لـەوەی بگەمـە نزیـك ماڵەکـەیان، لـە دوورەوە بینـــیم لەســـەر ســـەکۆی دەرگاکـــەیان دانیشـــتووە. نیقابەکەم لەسـەر ڕووم هـەڵگرت؛ بـۆ ئـەوەی بمناسـێتەوە. کـە منی بینـی، شـلەژا. نیقابەکـەم هێنایـەوە خـوارەوە، بـەرەو ئـەو ڕۆیشـتم. لە شوێنی خۆی هەڵسایەوە، بزەیەکی کرد، دەستی بـۆم ڕاوەشـاند. بـەڵام نـەیتوانی قسـەم لەگـەڵ بکـات. منـیش لەلایەن خۆمەوە، زۆر کامەران بووم، گەشـامەوە، بۆ بزە، دەست هەڵشـەقاندنەکەی. دەبوایە بیانوویێك بۆ نزیکبوونەوەی بدۆزمەوە، بـۆ قسـەکردن. لێـی نزیـك کەوتمـەوە، لەبـەردەم دەرگاکـەیان وەسـتام. بـەڕوویێکی خـۆش و بـەراکردن بـۆم هـات، دەسـتی کوشیم. هەر بزەی لەسـەر لێوان بوو، قسـەی نەکرد.

"_ بێ ئەوەی هیچ وشـەیەك بڵێم". پێم گوت.

دەمی تێکئاڵا. بێ ئەوەی قسە بکات، ڕاوەسـتا. پـەرۆش بـوو قسـەیەك بدۆزێتەوە و قسـەیەك بکات، هیچی نەدۆزییەوە.

"_ نازانم، لە بەرامبەر تۆ قسـەکانم دەڕەونەوە و نامینێن".

"_ بۆ؟".

"_ نازانم... وشـەیەك بۆ پەیقین لەگەڵ تۆ نادۆزمەوە...".

"_ باشـە، نامەیەك بنووسـە".

"_ نامەیەکت بۆ دەنووسـم".

دوورکەوتمەوە، ڕۆیشـتم.

******

دووبارە بەیانییش داوام لە دایکم کرد بچمەوە بازاڕ. ئەو گوتی کیـژم هیچمـان نـاوێ، مـن گـوتم، بـەڵام مـن، دایکـە پێویسـتم

پێیەتی، دەمەوێ چەند قۆچپەیەك بۆ قەمیسەکەم بکڕم، دوو ڕۆژە پچڕاون.

"_ ناکرێ بڕۆیت، دوایی و جارێکی تر، بۆت نییە هەموو ڕۆژێك بچیتە دەرەوە".

"_ دایکە، دەمەوێ ئیمڕۆ بچمە دەرەوە".

دایکم بواریدا، بچمە بازاڕ، بەڵام نەڕۆیشتم، بە غاردان، بەرەو ماڵیان ڕۆیشتم. ئەو لەبەر دەرگاکە دانیشتبوو، فستقی دەخوارد. کە منی بینی، قاپە فستقەکەی لەتەنیشت خۆی دانا، بەرەو من بەڕاکردن هات. لەبەردەمی وەستام، یەکسەر پرسیاری نامەکەم لێی کرد. ئەو گوتی نامەکەم نەنووسیوە، چونکە زۆر بیرم لێی کردەوە، نازانم چ بنووسم. گوتی دەنووسم، خۆم بۆت دەهێنم. بەڵام من خەمگین بووم.

دڵگران جێمهێشت، خەمبار، یەکەم لەبەر ئەوەی نامەکەی نەنووسیبوو، وەك چۆن بەڵێنی دابوو، دووەمیش دەبوایە چاوەڕوانی ئەو بکەم. ڕەنگە زۆر چاوەڕوانی بکەم، ڕەنگە هەر نەینووسێت. کە گەڕامەوە دایکم بەو گەڕانەوەیە بەپەلەیەی من سەرسام بوو، پرسی:

"بۆ نەچوویتە بازاڕ؟".

گوتم دایکە بیرم گۆڕی، تاقەتی قسەکردنم نەبوو، ئارەزووی ئەوەم نەبوو.

بەڵام دایکم بڕوای بە قسەکەم نەکرد، چونکە منی خەمبار و کز دەبینی، بەڵام هیچی نەپرسی. لەجیاتی ئەوەی بپرسێت، لە ژوورەکە چووە دەرەوە. لەبەر خۆم گوتم ئیشێکی باشی کرد کە ڕۆیشت. چونکە ئارەزووم نەبوو لەگەڵ کەس هیچ بڵێم. ئەگەر پرسیاریشی کردبوایە، تێدەکەوتم، چ بڵێم. بێ نانخواردن، چوومە ژوورەکە، خەوم لێکەوت. ئێوارەکەی لەبن دەرگاکەمان زەرفێکم دۆزییەوە، زۆر دڵشاد بووم.

بە دوو دەستی لەرزۆکەوە نامەکە شکاند، نامەکە دڵداری بوو، وەك مەزندەم دەکرد. ئەوە یەکەم نامەیە لە ژیانم دەیخوێنمەوە. یەکەم وشەی جوان، تایبەت بە من، لە پیاوێك دەبیستم. پیاوەکە گوتبووی خۆشمدەوێت، دەمەوێ لە دایکت بتخوازم، پاش دوو ڕۆژی تر، لەگەڵ دایکم قسەم کرد، پێم گوت:

"_ دەزانی نامەی بۆم نووسیوە؟".

"_ بەڕاست، نامەکەم بینی".

"_ چۆن بینیت؟ دیارە جاسووسییم لەسەر دەکەیت؟".

"_ نەخێر، بەڵام تۆ لە شوێنێکی بەرچاوت دانابوو، تا من بیبینم".

"_ ئا، راستە، تۆ نەفرەتی... بەڵام؛ پێم بڵی: تۆ چ دەڵێیت، رات لەسەر ئەو چییە؟".

"_ مەسەلەکە تایبەتە بە خۆت... ئەگەر بۆی پەرۆشی، من بەوەیان کامەران دەبم".

******

پاش دوو هەفتە لە نامەگۆرینەکەمان کورەکە هاتە داخوازییم. دایکم رازی بوو. چاوەروانی کرد تا بەرپرسی چەکدارەکان لەسەر هاوسەرگیرییەکەمان رەزامەندی بکات. بەڵام؛ وەڵام نەبوو. لە نائومێدی دەتلایەوە. رۆژێکیان، تفەنگەکەی دەکاتە شانی، بۆ دۆزینەوەی بەرپرسەکەیان دەروات. زۆر بەدوای وێل دەبێت، ناوچەکە دەپشکنێت، دوایی لەژێر سێبەرێك دەیدۆزێتەوە، لەوێ ئازاری یەکێکی دەدا لە شارێکی ترەوە هێنابوویان. هاتبوو؛ لە شارەکەمان سەردانی خزمێکی بکات، گومانی لێ کردبوو جاسووس بێت. لەبەر دەمی دەوەستێت، لەنێوان هەردوو قاچەکانی، چەکەکەی دادەنێت و لێی دەپارێتەوە لەگەڵی بێتەوە. سەرکردەکە چاکێتەکەی هەڵدەگرێت، لەبەری دەکات، گیراوەکەش دەداتە یەکێکی تر، یشماغەکەی لەسەر شانی دادەنێت، بێدەنگ، سەردەکەوێتە ناو ئۆتۆمبێلەکەی. بەرەو سەنتەری شارەکە لێدەخورێت. بەدرێژایی رێگاکە هیچ قسەیەك ناکەن و دەمیان ناکەنەوە. پاش دوو رۆژ، رەزامەندییەکە دەردەچێت، پریاری هاوسەرگیرییەکە دەدەن.

******

پاش هاوسەرگیرییەکە لەگەڵ دایکی لەناو ماڵەکەیان دەژیاین. خۆش و باش دەمانگوزەراند. لەوێ رۆژگارەکەم خۆش بوو، دایکی لە بازاری سەوزە کاری دەکرد، خواردنی خۆشی بۆمان لێدەنا، جۆرەها سەوزەی دەکردە خواردن. ئەویش ژنێکی رووخۆش بوو، دڵی بە هاوسەرگیری کورە گەنجەکەی خۆش بوو. ژنەکە دڵی خۆش دەبوو کە ئێمەی بەیەکەوە دەبینی، بەردەوام بەو دیمەنە دڵی دەکرایەوە، بەسۆزەوە چاودێری دەکرین، ئێمەش بەیەکەوە هاوشان لەسەر کەرەوێتەکەی نا سالۆنەکە دادەنیشتین. کورەکەش کارتۆنی لە دەست بوو، بە

قەڵەمە فسفۆرەکە وێنەی بۆ هەموو ئاژەڵەکانی چواردەورەی دروستدەکرد، مراوی، سەگ، پشیلە، حوشتر، زەرافە...
ئەگەرچی شارەکە کەوتبووە ناو دەریایەك خەم و کەساسی، بەڵام من هەستم بە ئاسوودەیی و سەربەستی دەکرد. هەموو شتێکمان بەیەکەوە دەکرد، دەچووینە سەنتەری شارەکە؛ کەلوپەلەکانمان بکڕین، لە باخچەکەی پشتەوەمان جۆرەها سەوزە و نەمامان چاندبوو. بەیەکەوە سەرپەرشتی مریشکەکانمان دەکرد. هەموو شتەکان، لەوێ بە ئارامی دەڕۆیشت بەڕێوە، بەڵام ئەوەیان زۆری نەخایاند.
ڕووداوی یەکەم کە ژیانی شپرزە کردین. سەگەکەی بوو، ئەوەی لەماڵەوە بەخێوی دەکرد.
ریاز، پێش هاتنی چەکدارەکان، سەگێکی بچووکی هەبوو. سەگێکی ئارامی سپی، ئازاری کەسی نەدەدا، ئێوارەکان _هەندێ جار_ گەمەی دەکرد، ئەویش لەناو باخەکە گەمەی لەگەڵ دەکرد.
رۆژێکیان چەکدارێك، بۆ پیرۆزباییکردنی هاوسەرگرییەکەی سەردانی دەکات، کە دەگەڕێتەوە لەسەر بوونی سەگەکەی شکایەتی لێ دەکات، چەکدارەکان داوا لە ریاز دەکەن لە بارەگەکەیان سەردانیان بکات، وایدەزانی بۆ نووسینی لافیتەیەك، یان نووسینی ڕێنمایی نوێ داوایان کردووە، کە دەگەڕێتەوە، خەمبار، تووڕەش بوو. پرسیم چ بووە، وەڵامی نەدامەوە. کۆششم کرد بزانم چ بووە، سەرەتا قسەی نەکرد، هیچی نەخوارد، گوتی دەخەوم. پاش ئەوەی لە خەو هەڵسا، دووبارە لێم پرسییەوە. ئیقناع بوو، قسەم بۆ بکات، گوتی چەکدارەکان داوایان کردووە سەگەکەم بکوژم؛ چونکە بەخێوکردنی سەگ حەرامە. من بەوەیان نەگریام.
ئەو دڵی نەدەهات بە دەستی خۆی تەقەی لێ بکات و بیکوژێت، کە خۆشیدەویست. چەند رۆژێك مایەوە، نەیدەتوانی قسەش بکات. دوایی ڕێگایەك دەدۆزێتەوە بۆ جێبەجێکردنی کارەکە؛ داوا لە هاوسێیەکیان دەکات، لەجیاتی ئەو سەگەکەی بکوژن. لەکاتی کوشتنەکەش، سەری دەخاتە ژێر بالیفەکە؛ تا لەکاتی مردنی، گوێی لە دەنگی سەگەکە نەبێت. سێ رۆژ بۆ سەگەکە دەگریێت، قسەی لەگەڵ کەسیش نەدەکرد.

******

چەند مانگێك شتەكان باش دەڕۆیشت، هەموو شتەكان بە ئارامییەكی رەها گوزەری دەكرد، ژیان لەگەڵ ئەو ئارام و خۆشبەخت بوو. بەیانییان تا ئێوارەكان، لەناو ماڵی دایكی، لەناو سالۆنە گەورەكە، لەسەر كەرەوێتەیەكی جوانی گەورە دادەنیشتین، كە دەیڕوانیە باخچەیەكی گەورەی جوان. حەوشەكە دارخورمایەك و زەیتونێك و چەند شەتڵە رەیحانی تێدا بوو. بەهارەكەمان بە جوانی بەڕێ دەكرد، وەك ئەوەی لە سەیران بین، سەیری خۆر و هەور و باران و كۆڵكەزێڕینەمان دەكرد. هەندێ جاریش لە خۆشییانە دەفڕیم، چونكە بەیەكەوە و لە باوەشی یەكتری دەخەوتین، بەیانییان زووش سێكسمان دەكرد، نیوەڕۆكان نانمان دەخوارد، دوایی بە قووڵی تا ئێوارە دەخەوتین. مردنی ناو شارەكەمان لە بیر نەمابوو، ئەو كوشتن و بڕینەی چەكدارەكان لەو شارە دەیانكرد، لە هەموو شوێنێك تاوانیان دەكرد. لە بیرمان نەبوو ئێمە لەكوێ دەژین، دەبوایە هاوشانی رەنگ و وێنەكێشان بژیم، ئەو بەردەوام خەریكی رەنگكردن بوو، هەموو وردەكارییەكانمان، سەدای هەبوو، وەك تڕپەی سەر تەپڵ، ناوەكان جوانیش رەنگیان دەدایەوە.

ئەو زۆربەی كاتەكانی لەگەڵ من بەسەر دەبرد، كە داواشیان دەكرد، دەچوو كارەكانی بۆ چەكدارەكان دەكرد و دەگەڕایەوە، لافیتەی بۆ دەنووسین، رێنماییەكانی دەنەخشاند و بەپەلەش دەگەڕایەوە ماڵەوە، بۆ كاری تایبەتییەكان دەمایەوە و دوادەكەوت، بەڵام بەپەلە دەگەڕایەوە، ئەو تاكەكەس بوو لەناو چەكدارەكان پێبكەنێت، لە ماڵەوە بە خۆهەڵواسین بە ستوونێكی پێشەوەی ماڵەكە، بەردەوام وەرزشی دەكرد.

******

دیارە بەختیاری و شادییەكان بەردەوام نابن، ئەویش وەك خۆر وایە، هەر دەبێ ئاوابێت، لەجیاتی ئەو تاریكی جێگای بگرێتەوە.

رۆژێكیان، دایكی ماندوو لە بازاڕ گەڕایەوە، قاچەكانی ژانی دەكرد. نیوەڕۆ وەك ڕۆژانی ئاسایی بۆ پشووێك خەوی لێكەوت، تا عەسرەكەی هەڵسێتەوە؛ چا ساز بكات، بەڵام ئەو رۆژەیان هەڵنەستایەوە. هەردووكمان چووین؛ بەئاگای بێنین، هەڵنەستا، بەزەحمەتی قسەی پێ دەكرا. گوتی نەخۆشم. بەڵام؛ راستییەكەی، زۆر نەخۆش بوو. نەیدەزانی چەند نەخۆشە، واماندەزانی ماندووە، پاش ئەوەی پشووێك دەدات

چاك دەبێتەوە. بەڵام مەسەلەكە لەوە گەورەتر بوو، زۆریش گەورەتر بوو. بێ ئەوەی خۆی دركی پێ بكات.
هەردووكمان لەسەر سەری وەستابووین، هەموو گیانی گەرم بوو، دەلەرزی. ئەو هەستی بە ترس دەكرد. هەستی لە ترپەكانی دڵی و كزبوونەكەی رادەگرت. پێمگوت مەترسە هیچ نییە، دایكیشم وای لێدێت، زۆریش ئەوەمان دیوە، دوایی؛ دەگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی خۆت. هیچ پێویستی بە دكتۆریش نەبووە، لە گوندەكەمان دكتۆریش هەر نەبوو، لە شارەكەش نەبوو. تاكە دەرمان و چارەسەرییەكەش، پیاوە گەوجەكەی مزگەوت بوو، نەخۆشەكان خۆیان بەو نیشان دەدا. لەوێ كە دەگەڕێتەوە نەك چاك نابێتەوە، زۆر شپرزەتر دەبێت. لێی دووركەوتینەوە؛ پشووێك بدات، چووین خەوتین. بەڵام ئەو بۆ دایكی خەوی لێ نەكەوت. شەو هەڵسایەوە، سەرێكی لە دایكی دا و گەڕایەوە، بەترسەوە گوتی، منیش خەوم دەهات، بانگم كرد:
"_وەرە، بخەوە، بەیانی چاك دەبێتەوە".
بەڵام ئەو ئەوەی نەكرد، پاش سەعاتێك گەڕایەوە سەر دایكی، گوێم لە قیژەی بوو، تێگەیشتم دایكی مردووە.

******

مردنەكەی بۆ هەردووكمان شۆكێكی مەزن بوو، یەكەمیان لەبەر ئەوەی نەخۆشییەكەی زۆر مۆڵەتی نەدا، هەر دیاریش نەبوو نەخۆشە. هەروەها ئێمە پشتمان بەو بەستابوو، بۆ هەموو شتێك؛ ژیان پاش مردنی ئەو وەك جاران نەما. شادییەكان نەما، هەموو خۆشییەكانمان بە بوونی ئەو بوو، ریاز پاش مردنی دایكی بەیەكجاری دەگۆڕێت. رۆژەكانی یەكەمی مردنی دایكی قسەی نەدەكرد، دەنگی نەهات. زۆر خەمبار دەردەكەوت، هەرگیز كەسی وام نەدیبوو ئەوەندە بۆ مردووەكەی خەمبار بێت. شتی دووەم دەركەوێت ئێمە لەسەر عەرشێكی بەتاڵ بوون و هیچمان نییە.
دایكەكە هەموو شتەكانی دەكرد، راستییەكەی، ریاز؛ وەك منداڵێك بوو لەوماڵەوە، نەیدەزانی هیچ بكات. پرسیاری یەكەم، كە رووبەڕوومان دەبێتەوە، ئەویش: لە كێ بخۆین؟ ئەو هیچ كاری نەدەكرد، ئیشكردنی لەگەڵ چەكدارەكانیش هیچ دەسكەوتی نەبوو، بەخۆرایی بوو، ئەگەر مەبەستی كاركردنیشی هەبووایە، چی كردبوایە؟ چەكدارەكان هەموو

کارەکـانی نـاو شـارەکەیان، بێجگـە لـە چەکـداری داخسـتبوو، ریازیش کەسێکی چەکدار نەبوو، هیچ زانیارییەکی لەسەر شەڕ و کوشتیاری نەبوو.

ئیتر دەکەوینە ناو قۆناخێکی نوێ. سەرەتا لەکن دایکم پڕێك پارەم بۆ دەهێنا. ئەوەش مەعقوڵ نەبوو، دایکیشم پارەی نـەبوو، کـەمێك پـارەی هـەبوو، دەترسـا ئەوەشـی نـەمینێت، دوایـی چ بکات؟

ئیتر بەو جۆرە ژیانمـان دەگۆڕێـت. ریـاز دەبێتـە کەسـێکی تـر، دەگۆڕێـت بـە کەسـێکی دڕنـدە، بێـدەنگ، بـەس لەگـەڵ خـۆی قسەی دەکـرد. تـووڕە دەبـوو، بـە سـادەترین قسـە هەڵـدەچوو، بەتایبـەتی لـە قسـەکانی مـن. هـیچ قسـەیەکی لەگـەڵ مـن نەدەکرد. شـەوانە دەبـووە منـداڵێکی بچـووك، هـاواری دەکـرد و دەیقیژاند، بۆ یارمەتی داوای دایکی دەکرد.

دەگۆڕێت و نەمدەناسییەوە، رۆژانـە نـامۆتر دەبـوو، بـەردەوام خەیاڵ و حەیران بوو. وەك ئەوەی بیر لە هـیچ شـتێك نەکاتـەوە، یان کەسیش نەکاتەوە، کێ دەیزانی؟!.

دەترسـام رۆژێکیـان بـە کردەوەیـەکی رامچڵـەکێنێت، ژیـانم بەرگـەی راچڵەکانـدن و پـەرجوو نـەبوو، دەمویسـت لێـی نزیـك بکەومـەوە، بـەڵام ئـەو دوور دەکەوتـەوە، کـە رووی دەدامـێ و دەمویسـت قسـەی بـۆ بکـەم، ئـەو نەیدەویسـت گـوێم لـێ رابگرێـت، وەك ئـەوەی گفتـی مـن شـیاوی هـیچ نـەبێت. وەك ئـەوەی گەیشـتووینەتە دوا مـەنزڵگای پەیوەندییەکـەمان. گـوێی نەدەگرت، وەك ئەوەی گوێ لە یەکێکی تر بگرێت.

پـاش ماوەیـەکی کـورت، دەڕۆیشـت و درەنـگ درەنـگ دەگەڕایەوە ماڵەوە، رۆژانە لەلای چەکدارەکان دەمایەوە، هەندێ جـاریش چەکـدارێکی لەگـەڵ خـۆی دەهێنایـەوە، ئەویشـس بێـدەنگ و مـات، دووبـارە بەیەکـەوە دەردەچوونـە دەرەوە. ئیتـر لەودەمانە وامدەزانی مردووە. تێگەیشتم مردنی نزیك بوویتەوە.

رۆژێکیـان، ئێـوارە بـوو گەڕایـەوە، ئاکـاری نیگـەران و شـڵەژاو، شتی بێ سەروبەری دەگوت، ئاکاری رەق و تژی ببوو لە نهێنی تەماوی.

چوومە مەتبەخەکە؛ خواردنی بـۆ ئامـادە بکـەم. لـەدوای مـن هاتـە ژوورەکـە، لەسـەر کورسـییەکە و بەرامبـەرم دانیشـت، قسەم بـۆ دەکـرد، بـەڵام ئـەو خـەیاڵ و بـێ ئاگـا بـوو، گـوێ لـە قسەکانم نەدەگرت. تێگەیشتم ریاز شتێکی شـاراوەی هەیـە...

دەیویســـت نهێنییـەکم لـەلا بـدرکێنێت، بەرامبـەری دانیشــتم. سـەیری چاوەکانیم کرد، پرسیم:
"_ چییتە؟".
هیچی نەگوت، سـەفتەیەك پـارەی لـەناو گیرفـانی دەرهێنـا، پارەکەی لەسەر مێزەکە دانا.
"_ پارە؟" پێم گوت "ئەوەت دزیوە؟".
بزەیەکی بۆ کردم، بە نەرمی گوتی:
"_ نەخێر، نەمدزیوە".
"_  کەواتە، ئەو پارەیەت لەکوێ بوو".
بێدەنگ بوو.
_دووبارە پرسیم:
"_ئەو پارەیەت لەکوێ بوو، باشە؟ قسە بکە پێم بڵێ؟.
"_پارەکەم لە موجاهیدەکان وەرگرتووە!".
"_ لە کێ؟" بە ناڕەزاییەکی تەواو، پێمگوت.
"_ دەنگت نزم کە".
"_ پێم بڵێ لە کێ؟".
"_ لە موجاهیدەکان... لە موجاهیدەکان!".
"_ بۆ؟".
"_ بەیانی دەچم چالاکییەك ئەنجام دەدەم...".
کە بابەتەکەی بۆ باسکردم وایدەزانی دەچێتـە بـازاڕ و شــتێك دەکڕێت. چەند ساتێك لە بەردەمی مات بووم، ئەبلەق و خەیاڵ. دەمزانی، ئەو هەرگیز لە ژیانی بـۆ هـیچ شــتێك پـەرۆش نـەبوو. هەرگیزیش ئیماندار نەبوو. کەسێکی نائومێد. لـەناکاو دڵـم پێـی دەسـووتێت و خـەمبار بـووم. خـەمێکی گـەورە کەوتـە نـاو دڵـم، سینگم دەیویست بتەقێت، بەڵام ئەو بێهـودە، هەسـتم دەکـرد، دەبێ بقیژێنم. بگریێم. لێی بپاڕێمـەوە، بـۆ ئـەوەی نـەڕوات. پێـی بڵـێم تکایـە مـەڕۆ، پارەمـان پێویســت نییـە. فرمێســکم بـەگوڕ هاتنــەخوارەوە. ئــارەزووم دەکــرد یارمــەتی بــدەم. لەودەمانــە هەسـتم بـە سـاتێکی ئاسـوودە و گـەرمایی دەکـرد، جەسـتەم مەیلی ئەوی دەکرد. هەستم بەوە دەکرد ژنم و پێویسـتم بـەوە دەســتێکی لــێ بــدەم، بچمــە نــاو ئــامێزی، دەســتەکانم لــە جەستەی بخشێنم، هەموو ئەندامـەکانی. دڵۆپـە فرمێسـکێکی گەرم گەیشتە سەر روومەتم. ئەو بە بزەیـەك نـاڕەزایی لەسـەر فرمێسکەکانم دەرپڕی گوتی:

"_ بێـدەنگ بـە... بـەیانی حـەفتا حوریـە لەسـەر دەرگـای بەهەشت چاوەڕوانم دەکەن".
"_ چی؟".
"_ حـەفتا حوریـەی پـاكیزە، بـەیانی چـاوەڕوانم دەكـەن" بـە دەنگێكی زۆر باوەڕەوە گوتی.
"_ حوریە؟" بە بێزارییەكەی تەواو.
"_ بەڵێ، حوریە" ئـاوی دەمـی دەڵێسـتەوە، بـەردەوام بـوو و گوتی "حەفتا حوریە".
"_ حەفتا حوریە ... ".
"_بەڵێ" بە شادمانی و پرواوە "حەفتا حوریە".
لەودەمانەوە سۆز و دڵسـووتانم بـۆی نـەما... لـە بەرامبـەری لەسـەر كورسییەكە دانیشـتم... هەسـتم بە هەموو شتێك كـرد، دەمارەكانم وشك بوون، هەسـتم دەكـرد خـەمم بـۆ ئـەو بـوو بـە هەڵم. هەسـتم دەكرد بەزەییەكانم توایەوە. هیچ سـۆزێكم بـۆی نەما، هـەموو شـتەكان راوەسـتان، هـەموو شـتەكان ون بـوون. ئەوەی بیەوێ بەیانی بمرێت، هیوای زۆرە بـە وەرگرتنـی حـەفتا كیژی پاكیزەی بەردەرگای فردۆس، ئـەوەی یـەزدان گفتـی پێـی داوە، دەبوایە یەك بە دەنگی خۆم بەڕووی بقیژێنم، پێی بڵێم:
"حەفتا پاكیزە، هەی كوڕی قەحپە... دەتەوێ سێكس لەگەڵ حەفتا كیژی پاكیزە بكەیت؟ لەگەڵ منـیش هـەر دوو جـارت پـێ دەكرێت... "حەفتا، هـەی كـوڕی قەحپـە، دیـارە لـەوێ ڤیـاگرای موقەدەسـت دەدەنـێ؟ چ دەخۆیـت؛ تـا بتوانیـت لەگـەڵ حـەفتا پـاكیزە جـووت بیـت؟! ئـای لـەوە، دیـارە رووت خۆشـە و بـزە دەكەیت؟ كێ هەڵیخەڵەتاندی، هەی كەر؟!...".
******
مێردەكـەم دەرچـوو و نەگەڕایـەوە. پـاش دوو رۆژ لـە بارەگـای چەكدارەكان بانگیان كردم، وتیان كـارێكی بەپەلـەمان پێتـە. ئیتـر لەودەمانە زانیم ئەو مردووە. پشتم بە دیوارەكـە دا، چاوەڕوانیـان بـووم؛ هەواڵەكـەم بـۆ بخوێنـەوە. چەكـدارەكان دەهاتنـە نـاو حەوشـەكە، هاتوچۆیان بوو. شـادمان بـوون كـە مێردەكـەم خـۆی تەقاندوتەوە و نەبەردییەكی ئەنجامداوە.
_ "مێردەكەت خۆی تەقاندەوە، لەناو بـازارێكی نزیـك خۆمـان، لەوێ كافری زۆری كوشتووە".
كوژراوەكـان زۆریـان دەسـتفرۆش و عـارەبـانچی بـوون، كوژراوەكـان بـاری پشـتیان بـەردەوام گـران بـوو، وەك كـەر بـار

دەكران، ئەوانەی لەبن پردەكان بارەكانیان لەپشتیان دەبەستا. ئەو سەوزەفرۆش، خورمافرۆش، گەنجەكانی باری سەیری گەورەیان هەڵدەگرت، ئەوانەی لەسەر پاسكیلەكانیان شەقەشەقیان بوو: كارتۆنی زۆری پلاستیكیان بار كردبوو، كاسێتی موزیك، سەعات، چاویلكەی رەشیان باركردبوو. زۆرم لەوانە دەناسی، كە كەرەستەكانیان بۆ فرۆشتن لەسەر شەقامەكانا ریز دەكرد، لەوانە قەڵەم حوبر، سابوونم كڕیبوو.

مەزندەی ئەوەم نەدەكرد، دەستفرۆش و عارەبانچییەكەی مێردەكەم بە تەقینەوەكە دەیانكوژێت، ئەوانە كافر بن.

دەمزانی چۆن باسیان دەكرد. ئەوانەی دڵیان دەدامەوە بەئاسایی گوتیان دەچێتە بەهەشت، دەبوایە من بەوەیان شادمان بم، لە خوداش بپاڕێمەوە منیش لە بەهەشت بەو شادببمەوە...

دەمویست بەڕوویان بقیژێنم:

نامەوێ نامەوێ...

بێزار بووم ئەوەندەی سەیری ترسی ناو چاویان بكەم، ماندوو بووم لەوەی بچمە ناو زبڵدانی مرۆڤایەتی لەژێر كەوانەكانی سەركەوتن و ئاڵاكان. بێزەم دەبووەوە لە دیتنی پیاوەكانی رایاندەكرد، ژنە ئاوسەكانی منداڵیان لەبەر دەبرد، منداڵەكانی دەگریان.

بەڵام دەترسام. ئەوان تاوان و توندكارییەكانیان شاناز دەكرد. پەرۆش و شێتی دەسەڵات و سەركەوتن و پەلاماردان بوون. هەموو كەسێك لەو گوندە ببوون بە كەسانی زۆردار. بە هەژموون و زۆرداری، ملكەچی و خواستی خەڵكیان وەرگرتبوو، هەموویان چارەنووسیان بە پەیقین و وشەكان دەكڕی.

كێ دەڵێت "نەخێر"، دەبوایە باجی ئەوە گران بدات.

چەندان ئیشیان بە من راسپارد، بەڵام هیچیان ئەوەندە زەحمەت نەبوو. ئازایەتی ئەوەم نەبوو رووبەڕوو رەفزیان بكەمەوە. دەترسام، یەكێك لەوانە گوللەیەك لە تەختی نێوچەوانم بدات، یان لەوەش خراپترم پێ بكات.

لەبەر خۆمەوە دەمگوت:

"بەڵێ، لەخودا دەپاڕێمەوە بەهەشتم پێ شاد بكات، بەڵام؛ لەگەڵ ئەو نا... دەچمە بەهەشتێكی تر، بە بەهەشتی خۆم، نەك بەهەشتەكەی ئەو".

******

پاش چەند ساڵ و گەیشتنم بە ئەوروپا، تێگەیشتم کە حۆری ژنە و نیوەی خـوارەوەی ماسـییە... بـەزەییم بـە ریـاز دەهاتـەوە. دەبوایە پێی بڵێم رۆیشت حۆرییەکانت لـە دەسـتچوو، ئـای ریـاز نەبوون بە نەسیبت... چ لـەو حـەفتا حۆریـە دەکـەیت، ئەوانـەی نیـوەی خوارەوەیـان ماسـییە؟ لـە فـردوس لەگـەڵ کـێ جـووت دەبیت...؟

ئـای ئەگــەر حۆرییــەکانمان نیوەیــان دەبــووە ماســی، وەك ئەوروپاییەکان! بۆ خـەیاڵی ئێمـەش ئەوەنـدە بـڕی نـەدەکرد؟ بـۆ بیرمان لەوە نەدەکردەوە حۆرییەکانمان نیوەیان بەشـر و نیوەیـان ماســی بێـت، ئەگـەر ئـەوەمان کردبوایـە، لـە وڵاتەکـەمان یـەك موجاهیدیش پەیدا نەدەبوو...

ئـەوان بـۆ نیـوەی ژێـرەوە خـەبات دەکـەن، نیـوەی خـوارەوەی ژنان، نەك بۆ نیوەی سـەرەوە، کە داپۆشـراوە و کـەس نایبینێـت، جیهادەکە تەنیا بۆ نیوەی خوارەوەیە.

******

# پێنجەم

پاش ئەوەی سۆفی لە نەخۆشخانە دەردەچێت، دەچێتە ناو دارەکانی پارکە نزیکەکەی گۆڕەپانی ڤلاژییە. ئاوەکەی لە نافوورەکە دەهاتە خوارەوە، بە جۆگەلەیەك دەگەیشتە نزیك ئەو، لەوێشەوە دەچووە ناو دەریاچەیەکی بچووك، تێدا چەند مراوی مەلەوانییان تێدا دەکرد. درەختە تەڕەکانی هەردوو دیوی باخەکە، بەدرێژایی ڕێگاکە دیار بوون، تا دەگەیشتە کڵێسایەکی کۆنی گەورە و ژمارەیەك باڕی بەردەم وێستگەی ترامەکە.

سۆفی بڕیار دەدات، شەوەکەی لە ماڵی ئادریان بمینێتەوە. بەیانی زوو ئەو بڕیارەی دابوو. چیتر بەرگەی نەدەگرت، دەیویست هەموو شتەکان بزانێت، نهێنییەکانی ناو ماڵەکەی، چونکە بەتەنیا نەهاتووتەوە ناو ئەو ماڵەوە بۆیە؛ نەیتوانیوە شتەکان ببینێت و بزانێت.

دەیزانی ماڵەکە تەنیا کتێبێکی لەسە شەڕی ناوخۆی لوبنان تێدا نییە. هەروەها ژمارەیەکی زۆریش فیلمی دۆکومێنتی لەسەر ئەو شەڕەش هەیە، ڤیدیۆ و سیدی زۆر، شتی زۆری لەسەر ئەو شەڕە هەیە، کە بنەماڵەکەیان باجی گەورەیان بۆی داوە. هەروەها دەیزانی لە ماڵەکەی ئەو چەندان ئەلبۆمی بنەماڵەی باوکی، لە لوبنان هەیە، هەموویان بۆ یادگاری شتیان لەسەر نووسراوە، بەتایبەتی سەبارەت بە باوکی.

ئادریان، هەموو ئەو شتانە دەگوازێتەوە شوقەکەی خۆی، لە بروکسل. تا ئەو شوقەیە _بۆ ئەو_ دەبێتە هەوار و شوێنی تەنیایی. دەیویست بەتەنیا لەگەڵ بیرەوەرییەکانی باوکی بژیت، بۆ ئەو ئامازەیەکی تایبەتە، دوایی مەسەلەکە شرۆڤە دەکات، سۆفی بەوە دەزانێت، ئەوەیان ڕاکردن و دەربازبوون بووە لە دایکی، کە پاش خۆکوشتنی باوکی جێیهێشتووە و ناردویەتی بەشی ناوخۆ.

بەڵام سۆفی ئەو دەربازبوونە _لەگەڵ ئەوەش_ بە دوورکەوتنەوە لە ژنەکەی و کیژەکەی دەزانێت، کە مەبەستی

سۆفی بووە، ئەوەش مەبەستی سۆفی بوو، دەیویست باش تێبگات.

******

بە پاس دەچێتە سون جیل، لەبەر ئاپوورەی زۆری هاتوچۆ، ئۆتۆمبێلەکان نەرم نەرم و لەسەرخۆ دەڕۆیشتن، هەردوو دیوی شەقامەکان، ریستورانت و باڕ بوون، ناوچەکە چەقی ئاوەدانی بروکسل بوو. لە بارقی دو سۆن جیل، بەلای راستەوە بازاڕی میوەفرۆشەکان، لە ئاسۆکەش، هەور و باڵندە و شتی جوان دیار بوون. گۆڕەپانە بەردرێژەکەش تژی بوو لە ژن و پیاو، کە لەبەردەم باڕەکان دانیشتوون و بیرە فڕدەکەن و پارچەی پەنیر دەبڕن و گۆشتی بورکی تازە دەخۆن، لەو ئێوارەیەش، گۆڕەپانەکە، چەندان موزیکسازی تێدا بوو، ئامێرەکانیان دەژەنی.

لە قوولایی، باڕیکی بچووك، لەوێ لەگەڵ ئادریان بەیەکەوە دادەنیشتن، گەنجەکان بەپێوە بوون و قسەیان دەکرد. سۆفی _بە شێوەیەکی تەواو_ هەست دەکات مەیلی کەشەکە دەکات، تێدا گەنجەکان پێدەکەنن، گاڵتە و بەزمیان خۆشە. بەڵام، دیارە مەزاجیشی نەبوو.

سۆفی گۆڕەپانەکە دەبڕێت، سەرکەشانە دەچێتە ناو شەقامی وانرلو، هەستیش بەوە دەکات سوودی نییە سەیری رووبەندی کۆگاکان بکات، سەیری نەدەکرد، نیگای لەکن بوتیکەکان نەبوو. هەستی بەوە دەکرد، ئەوەیان کەشێکی ناوەوەی دەوێت، کەشێك _ تێدایە_ لە قووڵی هەناوییەوە بۆ ئادریان نزا بکات. نزای بۆ ئەو بونەوەرە نامۆیە بەستەزمانە دەکرد، گەنجە ئەسکەندەناقییە زۆر ئاپڕوومەندەکە. ئەویش _لەلایەن خۆییەوە_ بێ بەری نەبوو هەرگیز لە خۆشەویستی، لە هاوسۆزی، لە ئاسوودەیش.

بەڵام کیژەکە _سەبارەت بە خۆی_ هەستی دەکرد، بەرامبەر ئەو کەمتەرخەمە، چونکە، بەدرێژایی کاتی پەیوەندییەکەیان، کوڕەکەی حەیران جێدەهێشت، تەنیا و پەراوێز. لەناخەوە، لە دۆزینەوەی نهێنییەك دەگەڕا، نهێنییەکانی رۆح، توانەوەی جیهان، بەرەو مەملەکەتی سەرمەدی، دوور لە ململانێ، دوور لە جەنگ. کوڕەکەی ترساو جێدەهێشت، ترساو لە چارەنووس، ترساو لە دوارۆژ، لە مێژووەکەی، لە مێژووی بنەماڵەکەی، دەست بۆ کوڕەکە درێژ ناکات؛ بۆ دەربازبوون یارمەتی بدات، لەو پاشماوە قوورس و گرانە.

******

کیژەکە دەیزانی، ئەوانەی لەو دەڤەرە ژیاون، خۆشی یەکێکە لەوانە، پێویستی بە توانای سیحری مەزن هەیە، بۆ دەربازبوون لە قەبارەی توندکاری و بۆگەنییەکانی ناوەوەی. ئەوان و منداڵەکانی کە دوور لەو دەڤەرە ژیاون، ئەوانیش لەو بۆگەنییە دەربازیان نابێت.

سۆفی ژیانی رابردووی خۆی لە بیر ناکات، زۆریش یادی دەکاتەوە. لە بیریەتی، چۆن _بەداخەوە_ نهێنییەکانی پەراوێز دەکات، جیهانەکەی، جیهانی باوکی، چارەنووسە باوکی و دایکی و مێردەکەی، جیهانی توندڕەوەکان، ئەوانەی بەردەوام و تا ئێستاش رۆحە ماندووەکەی گەمارۆ دەدەن.

رەنگە ئادریانیش وەك ئەو بوویێت، پێویستی بە دەستێکی سیحراوی هەیە، بۆی درێژ بکریت؛ بۆ دەرچوون لە پاشماوەی باوکی و چارەنووسە تراژیدیا بەژانەکەی. رەنگە ئەویش وەك کیژەکە بووە، مەبەستی بووە لەو جیهان داببڕێت، سۆفی کە منداڵ بووە، لەبەر توندکارییەکانی دەوروبەری و خەڵکە نزیکەکانی، مەبەستی بووە خۆی لەو جیهانە بدزێتەوە. مەزنترین مەبەست و ئامانجەکانی بەتوانا بێت، هێزێکی مەزنی هەبێت بۆ شاردنەوە و دوورکەوتنەوە لەبەر چاوان، بەدرێژایی ژیانی ئەوەیان تاکە هیوای بووە. ئادریان بە سیحر و شاردنەوە بە دوورەپەرێزی سەر گیانی، ویستوویەتی ئەوە بکات، بە قسەنەکردن و لەبیرکردنەوە، خۆی راهێناوە لەسەر شاردنەوەی حەقیقەتی ئامادەنەبوونی جەستەیی لە خەڵکەکە.

ئیتر بەو جۆرە فاتیمە دەچێتە ناو بەرگی سۆفی بەلژیکی، ئەوەش دیمەنێکە لە دیمەنەکانی دەربازبوون، لە خودی ناوەوە. ئیتر بەو جۆرە ئادریان نکۆڵی لەوە دەکرد، بەڕەگەزە لوبنانییە و کوری گابریل جبوورە.

******

ماوەیەکی زۆر بوو ئادریان نەیدەزانی، خۆی کێیە. دەتوانێت زاڵ بێت بەسەر پیادەکردنی کەسایەتییەکی تر. دەیتوانی چیرۆك و سەربردەش بخولقێنێت، ئەویش بە دوورەپەرێزی و دوورکەوتنەوە لەو جیهانە. سەبارەت بە شوقەکەی لە بروکسل؛ ئەوەش شێوازێك بوو بۆ دوورکەوتنەوە، لەوەی لە راستییەکانی خۆی دووربکەوێتەوە. ئەو شوقەیە _لەلایەکی تر_ گەنجینەی

خەون و ئارەزووە نهێنییەکانی، خەمە دێرینە تاڵەکەی بووە، کە چێشتویەتی.

لەو تەنیاییە، تاکە هیوا و مەبەستی گەیشتبوو بە دەربازبوون. دەربازبوون لە واقیعەکە، لێی رابکات، واقیعێك بە هیچ شێوەیەك پەیوەست نەبوو بە ئەو. یان بە واتایەکی تر، واقیعێکی بوو دژ بەو. واقیعی ناو چوارگۆشەیەك، نەیدەتوانی لێی دەربازی ببێت. دەیزانی لەو جیهانەی تێدا دەژیا، بابەتی جوان و باڵکێشی زۆر بوو. شتی گرینگتر لە چیرۆکە تایەتییەکەی ئەو، دەبوایە سەرنج بدات و بایەخی پێ بدات. بەڵام نەیدەتوانی لەوانە نزیك ببێتەوە، چونکە ئەو کەسێکی ترسنۆك و لەرزیوو و لاواز بوو.

ئەو وەك سۆفی نەبوو. سۆفی لەو بەهێزتر بوو، لەژێر هەموو فشارەکانیش دەستەوەستان نەدەبوو، نەدەکەوتە بەر فشاری ئەو جیهانە، لە رووبەڕووبونەوەش نەدەترسا. چونکە جیهانەکەی ئەو، ژیانێکی بەخشندە و ئارەزوومەند نەبوو، بریتی بوو لە پاشماوەی ژیان، دەبوایە ئەو _کەواتە_ رەتی بکاتەوە؛ تا بیسەلمێنێت ئەو لەوەیان بەهێزترە. بۆیە سۆفی لە ژینگەکەی خۆی نامۆ دەمینێتەوە، هەموو سیستەمە گشتییەکان و دابونەریتە باوەکان رەتدەکاتەوە. کیژەکە پڕوای وابوو، هەر چەند هوشیارتر بێت، چەند سەربەست و ئازادتر بێت، هەر چەند لەو دوور بکەوێتەوە زۆرتر دەکەوێتە ناو تەنگژە و نائومێدی. بۆیە پەرۆش بوو هەموو شتەکان بزانێت، دەیویست رووبەڕووی ناکۆکییە ئاساییەکانی چواردەورەی ببێتەوە، شوێنێکی گونجاو و ئاسوودە بدۆزێتەوە.

بەڵام ئادریان؛ لە منداڵییەوە لەو ناکۆکییانە دەژیا، بەڕوونی؛ چونکە ئەو کەوتبووە نێوان دوو کەلتوور، کە منداڵ بووە، رقی لە کتێبەکانی بووە، کتێبەکانی باسی ئەوەیان دەکرد، کە خۆرهەڵات بەهەشت بووە و مرۆڤی ئەوروپی لە دەستی داوە، هەستی بەوە دەکرد، ئەو خۆرهەڵاتە دوورە بەرهەتاوە هۆکاری نیگبەتی و خەمەکانی ئەوە. ئەو خۆرهەڵاتەی بەرائەت و پاکیزەیی و بەخشندەیی لە دەستداوە، خۆرهەڵات درێژکراوەی چاخە تاریکەکانە، چاخەکانی ناوەڕاست؛ بە شەڕە خوێناوییەکانی، بۆیە بەرەو جیهانەکانی زۆرتر ئازادی بەرهەڤە دەکات، رادەکات و خۆرسکانە بەرەو جیهانی خەیاڵ دەڕوات، کە لە جیهانە خەیاڵییەکە دەگەڕێتەوە، جیهانێکی جیاواز دەبینێت.

******

لای چەپی شوقەکە، گردێکی بەپووش و سەوز بوو، دەگەیشتە ناو پارکێکی گەورە، پارکێکی جوان و بە دارستان. لەبەر دارکاژەکانی چواردەورەی شوقەکە دیمەنی دەرەوە دیار نەبوو، بەڵام سۆفی لە دەرەوە و باش باڵکۆنی شوقەکەی دەبینی. هاوسێیەکیان دەبینێت و دەرگاکەی بۆ دەکاتەوە. بە گەرمی سڵاوی لێ دەکات. ژنەکە جارێك بینیبووی لەگەڵ ئادریان هاتووتە شوقەکە، دەیناسێتەوە.

دەچێتە ناو شوقەکە، بۆنێکی ئاشنا دەکات. پێڵاوەکانی لە پێ دەکاتەوە، لەسەر ئەرزەکە دەڕوات. بە پێیەکانی هەست دەکات ئەرزەکە ساردە.

لەسەر کەرەوێتەکە دادەنیشێت، وەك ئەوەی ئەوە یەکەمجارە شوقەکە دەبینێت. جاران لە هیچ نەدەگەڕا، بەڵام ئەمجارە مەسەلەکە جیاوازە. دەیویست بە شێوەیەکی رەمەکی شوقەکە بپشکنێت، لەناو وێنە کۆنەکان و بیرەوەرییەکان بگەڕێت، لە نیشانەیەك، لە هاوشێوەیەك، ئاماژە بێت بۆ حەقیقەتێکی ونبوو، لەناو ژیانی ئادریان. کیژەکە دەزانێت گەیشتووتە ناو بوارێکی زیندووی بەردەست.

ئیستاش لەناو باوەشێکی گەورەی هەمەجۆر، ئەلبۆمی وێنەکان، بەڵگەنامە، فیلمەکان، دۆسییەکان، دەفتەرەکانی بیرەوەری، نامە و شتی زۆرتریش، هەموویان لەسەر باوکی و بنەماڵەکەیان بوو، ئادریان هەڵگرتبوون.

******

دەچێتە ناو کتێبخانەکە، بەپەلە دەچێتە ژوورەکە، گلۆپی دەروازەکە دەکوژێنێتەوە. بەڵام هەست بە ترس دەکات. هەندێ جار لەوە دەترسا لەناکاو لەناوەوە یەکێك لێ بەژووریّ بکەوێت.

لە شوێنەکەی خۆی هەڵدەستێتەوە، سەیرێکی سالۆنەکە دەکاتەوە، دووبارە دەرگاکە دادەخاتەوە. پشت بە دەرگاکە وەدەنێت. چەند چرکەیەك مات دەبێت، بەتوندی هەناسەیەك هەڵدەکێشێت. ئەو هەرگیز نەهاتووتە ئەو ژوورە. جارێکیان ویستبووی بچێتە ژوورەکە، بەڵام شەرمی کردووە بپرسێت دەتوانم بچمە ژوورەوە. هەست دەکات دەربازبوون و بیرۆکەی راکردنی ئادریان، هاوشانی سرووشتی بووە، بۆ لە بیرکردن.

پەنجەرەکانی ژوورەکە داخرابووون، توند و باش. جیهانێکی بچووك، لەو گۆشەیە ئادریان خۆی لە جیهان دەدزییەوە. بۆنی

مۆم و کتێبی کۆن، سـۆفی هەسـتی بـە جۆرێـك لـە نیگـەرانی دەکرد. هەست دەکات ڕەوشەکە نزیکە لە ژیانی ڕابردووی.
لـەو شــەوەدا، ئــەوەی هەســتی پێــدەکرد، هــیچ شــتێك هاوشــێوە نــەبوو. ژوورەکــە پاشــماوەکانی بــاوکی تێــدا بــوو. بیـرەوەری و جیهانـە کۆنەکـەی کـە تێـدا خـۆی نقـووم کردبـوو، سۆفی لەوەدەمانە، هەسـتی دەکـرد، لـەو شـوێنە، دووبـارە ڕق هەڵدەقولێت، هـەمان ڕق بـەڵام نەیـدەزانی، بـۆ هەسـت بـەوە دەکات، نیگەران دەبێت، نازانێت بۆ لەوەدەمانە ئەو هەسـتەی بـۆ دروسـت بـوو، جۆرێـك بـووە، ئـەو ڕقـە کۆنـە ترشـاوەی، بـاوکی ئادریان بەتوندی هەیبووە، ویسـتوویەتی تۆڵـەی خـۆی بکاتـەوە، تۆڵەکردنەوە.
لە گەرمەی هەستکردن بە ڕق و ئیرەییەکان، ئەوانەی یادیان نەماوە، لەبیرکراون، بەڵام وا دووبارە سۆفی زیندوویان دەکاتەوە.
سۆفی خۆی لە ڕەوشێکی کاریگەری و تووڕەیی و نیگـەرانی دەدۆزێتـەوە، هـەمووش لەبـەر بـوونی هەسـتە تونـدەکانی لـە نـاوەوە کاریـان دەکـرد، بـەڵام بـێ سـوود، بەسـادەیی، چونکـە سۆفی _کە لەناکاو هوشیار دەبێتەوە_ بیردەکاتەوە ئەو ڕقە لـەو شوێنە هیچ مانا و سوودێکی نییە.
ئەوانەی خێزانەکەت دەکوژن چ دەکەیت؟ هیچ ناکەیت، هـیچ کـە شـیاوی بـاس بێـت، بەهـەرحاڵ هـیچ ناکـەیت. ڕەنگـە ڕق بەڕاستی بگاتە قۆناخێك لە کەڵەڕەقی و لاملی و لووتبەرزی.
سـۆفی بـەرەو دۆڵابـە دارەکـەی لـە دارگـوێز دروسـتکرابوو، دەڕوات، دەیکاتەوە، دەرگاکە زیرەیەك دەکات، سۆفی بەسامەوە سەیری جلەکانی ناو دۆلابەکە دەکات:
جلە کۆنەکانی پاڵـەوانی میلیشـیاکە، لەسـەر ڕووی تاقەکـە دانرابوو، کارتۆنێکی مقەبا، چەند پارچەیەك لـە جلـی ئوتـوکراوی باوکی ڕۆژی خۆکوشتنەکەی، هێشتا خوێنیان پێوە مابوو.
نەرم نەرم، وەك ئەوەی سـۆفی بـەرەو سـرووتێکی تایبـەتی بچێت، کارتۆنەکە ڕادەکێشێت، دەیکاتەوە، سـۆفی دەسـتی لـە قەمیسـە خوێناوییـە کونەکـە دەدات. شـتەکان وەردەگێڕێـت، هەڵیانـدەڕێژێت، ڕادەچڵـەکێت، دەکشـێتەوە دواوە، بەتونـدی دەگرێت، جلەکانی لە شوێنی خۆی دادەنێتەوە، ڕادەکات.

******

لـەناو سـالۆنەکە، خۆراگرانـە سـەیری لاپـەڕەکانی ئـەلبۆمی وێنەکان دەکات.

لە یەکێك لـە وێنـەکان ئادریـان بـە منـداڵی دەناسـێتەوە، کـە سـەردانی لوبنانیـان کـردووە، لـەناو ئەنـدامانی بنەماڵـە گەورەکەیان وەستاوە. ئەوەیان ئادریانە، کەسی تر نییە. مێژووی وێنەکـە دەگەڕێتـەوە هەشـتاکانی سـەدەی رابـردوو، شـوێنەکە بێگومان لوبنانە. نازانێت لە ئەشرەفییە لەکن پووری باوکیـەتی؟ یان لە داموره؟ یان هەر شوێنێکی تری بەیروت؟.

کوڕەکە تەمەنی سێ ساڵ دەبوو. پانتۆڵێکی کورتی سپی و تیشـێرتێکی نەخشـین بـە وێنـەی کەسـایەتی تـویتی کـارتونی زەردی لەبـەرە. لەبـەردەم خانووەکـە وەسـتاوە، نازانێـت مـاڵی کێیـە، باخچەیـەکی لەبەردەمـە، باخەکـە بـەکژوگیا و پـووش داپۆشـراوە. لەگـەڵ ژمارەیـەك منـداڵی خزمـەکانی وەسـتاوە. باوکی لە وێنەکە دیارە لەوێ وەستاوە، بە ئاکـارە سیسـەکەی، دیمەنە تاڵەکەی، وەك ئەوەی سەیری یەکێك دەکات و سـەیری ئادریان ناکات، لە وێنەکە دیارە.

لەپشـتەوەی وێنەکـە _هـەروەها_ کەسـێکی نـەناس دیـارە، قەمیسـەکەی نیوەی لەسەر سـینگی کرابـووەوە، قـژی رەشـی سینگی دیار بوو، بەڵام قژی سەری وەك قژی کیـژان درێـژ بـوو. ئاڵایەکی لوبنانی بەدەستەوە بوو.

******

لە وێنەیەکی تری خێزانەکە، کیژێکی منداڵ دیارە. ئـەو کیـژە کێیە؟

رەنگـە ئـایلینی پـووری بێـت! کیژێکـی جـوان، قـژ رەش، دوو چـاوی زیتـی زیرەکانـە. لەسـەر وێنەکـە بـە قەڵـەمی حـوبر نووسرابوو، وێنـەی شـەهید ئـایلینی خوشـکم بـەردەوام مـاڵی خۆمان.

ئایا ئەوە دەستخەتی باوکیەتی؟ رەنگە. مێژووی دەگەڕێتـەوە ناوەندی حەفتاکان.

******

# ٢٥ی یولی

لە کافتریایەکی بچووك، لە بروکسل جارێکیان، چاوەڕوانم دەکرد. ئێوارەیەکی ساردی زستان بوو. تۆ کەمێك دواکەوتی، هەستم بەتەنیایی کرد. پەیوەندییم پێوە کردیت، سوودی نەبوو. دووبارە تەلەفۆنم کردەوە، بەڵام تەلەفۆنەکەت دەنگی نەبوو. چەندان جار ئەوەم دووبارە کردەوە هەستم کرد، پەریشان و نائومێدم.

کیژێکی جوانی گەنج هاتە ناو کافتریاکە. جەستەی لەنزیك منەوە هاویشتە سەر کورسییەك. بۆنە تیژەکەی منی تەنیەوە. ویستم قسەم لەگەڵ بکات. گوێی لێ نەگرتم، وەك ئەوەی گوێی لە دەنگم نەبوویێت. بەڵام من ماوەماوە، خۆم نزیك دەکردەوە و هەستم لەو رادەگرت، بە تی چاوێك سەیرم دەکرد. بینیم کیژەکە سەیری جولەی گەرمی گەنجەکانی دەکرد، ئەوانەی بەرامبەرمان دانیشتبوون. گرێیەکانی قژە درێژەکەی شل کردووە و بڵاویکردەوە، قژی شانوشانی دەکرد.

سەیرم دەکرد، بەوەش خەمە قوورسەکەی ناخم سووکتر بوون، جولەی خەڵکەکەی ناو کافتریاکە ئاسوودەی کردبووم. پیاوەکان بەیەکەوە بەزمیان گەرم بوو. لە دوورەوە منیش دەمویست بەشداری ئاخاوتنەکانیان بکەم. ناویان بپرسم، یەك بە یەك ناویان بزانم، دەمویست ئاکاری یەکێکیان لەناو مێشکم بچەسپێنم. بۆ هەر یەکێکیان چیرۆك و سەربردەیەك هەڵبەستم. ئاکاری پیاوەکانی تری دوورتر دانیشتبوون، ئەوانیش بناسم، هیچیان ئاکاری بە تۆ نەدەچوو. تۆ چەند لەوان جیاوازی.

گۆرانییەکە رۆمانسی بوو. تێکستەکە باسی خۆشەویستێکی دەکرد، دەیگوت وا بەرێگاوە بەرەو ئێرە دێت، بەڵام ناگات. زەحمەت نەبوو، خۆم لەناو تێکستی گۆرانییە خەمبارەکە بدۆزمەوە. هەستم دەکرد ببوومە نێچیری هەست و ویستەکانی لە ئارامی و ناخی جیهانەکە دامدەپرێت.

گۆرانییەکە بە ئیقاعە نەرمەکەی و دەنگە خەمینگی ژنە سترانبێژەکە بە یەك ریتم بەردەوام بوو. وەك ئەوەی ئەو گۆرانییە تەواو نەبێت، گۆرانییەکی تر، بە هەمان دەنگ دووبارە لێ دەدرایەوە. ئایا هەمان گۆرانییە؟ یان هەمان سترانبێژە؟

بەڕاستی کەتبوومە ژێر باندۆری دەنگ و چرپەچرپەی ناو کافتریاکە. نەمدەتوانی کەشەکەی چواردەورم بەرجەستە بکەم. کیژەکە پێیەکانی لەبەردەم من درێژ کردبوو. ویستم فەرامۆشی بکەم. هەستم کرد، یەکێك لە پشتەوە قژم رادەکێشێت، رووبەڕوو شەقێکم لێ دەدا، نوقرچەیەك لە روومەتم دەدات. رووبەڕووی ژاوەژاوێك بوومەوە، بۆنی جەستەکان و نهێنی ساتەکە، بێ ئەوەی خۆم بۆ ئەوە ساز کردبێت.

لەناکاو تۆ هاتیتە ژوورەوە. بە هاتنی تۆ، هەموو شتەکان گۆران. نەمپرسی لەکوێ بوویت. پەیڤەکەی ئامادەم کردبوو، لە بیر نەما، سەرەتا گلەیی بکەم و دوایی بتشۆمەوە. تا رادەی گریان بە هاتنت گەشامەوە.

هەموو جارێك کە تۆم دەبینی، پەیڤم بۆ پێشوازیت ئامادە دەکرد، بەڵام لە بیرم دەکرد. تەنیا جارێکیان نەبێت، یادی مردنی باوکت بوو. دەمویست مەسەلەکەت بۆ روون بکەمەوە، بەڵام نەمتوانی. وامدەزانی بەپێخواسی لەسەر کەڤری رەقی تیژدا دەڕۆم.

******

لەگەڵ من قسەت دەکرد. هاوارم دەکرد. داوات لێ دەکەم بێدەنگ بیت، بەڵام؛ بێدەنگ.

بابەتی زۆرت بۆ باس دەکردم، یەك دیمەنی ئەو رۆژەم لە خەیاڵدا ماوە، وێنەیەکە لە ژیانم دەرباز نابێت، وێنەی دایکم، کە گرژ دەبووەوە. وێنەی ئەوم، لەبەردەمە، رۆژ بە رۆژ کەساس و سیس دەبوو. بەڵێ، دەڵێم گرژ دەبووەوە، دەتوانم تەنیا بەو دەستەواژەیە گوزارشت لە رەوشی دایکم بکەم، بەپێی دیدی رۆژەکە. رۆژانە دەمبینی دایکم بچووك دەبێتەوە. تا رادەی ئەوەی ژنە درێژەکەی کە من لەدایك دەبم، زۆر لە من گەورەتر بوو، رۆژێك دەبێتە کیژێکی خۆم، جەستەم گەورە دەبوو، بەڵام جەستەی دایکم، بچووك دەبووەوە و دەتوایەوە، دەرووخا و نەدەما.

******

رۆژێکیان، پیش ئەو لە خـەو هەڵسـام، بـەیانی بـوو، چوومـە سـەری، راکشابوو، لەناو سیسـەمەکەی، هەستم دەکـرد رووی کز و کەساس دەبـوو. ویسـتی قسـەی لەگـەڵ بکـەم، ویسـتم بیدوێنم، پێبکەنێت، دەستم بە قژی داهێنا، دەستم لە دەسـتی دەخشـاند. بزەیـەکی کـرد، بـەڵام بـە زەحمـەتی، یـەك وشـەی لەدەم دەرنەچوو. دیارە دەیقیژاند و هاواری دەکـرد، بێـدەنگ بـم قسـەی زۆرتـر نەکـەم، بـەڵام دەنگـی دەرنـەدەچوو، وەك چـۆن منیش جارێکیان ئەوەم لەگەڵ تۆدا کردبوو.

لەبەر خۆمەوە گوتم، رەنگە ئەو ژنە بیـەوێ حوکمێـك لەسـەر خۆی بدات، بە مردن. دەیەوێ پڕیارەکە لەلای خۆی بێـت، نـەك کەسانی تر. هەموو پڕیاری مردنیـان، لەسـەر ئـەو دابـوو، بـەڵام بەرگـە دەگرێـت، ویسـتیان زیندەبـەچاڵی بکـەن، ونـی بکـەن، بەزینـدوویی بیشـارنەوە. ئیمـڕۆ دەیـەوێ حـوکم لەسـەر خـۆی بدات، بە مردن. کێ دەزانێـت؟ ئـەوە پڕیـاری ئـەوە. ئـەو رۆژە بـە باشـی هەستم بـە پڕیارەکـەی ئـەو کـرد. بـێ ئـەوەی قسـەش بکـات، درکـم پێـی کردبـوو. لـە نـاوەوەم هەسـتم بـەوە کردبـوو. هەسـتم بـەوە کردبـوو، ئـەو ژنـە دەیـەوێ بەپەلـە بمرێـت و ماڵئاوایی لە ژین بکات. دەڕوات، بێ ئەوەی ئـاوڕێکیش بداتـەوە. ئەو نایەوێ زۆرتر بژیت. دەیەوێ هەموو شتەکان لـەدوای خـۆی جێبهێڵێت. هیچی تێدا نەمابوو لێی بترسێت، یان بیپارێزێت.

هەستم بۆ دایکم بەو جـۆرە بـوو، هەسـتکردن بـوو بـەڵام لـە ناوەوەم زۆر روون و بەرچاو بوو، هیچ گومانی تێـدا نـەبـوو. چەنـد ساتێك مایەوە، ویستم نەفرەتی بکەم، لێی دەرباز بم، بـەدرۆی بخەمەوە، بەڵام دیارە هەستکردنەکە لـە ویسـتی مـن بـەهێزتر بوو. هەسـتێکی نـاوەوەم بـوو، بەنـد بـوو بـە پەیوەندییـەکانم بـە دایکم. پەیوەندی من بەو، وەك ئەوە بوو یەك جەستە بین. وەك ئـەو هەسـتم دەکـرد، هەسـتیار بـووین، بـەو جـۆرەم ناسـیبوو، هەموو جولە و چالاکییـەکانی ئـەوم دەزانـی، هـەموو دیـدەکان، هەسـتەکان، دیـارە هـەموویان مەبەسـتیان نـەبوو لەسـەر ئـەو زەوییە بمینێت، دیارە هیچی نەمابوو، لەو گەردوونـە؛ بـۆ ئـەوەی لە پێناوی بژیت.

لە خۆم پرسـی، کە نـانی بـەیانییم بـۆی ئامـادە دەکـرد، مـن موستەحەقی ئەوە نـیم دایکـم بـۆ مـن بژیـت؟ بـەڵام جورئـەتی ئەوەم نەدەکرد لێی بپرسم.

ڕەنگە ئەو ژنە وابزانێت زۆری بۆ من کردووە، هیچی تری بـۆم لەبار نەماوە بیکات.

******

بەڵێ بەڕاستی دایکم ڕۆژانـە گـرژ دەبـووەوە، سـیس دەبـوو، دەقۆپایـەوە. دایکـم نەیدەویسـت، وەك خـەڵکی بمرێـت، دایکـم دەیویست بچووك ببێتەوە، بچووك ببێتەوە بـۆ ئـەوەی بتوێتـەوە و نـەمینێت. دەیـەوێ لـەو جیهانـە ون بێـت. لـە هـەوا و خـاك و ئاوەکـەی بتوێتـەوە. لـەو ڕۆژە تێگەیشـتم ئیمـڕۆ دوارۆژی ئـەوە و دەڕوات، هەستم بەوە کردبوو. لە ناوەوەم هزری ئەوەم کردبـوو. کـە سـەیری چاوەکـانی ئـەوم دەکـرد، هەسـتم بـەوە کـرد. تێگەیشتم ئەو ژنە ئیمڕۆ ماڵئاواییمان لێ دەکات. سـەعاتەکەی لـە منداڵییـەوە لەبـەری ڕادەکـەیت، نزیـك بوویتـەوە، یـان بـە مانایەکی تر بڵێین کاتەکە گەیشت و هات. ئەو ژنە بـەرەو نـەمان دەڕوات. بـەرەو جیهـانێکی تـر ئـاودیو دەبێـت، ئـەوەش دوا ساتەکانی مـن و ئـەوە، دەبـێ خـۆم بـۆ ئـەو سـات و ڕۆژە سـاز بکەم.

ئایا بەڕاستی من ئامادە بووم؟ هەرگیز مەسـەلەکە ئەوەنـدە ئاسان نەبوو.

ئەو چرکەسـاتەی ئێسـتا باسـی دەکـەم ڕۆیشـت، بـەڵام تـا ئەودەمانـە لەگـەڵ هـەژان و ڕاچڵەکینـەکانی ئەودەمانـەی ئـەو دەژیم. دەتوانی مەزندەی ئەوە بکەیت، ئەودەمانە چـۆن گـوزەرم کردووە. جیاوازییەکەش ئەوەیە. ترساو، ڕاچڵەکیوو ژیاوم. هەرگیز بابەتەکە ئاسایی نەبوو، ئاسانیش نەبوو لەو دابـڕێم. بۆیـە؛ لـە یەکەم ئاماژەی ئەو تێگەیشتم، دەڕوات، زانیم چەند سەعاتێکی دیاریکراوی لە ژیاندا ماوە.

******

لەسـەر جێگەکـەم هەڵسـامەوە، بـەرەو ڕووی ڕۆیشـتم. کـە زانــی بــەرەو ڕووی دەچــم، لــەناو سیســـەمەکەم بوژایــەوە، چاوەکانی کردەوە، وەك ئەوەی لـە خـەو هەڵسـابێت، بـەڵام زۆر ئاگای لە خۆی نەبوو، نیـوە مـردوو بـوو. سـەیری دەکـردم. زۆرتـر ڕووی لە دەموچاوم بوو. چاوەکانی کز و سیس، بـێ تروسـکاییە ئاساییەکەی جارانی. دەستم بۆ دەستی درێـژ کـرد، دەلـەرزی. دەمویست پێی بڵێم من هاوشانتم. تـوانیم _کـەمێك _ لـەوەیان ڕابگەێنم. هەستم کـرد بـە دەسـتی مـن شـادمانە، ترسـەکەم کەمێك ڕەوییەوە. بزەیەکی سیسـی بۆم کرد، ویستی بپەیڤێت،

بەڵام دەنگی خیانەتی لێ کرد. ماوەیەك بێدەنگ بوو. دڵۆپێك فرمێسك دەگاتە سەر روومەتی. فرمێسکەکەی دەسڕێتەوە. روومەتی وەردەگێڕێتە سەر دەستم. دووبارە خەوی لێکەوتەوە.

******

لەتەنیشتی دانیشتبووم. منیش خەوم لێکەوت. نازانم چەند خەوتم. بە دەنگێکی کزی ئەو بەئاگا هاتم. ویستی ئامرازەکانی بکەمەوە، بەڵام نەمتوانی. رووم لە رووی نزیك کردەوە، گوێم لێبوو هوڕێنەی دەکرد. گەرم داهاتبوو، ئاوم لەسەر دەمی دانا، خواردیەوە، پاش قوومە ئاوەکە بەئاگاهاتەوە. سەیرم کرد، ماندوو دیار بوو، هەراسان، بەڵام بەردەوام لێوەکانی زەردەیەکی هەڕ پێوە بوو. بە دوو چاوی گەشەوە سەیری کردم، دڵم بۆی هەڵتەکا. نازانم بۆ لەوەدەمانە دڵم هات و ئەو زوڵمم کرد لێی بپرسم، بۆ لە ژیاندا ئەوەندە ئازار و کەساسییت چێشتووە. بێدەنگ بووم. لەجیاتی ئەوەی من قسە بکەم، ئەو دەمی کردەوە. گوتی دەموچاوم بە ئاو تەڕ بکە. رشاندم. ئەو ترساو دیار بوو، توند دەستە لەرزۆکەکەم گرت. تێگەیشتم لە مردن دەترسێت.

"_دیارە تۆ دەلەرزیت، دایکە... گەرمی؟ یان دەترسیت؟".

لەگەڵ دەستگرتنەکە، تێگەیشتم تای لێیە، هەروەها دەشترسێت. ئایا لە مردن دەترسا؟ ئەوە چ مردنێکە لە ژیانی ئەو ترسناکتر بێت؟

******

رۆژەکانی دواتر دایکم جولەی نەما، لەناو سیسەمەکەم نەدەجولایەوە. لەوێ دەستەوەستان چاوەڕوانی مردنی دەکرد. لەورۆژە هیچ شتێك نەدەجولا، هیوای بە هیچ نەمابوو. لە گوندەکەمان دکتۆریش نەمابوو. جادووگەرەکان چەند ئایەتێکی قورئان و دوعایەکیان لەسەر نەخۆشەکان دەخوێند. بەڵام لە دەموچاویان بێزار بووم، ئاکارە قێزەوەنەکانیان، چاوەکانیان کە بەردەوام چاویان لە من زەق دەکردەوە. منیش هەمووم دەردەکردن.

رۆژێکیان نەخۆشییەکە تەنگی پێ هەڵچنیبوو. لای راستی سەری ژانی گرتبوو. دەلەرزی. بۆ ئەوەی لەو دیمەنە دەربازم ببێت، چوومە ناو بازاڕ؛ خواردنێکی بەر دڵی ئەوی بۆ بهێنم. بەڵام لە گەڕانەوەمدا هەردوو قاچەکانم دەلەرزین. هەستم بەوە دەکرد، بە رۆیشتنی من شتێك روودەدات.

لە دوورەوە، کۆمەڵە ژنێکم بینی، لەبەر دەرگای ماڵەکەمان وەستابوون. ژنان دەگریان، لەناو ماڵەکەی ئێمە دەگریان، بەڵام دایکم؛ بێ جولە راکشابوو، لە شوێنی خۆی مت ببوو... بۆی نوشتامەوە. رووم لێی نزیك کردەوە، سەیرم دەکرد، وەك ئەوەی سەیری خۆم بکەم، وەك رۆژانی منداڵییم، دەستم لەسەر نێوچەوانی دانا، هێشتا گەرم بوو. لەبەر خۆم گوتم:

"_ئەوانە بۆ دەگرین، هێشتا زیندووە، نەمردووە، ئەو ژنە دەژیت! بێگومان دەژیت".

بەڵام؛ پاش چەند چرکەساتێك، دەستم گەیاندە روومەتی، بە سۆزێکی گەرمەوە، وەك هەموو جارێك، شەوانە کە دەترسام! هەردوو روومەتی وەك بەفر سارد بوون... دەستم لە دەستی خشاند، سارد و کز بوو، خۆی نەدەگرت و بەر دەبووەوە. بەرزم کردەوە، دەستی کەوتە خوارەوە... شلەژام، هەستم بە ترس کرد، نیگەران و سامگرتوو بووم، لەبەر هۆکارێکی شاراوە، رووم لێ نزیك کردەوە، رووبەڕوو! لەسەر ئەژنۆ دانیشتم، تا بیپشکنم... هەستم کرد هەناسەی نەماوە.

کەمێك بێدەنگ مامەوە. "دایکم هەناسە نادات... واتە مردووە... ئایا مانای ئەوەیە ژیانی تەواو نەما؟".

سەیرم کرد، چاوەکانی، لەنێوان هەردوو پێڵووەکەی دەرکەوت، چاوەکانی هەورین و ماتن. شکۆ و شەوقەکەی نەماوە، ئەو تروسکاییەی دەمبینی نەما...

لەو چرکەساتەوە هەموو شتەکان گۆڕان، نازانم بۆ و نازانم چۆن. تا ئەو ساتەش نازانم بەڕاستی ئەوە چۆن روویدا. درکم بەوە کرد دایکم کۆچی کرد. ئیتر بەو جۆرە ئەوم لەکیسچوو. پاش ئەوە هەرگیز ناتوانم بیگێڕمەوە. ئەو چرکەساتەی لێی دەترسام قەوما. بەڵام ئەو جارە وەك منداڵییم نەدەترسام... هەستم بەوە کردبوو ترسم رەویتەوە... زووتر لە دایکم دەترسام، نەك لە خۆم... رەنگە... دیارە تاکە ساتێك تێدا بترسێم، ئەوەیە کە هەست بکەم دایکم نەماوە... لەو جیهانە بێجگە لە دایکم کەسی ترم نەبوو، سام و ترسیش رایدەهەژاندم گەر بزانم ئەویش کۆچ دەکات... وا ئەویش رۆیشت. هەموو بەرگرییەکانم لەو؛ بۆ مانەوەی لە ژیان ئەویش کۆتایی هات. لەناکاو هەستم بە ورە و هێزێك کرد... هێزێکی گەورە گەیشتە ناو جەستەم، یان بڵێم مردنی ئەو وزەیەکی گەورەی پێ بەخشیم. لە ناوەوە هەستم بە شادمانییەکی

شاراوە کرد، بە ئازادییەکی چاوەڕواننەکراو. هێز، تا بتوانم بوەستم و نەچەمێمەوە، بێ ئەوەی یەك دڵۆپە فرمێسك برێژم.
ئای لەو ژنەی لە مردنەکەشی لەگەڵ من هەر بەخشندە بوو. هەستم دەکرد بەرەو ئاسمان دەفڕم، لەسەر ئەو زەمینە هیچم نەما لێی بترسم.
ئەودەمانەی هەستم دەکرد دایکم دەمرێت! ژنەکە مرد، ئەو ژنەی ئاکاری هەموو چیرۆکەکانی تێدا بوو بێجگە لە بەسەرهاتی خۆی. مێژووی جیهانی دەگێڕایەوە، بێجگە لە مێژووی خۆی. لەبەر خۆم دەمپرسی: بۆ دایکم مێژووی خۆی دەشارێتەوە؛ تا مێژووی خەڵکی تر و حیکایەتەکانی دەرکەوێت؟
لە چاوەکانی مردنم بینی، ئەوانەی چیتر، لەو ئاکارەی هەرگیز گومانی لە خۆی نەبوو، نادرەوشێنەوە. لە دوورەوە گوێم لە دەنگی بوو. دەنگی لە جیهانە دوورەکەی مردنەوە دەهات. لە پەیڤەکانی تێنەدەگەیشتم. جیهانی دووەمی، بۆ من روون و بەرچاو نەبوو. وەك دارێك رەگەکانی نەمینێت، منیش لەسەر ئەو خاکە، رەگم نەما. بۆیە بڕیار دەدەم لەو شوێنە بڕۆم. هیچ پەیوەندییەکم نەما. هەستم بە نامۆیی و تەنیایی دەکرد، چواردەورەم نامۆ.

******

پاش مردنی ئەو سەربەست و ئازادتر دەبم. چیتر بەرگەی ناوماڵەوەم نەمابوو، رۆژانە دەچوومە بازاڕ، گاڵتەم بەو گەنجانە دەکرد، کە توانجیان لێم دەدا و بەدوام دەکەوتن. وەك پێویست و باو، نیقابم دانەدەپۆشی. هەستم بەوە دەکرد پیاوەکان هەموویان دەیانویست سێکسم لەگەڵ بکەن، وامدەزانی من بوومەتە خاتوونی خەیاڵی دەستپەرەکانی هەموویان.
رۆژێکیان، لەگەڵ ژاوەژاوی ناوماڵەکە لە خەو بەئاگاهاتم. تازە سووکە خەوێکم لێ کەوتبوو. پاش چرکەساتێك، وتم ڕەنگە خەونم دیبێت، یان پیاوێك هاتووتە ژوورەکە و غەڵبەغەڵبێکی لەناو ماڵەکەمان پەیداکردووە. هەڵسامەوە و لەسەرشان پاڵم دایەوە، هەستم راگرت، لە پەنجەرەکەوە سەیرێکی دەرەوەم کرد. تەنیا هەستم بە گڤەگڤی با دەکرد، دەرگاکە شەقەشەقی بوو. دووبارە گەڕامەوە بخەوم. بەڵام ئەو جارە بەڕوونی گوێم لە دەنگ و چرپەیەك بوو، ترسام گوتم رەنگە پیاوێك لەو گوندە بیەوێ بێتە گژم. لە خوارەوە، لە شوێنی مانگاکە، گوێم لە تەقەی دەرگاکە بوو، نیگەران بووم، دووبارە

هەستم بە ترس کردەوە. هەستیاریش بووم، بە مردنی دایکم و باوکم و مێردەکەم ئیقاعی ژیانم لەسەرخۆ دەڕۆیشت، ژیانی ناوماڵەوەش کەساس ببوو، تەنیاییەکەشم بە ترس داپۆشرابوو، لە ناخەوە ترسی منداڵی بۆم دەگێڕایەوە کە لە هەموو شتێکی دەرەوە دەترسام. لەودەمانە هەستم بەوە کرد ژنێکی ترساو و شکاوم، بەو هەستەش دەتوانن بەتوندی قۆرخ و زەلیلم بکەن و سواریشم ببن و پیاو لەدوای پیاویش بێنە سەرم، لەبەر کەڵلەرەقی و لاملییەکان و رقی زۆرم لەوانە، رەنگە بەوە تۆڵەم لێ دەکەنەوە.

لە شوێنی خۆم هەڵسامەوە، پەریشان. خۆم داپۆشی و پەنجەرەکەم کردەوە، بینیم پیاوێك، نەرم نەرم دەڕوات، چەکی بە دەستە، بەڵام هێواش هێواش لەناو تاریکی شەقامەکە ون بوو. پیاوەکە بەو رێگایە دەڕۆیشت، کە دەگەیشتە ناو بارەگای چەکدارەکانی ناوەڕاستی گوندەکە. نەرم نەرم دەڕۆیشت، تا کەس گومانی لێ نەکات. دووبارە گوێم لە دەنگی چەند پیاوێك بوو چاوەڕوانی ئەویان دەکرد. گوێم لە دەنگی مەکینەی ئۆتۆمبێلێکی بوو ئەوانی هەڵگرت و رۆیشت.

بە راکردن بەرەو دەرگا رۆیشتم؛ بۆ ئەوەی لە حەقیقەتی مەسەلەکە تێبگەم. رووناکییەکی کزم، لە کوڵانێکی درێژ بینی؛ کە بۆنێکی ئاسایی لەبەردەم چرای دەرەوەمان دەگەیاند؛ کە بە تەواوی کوژابووەوە. بەو رووناکییە کزەی لە دەڤەرەکە پەخشان بوو، توانیم بگەمە دەرگاکە؛ لەوێ نامەیەکم دۆزیەوە لە درزی ژێرەوەی دەرگاکە فڕێدرابووە حەوشەکەم.

نامەکەم هەڵگرتووە، زەرفەکە مۆری چەکدارەکانی پێوە بوو. سەرەتا، نامەکەم خوێندەوە، هیچی تێنەگەیشتم. هۆشم لەسەر خۆم نەبوو. ئایەتێکی قورئانیان تێدا نووسیبوو، بۆنی هەڕەشەم لێی دەکرد، دوایی؛ سەرۆکەکەیان داوای کردبوو، سەعات حەوتی ئێوارەی پێنجشەممەی داهاتوو بمبینێت. لەودەمانە هەستێك تژی لە ونبوون و نائومێدی و شکانەوەم لەناو ئەو گوندە بچووکەی، متبوون و پیسی و بەدکارییەکانی داپۆشیبوو، داگیریکردم. ئارەزووم دەکرد بگریێم. بەڵام ورەم دا بەر خۆم. بیرم لەوە کردەوە، هەر ئەو شەوە و لەو تاریکییە رابکەم و دووربکەومەوە. بەڵام هێور بوومەوە، گوتم:

"_لێرە چ دەکەیت، لەو شوێنە؟! "چارەنووسی ژیانە هەرەشەلێکراوەکە چی دەبێت، رۆحەکەم بەردەوام لەبەر باری

ترس و توندكارييه؟!. چەند هەنگاوێك لـەناو كۆڵانەكـە ڕۆیشـتم، دەسكی دەرگاكەم سووڕاند.

"_ ئاخ، لـەكوێی، دایكـە لـەكوێی؛ تـا لـە ئـامێزت بگـرم، وەك سـەردەمی منداڵییم پێتوەبڵكێم". ئەو قسانەشـم بـە دەنگێكـی كز لەدەم دەرچوو.

چوومە ژوورەوە و گلۆپەكـەم كوژانـدەوە؛ چونكـە داگیرسـابوو، ڕووناكییەكەی لە پەنجەرەكەوە دەچووە دەرەوە.

بیرۆكەیەكی ڕازی مێردەكەی دایكم بەبیرهاتەوە، ماوەیـەكی زۆر بوو قسـەكەی كردبوو. ئەو گوتبووی لەو شـارە قاچاخچییـەك هەیە، دەتوانێكی بە پارە خـەڵك دەربـاز بكـات، بـەرەو ئـەوروپای ببات. گوتم بۆ ئەوە نەكەم؟! بیرۆكەكە لەودەمانە منی ئاسـوودە كرد و ڕەشـەكەی لە بیر بردمەوە، بەوەش تا بەیانی بەئاگابووم.

گوتم بەیانی دەچمە شـار، سـواری یەكـەم پاسـی شـارەكە دەبم، بەر لـەكاتی دیـاریكراوم لەگـەڵ بەرپرسـی چەكـدارەكان، هەموو شتەكانم ساز دەكەم.

بەیانییەكەی، تەقەم لە دەرگایەكی قورمزی ناو شارە نیمچە چۆڵ هێنا، لەودەمانە لەبەر خۆم دەمگوت:

"قاچاخچییەكان ئەو جۆرە خانووانانە بۆ خۆیـان هەڵـدەبژێرین؛ تا كەس گومانیان لێ نەكات".

پـاش چەنـد دەقەیـەك خـۆم لەبـەردەم كـابرا دیتـەوە. قاچاخچییەكە. گەنجێك بوو، قەمیسێكی بۆری لەبەردا بوو، قژی ڕەش و چـڕ و بـەگڵوازە بـوو، كـە لەگـەڵ مـن قسـەی دەكـرد، بەتووڕەییـەوە قـوومی لـە جگەرەكـەی دەدا، كـەمیش سـەیری دەموچاوی دەكردم.

******

ئیتر بەو جۆرە گەشـتەكەم بـەرەو ئـەوروپا دەسـت پێـدەكات، هاوڕێیەكەم، لەسـەر ڕیتمی قسـەكانی گەنجەكە گوێم بگرە:

"_من دەتگەینمـە ئـەوروپا... پشـت بـە مـن ببەسـتە، دەیـان كەسم گەیاندووە، گەیشتوونەتە ئەوێ... ڕێگاكەش سـەلامەتە، من پیاوێكم ژن و منداڵم هەیە، كیژێكم هەیە، كەسێكم لە خودا دەترسم، وەك خەڵكی تر نیم، پشتم پێ ببەستە".

لەگەڵ ترپەی هەناسـەكانم، كـە لـە خۆشـی ئـەو موژدەیـە، هەڵدەستان و دادەبەزی...

دەستی لەسـەر سینگی دانابوو، شوێنی دڵی، بەو جۆرەش قسـەی لەگەڵ دەكردم، دەرگای ماڵەكـەی كرابـووەوە. ژنەكـەی

لە درزی دەرگاکەوە هاتوچۆی بوو، لە پێیە بچووکەکانییەوە دیار بوو کەوشێکی سووکی لەبەردایە، گەنج، تەمەنی بیست ساڵێك دەبوو، قژی زۆر رەش، قژە درێژەکەی شانە پانەکەی داگرتبوو. فڵچەیەکی پاککردنەوەی لە دەستدا بوو، گوێی لە قسەکانمان راگرتبوو، وا خۆی نیشاندەدا کاشی دەسڕێتەوە، لەبەردەممان هاتوچۆی بوو، ئەرزەکەی دەسڕییەوە، ماوەماوەش بزەیەکی دەکرد... فڵچەکەی دەهێنا و دەبرد، بێدەنگ، بە جولەی هاوشانی هەردوو شانی و لەسەر ریتمی قسەکردنی پیاوەکەی لەگەڵ من دەکرد، فڵچەکەی دەهێنا و دەبرد.

ئەوەی لەبیرم ماوە، فستانێکی سووری درێژی بە بەژنە درێژەکەی هاتبووە خوارەوە. پەروازەی ژێرەوەی فستانەکەی بە وردە گوڵ رازابووەوە، ماوەماوەش بەڕاکردن دەگەیشتە لای منداڵەکەی و ژیری دەکردەوە، کە لە ژوورەکەی تر دەگریا، هەر بەڕاکردنیش دەگەڕایەوە لای ئێمە؛ بۆ ئەوەی گوێی لە دانوستانی ئێمە بێت، لە دوورەوەش بزەیەکی بۆ من دەکرد...

لە بنەبانی ژوورەکەش قورئانێك لەناو ساتانێکی قورمزی لەسەر بالیفێك کرابووەوە.

******

_ ئەوروپا... ئەوروپا... ئەوروپا...

پاش چەند ساڵی مانەوەم لە ئەوروپا، لە خۆم دەپرسم:

_ لەودەمانە ئەوروپا چی بۆ من دەگەیاند؟

_ هیچ... هەموو شتێکیش.

قاچاخچییەکەم بە بیر دێتەوە کە چۆن لەبەردەمم هاتوچۆی بوو و جگەرەشی لە دەم بوو. ناوی وڵاتەکانی پێدا تێپەڕدەبین بۆم دەژمارد:

"_بەرەو ئیران رادەکەین، لەوێ لە ئیران بەرەو تورکیا، دەچینە ناو ماڵی کەسێك، ناوی یەلمازە"....

"_ناوی چییە؟..." من لێی دەپرسم.

"_یەلماز" بە روویێکی خۆشەوە.

"_ئای لەو ناوە جوانە".

لەسەر قسەکانی بەردەوام دەبێت، لۆرییەکی میوەجات دێتە لای  ماڵەکەی، لەوێ تۆ دەچیتە ناو سەندووقەکان".

"_بۆ ناوی لۆری میوەجات؟" من قسەکەی دەبڕم.

"_بەڵێ، لەناو لۆری میوەجات، بەوەیان دەچینە ناو ئەوروپا".

"_ئای لەو جوانییە... لەو بەختە... لێرە بێجگە لە چەکدارەکان کەس میوە ناخوات".

بەردەوام دەبێت لەسەر پەیقین:

"_لۆرییەکە دەتپەڕێنێتەوە، بۆ یۆنان، لەو یۆنانەوە، بۆ بوڵگاریا، لەوێش، دەچینە ناو ئەڵمانیا، لە ئەڵمانیاش دەچینە ناو خاکی بەلژیکا...".

چەند جوانە ئەو هەموو وڵاتانە لەناو لۆری میوەجات ببڕیت... جوانە تۆ لەگەڵ سێو و پرتەقاڵ و خۆخی تورکی خاکی ئەوروپا ببڕیت، ئەوانە و هیچی تر! لەوێ کە برسیت دەبێت دەتوانیت میوەش بخۆیت! هەناسەش لەگەڵ بۆنی ناسکی میوەکان وەربگریت، تۆ ئاسۆکان دەبڕیت، هەموو وڵاتانی ئەوروپا دەبڕیت... ئای کە خەونێکی جوانە!... هاوڕێیەکەم، ئای کە خەیاڵە جوان بوو! ... گەنجەکەی بەرامبەر رووخۆش بوو، سەرە ماندووەکەی دەهەژاند. شوێنەواری برینێکی بچووکی قووڵیش لە گۆشەی چەپی دەمی دیار بوو، برژانگە درێژەکانی سێبەریان لەسەر روومەتی کردبوو. ئەو وەك کەسێکی حەیرانی نیگەران قسەی دەکرد. من قسەم لەگەڵ دەکرد و لێوەکانی ئەویش لەبەر جگەرەکێشانەکەی دەلەرینەوە، قسەکانی بە نەرمی و لەسەرخۆ دووبارە دەکردەوە:

"_بڕوام پێ بکە، تۆ سەلامەت دەبیت، من پیاوێکم پارەپەرست نیم، پارەم بۆ چییە؟! بەو جۆرە خێر و چاکە بۆ خەڵك فەراهەم دەکەم، حەز دەکەم ببینم خەڵك کامەرانە، من وەك قاچاخچییەکانی تر نیم، بڕوا بکە من هاوژینم هەیە، کیژێکیشم هەیە. سەلامەت دەبیت، بڕوام پێ بکە... من پیاوێکم لە خودا دەترسم، سەیرکە بەردەوام قورئانێك لەناو ژوورەکەمان کراوەتەوە... من پیاوێکم لە خودا دەترسم، وەك ئەوانی تر نیم... ئەوانی تر لە خودا ناترسن... تۆ دەزانی ژنێکی تەنیا و بێکەسی وەك تۆ لەو رێگا درێژە لەگەڵ خەڵکی تر سەلامەت نابیت... بڕوام پێ بکە لەگەڵ من سەلامەت دەبیت... بەیانی پارەکەت بێنە، یان دوو بەیانی، پارەکە بدە بە ژنەکەم، من پارە، بە دەستی خۆم وەرناگرم، پارەم خۆشناوێت... پارەم بۆ چییە... چ لە پارە دەکەم؟! پیسی و قرێژە، ناچار وەریبگرم؛ چونکە ژن و منداڵم هەیە، ئەوانیش خواردنیان دەوێت... ژیان وایە... بەڵام خۆم... لەو دونیایە تەنیا رازیبوونی خودا و شادمانی خەڵکم دەوێت... بڕوام پێ بکە لەو ژیانە هەر ئەوەم دەوێت...".

قسەی لەگەڵ دەکردم، جگەرەشی هەر لەناو دەستی بوو، لەدەمی دەنا و دەریدەهێنا و دەستی نەوی دەکرد.
کە گەڕامەوە ماڵەوە لە خۆشیان دەمردم... چەند جوانە بە خەیاڵ سەفەر بکەیت! ئەوەش هیچی تێناچێت، دەتوانین بێ ئەوەی رەنج بکێشین ئەو هەموو شوێنە دەبڕین، بێ ئەوەی یەك دڵۆپە ئارەقەش برێژین... خەیاڵی ئەوەم دەکرد گەشتیکی کامەران دەکەم. سەفەر دەکەین وەك ئەوەی لەسەر کاغەز پڕۆین، نەك لەسەر زەوییەك تژی بێت لە نەفرەت. بە ئارامی سەفەر دەکەین... بە هێمنی وەك ئەوەی خەواڵوو بین، دوایی؛ دەزانین شتێکە باجێکی زۆری نەدەویست...
لەسەر سۆفاکە راکشابووم، قسەم لەگەڵ خۆم دەکرد. سەیری بنمیچەکەم دەکرد، هەستم دەکرد دڵم دەیەوێ لەناو سینگم دەرپەڕێت، من پاش چەند رۆژێکی تر سەفەر دەکەم. پاش چەند رۆژی تر فاتیمە دەگاتە ئەوروپا. بە لۆری میوەجات دەڕوات. بیرم لە هیچ نەدەکردەوە، نە پۆلیس، نە تاوانبارەکان، نە قاچاخچییەکان، شتی لەو جۆرە بوونی نییە...
سەفەر دەکەم، وەك ئەوەی دەستم لەسەر نەخشەیەك دابنێم، قسە دەکەم و لەسەر شوێنەکان باز دەدەم، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، شتێکە هیچی ناوێت. تاکە شت دەیدەم پارەی رەهنکردنی خانووەکەی دایکمە، دە هەزار دۆلار، پارەکە لەناو دەستی قاچاخچییەکە دەکەم. ئەویش حەز بە پارە ناکات، نایەوێ دەستیشی لێ بدات، دەیداتە ژنەکەی. ئیتر من بەو جۆرە دەکەومە ناو دەستێکی ئەمین، بێگومان سەلامەت. لەوێ دەفڕم، لەناو ئاسۆیە جوانەکە.

******

بەڵام مەسەلەکە وەك خەونەکانی نەکەوتەوە، خەون شتێکە، ئەو جیهانەی تێدا دەژین شتێکی ترە. جیهانێکە، تژییە، لە نەفرەت.
گەیشتینە شوێنێکی دوور، تاریك و ترسناك، گوتی ئێمشەو لێرە دەخەوین. منیش ماندوو و بێزار. دەبوایە خۆمان لەسەر سنوور، لە بلاجکتۆرە رووناکەکانی پۆلیس ئاراستەیان دەکردین بشارینەوە. خۆمان خزاندەوە پەنایەکی لاچەپی ناو دارستانێك. لەودەمانە هەستم دەکرد قاچاخچییەکە بە چاوێکی تر سەیرم دەکات. ئەوەش منی ترساند. هێواش هێواش، بە شێوەیەکی

روون و ناشیرین، لێم نزیك كەوتەوە، بێ ڕەوشتانە دەستی بۆم دەهێنا. ویستم دووربكەومەوە، بەڵام ... بۆ كوێ ڕۆم؟

سەرەتا، دەیویست دوور لە شەرانگێزی، بە شێوەیەكی نەرم كۆشش دەكات. كە زانی من توندم و رادەستی نابم، یەكسەر دەگۆڕێت. لەناكاو دەبێتە كەسێكی تر، ئەو گەنجە نەما ئەوەی قسەی بۆ دەكردم، وەك گورگ چرنوك و نینۆكی لێ پەیدابوون. یەكسەر و لەناكاو دەبێتە حەیوانێك، دەبێتە دڕەندەیەك.

لە دوورەوە ژنەكەی ئەوم دەبینی، لەبەردەم ماڵەكەیان وەستابوو، هیوای سەلامەتی بۆ دەخواست. شووشە بۆنەكە، تەسبێحە ڕەشەكەی لە دەست بوو، لەبەردەم سەكۆكە و منداڵەكەی لەباوەش بوو، دانیشتبوو. تیشكی خۆرم دەبینی چۆن بە پەردە دوو ڕەنگەكەی ماڵەوەیان، شین و زەردەكەی دەبڕی، ژنەكەش دانە دانە تەسبێحەكەی دەستی ئاودیو دەكرد، ئەویش سوارم ببوو و هەناسەی توند و مشەمشی لەگەڵ من دەنگی دەهات.

******

لە شوێنە ساردە ترسناكەكە، لە شوێنە جەرگبڕەكە، مەفرەزەكانی پۆلیس لە سەر سنوور راویان دەنایەن، سەگەكانیان بۆنیان كردبووین. لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تر. لەو شوێنەی هەرگیز ئاسوودەیی تێدا نەبوو؛ برسیەتی و مردن هەڕەشەی لێ دەكردین؛ تێدا دز و ڕێگر و تاوانبارەكان ڕێگایان بە خەڵك دەگرت، دەبوایە لەوانەش خۆمان بپارێزین، لەو ڕەوشە نامۆ و ناوازە و ترسناكەدا. قاچاخچییەكەش بیر و ئەندێشەی لە لایەكی تر بوو.

بیرم لەوە دەكردەوە:

باشە ئەو كابرایە، چۆن دەتوانێت لەو ترس و مردن و مەترسییەكان بیر لە كێری بكاتەوە...؟!

ئەوە چۆن دەبێت، هەموو جیهان ناتوانێت زۆرداری ئەو ئەندامە بچووكەی ئەو پیاوە بشكێنێت؟!

پیاوەكە حەیوانێكی بچووكی لەگەڵ خۆی هەڵگرتبوو، ماڵی نەدەبوو، هەرگیز نەدەحەوایەوە، حەیوانێكی پێ بوو، نەدەكرا بیبەزێنیت، یان ماڵی بكەیت، بەڕەڵایە، لە هەموو لۆژیك و هەموو ئەندێشە و بیركردنەوەیەك... پیاوەكە شاناز بوو كە بیركردنەوەكەی ئاسایی و دروستە، وایە یان نا؟ بەڵام ئەو

لۆژیکــە لەڕاســـتی دەوەســـتێت، هــەموو بیرکردنەوەیــەکیش دەوەستێنێت. ئـەوەی لـەجیاتی ئـەو بیـری دەکـردەوە، ئەندامـە بچووکەکەی پێوەی بوو.

******

لەســەر زەوییەکـە رادەکشــام و دەمقیژانـد، هـاوارم دەکـرد. بەسـە، بوەسـتە، بوەسـتە، تکایە بەسـە.

******

# شەشەم

ئێوارەکەی، سۆفی لە نەخۆشخانە دەردەچێت، رۆژانە لەو کاتانە دەردەچوو. لەودەمانە بوو کە پەرستارەکە دەهات پاکی بکاتەوەە. دەستی دەدایە جانتاکەی و دەڕۆیشت. رێگاکەی خۆی دەگرێتەبەر، کۆلانێکی باریك دەپڕێت. دەچێتە مارکێتەکەی نیو هاوس ئەوەی شوکولاتەی بەلژیکی دەفرۆشت. هەمان ئەو شوێنە بوو کوڕەکە، کە دەهاتە لای، لەوێ شوکولاتەی بۆ دەکڕی.

ژمارەیەك کیژی بینی شانیان بە شیشبەندە ئاسنەکەی، ناو شەقامەکە دابوو، یەکێکیان سەری بەسترابوو، جلی تەسکی لەبەردابوو. لەتەنیشت ئەویش کێژێکی بە تەمەنتر وەستابوو. پێدەکەنین، بەزمیان لەگەڵ دوو گەنجی نزیك خۆیان گەرم بوو، بزەیەك بۆ دیمەنەکە دەکات. هیواداره بتوانێت جارێکی تر لەگەڵ ئادریان رۆژێکیان؛ لەبەردەم خەڵك بەزم و گاڵتە بکەن، وەك چۆن جاران دەیانکرد.

دووبارە دەچێتەوە ئاڤینو ئانسباك. دەوەستێت و چاوەڕوانی گلۆپە کەسکەکە دەکات تا بپەڕێتەوە. لەگەڵ ژمارەیەك خەڵك لە بەرامبەر لابورس دەپەڕێتەوە. لەوێ گردبوونەوەیەك، بە بۆنەی بەهاری عەرەبی هەبوو، دروشمێك دەخوێنێتەوە تێدا نووسرابوو "ئازادی بۆ عەرەب". چەند هەنگاوێك دەڕوات، دەچێتە ناو شەقامی ئانسارات.

خۆرەکە کەوتبووە پشت باڵەخانەکان، چەند داوە تیرۆژێکی رووناکی بەو پەڵەهەورانە بەدی دەکران و لە ئاسمان مابوونەوە بەخشیبوو. شارەکە؛ لەناو باڵی تاریکییە راکشاوەکە ون ببوو. بەڵام دەنگی موزیك و ژاوەژاوی ناو کافتریاکانیش دەبیسترا.

سۆفی لەبەردەم باڕەکەی لکوك، دەوەستێت، بەڵام خەمبار، سەرنجی لەلای پشکۆی جگەرەکەی بوو، پاش ئەوەی

جگەرەکەی تەواو دەکات، هەناسەیەك هەڵدەکێشێت و دەچێتە ژوورەوە.
بەتەنیا دادەنیشێت، ئەندیشەی دوور دەڕوات. دەیویست نیگای لە خەڵکەکە دوور بگرێت، چاوەکانی لەسەر گۆشەیەك رادەگرێت، خەمبار و بێزار چاوەکانی دادەخات. تا کەس لەوێ نەبینێت. کە گارسۆنەکە دەیبینێت، لێی نزیك دەبێتەوە، پێی دەڵێت شووشەیەك بیرە و قاپێك پەنیرم دەوێ.
لە شوێنەکە دووردەکەوێتەوە، سەیری سەعاتەکەی دەستی دەکات، هەردوو لاروومەتە تەڕەکانی بە دەستماڵەکە دەسڕێتەوە، چاوەڕوان دەکات قاپەکەی بۆ ئامادە بکەن.

******

سۆفی دەیەوێ بچێتەوە ناو ماڵەکەی ئادریان، لەوێ شتی زۆر هەیە دەیەوێ بیانبینێت، دوێنێ نهێنی تۆڵەکردنەوە مەزنەکە دەزانێت، کە ژیانی باوکی دەپێچێتەوە. لە بەڵگەنامە و نامەکان و ژمارەیەکی زۆری دۆکومێنت و وێنەکانی لەناو شوقەکەدا هەبوون، لەوە تێدەگات.
کیژەکە دەزانێت میلیشیا موسلمانەکان، لە رۆژانی شەری ناوخۆی لوبنانی هەڵمەتێکی تۆڵەسەندنەوە دژ بە شارەدێیەکی کریستیانەکان دەکەن، زۆرتر لە دوو سەد چەکدار بە دەمامکەوە دەچنە ناو ئاوەدانییەکە؛ دەیانەوێ بەو چالاکییە دەرسێکی کوشندە بدەنە هەموو نەیارەکانیان، لەو هەڵمەتەدا بیست چەکداری کریستیانی ناو شارەدێیەکە دەکوژن. چەکدارەکان تەقە لە پەنجەرەی ماڵەکان دەکەن، دەرگای کڵێساکان دەشکێنن، قەشەکەی رێگایان پێ دەگرێت لەدوای خۆیان رایدەکێشن، دەچنە ناو شوێنی قوربانییەکە، ئاگری تێبەردەدەن. دارەکانی ژنانی گەڕەکەکە لە حەوشەکە چاندبوویان هەڵدەتەکێنن، لە هێرشەکەیان بەردەوام دەبن، بە بەرنامەیەکی شەرانگێزی بۆ کوشتن و دەرکردنی خەڵکی سقیلی ناو ماڵەکان پەلاماریان دەدەن، ناوچەکە چۆل دەکەن، ئینجا خزم و ناسیارەکانیان لە خانووەکانیان دادەنێن.
باپیری ئادریان لەناو ماڵەکەی خۆی بوو، بەڵام گابریلی کوڕی، باوکی ئادریان لەکن پووری بووە لە ئەشرەفیە. پیاوە پیرەکە و ژن و کیژەکەی لەدوا ژووری ماڵەکە دەپەستن. سەگ لە حەوشەکە بەردەدەن. لەوەدەمانە، ئاخێکی گەورە

هەڵدەکێشێت، پیرەمێردەکە کوڕێکی نەبوو چەکداری بۆ بکات. هەستیش دەکات پیر بووە و ناتوانێت گلەیی لە کەس بکات، کاتەکە وا دەڕوات، لە پەنجەرەکەوە دەبینێت، چۆن چەکدارەکان ئاگریان لە ماڵەکە بەرداوە  و ئەوانیش لە ژوورەکە گیراون، چۆن بەو شەوە تەقە دەکەن، دەزانێت دەمرێت. لەناو ماڵەکەی و دووریش ناکەوێتەوە لەوێ دەمرێت.

******

باپیرەکە گوللەیەکی بە سکی دەکەوێت، بەرچاوی ڕەش دەبێت، تارمایی و پیاوەکانی بەسەر دیوار و پەرژینەکانی ماڵەکەی دەکەون ناناسێتەوە. بەڵام هێشتا هوشیار بوو، بە خشکەخشکە دەگاتە بەردەرگاکە؛ سەگەکەی، ئەگەرچی خوێنی زۆریش ڕژابوو، بۆنی خاوەنەکەی دەناسێتەوە. کلیل لەناو قوفلەکە دەنێت، بەڵام چەکدارەکان دەگەنە سەری، تەقەی لێ دەکەنەوە و هەموو ئەندامانی خێزانەکە بە کوشتن تەواو دەکەن.

******

گابریل باوکی ئادریان، پاش یەك یان دوو ڕۆژ داوا لە چەکدارەکانی میلیشیاکە دەکات، ئەوانەی خانووەکەیان داگیرکردبوو، بچێتە ناو ماڵەکە و تەرمی مردووەکانی خێزانەکەی بنێژێت، بواری دەدەن بێتە ناو خانووەکە، بەڵام تا ئێوارە بمینێتەوە.

دەچێتە ناو خانووەکە، دایکی بە کوژراوی لەناو حەوشەکە، باوکی بە هەڵزراوی بە گوللە، پاش ئەوەی بە چەقۆ سك و سینگی هەڵدەزرێنن دەبینێت، بەڵام سێیەمیان ئایلینی خوشکە بچووکەکەی، خوشکەکەی زۆر لەبەردڵ و ئەزیز بوو، وەك شێت لەو دەگەڕێت، لەناو ماڵەکە نایدۆزێتەوە، دەقیژێنێت و شێتانە بۆی دەگەڕێت.

دەرئەنجام؛ لە پشتەوەی باخچەکەیان، بە فستانە پەمبەکەی، بە پەروازە و قردێلە گوڵزارەکەی قژییەوە، وەك خەوتووێك، لەناو گۆمێك خوێن ڕاکشابوو، گابریل گوێی لە دوا هەناسە و پرخەی ناو قووڕگی خوشکەکەی دەبێت و دەمرێت.

سەعاتێك لە باوەشی دەگرێت. سەرەڕای ئەو هەموو تاوان و زۆردارییەی دەیبینێت، دەتوانێت هەڵبستێتەوە، لەسەر پێیەکانی ڕاوەستێت و بگاتە نزیك نافوورەکەی بە وردە گوڵی جوان ڕازابووەوە.

گۆمە ئاوەکە غەرقی زبڵ و پاشماوەکان بوو. خوشکەکەی، تەنیا چەند پارچە جلێکی دڕاوی بەبەرەوە مابوو، هەڵدەگرێت، جلەکانی بەزەحمەتی لەبەر دادەڕێت؛ رووتی دەکاتەوە و لەناو ئاوە ساردەکەی دەنێت. تیشکی خۆریش لەنێوان لقەکانی دار ئەرزەکە دیار بوو؛ تا ئاوەکەی بە شووشتنی جەستەی بە خوێنی کیژەکە، پەمبە ببوو، نیشان بدات.

لەو رۆژە خەون بەوە دەبینێت، فریشتەیەك، داپۆشراو بە یاسەمین، خوشکەکەی هەڵدەگرێت و دەیبات. کەسێکی مەست بە توندوتیژی و زۆرداری، ئاڵۆز و دەمارگیر لە گەڕەکە کریستیانییەکەی بەیروت دەچێتە دەرەوە، رۆژی یەکشەممەکە بە بۆری و کەساسی و داپۆشراو بە تروسکایی و شەبەنگی ئاگرێکی هەڵگیرساوی ناو بەشێکی شارەکە هەڵدێت. بێدەنگی باڵی بەسەر کەشەکە داپۆشیبوو. بەڵام ئەوەیان زۆر ناخایەنێت. پاش ئەوەی هەواری رووخاویان بە گریان و خەم جێدەهێڵێت، دەچێتە ماڵی پووری لە ئەشرەفیە. پشتی دەکاتەوە، لەسەر کەرەوێتەکە دادەنیشێت، ئینجا دەداتە پرمەی گریان. دانیشتووە بەڵام تژییە لە تۆڵەکردنەوە و چاوەڕوانە رۆژەکە باشتر دەربکەوێت؛ تا شەو؛ خاچێك لەسەر باسکی راستی و ناوی ئایلینی خوشکی لەسەر باسکی چەپی بنەخشێنێت. بەیانییەکەی و بۆ رۆژی دوایی، چەك هەڵدەگرێت، دەچێتە ناو میلیشیا کریستیانەکان.

******

سالێك پاش کوژرانی بنەماڵەکەی، لەناو دەنگی بارود و تەقە دەمینێتەوە. بیانووی مانەوە و هۆگربوونی بە کوشتن، تۆڵەسەندنەوە بوو، زووتر ناکۆکی و نەیاری نەبووە، نە لەناو موسلمانەکان، نە لەناو فەلەستینییەکان، هۆگری کوشتار و زۆرداریش نەبوو، بەڵام بەرگەی ئاگربەس و ئاشتەوایی نەمابوو. لەسەر زۆردار و کوشتن دەژیا، لەناو ولاتەکە دەسووڕایەوە و شەڕی دوژمنەکانی کریستیانی دەکرد، بەدوای ئەو دوژمنانە پەرۆش بوو، دژ بە تارماییەکان بوو، دەبوایە دوژمنی وەهمیش بۆ خۆی بخوڵقێنێت.

هەست بەوە دەکات، تاکە هیوای ئەو لەو ژیانە، تۆڵەکردنەوە بوو، وێنەی کیژە پارچەڵەکەی خوشکی، ئەوەی فستانە یاسەمینییەکەی لەبەردابوو، هەموو دیمەن و ئاکارێکی توندکاری شەوە رەشەکەی پێوە بوو؛ شەوەکەی خوشکی لەناو

بــاروده تاریکەکــە خنکــابوو، لــەوێ دەیدۆزێتــەوە. دوا دیمــەنی دەبینێــت، لەســەر زەوی فڕێــدرابوو، لــەناو گۆمێــك خوێنــاو، ئــەو دیمەنــەی لەبــەر چــاوانی ون نابێــت. بــەو رەوشــە بــەردەوام دەیبینێتــەوە، وەك کەســێکی خــەوتوو راکشــابوو، هــەر چەنــد دەیــەوێ بخــەوێت، شــەوانە ئەوەنــدەی لــە ژیانــدا دەژیــت، دیمەنەکە لەبەر چاوەکانی ون نابێت.

نەیدەویســت وێنەکــەی لــێ دووربکەوێتــەوە. بەیــەکجاری داگیــری کردبــوو، تــا ئــەو رۆژەی، ناتوانێــت چیتــر بەرگــە بگرێــت. هەست دەکات تا دەمرێت، ئەو دیوەزمەیە بواری نادات ئاسوودە بژیت.

******

بەیانییــەکی زوو، ســۆفی لــە شــوقەکەی ئادریــان لــە خــەو هەڵدەســتێت، لەبــەر تــرس و تــوورەیی و خــەم هــەموو گیــانی دەلەرزی. پەنجەرەکان دەکاتەوە؛ تا هەوایــەك هــەڵمژێت. کــەس لەناو شــەقامە بەرینەکــە نــەبوو. نێــوانی لەگــەڵ ئادریــان کــە لــە نەخۆشخانە راکشاوە، زۆر بوو. ئاسۆیەکی هێمنی ژێر ئاســمانە شینە هەورینە ناسکەکە دەبینێت، دوو باڵندەش باڵەفڕەیان بوو. دەزانێت ئەوانە لەو ئاسۆیە بەرینەدا چەند سەربەستن، دەفڕن و ئــەویش چاودێریــان دەکــات. لــەدوورەوە تــەنیا پیاوێــك دەبینێــت، لەبەردەم کوشکێك وەستاوە؛ دەیەوێ رۆژنامە و جگەرە بکڕێــت، پیاوەکــە بەپەلــە دەگەڕێتــەوە نــاو ئۆتۆمبێلەکــەی، مەکینەکــە گڕدەدات و بەرەو دیوەکەی تر لێدەخورێت.

******

# ٢٦ی یولی

تکایە، هاوڕێیەکەم، هەڵسەوە، ئەو بەیانییەش لە خەو هەڵسە. وەرە بەیەکەوە قاوەیەك بخۆینەوە، رووخۆش بە، ئاکارت بە بارانی مانگی یولی تەڵخ بووە، یولیی تەمبەڵ گەڵای دارەکانی بە رەنگێکی گەش، داپۆشیووە. هەڵسەوە، برادەرەکەم، وەرە بەیەکەوە، وەك جاران، لە نهێنی گەشە گیای سەر زەوی بکۆڵینەوە، بە پێیەکانم، بیجولێنین، لەبەر چاوی خەڵکەکەی لە پۆل و رەوەی بولبول دەڕوانن، دوور بکەوینەوە، بەدوای نهێنی بەهار بگەڕێن کە رەنگ دەدەنەوە بە گەڵا زەردەکان، بەدوای نهێنی کازیوە بچین کە بە تیشکی خۆری بەیانی رەنگین بوون، هەوریش لەناکاو لە ئاسمان پەریشان دەبێت.

جارێکیان تۆ گوتت: وەرە، گۆرانییەکی نوێت بۆ دەچڕم.

گوتم بڵێ...

گۆرانییەکەت بۆ گوتم... بە زمانی عەرەبی، تەنیا ئەو گۆرانییە دەزانیت، ئەوەی لە باوکت فێری بوویت.

وەرە، ئەو جارەش لەگەڵم وەرە، من گۆرانیت بۆ دەڵێم، بە زمانی عەرەبی... گۆرانیت بۆ لەسەر ئەستێرە تەقیووەکان بە رووناکی، لەسەر دەنگی کانییە هەڵتۆقیووەکانی سەر زەوی، لەسەر دەرچوونی چەکەرەی نوێی نێوان کەڤرەکان. لەسەر هەڵوەرینی گەڵا سیس و زەردەکانت بۆ دەڵێم کە ئێوارە نزیك دەبێتەوە، گۆرانیت بۆ لەسەر جریوەی بولبولەکان بۆ دەڵێم. وەرە، گۆرانییەکی نوێت لەسەر تیرۆژی کازیوە، کە ئاسۆیەکی مەند بۆ خۆی دەچنێت، گۆرانیت لەسەر خەمەکانمان بۆ دەڵێم، خەمی خەونە شکاوەکانمان.

گۆرانیت لەسەر بروکسل، شارەکەی تۆ خۆشتدەوێت، ئەوە پێنج ساڵە منی تێدا نیشتەجێبووە.

جارێکیان تۆ لە منت پرسی:

"_ئایا تۆ بروکسلت خۆشدەوێت؟".

"_پاش ئەوەی تۆم لێرە ناسی، بۆ من بوویتە جیهانێکی مەزن".
"_ئەدی بەر لەوەی من بناسیت؟" تۆش لە منت پرسی، چاوەڕوانی وەڵامی من بوویت.
"_هەروەها خۆشمویست".

******

کە گەیشتمە بروکسل، کەشەکە و ڕۆژەکە زۆر جوان بوو. ڕۆژی دووەم بەدرێژایی ڕۆژەکە لە شارەکە سووڕامەوە، لەناو شارە کۆنەکە، بێ ئەوەی هیچ کارێکم هەبێت. تەنیا ئەدرێسی کەمپەکەم پێ بوو "ئالبتی شاتو" کەمپی ئاوارەکان کە تێدا نیشتەجێ ببووم. لەسەر پارچە زەرفێك، ئەدرێسەکەم بە دەستخەت بۆ نووسرابوو، لە نووسینەکەش نەدەگەیشتم.

مانگەکانی یەکەمی مانەوەم بەردەوام، شەو و ڕۆژ لەناو شەقامەکانی دەخولامەوە، هەستم دەکرد، ئاسان نییە، بتوانم لەوێ هۆگر بم، لەناو ئۆردوگای پەنابەرەکان، شوێنێکی دیار و ناسراوە، زۆرتر لە بروکسل وەك ئۆردوگایەکی مێژوویی و سەربازی ناسراو بوو، دەڵێن ناوەکەی لە " لو بتی شاتو" لە خانووە بەردینە گەورەکە وەرگیراوە. زووتر چەندان بنەماڵەی بەگزادەی تێدا ژیاوە، دوایی حکومەتی نەمساوی بۆ حەوانەی یەکەیەکی سەربازی دەیکڕێت، دەیکاتە شوێنی سەربازیی نوێی سوپای بەلژیکی، دوایی دەبێتە هەوار و کەمپی پەنابەران.

******

لە یەکەم ڕۆژی گەیشتنم بەو خیوەتگەیە، یان بەو کەمپە، هەر نان و شوکولاتەم خوارد، ئینجا هەستم بە ئاسوودەیی و تێربوون کرد.

لەبەردەم کابینەکە دانیشتم، چواردەورەم هەموو باڵندە بوو، هەستم کرد من کەسێکی سەربەستم. هەستم دەکرد بوومەتە گوجیلەیەکی بچووك، بەڕەڵاکراوم و ئازادم و گەمەی شێتانە دەکەم، سەربەستم، ڕۆژی خۆم دەژیم، هەرگیز بیر لە سبەینێ ناکەمەوە. چونکە من _زووتر و بەردەوام ترساو بووم_ لە بەیانی و پاشەڕۆژی خۆم، جانتاکەم پڕ دەکرد لە قوماش، لە نان، هەموو جۆرە خواردنێك، هەموو ئەوانەی لەبەردەمم دادەنرا. بەردەوام لەوە ترسابووم خواردنم دەستنکەوێت، یان دەترسام هەوار و ماڵم نەبێت.

بەڵام_ئەوە یەکەم جارە  هەست دەکەم ئازادم، باڵندەیەك هەڵدەبژێرم و وردە نانی بۆ دەهاوێژم، لەسەر شۆستەکان رادەکەم، بێ مەبەست و بەرنامە غاردەدەم، لەناکاو دەبمە کیژە هەرزەکارەکە. بەیانییەکەی، نیقابەکەم فڕێ دەدەم، فڕێی دەدەمە ناو زبڵدانە نزیکەکەی خۆمان، دەچمە دەرەوە، هەست بە سەربەستی دەکەم، بیرم لەوە نەدەکردەوە، لەکێ خواردن پەیدا بکەم، لەکێ بخەوم و ...

******

که پیاسەم لەناو شەقامەکانی بروکسل دەکرد، بە باڵەخانە و رووبەندەکانی سەرسام دەبووم، رووبەندە بەردینە رەنگینەکان، ئاپووڕەی ئۆتۆمبێلەکان سەرنجیان رادەکێشام. بە کۆتر و پیرەکانی سەر شۆستەکانی بە دارچنار داپۆشراوبوون حەیران دەبووم. لەناو شەقامەکان دەڕۆیشتم و بیرم لەوە دەکردەوە، چۆن لەناو شارە گەورە ئەوروپییەکان، ژمارەیەکی زۆری عەرەب و ئەفریقی دەژین و لەناو شارەکانی ئێمە بێگانە ناژین؟! بیرم لەوە دەکردەوە منیش رۆژێك کوڕێکی قژزەرد بناسم، دەست لەناو دەست بەیەکەوە پیاسە بکەین، لەودەمانەش خەڵکەکە بە سەرسامی و شۆکەوە سەیری دیمەنی ناکۆکی هەردووکمان بکەن. ئاکارە ئەسمەر بیابانییەکەی من، دیمەنی زەردی ئەسکەندەڤی و جلوبەرگە شیکەکانی ئەو.

لەناو شەقامەکانا پیاسەم دەکرد، خەڵکەکە بە سەرسامییەوە سەیریان دەکردم. چاویان دەبڕییە جلوبەرگە فش و گەورە و پانوبەرینەکانم. لەبەر رەنگی قەمیسەکانم، جلەکانی یەك لەسەر یەك لەبەرم کردبوون، یان لەبەر قژە بەگلۆوازە رەشەکەم، رەنگە مسییە عەرەبییەکەم. هیچم نەبوو بێجگە لە کۆنە جانتایەکی قوماشی هەرزانی دەستی، رادیۆیەکی کۆن، رادیۆکەشم لەو قاچاخچییە دزیبوو، کە لەسەر پارچە کلینکس درێژی دەکردم و سوارم دەبوو. قەڵەمێکی رۆج کە لەناو کەمپەکە دۆزیبوومەوە، نینۆکبڕێك، قەڵەمێکی کل، کتێبێك، کتێبی چۆن بە پێنج رۆژ بێ مامۆستا فێری زمانی فەرەنسی دەبیت، ناوێکی ناسراوە، لەسەر شۆستەی هەموو شەقامەکانی شارەکانی خۆرهەڵات ریزکراوە.

******

یەکسەر مافی پەنابەری وەردەگرم، لەبیرمە چۆن یەکەم شوقە لەناو بروکسل بەکرێ دەگرم. هەستێکی مەزنم هەبوو. هەستی کیژێك، لە ژیانی، بۆ یەکەمجار، سەربەستە. ئەو هەزرە، لەناو یەك بوار و ژینگە، منی لە دوورکەوتنەوە و رەوینەوەی سرووشتی لە ژیان لەگەڵ خەڵك دەرباز کرد. شادمان بووم، هەستم بەو شادییە دەکرد، تا ئەودەمانەش کە بیرم دێتەوە سەرفرازم. بیرەوەرییەکە تا ئەودەمانەش لەناو رۆحم تەڕ و زیندووە، سیس نابێتەوە و بە تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵانەش، هەر دەمینێت.

بەرپرسی کەمپەکە، دەگاتە ناو خەڵکەکە، لەوێ چاو لە من دەگێڕێت، بەوەیان سامگرتوو دەبم، خەمبار، بیرم لەوە کردەوە پەنابەرییەکەم رەفزکراوە، لێوی خوارەوەم، بە دەست خۆم نەبوو، دەلەرزی.

نەرم دەستی بۆم هێنا، زەرفێکی لەناو دەستم دانا.

"_ئەوە چییە؟".

بزەیەکی کرد و گوتی:

"_لە بەلژیکا مافی پەنابەریت پێدراوە، لێرە دەمینێیتەوە".

زۆری نەمابوو بکەومە سەر زەوییەکە. زۆری نەمابوو ببورێمەوە. بە وشە و دەربڕینی وشەکانی، بە بزە رەقەکەی، گومانم لە وەرگرتنی پەنابەرییەکە لە ئەوروپا دەکرد. کەواتە کاتی چرکەساتە یەکلاکەرەوە هات، هاوڕێیەکەم، بە دیدی من، بەو جۆرە ژیان گۆڕا، پسولەی پەنابەری وەردەگرم. لەناو کۆلیدۆرەکە بووم، سەیری ژنە یاریدەرە بەلژیکییە قژزەردەکەی بەرامبەرم کرد، کە وەرگێڕە ئەفریقییەکە لەتەنیشتی وەستابوو، لێم پرسی:

"_ کەی دەتوانم بڕۆم؟".

"_کەی شوقەیەکت پەیداکرد".

" _ئیمڕۆ پەیدای دەکەم".

" _وا ئاسان نییە".

"_باشە، کۆشش دەکەم".

بابەتەکە وا ئاسان نەبوو، بڕوام پێ بکە، بەڵام؛ ناکرێ دەستەوەستا بیت، دەبێ بگەڕێیت، کۆشش بکەیت:

پێشهاتەکە هانم دەدات، کار بکەم بۆ دۆزینەوەی شوقەیەك.

"_دەبێ لەو شوێنە دەربازم بێت. بە زووترین کات، بە ژیان رابگەم و دەربازم بێت".

ڕۆیشـــتم پســـولەکانی تـــرم تـــەواو بکـــەم، ســـەردانی بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی پەنابـەرییم کـرد. بەڕێوەبەرەکـە لەگـەڵ وەرگێڕەکـــەی لـــە ئۆفیســـەکەی دانیشـــتبوو. ســـەیری بەڵگەنامەکانی منی دەکرد و گەمـەی بـە قـژی دەکـرد، کـە بـە سـەر نێوچەوانی هاتبووە خوارەوە. بزەیەکم بۆ دەهات، ئارەقـەی سـەر نێوچەوانی دەسڕێتەوە. پێی گوتم:

"_تۆ مافی پەنابەریت وەرگرتووە، لە بەلژیکا...".

"_ بەڵێ، منیش زۆر شـادمانم، بەوەیان دڵم خۆشـە".

"_ دەبێ شـوێنێك بۆ ژیان دابین بکەیت".

"_ بە هەموو کۆشـشـێکەوە ئەوە دەکەم".

"_ دەبێ زمانەکە فێربیت، کارێك بدۆزیتەوە".

"_ بـڕوام پـێ بکـە، هـەموو ئەوانـە زۆر زۆر خێـرا جێبـەجێ دەکەم".

بە جۆش و بە پەلـە لـە ژوورەکـەی دەچمـە دەرەوە، ئەوەنـدە خێرا بووم هاوڕێیە ئەفریقییەکـەم کـە لەبـەر دەرگاکـە وەسـتابوو نەبینی، ئەو چـاوەڕوانی دەکـردم، ڕۆیشـتم و ئاگـام لـەو نـەبوو. بانگی کـردم، بوەسـتە، ئاورمدایـەوە، بینـیم سـەرسـامە، لەبـەر ئەوەی نەمبینبوو، هـەر بـە پەلـەش داوای لێبـووردنم لێـی کـرد. چاوم لە خۆشـی و کامەرانی پڕ ئاو ببوون، بۆیە ئەوم بـە باشـی نـــەدەبینی. بـــەدوای کـــەوتم. تەلـــەفۆنکردن لەگـــەڵ خـــاوەن شـوقەکەی نـاو بروکسـل، هیـوای زۆری پـێ بەخشـیم. بـەڵام لەبـەر مـانگرتنی کرێکـارانی هێڵـی ئاسـنی نـەدەکرا بـڕۆین و بگەینە لای کابرا.

بەیانییەکـــەی، لـــە گـــەڕەکی ســـکاربیك، کیـــژە ئەفریقییـــە هاوڕێیەکەم پەیوەندی بە خاوەنی شوقەکە دەکات.

لەناو شـەقامی "دو ئاکت" دەڕۆیشـتین، شـەقامەکە زۆربـەی دانیشـتوانی تورك و ئەفریقی و کۆچبەری ئـەوروپی خۆرهـەڵاتی بـوو. لـە شۆسـتەکە دەپەڕینـەوە، ژمارەیـەك کرێکـار خـەریکی چاککردنەوەی شۆسـتەکە بـوون، بـەسـەر کاشـییە ڕەنگینەکـە ڕۆیشــتم و لــەژێر پێیــەکانم تەقەتــەقیان بــوو. خــاوەن شــوقەکە چـــاوەڕوانی دەکـــردین، لـــە وێســـتگەی پاســـەکە وەســـتابوو، چەترێکی لە دەستدا بوو. پیاوێـك تەمـەنی پـەنجا سـاڵ دەبـوو، لێـــی نزیـــك کەوتینـــەوە، ســـڵاومان لێیکـــرد. ئێمـــەی بـــردە نـــاو شوقەکەی دەیڕوانییە سـەر شـەقامەکە. باڵەخانەکە سێ نهـۆم بـــوو، بـــەردەمی چەنـــدان ڕێســـتورانت و بـــوتیکی لـــێ بـــوو،

شەقامێکی جەنجاڵ، قەرەباڵغی شەقامەکانی شارەکانی خۆرهەڵاتم بەبیرهاتەوە، لەوەدەمە لە خۆشییان خۆم پێ رانەدەگیرا. لەدڵەوە هەستم بەوە دەکرد، ئەوە یەکەمجارە سەربەست و ئازاد دەژیم. بۆ خۆم دەژیم، نەك بۆ خەڵکی تر.

******

خاوەنی موڵکەکە دەرگاکە دەکاتەوە. بەیەکەوە لەگەڵ کیژە ئەفریقییەکە بە نەرمی لەدوای ئەو چووینە ژوورەوە، بێ ژاوەژاو و بێ ئەوەی قسەیەك بکەین چووینە ژوورەوە. بە پایەکان دابەزین، باڵەخانەکە بریتی بوو لە چەند شوقەیەك، ستۆدیۆکەی سەردانی دەکەین، لە نهۆمی خوارەوە بوو، بە ژێرزەمینێك دەچوو، پەنجەرەیەکی تێدا بوو، دەیڕوانییە سەر شەقامەکە. لە یەکەم دیدارا بەو شوێنە، ئەڤینێکی مەزن و شاراوە داگیری کردم. نازانم بۆ؟! لەوەدەمانە گوتم ڕەنگە ئەوەیان کەمێك بمگێڕێتەوە کەشە ئاساییەکەی منداڵییم. لەگەڵ دەرگا کرانەوەکەی بۆنی سومبڵە کۆنەکە، منی گەشاندەوە، بۆنەکە سرووتێکی تایبەتی و زۆر خورسك بوو، دایکم حەزی دەکرد بەردەوام جێگەکەی ئەو بۆنەی لێ بێت. پاش ساتێك لە دەستکوتان، خاوەن ماڵەکە پلی بە پلاکی کارەباکە وەنا، گلۆپەکەی داگیرساند، کە لە بنمیچی ژوورەکە هاتبووە خوارەوە، بەوەش تیرۆژێکی پەخشانی لە ڕووناکی بڵاوکردەوە.

" _ پێت چۆنە؟".

ئارەزووی ئەوەم نەدەکرد، "هەرگیز بڵێم نا" دەمویست هەموو شتەکانم قبووڵ بێت.

دەستە خوشکە ئەفریقییەکەم سەیرێکم دەکات، دەڵێت ئەگەر پێت باش نییە، دەتوانین بچین شوقەیەکی تر بدۆزینەوە.

زۆری نەمابوو پێی پێبکەنم.

"_ چۆن پێم باش نییە؟ ئایا هیچ ڕۆژێك من لە شوێنی لەوە باشتر ژیاوم؟ چۆن پێم باش نایێت".

"_ کەواتە دەتەوێ؟".

"_بەڵێ، بەڵێ، دەمەوێ".

هەموو شتێکم پەسند دەکرد، لەگەڵ دواکەوتن نەبووم.

******

شوقەکە بریتی بوو لە ژوورێکی دانیشتن، وەك قوودێکی بچووك وابوو. نزیك بوو لە سەنتەری ترامەکان، لەناو شەقامی

دو ئاکت کە بە "ئاڤینو دو روژیە" تەواو دەبوو. هەستم بە شادی، هەستم بە ئاسوودەیی کرد. یەکەمجارە ئارام و بێ ترس بخەوم، وەك نووستنی منداڵ، بێ راچڵەکین، بێ خەون و دیوەزمە و تارمایی.

دیواری ژووری نووستنەکە بە رەنگێکی پەمبەی کز داپۆشرابوو، سوباکەش لە گۆشەیەك و بەرامبەر تەباخەکەی چوارچێوەکەی داری رەنگ بۆری نیمچە رەش بوو، شوقەکەم زۆریش پێم جوان بوو، بەتایبەتی لەبەر دیوارەکەی سەرەوەی بە کاغەزی شینی گوڵزار داپۆشرابوو. لەبەردەرگاکەی ئاوێنەیەکی گەورە دانرابوو، وەك ئاوێنەی بوتیکەکانی جلوبەرگ، کیژە تورکەکەی پێش من لەو ستۆدیۆ ژیابوو، لە بوتیکێکی فایشن کاریکردووە، خاوەنەکەی کەسێکی مەغریبی بوو، ئۆفیسەکەی لە گۆرەپانی مادو لە سان جوس بوو.

مافوورێکی خۆرهەڵاتی کۆن لەسەر زەوییەکە راخرابوو، بەڵام خاوێن بوو، سەر دەستشۆرەکەش؛ ریکلامی کۆمپانیایەکی توریستی تورکی پێوە بوو، تێدا داشکانی هاوینەی سەفەری تورکیای کردبوو. پاش شەش مانگ لەو ریکلامە تێدەگەم، چونکە لەوەدەمانە زمانی فەرەنسییم نەدەزانی بخوێنمەوە.

رۆژی یەکەم، جلەکانم لەبەرکردەوە و فڕێمدایە سەر سیسەمەکە، چوومە حەمامەکە، کە دەرچووم، بەڕێکەوت لەبەر ئاوێنەکە دەرکەوتم... ئاخ!

بڕوام پێ بکە، ئەوە یەکەمجارە تەواوی جەستەی خۆم بەرووتی ببینم. بەڵێ، ئەوە یەکەمجار بوو، بەو قەبارەیە لە ئاوێنە سەیری جەستەی خۆم دەکەم. جاران، لە ئاوێنەیەکی بچووك، سەیری دەموچاوی خۆم کردووە. لە خانووی گوندەکەمان، ئاوێنەیەکی بچووك لە دیوارەکە، بە خواری هەڵواسرابوو، تەنیا دەموچاوی تێدا دەردەکەوت... ئاوێنەیەکی پنتك پنتك بوو، کونی زۆری تێدا بوو، بۆیە بەزەحمەتی دەموچاوی تێدا دیار دەردەکەوت.

ئێستا وا بەئاسانی دەتوانم سەیری تەواوی جەستەم بکەم... هەموو جەستەم... لە سەرمەوە تا پێیەکانم، ئاوێنەیەکی نوێی روون.. ئاوێنەیەکی نەرم و لووس، بە شێوەیەکی نازداریش من دەردەخات، ئای کیژەکە چیت دەوێ!

_ ئاخ، ئەوە منم؟!... ئەوە فاتیمەیە؟!... ئای کە جوانی، کیژەکە چەند جوانی!

که سەیری جەستەی خۆم دەکرد، لەودەمانە، وەك ئەوە بوو سەیری جەستەی یەکێکی تر بکەم، وەك ئەوەی ژنێکی تر ببینم، ژنێکی تر، ژنێك، لەناو جەستەی مندا نەبێت... ئەوە من نەبووم سەیری خۆم دەکەم، ئەوە منیش نیم لە ئاوێنەکە دەردەکەوم.. شتێکی سەیرە ژن بتوانێت هەموو جەستەی لە قژی سەری تا پێیەکانی خۆی ببینێت، بەڵی، ئەوە یەکەمجارە ئاوێنەیەك ببینم کە خۆمی تێدا دیار بێت... ئای ئەو ژنە چەند بە من دەچێت و بە منیش ناچێت... چەند ئەوە منم، ئەوە من نیم... چەند جوانە سەیری سینگێکی تەڕ بکەیت، گۆشتە پرەکەی سەر سکت، ماکە رەشەکەی نێوان هەردوو رانەکانت...

لەودەمانە دەکەومە ئەڤینی، جەستەکەی خۆم. جەستەکەم خۆشویست. عاشقی جەستەی ئەو ژنە بووم کە یەکەمجارە جەستەی لەبەر ئاوێنە دەبینم. وامدەزانی تەنیا من نەبێت هەموو ژنەکان جوانن. لەناکاو، لە راستییەکە تێگەیشتم، منیش جوانم. جەستەیەکی وروژێنەرم هەیە، ئەدی خەڵکەکە ئەوەیان ناوێت؟!... ئەدی جەستە نییە کەسانی تر دەروژێنێت، سەرنجیان رادەکێشێت، وا دەکەن ئەڤینداری بن؟ بیپەرستن. بەڵێ، من _هەروەها منیش_ شتێکم هەیە شانازی پێوە بکەم، شوورەیش نەبم بەسەر کەسەوە.

لەکوێ بوویت؟ لەکام تاریکستانەوە، لەکێ دەژیام. لە چ کونێك بوو، ژیانم؟ منیش وەك هەموو ژنێکی تر... منیش هەروەها، دەمەوێ خەڵکی تریش بمبینن زۆر جوانم، پێم خۆشە بمبینن ورووژێنەرم، شیرین و خۆشەویستم. سرووشتی نییە خۆم بەو جۆرە ببینم؟! لەکێ هاتووە رقمان لە جەستەی خۆمان بێتەوە؟! بۆ رقمان لە خۆمان دەبێتەوە؟! بۆ دەبوایە جەستەمان وەك شەرمەزاری و عەیبەیەك بشارینەوە؟! بۆ وەك چەواشەیەك بیشارینەوە؟! ئای ئەوەش خودا خەڵقی نەکردووە؟! ئایا هەموو دروستکراوەکانی خودا جوان نین؟!

******

لە سەرووی شوقەکەی من، ژمارەیەك خوێندکار دەژیان، رۆژانی پشوو بەردەوام ئاهەنگیان دەگێڕا، بە هەموو سۆزەکانی خۆشەویستییەوە ئارەزووی ئەو ژاوەژاوەم دەکرد، چەند ئارەزووم دەکرد، منیش لەناویان بم، بەڵام؛ ئەوەیان گونجاو نەبوو.

دوو ژنـی تـریش یـەکێکیان، ژنێکـی هۆڵەنـدی بـوو خـاتوو هولنشتات، ئەوی تریان ناوی دیبوا بوو، بەلژیکی بوو، پیرەژنێکی بـاش بـوو. منـیش لـە ژێرەوەیـان دەژیـام، دوو سـاڵ بـوو لـەوێ مابوومەوە، "زۆریش زەنگیان بۆ پرسینی جانیت کورنیە لێ دەدا، کە زووتر و پێش من لەو شوێنە ژیابوو".

لە ئیدارەی ناوخۆش نامەم بە ناوی بەرێز گریس بـۆ دەهـات، یان لە بانکی بلقۆسی مدام نگوس، یان لە بیمەی تەندروستی بە ناوی جانیت رەحیمی نامەم بۆ دەهات، هەموو ئەوانە، رەنگە خەڵکی تریش، لەو شوقەیە ماوەیەك ژیاون و رۆیشـتوون، هـیچ شـوێنەوارێکیان لــەدوای خۆیــان جێنەهێشــتووە. هیچیشــم لەسەریان نەدەزانی، ئەوان و خەڵکی تـری نـاو باڵەخانەکـەش، ئەگەرچی هەندێکیان چەند ساڵیش بوو لەوێ نیشتەجێبوون.

******

لە هەفتەی یەکەم ژیانم لـە شـوقەکە، بـۆ فێربـوونی زمـانی فەرەنسی و فلامـانی دەچوومـە قوتابخانەیـەکی نزیـك خۆمـان، هەموو رۆژەکان دەچووم و شەممە و یەکشـەممەش پشـوومان بوو. سـەرەتا، ئاسان نەبوو، بەگریانەوە دەگەڕامەوە ماڵـەوە؛ مـن هیچ لەو دوو زمانە فێر نابم، هەستم دەکرد زۆر زەحمەتن. لەوێ دادەنیشـتم. بـێ ئـەوەی یـەك وشــە لـە پەیڤینـەکان تێبگـەم، سـەیری دەموچـاوی خەڵکەکـەم دەکـرد، بەپەلـە دەگەڕامـەوە ماڵەکـەم و لەسـەر سیسـەمەکەم رادەکشـام، دەگریـام و ژێـر نەدەبوومـەوە. نائومێـد بـووم و یـەك وشــەش تێنەدەگەیشــتم، ئـەوەی دوێنـێ لەبـەرم دەکـرد و فێـری دەبـووم، ئیمـڕۆ لـەبیرم دەکرد، سەرم ببووە تەنەکەیەکی بۆش.

بەڵام پێداگرییم دەکرد، سوور بووم لەسـەر فێربـوون، دەبوایـە ئــەو دوو زمانــە فێــربم بــۆ ئــەوەی بچمــە نــاو جڤاتەکــەیان، نەمدەویســـت وەك پیــرە حــەیوانێکی لاچــەپی پــەراوێزی نــاو کێلگەیەك بژیم. لەبـەر خـۆم گـوتم هـیچ بـژاری تـرم لەبەردەمـدا نییە. دەبوایە لـە گەمـەی لەبـەرکردن و لـەبیرکردن سـەربکەوم، دەسـەڵاتم بەسـەریدا بشـکێت، خـەڵك هـەبوو بـە قـەد منـیش زیـرەك نـەبوون و زمانەکـە فێربـوون، تێـدا ژیـاون، چـیم لەوانـە کەمترە؟ پێداگری لە فێربوونیان دەکەم.

ئیتـر بـەو جـۆرە هەسـتم دەکـرد، رۆژ بـە رۆژ باشـتر دەبـووم، رۆژانە وشـەیەکی نوێ فێر دەبووم، بەوەش شادمان و سـەرفراز دەبووم، رۆژانە یان مانای وشـەیەك یان فۆنەتێکی وشــەیەك، بـە

جوانیش، هەستم بە شادییەكی بێ سنوور دەكرد. هێدی هێدی باشتر دەبووم، دەمزانی باشترم، ئەوەش هانی دەدام بەرەو زۆرتر هەنگاو بنێم، لە فۆنەتیكیش باشتر رادەهاتم و دەگۆڕام. پەرۆشی یەك پرسیار بووم:

_ "چ جۆرە فۆنەتیكێكم پێوەیە؟ ئایا فۆنەتیكی قسەكردنی من، نزیكە لەو فۆنەتیكەی ئەفریقییەكانی زمانی فەرەنسی قسە دەكەن؟ یان مەغریبییەكان؟ یان هاوڵاتییانی ئەوروپای خۆرهەڵات؟ یان عەرەبەكان؟".

_" باشە بۆ عەقڵت بەوە سەرقاڵ دەكەیت، كیژەكە، بەو پرسیارانە...؟" دەستە خوشكە ئەفریقییەكەم دەیگوت.

_" دەمەوێ بزانم و بەس، نامەوێ كەس بزانێت من كێم، نامەوێ بناسرێمەوە و خەم و ژیانم بە فۆنەتیكی قسەكردنم بەبیربێتەوە".

_" زیانی چییە؟".

_" نازانم... بەڵام؛ نامەوێ كەس بزانێت بەرەگەز عەرەبم".

_" بۆ...؟".

_" هەروەها، ئەندێشەم هانم دەدات وا بكەم".

******

وەك چۆن لاپەڕەیەكی كۆنی شڕی كتێبێكی كۆن دادەیتەوە، ڕۆژەكانی ئەودەمانەم وا بەبیردێتەوە. ئێواران دەگەڕامەوە، كترییەكەم لەسەر ئاگر دادەنا، لەسەر سیسەمەكە دادەنیشتم، بەكزی، سەیری دیوارە بەرینەكەم دەكرد، هەستم، بە ژوورەكەی تێدا دەژیام دەكرد، مات، بێدەنگ. پاش ماوەیەكی كورت لە تەنیایی و پەراوێزی، هەستم دەكرد، لەناكاو ژیانم خامۆش بووە. هەستم دەكرد، وەك سەگێكی خەمبار دەژیم، لە شوێنی خۆم هەڵتروكاوم، بێ گلەیی. لەناو ژوورە چوارگۆشەكەم گرمۆڵە بووم، تەنیا ئەوەم لە دەست دەهات لە درزی پەنجەرەكەم سەیری پێڵاوی ڕێبوارەكانی دەرەوە بكەم. پەنجەرەكە بەرینیش نەبوو، بۆیە لە سەرەوە و رووبەڕووی شەقامەكە، تەنیا پێی ڕێبوارەكانم دەبینی، پێڵاوەكانم دەژمارد، ئەوانەی هاتوچۆیان بوو، بە پێڵاوی خەڵكەكە دەمزانی خەڵك دەجولێنەوە...

ئای خاوەن چەكمە رەشەكە ئیمڕۆ نەهاتەوە ئەو ناوە... ئەوەیان سەركەشانە، دەڕوات، دەڵێی سەربازێكی خانەنشینە... ئۆف، دەزانم ئەوە پیرەژنەكەیە، نەرم نەرم دەڕات

و پێڵاوێكی قوماشی لەپێیە... نازانم بۆ چەند رۆژە دیار نییە؟ ئای بەستەزمانەكە دەبێ مردبێت؟!.... چەند پەرۆشم لەو كیژە بپرسم، ئەو پێڵاوە سوورەت لەكێ كڕیوە، چەند لەناو بازاڕ بەدوای گەڕاوم و نەمدۆزییەوە، نەبوو؟...

ئیتر بەو جۆرە مانگەكانی یەكەمم لەو شوقەیە بەڕێكرد. بەڵام؛ بۆ بەڕێكردنی كاتەكانم فێڵێكی تر فێربووم، دەچوومە ناو گەنجینەكەی شتی كۆنەیان لێی فڕێدەدا؛ ئەوەی ئەوان فڕێیان دەدا من كۆیان بكەمەوە، لە ژوورەكەی خۆم، ریزیان بكەم. هەموو شتێكم كۆدەكردەوە، مێزێك قاچێكی شكابێت، چاكم دەكردەوە. چەقۆی مەتبەخ، كەوچك، چەنگاڵ، پەردە، تەنەكەی بەتاڵ، چەكمە، كتێبی فەرەنسی و فلامانی، رۆمانە جاسووسییەكان، كتێبە مێژووییەكان، ئەلبومەكانی وێنە و مەشروب، ئەتلەسەكانی جوگرافیا.

لەگەڵ قەرەجە رۆمانەكان بەربەرەكانێم دەكرد، ئەوان بە ئۆتۆمبێلەكانیان دەهاتن، كەرەستەكانیان كۆدەكردەوە، تا رۆژانی یەكشەممە بیفرۆشن. لۆرییەكانیان وەك حەیوانی گەورە، لەناو شەقامەكان دەسووڕاندەوە، چەندان تۆن كەرەستە و كەلوپەلی ناوماڵیان دەبردەوە ماڵەكانیان، دوایی؛ رۆژانی یەكشەممە لەسەر شەقامەكان بۆ فرۆشتن ریزیان دەكرد. دووبارە بەلژیكییەكان دەیانكڕییەوە. گاڵتەم بەو بلژیكیانە دەهات، كەلوپەلەكانیان فڕێ دەدەنە زبڵدانەكان، سەرشەقامەكان، دووبارەش دەگەڕانەوە لە كۆچبەرەكانیان دەكڕییەوە، دەمگوت:

"كە بەلژیكییەكان ئەوە دەكەن، وەك ئەوە وایە پیسایییەكانی خۆیان دەكڕنەوە".

******

مانگانە پەرۆشتر دەبووم، ئەو جارە شتی باشتر دەدۆزمەوە. ئەو رۆژەی شتی نوێم كۆدەكردەوە، جوانترین رۆژی مانگەكەم بوو، ئەو رۆژەش لە ژیانم مانای زۆری دەبەخشی. حیسابی دروستم بۆی دەكرد، رۆژانی تریش خەریكی چاككردنەوە و سازكردنەوەیان دەبووم، تا رادەیەك بیرم لەوە دەكردەوە لە بازاڕی یەكشەممە، هەفتەی جارێك لە بەیانییەوە تا سەعات دوازدە دەكرایەوە، شتەكانم ریز بكەم و بیانفرۆشمەوە. ئەوانەی ماوەی چەند مانگێك بوو، خەریكی بزماركوتان و سازكردنەوە و بۆیەكردن و خاوێنكردنەوەیان بووم.

سەعات شەشی بەیانی زوو چووم و شوێنی باشم گرت، هەموو کەرەستەکانی مانگانە کۆمکردبوونەوە گواستەوە شوێنەکە، لەگەڵ تەواوبوونی کاتی بازاڕەکە هەموو شتەکانم فرۆشرا. زۆر کامەران بووم، بەوەش دەمتوانی پارەیەکی باش کۆبکەمەوە، ئیتر دەتوانم یارمەتییە کۆمەڵایەتییەکانی مانگانە وەرمدەگرت رەتبکەمەوە.

******

ئەو رۆژە وەك ژنە بازرگانێك دەگەڕێمەوە ماڵەوە، لەو خۆشییە، بڕیاردەدەم خۆم لە رێستورانتێکی باش داوەت بکەم، کە چەند مانگێك بوو بەردەوام بە بەردەمی رەتدەبووم، بێ ئەوەی بتوانم بچمە ژوورەوە. لەبەر ئەوەی پارەکەی مانگانە وەرمدەگرت بەزۆر بەشی دەکردم، بەشی کڕینی کەلوپەل و خواردەمەنییەکانی لە شوێنە هەرزانەکان دەکرد، بەڵام؛ ئەو جارە دەچمە رێستورانت، چاو بە لیستی ناو مینوەکەدا دەگێڕم. داوای شیرنەمەنیش دەکەم. من وەك ژنە بازرگانێکی نوێی ناو بازاڕی یەکشەمموان لە بەلژیکا، زۆر کامەران و هەستێکی نازدارم هەبوو.

بیرم لەوە نەدەکردەوە، لەو کارە نوێیەم چ کێشەیەکم دێتەپێش، هەرگیز ئەوەم بە خەیاڵدا نەدەهات. مەزندەی ئەوەم دەکرد، لەو ژیانە وەك خۆم دەژیم، کەسیش ئازارم نادات، بەلام لەوەیان هەڵسەنگاندنەکەم زێدەڕۆیی تێدا بوو، چونکە، مەسەلەکە وا ئاسان نەبوو، پاش هەفتەی دووەم کێشەم دێتە پێش.

سەرەتا، کێشەم لەسەر شوێنەکەم هەبوو، بەیانییەکەی زوو دەچەم، کەرەستەکانم لە شوێنی هەفتەی رابردوو ریز کرد، بەڵام پیاوێکم لێ پەیدا بوو، لەبەرچاوی خۆم شتەکانی منی لادا، گوتی ئەوە شوێنی منە، هەفتەی رابردوو نەمتوانیبوو بێم. واتە من شوێنەکەی ئەوم داگیرکردووە، دەبێ بگوازمەوە، بەوەش دەکەومە ناو ژمارەیەك کەسانی رۆمانی و ئەڵبانی.

سەرەتا، لەوێ پیرەژنێکی فرۆشیاری رۆمانی هات، داوای کرد هەموو شتەکانم هەرزانفرۆش لێ بکڕێت، بەوەیان رازی نەبووم، شتەکانم بەو نرخانە بۆ ئەو ژن نەفرۆشت، دوایی من بەوە دڵم خۆش بوو، بە دەستی خۆم شتەکانم بفرۆشم، لەسەر کورسییەك دابنیشم و لەگەڵ کڕیارەکان قسە بکەم، بەوەش یەکەمجارە هەست دەکەم لەگەڵ خەڵکەکە پەیوەندییم

دەبێت. نامەوێ بەو جۆرە پارە وەربگرم و بگەڕێمەوە ماڵەوە، لەوێ چ بکەم؟ بەو جۆرە وەڵامی پیرەژنەکەم دایەوە، بەڵام ئەو بە تووڕەیی وەڵامی دامەوە، گوتی، ئەگەر ئەوە نەکەیت، پڕۆ با سەگ سوارت بن. قسەکەی کرد و ڕۆیشت.

قسەکەم وەرگرت، هەستم بە ریسواییش کرد، بەڵام؛ خۆم وا نیشاندا گوێم لە هیچ نەبووە.

جارێکی تریش، ژمارەیەك ئەڵبانی لەنزیك منەوە شتەکانیان بۆ فرۆشتن دانابوو، داوای وردەی بیست یۆرۆیان لێکردم، منیش وردەکەم بۆ ژماردن، پارەکەیان وەرگرت و بیست یۆرۆکەیان نەدامێ. کە داوام لێیانکرد، بەگاڵتەکردنەوە وەڵامیان دامەوە. کابرا گوتی پارەکەم داوە، وەرتگرت، بەڵام نە ئەو پارەکەی دابوو، نە منیش وەرمگرتبوو، پێم پێکەنین، یەکێکیان گوتی، وەرتگرت و لەناو کۆمی خۆت دانا و لە بیرت کرد.

شێت بووم، ئەو دەستدرێژییە بۆ؟

کابرا کەوتە پشتم، لەگەڵ ڕۆیشتنی کڕیارەکان خەریکی کۆکردنەوەی کەلوپەلەکانم بووم چەمابوومەوە، ئەویش دەستی بۆ سمتم برد. زۆر تووڕە بووم، بەڕاستی هار بووم. لێی سووڕامەوە و شەقێکم لێیدا، توند دەستی گرتم و بایدا، ویستم ملی بگرم، بەڵام ئەو فڕێیدامە سەر زەوییەکە، بەربوومەوە، دەستم گەیاندە مەنجەڵێکی گران و گەورە، هەڵسامەوە، بە مەنجەڵەکە لەسەری کابرام دا، کەوتە سەر کەرەستەکانی، خۆی و چاویلکەکەی کەوتە سەر زەوی.

خەڵکەکە لێمان کۆبوونەوە، هەموو سەیری شەڕەکەیان دەکردین، دەیانپرسی لەسەر چییە، ئەڵبان و ڕۆمانییە برادەرەکانی دەیانگوت ئەو قەحپەیە، ئەو کوڕەی ویستی تەمبێی بکات. وەك شێت دەمقیژاند و هەڵسامەوە، ئەویش لە شوێنی خۆی هەڵسایەوە، شەقێکی لێمدا، چاکێتەکەی توند گرتم و قۆچپەکانی پچڕاند، بە جووتێ پێڵاوەکەی لەناو گۆرەپانی قلاجیەدۆزیبوومەوە، کەوتمە سەر زەوی، ڕێبوارەکانی ئاوەدانییەکە دەربازیان کردم، بەڵام دەموچاوی کابراش ببووە یەکپارچە خووێن.

******

لەو ڕۆژەدا هەستم بە ئیهانە و بێ ڕێزییەکی زۆر کرد، لە ماڵەوە دەستم کرد بە گریان، بەژان و سووتانەوە فرمێسکم هەڵدەڕشت. چوومە بنکەی پۆلیس؛ بۆ ئەوەی داوایان لەسەر

تۆمار بکەم، بەڵام بابەتەکەیان زۆر بە سەرپێی و لاوەکی، وەك شەڕ و دەمەقاڵی نێوان کۆچبەرەکان وەرگرت، شەڕێك بووە و بۆ ئەوان کێشەیەك ناگەیەنێت، ژمارەیەکن لەسەر پاشماوە و کۆنە کەرەستەی بەلژیکییەکان دەیقەومێنن.
نائومێد بووم، بەڕاستی تەواو دەرووخام، یەك مانگی تەواو لەناو ماڵەکەم نەهاتمە دەرەوە، بەپەلە پێویستییەکانم دەهێنا و لە ژوورەوە دەمامەوە، کەشەکە سارد بوو، بارانی زۆر و باهۆزی گەورە بوو، کە دەچوومە دەرەوە وامدەزانی هەموو خەڵکەکە سەیرم دەکەن، ژمارەیەك گەنجی کۆچبەریش دەیانویست دەستدرێژییم بکەنە سەر، جارێکیان یەکێکیان رووبەڕووم دەبێتەوە، کێرە سونەتکراوەکەی بۆ دەرهێنام، بێ ئەوەی قسەیەك بکەم، بە راکردن بەرەو ماڵەوە گەڕامەوە.
هەستم بەوە کردبوو، ئەو شوێنە بەکەڵك ژیانی نایەت. ببوومە کەسێکی نامۆ، سەرگەردان، هەستم دەکرد بەرووی ئەوانەی دەیانویست بێزارم بکەن، بقیژێنم، وەك جارانم لێ هاتبووەوە. ببووە مانگایەکی پیر. کە بەتەنیشت ئەفریقی و عەرەبەکاندا رەتدەبووم، کردەوەی ناپەسندیان بەرامبەرم دەنواند، جنێوی ناشیرین و ئابڕووشکێنیان پێ دەدام، کە زۆریش نامۆ بوون بۆ من، بەوانەش بێزار و سەخڵەت دەبووم. لەودەمانە بیرم لەوە دەکردەوە دیارە لەو جیهانە شوێنێکی ئاسوودە نییە بۆ ژنان، شوێنێك نییە لاچەپ و دوورە ئاژاوە بتوانین رووی تێ بکەین، ئەگەرچی من لەناو کولانکەیەکیش دەژیام، لەناو ئەشکەوتێك بووم، لە گۆشەیەکی لەبیرکراو بووم، بەڵام؛ هەموو ئازاریان دەدام، کەس نەبوو یەخەم نەگرێت، بە ئاماژەیەك، بە پیساییەك، بە مورەکردن و جنێوێك، هەڕەشەیان لێم دەکرد.

******

لەو رۆژە رەشانەدا، ئارەزوویەکی راستەقینەییم هەبوو؛ کۆتایی بە ژیانم بهێنم. بڕیار دەدەم خۆم بکوژم. لەو ژیانە هیچم نەمابوو. تاکە بابەت منی راگرتبوو، کەرامەت بوو، کەرامەتیشم لەناو بازارەکە پێشێلکرا، کەس سەیری نەدەکردم، بەرێزەوە سەیریان نەدەکردم، یان هەر هیچ نەبێت وەك مرۆڤێك دەرنەدەکەوتم. باشە مانەوەم لەو ژینە مانای چ دەگەیەنێت، منی تەنیا و بێکەس؟ چرکەسات هەبوو، ژانەکەی دڵمی تەنگ و سەخڵەتیش کردبوو، نەدەما!

موسـیێك دەكـڕم، دەرگـای دەستشـۆرەكە دادەخـەم، لـە ئاوێنەكـە سـەیری خـۆم دەكـەم، دەبیـنم چەنـد نائومێـد و كەساسم، رووم هەڵوەشاو و داتەپیوو، ماكێكی شـینی لـە ژێـر چاوە بێـدارەكانم پەیـدا ببـوو، كـز و سـیس و خـوێنیش لـە رووم نـەمابوو، بـەردەوام فرمێسـك لـە چاوەكـانم دەهاتنـە خـوارەوە، لەودەمانە موسـەكەش دەمارێكی دەستی دەپڕیم.

******

بـەختیار بـووم، یـان بێبـەخت بـووم، دەرگـای شـوقەكەم لـەبیركردبوو دابخـەم. بـە برینـداری دەگەڕێمـەوە سـەر سیسـەمەكەم، دەكەومـە نـاو خـوێن و فرمێسـكی چاوەكـانم، بەڵام پیرەژنەكەی هاوسێم خاتوو دیبوا، كە لەبەردەم دەرگاكـەم رەتدەبێت، هەست بە شتێك دەكات، دەزانێت كەشێكی ئاڵۆز لە شوقەكەم روودەدات، هەست دەكات جولەیەكی نائاسـایی لـە ماڵەكەم رووی داوە، یان گوێی لە دەنگێكی نامۆ بووە، دەرگاكەم پاڵـدەدات؛ تـا لـێم بپرسـێت ئایـا مـن باشـم، سـەرەتا! مـن بەراكشاوی دەبینێت، خەڵتانی خوێن ببووم، بەو دیمەنـەی مـن نیگـەران دەبێـت، منـیش توانـای قسـەكردنم نـەمابوو، زۆر هوشیاریش نەبووم، شـتەكانی بـەرچاوەكانم دەبینـی و دەنگـم دەبیسـت، بـەڵام توانـای هـیچم نـەبوو، نـە قسـەكردن و نـە جولەش، ئیتـر پیرەژنەكـە پەیوەنـدی بـە ئـامبولاس دەكـات و لـە مردن دەربازم دەكات.

گلـەییم لـێ مەكـە، زۆر نائومێـد و رووخـاو بـووم، دەمویسـت بمرم و دەرباز بێت، ژانی ناوەوەم قورس و مەزن بـوو، ئـارەزووم دەكرد گورگێك بە چرنوكەكانی پەلپـەلم بكـات، یـان بكەومـە بـن فارگۆنەكانی شـەمەندەفەرێك، دەمویست زۆر بەدڕەندیی بمرم، هاوكێش بێت بە ژان و قوورساییەكانی ناو دڵم. گـەورەترین ژان، ژانی ئیهانە و پێشێلكردنی كەرامەت و زەلیلییە. كەرامـەتی ژن، تاكە شتە ژیانی بەردەوام دەكات، پێشێلكردنیشـی واتـە مـردن، بەكورتی مردن و تەواو.

ئیتـر بـەو جـۆرە رۆژە رەشـەكانم بـەڕێكرد. بـەڵام رۆژەكـان رۆیشت و دووبارە و بەپەلە هەڵسامەوە. مەسـەلەكەش ئاسـان و سـووكیش نەبوو، بەڵام توانیم قۆناخەكە ببڕم، بەرەو قۆناخێكی تر رێ بكەم.

******

بـەڵێ، تەنگژەکـەم دەربـازکرد، لـە هۆکارەکـانی دەگـەڕام. دەرکـەوت هۆکـاری تەنگژەکـەش ئەوەیـە مـن لـەو جیهانـە وەك پەنابـەرێکی نـامۆ و تـەنیا دەژیـم. کۆچبـەرەکانی بـۆ کـارکردن هاتوونـە ئـەو وڵاتـە، هـەموویان بەخێزانـەوە هـاتوون، پەیوەنـدی زۆریان هەیـە، کاریـان هەیـە. بـەڵام پەنابـەرەکانی دەرئـەنجامی شەڕ و کارەسـاتەکان بەتـەنیا ئـاوارە بـوون، بـێ ئـیش و کـارن، پەیوەندییان نییە، بەتایبەتی ژنان. کرێکـارە کۆچبـەرەکان ژیانیـان ئاسوودەتر بـوو، زۆرتـر پارەیـان هـەبوو، بۆیـە؛ بـەرێزەوە سـەیری پەنابـەرە نوێیـەکانی دەرئـەنجامی شـەڕ و مەترسـییەکان دێنـە وڵاتەکـە، ناکـەن. ئەوانـە کەسـانی هـەژارن، تـەنیان، لەسـەر یارمەتییە کۆمەڵایەتییەکان دەژیـن، زمـان نـازانن. ئیتـر کۆچبـەرە کرێکارەکان بە رق و کەمی سەیری ئەوانی تریان دەکرد. ژنەکان بەتایبـەتی، بـە قەحپـەیان دەزانـین، سـۆزانی تـەواو، بۆیـە؛ کۆششیان دەکردن بەپێی توانا دەستەمۆیان بکەن.

کرێکـارە کۆچبـەرەکان، تـەنیا رێـزی هاوڵاتییـە رەسـەنەکانیان دەگرت، ئەوانیش رقیـان لێیـان بـوو، کـەچی ئـەوان رقیـان لێیـان نەبوو، بەرامبەر ئەوان خۆیان سـووك و کـەم دەنوانـد، بـە چـاوی شانازیش سـەیریان دەکـردن، خۆشیاندەویسـتن. بـەڵام لـەلای ئەوان، پەنابەر، لە پلەی دواوەی ئەو ریزبەندییە بوو.

بۆیە بڕیار دەدەم شوناسـەکەم بگـۆڕم، ژیـانم بگـۆڕم، تـەواوی شتەکان. شتی یەکەم ناوەکەم گۆڕی، چیتر فاتیمەی عـەرەبی نـەمام، بومـە سـۆفی بـەلژیکی، ناوەکـەم لـەناو رۆژنامەیـەك هەڵبژارد بوو.

ئێوارەیەك تا درەنگ ژمارەیەکی تەواوی رۆژنامەی لـو سـواری بەلژیکییم خوێندەوە، هـەموو ناوەکـانم لەسـەر پارچـە کاغـەزێك تۆمـار کـرد. لەوانـە نـاوی سـۆفییم هـەڵبژارد، دوایـی نازنـاوی بنەماڵەی دیاری دومونتم کردە ناوی خێزان و نازناوەکەم. لەگەڵ خـۆم وشـەی سـۆفییم دەگوتـەوە، سـۆفی دومونـت، بـەوەش دڵشاد و گەشاوە دیار بووم.

لەبەرخۆم دەمگوت، ناویش بە قەدەرە، قەدەرم لەگـەڵ نـاوی فاتیمە باش نەبوو، بۆیە دەبوایە بیگۆڕم، نـاوێکی نـوێ هـەڵبژێرم بەو هیوایەی بەختیارم بکات. ناوە نوێیـە بەلژیکییەکـەم ژیـانێکی نـوێی پـێ بەخشـیم، ئـەوەش هـەموو رەچەڵەکـە کۆنەکـەم دەسـڕێتەوە، نەفرەتیشـی دەکـات. ناوەکـە مـن دەکاتـە ژنێکـی بەرێز، هەمووش دەبوایە رێزم بگرن.

ئیتر بڕیارمدا، لەو گەڕەکەی تەنیا پەنابەر و کۆچبەری تێدا دەژیا بار بکەم، بۆیە؛ دەبوایە کارێکی دائیمی بدۆزمەوە، بەوەش دەتوانم، لە شوێنێکی شایستە، شوقە بکڕم یان بەکرێ بگرم. لە شوێنێك کۆچبەری تێدا نەبێت، تەنیا برژەوا بەرێزەکان.

ئیتر لەو رۆژەوە بڕیار دەدەم، ئەوە بکەم، ئەوەش هەر خواست و هیوایەك نەبوو و بەس، بەڵکو کردەوەش بوو. پاش ئەوەی ناوە نوێیەکەم لەسەر ناسنامەکەم جێگیر دەبێت ورە و هێزێکی نوێم پێ دەبەخشێت، هەستم بەوە دەکرد، ئەو ناوە نوێیەم، وزەیەکی نوێی تێدایە و وەك ناوە نزمە کۆنەکەم نییە. تەنیا دەربڕینی ناوە نوێیەکەم، هێزێکی زۆرتری پێ بەخشیم و پشتیوان دەبێت بۆ جەستە و ویست و بەرنامەکانم، ئەو ناوەش دەتوانێت ببێتە هێز و توانایەك بۆ بەرپەرچدانەوەی هەموو جۆرە دەستدرێژییەك.

******

لەگەڵ ناوە نوێیەکەم هەموو شتەکانی ژیانم دەگۆڕێن.

چیتر نەچمەوە ناو بازاڕەکە، ئارەزووی ئەوێم نەما، کۆنە شتم کۆنەدەکردەوە، ئەو شوقەی تێدا دەژیام، کە وامدەزانی باشترین شوێنی جیهانە، لەبەر دیدی من دەگۆڕێت. رقم لە شوێنەکە بوو، بێزم لێی دەبێتەوە، لەناکاو، هەموو شتەکانم بۆی دەگۆڕێت.

سەرەتا رەنگە پەمبە گەشەکەم خۆشدەویست، رەنگی دیوارە رەوشنەکە، دارگوێزەکەی چواردەورەی ئاگردانەکەی گرتبوو، پەردە شینەکان. سیسەمەکەی ژێر پەنجەرەکە، مێزەکەی کڕیبووم؛ تا شتی لەسەر بنووسم، یان لەسەری بخوێنمەوە و هەموو نامەکانی، لە پۆلیس، یان بەڕێوەبەرایەتی ناوخۆ بۆم دەهات، لەوێ لەسەریەك دامدەنان.

ژوورەکە شوێنی ژیان و مەتبەخم بوو، لەوێ سیسەمم دانابوو و دەخەوتم، بۆ ئیسراحەت و پاڵدانەوەش بوو.

بەڵام؛ پاش ئەوەی ناوەکەم دەگۆڕم، سەیری ژوورەکەم وەك ژووری ژنە پەنابەرێکی هەژار، ژوورێکی پیس، شیاوی ئەو فاتیمەیە کە فڕێی دەدەمە پشتەوەم. ئەو کیژەی قاچاخچییە خائینەکە دەستدرێژی دەکاتەسەر، ئەوەی ئەلبانییە سەگەکە ریسوا کردووە و بە شەق لە دەموچاوی دەدات. ژووری ئەو پەنابەرەیە ئەوەی کۆچبەرەکان رقیان لێی بوو، پۆلیسی

بەلژیکیش داواکەی بۆ تۆمار ناکات، ژوورە پیسەکە، کەساس و قێزەوەنە تەڕەکە.

بەڵام؛ چۆن وا بەپەلە دیدەکانم دەگۆڕێت؟

ناسینی هەردوو هاوسێیە بەلژیکی و هۆلەندییەکەم کاریگەری گەورەیان هەبوو، کە دەچوومە شوقەکەیان و سەردانم دەکردن، دیدم بۆ شوقەکەم دەگۆڕێت. بە ڕێنمایی ئەوان، هێواش هێواش تێدەگەم ژیان لەو شوقەیە مردن و کەساسی و نائومێدییە، لەناو هەموو بروکسل و هەموو بەلژیکاش.

باشە ئەو پەروازە پەمبەیەی لە بنمیچەکە هاتووتە خوارەوە مانای چییە؟! ئەو شووشەبەندەی سەر دەستشۆرەکە چییە؟! ئەو سۆبا ئاسنە چییە؟! دیوی دەرەوەی بوویتە یەك پارچە وردە ماك و مۆر و رەشایی ناشیرینی و داپۆشیووە. سۆبایەکی ترم کڕی، لەبەردەم کۆنەکەم دانا؛ تا کۆنەکەش بشارێتەوە، هیچ ئاکارێکی دیار نەبێت. هەستم دەکرد پێگەیەکی کەمم لەناو خەڵکەکەدا هەیە. رقم لە داپۆشینی کاغەزی دیوارەکە بوو، لە وێنەی سەر ریکلامە تورکییە گەچراوەکە بوو، شێوە چوارگۆشە و ماتی ژوورەکە دەبووەوە.

هەستم دەکرد دیوارەکە بۆ دید و سەیرکردن ئارام نەبوو، شوقەکە بەیەکەوە لەسەر رووخان و تەپین بوو. باشە چۆن دیواری تەنیشت حەمامەکەم نەدیبوو، دیوارە تەڕەکە، ئەوەی بڵقی وردی لەسەر دەرپەڕیبوو، کە درێژایی دوو پێی گرتبووەوە و رەنگە زۆرتریش بێت. ویستم کاغەزی دیوارەکە بگۆڕم، ویستم دیوارەکە بۆیە بکەمەوە، ویستم درز و ناشیرینییەکان بشارمەوە، هەستم بە ناڕەزایی و نائومێدی دەکرد، ئای خودایە، دەمەوێ وەك ژنە بەلژیکییە جوانەکان بژیم، ئەوانەی لەناو خانووە جوانە نازدارەکانیان دەژین. بەڵام؛ چۆن؟

******

کە دەچمە ناو شوقەی پیرەژنە بەلژیکییەکە، ژنە جوانە ئەندامە نازدارەکەی، بە ویقار و شیرین و بەرێز دەردەکەوت، دەچووم و زۆریش یارمەتیم دەدا، کە لەناو بازاڕ دەگەڕایەوە، کەلوپەلم لەگەڵ دەگواستەوە، بۆم دەهێنایەوە ژوورەوە. بە دیزاینی سالۆنەکەی سەرسام بووم، بنمیچە لووسە پانەکەی، بێ گرێ و درز، کاغەزی سەر دیوارەکانی یەك کونی

بچووکیشـــی تێـدا نـەبوو، لەسـەر دیوارەکـە نەگـەچرابوون، وەك شوقەکەی من دارزاو و شڕ نەبوو، یـان کەلاوەیـەك بـوو لەسـەر رووخان.

چەندان جار ژنە هۆلەندییەکەی سەرەوەم داوەتـی دەکـردم، دەچوومە ژوورەوە. ئەویش ژنێکی جوان بـوو، لەگـەڵ مێردەکـەی دەژیـا، لەسـەر هـەموو شـتێك بچـووکترین تێبینـی وردە نامـە و پارچـە رێنمـایی لەسـەر قاڵدرمەکـە دەنووسـی، داوای دەکـرد هێمنـــی باڵەخانەکـــە بپـــارێزن، قاڵدرمەکـــە خـــاوێن رابگـــرن. مێردەکەی لە پۆست کاری دەکـرد، هـەموو ئێوارەیـەك گـوێم لـە خشەخشــــی سیســــەمی ئــەوان دەبـــوو، کـــە لـــەکاتی سێکســکردنیان لەســەر ســەرم دەنگــی دەهــات. بنمیچــی سەرەوەمان بۆشایی بوو، گوێم لێ دەبوو کە دەچوونـە حـەمام، گـوێم لـێ دەبـوو کـە لـە خـەو هەڵدەسـتان، هەسـتم بـە کامەرانییـەکانی ئـەوان دەکـرد، گـوێم لـە زرینگـەی چـەنگاڵ و کەوچکەکانیان دەبوو، هەستم لە دەنگیان رادەگـرت، کـە ژنەکـە دوشـێکی لـە حەمامەکـە وەردەگـرت، گـوێم لـە ورشەورشـی ئاوەکە دەبوو، هەموو ئەوانە لەناو گوێیەکانم دەزرنگانەوە.

هـەموو رۆژێـك دەمپرسـی، _خودایـە_ مـن چیـیم لـەوان کەمترە، بۆ وەك ئەوان ناژیم؟!

******

بەڵام ئەو گۆڕانە پاش وەرگرتنی ئیشێکی جێگیر دەبێت. پاش بـوونی مووچەیـەکی مانگانـە، کـارکردنم لـە کۆمپانیایـەکی خاوێنکردنەوەی تورکی. کە دەیان ژنیان لەو کارە بەکاردەهێنا، لە هـەموو رەگەزنامەیـەك، ژنـە مـەغریبی، تـورکی، ئـەڵبانی، بۆسنی، سربی بۆ پاککردنەوەی کۆمپانیاکان، ئیشمان دەکرد تا بەیانییـەکی زوو و پـێش هـاتنی فەرمانبـەرەکان... پـاش تـەواوبوونی دەوامـەکانیان دووبـارە بـۆ پاککردنـەوە دەگەڕاینـەوە سەر کارەکانمان... ئیشکردنمان ماوەیەك بە شەو، ماوەیەکیش بە رۆژ بوو... کارەکەم بە دڵسۆزی وەرگرتبوو، ئیشـم دەکـرد، بـە نـەرمی قسەشـم دەکـرد... لـە مووچـەی یەکـەمم جلـی نـوێم کڕی. پاشان دەگوازمەوە نـاو شـوقەیەکی گـەورەی ئاسـوودەی نزیك سایلون، لە میل بروکسل، لە شەقامێکی چەندان کافتریا و رێستورانت و کۆگای نازداری تێدا بوو.

فێربـووم چـۆن مکیـاژی تـەنك دابنـێم؛ پـێش ئـەوەی بچمـە سەرکار. چۆن گۆشتی هەرزان بکڕم؛ تا بتوانم کرێی شوقەکەم

پاشکەوت بکەم. هێواش هێواش فێری ژیان دەبووم، ئەوەش دوور نەبوو لە چەندان ڕیزپەڕی، هەندێ جاریش دەچوومە ڕێستورانتە باشەکان، مانگانە دوو سێ جار دەچووم، لە لویز، یان لە ئوکل، بەڵام داوای قاوەم نەدەکرد، یان داوای شیرینییم نەدەکرد.

پیاوان بۆ نانخواردن داوەتیان دەکردم، بزەیەکم بۆیان دەکرد، نانم لەگەڵ دەخواردن و دەمزانی لە کۆتایی شەوچەرەکە من پارەکە نادەم. شوقەکەم جوان بوو، چوارگۆشەیەکی سەوزی لەبەردەم بوو، کە دەخەوتم هاوینان دەمتوانی ئاسمانی شین ببینم، کە ڕەنگی بە وەنەوشەیی دەگۆڕا.

******

سەرۆکی کارەکەم کابرایەکی بۆسنی تەمەن سی ساڵان بوو، گەنجێکی بەڕێزی شیك بوو، زۆریش بەرەوشت بوو، هەرگیز وشەیەکی ناشیرینم لەو نەبیست، ئەو بەرپرسی کارگێڕی ژنەکان بوو. ئەو زۆر لە من ڕازی بوو، پەیوەندییشمان نەبوو، ئەو لەگەڵ کیژێکی جوانی بۆسنی وڵاتەکەی خۆی پەیوەندی هەبوو، بەڵام ڕۆژێکیان قسەی لەگەڵ کردم، گوتی دەمەوێ بگۆڕم. لە نیەتی قسەکەی تێگەیشتم. بەڵام هیچ قسەیەکم نەکرد. وەڵامی ئەو برگەیەی پرسیارەکەم نەدایەوە. پێم نەگوت تۆم خۆشدەوێ، ئەویش پێی نەگوتم تۆم خۆشدەوێ. هیچمان لەنێواندا نەبوو، تەنیا ئەوە نەبێت ڕێزی دەگرتم. لەکاتی ڕوودانی هەر کێشەیەك لایەنگیری دەکردم، بواری دەدام پاش تەواوکردنی کارەکانم لە ژووری جگەرەکێشانەکە دابنیشم، جگەرە بکێشم و دەمەتەقێ بکەم، لەگەڵ ژنەکان...

جارێکیان بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوە کردم، وەڵامم نەدایەوە. ئەو دەیویست لەسەر گۆڕانی کاتی ئیشەکەم ئاگادارم بکاتەوە... دوایی پێمگوت مۆبایلەکەم کار ناکات، گوتی بێنە بۆت دەبمە لای برادەرێکم بۆت چاك بکاتەوە، پارەشی ناوێت، تەلەفۆنەکەم پێدا.

ئەوەمان لەنێواندا بوو، کە مۆبایلەکەی بۆم گەڕاندەوە سوپاسم کرد... هەر ئەو شەوە نامەیەکی بۆ مۆبایلەکەم نارد، داوای کردبوو ئێوارەیەك بەیەکەوە نانێك بخۆین... وەڵامم دایەوە بەڵێ، بیری لێ دەکەمەوە. بەڵام ئەو بڕوای بەو قسەیە نەکردبوو، هەر ئەو ڕۆژە گۆڕانییەکی دالیدای بەناوی تەنیا قسە

بووparoles paroles، بـۆم نـارد، ئـەوەش مەبەسـتی بـوو پـێم بڵێـت تۆش تەنیا گفت دەدەیت و قسـە دەکەیت، بەڵام راسـتییەکەی؛ من لەگەڵ ئەو نەچوومە دەرەوە.

بەڵام ژنە هاوکارەکـانم، پروپاگەنـدەی ئـەوەیان بڵاودەکـردەوە کە من لەگەڵی خەوتووم، بەڵام درۆ بوو، شـتی وامان نەکردووە، بەڵام جارێکی بوارمدا ناو دەمم ماچ بکات، ئەویش کۆتایی دەوام بوو، ژنەکان خەریکی خۆگـۆڕین بـوون. بـەڵام هـەرگیز بەیەکـەوە نەخەوتبووین...

******

# حەوتەم

سۆفی پاش ئەوەی لە نەخۆشخانە دەگەڕێتەوە، دەچێتە ناو شوقەکەی ئادریان. بە کلیلەکانی دەرگاکە دەکاتەوە، دەچێتە ناو سالۆنەکە، گلۆپەکە دادەگیرسێنێت. چراکە، ڕووناکییە کزەکەی لەسەر کەلوپەلە زۆر جوان دانراوەکەی، دادەنێت. جانتاکەی لەسەر کورسییەکە دادەنێت، دەچێتە مەتبەخەکە، قاوەیەك بۆ خۆی ساز دەکات. دەگەڕێتەوە سالۆنەکە؛ تا لەسەر کەرەوێتەکە دابنیشێت، ئەلبۆمەکان هەڵبداتەوە، نامەکان بخوێنێتەوە و ڕۆژنامە کۆنەکانی تایبەت بە شەڕە ناوخۆییەکەی لوبنان، بخوێنێتەوە، زانیاری لەسەر کارەسات لەدوای کارەسات بزانێت.

هەموو جارێك کە هاتوومەتە ئەو شوێنە بەردەوام هاوشانی ئادریان هاتووە، بۆیە؛ بۆی ئاسان نەبووە هەموو شتەکان ببینێت. هاتنی ئەو زۆر جار بە شەو بووە، بەیەکەوە کە لە شەوچەرەیەك بەیەکەوە دەبوون، داوای لێکردووە بێتە ماڵەکەی، ئەگەرچی ئەوان بەردەوام لەوە ڕاهاتبوون زۆرتر لە ماڵی ژنەکە دەمانەوە.

ئەو جارە مەسەلەکە جیاوازە، زۆرتر هەست بە ئازادی دەکات، ژنەکە وادەزانێت هەموو شتە شاراوەکان دەدۆزێتەوە. فەزوولی زۆر بوو، لە هەموو شتەکان بگەڕێت، لە هەموو شوێنێك، با شتەکە بچووکیش بێت؛ بۆ ئەوەی ڕاستییەکان بزانێت، ڕاستی ژیانی ئەو. بابەتەکە بۆ ئەو مایەی ئیحراج نەبوو، کە سەیری بەڵگەنامە تایبەتییەکانی دەکات، هەرگیز، ژنەکە هەستی نەدەکرد بەوەیان _بە زانینی نهێنییەکانی_ بتوانێت یارمەتی کوڕەکە بدات، یان هەر هیچ نەبێت، بتوانێت تێی بگات، دوایی؛ پەیوەندییەکەیان لەسەر بنچینەیەکی دروست ساز دەبێتەوە، چونکە نهێنییە شاراوەکان، ئەوی ماندووی کردبوو. ئەوەیان هەراسانی کردبوو، نەیدەزانی چ دەکات، نەدەیزانی لەو ڕەوشە ئاڵۆزەکەدا ڕوو لە کام ئاراستە بکات.

******

دەچێتـــە ژووری نووســـــینگەکەی، لەســـــەر کەرەوێتەکـــە دادەنیشــێت، بەڕاســتی ئــەوەش بــە شــێوەیەکی ســۆزداری دەکــات. ژنەکــە شــوێنەکە بــاش دەناســێت، لەگــەڵ ئــەوەش خۆشــیدەوێت. شــوقەکە بــۆ ئــەو لــە ویســتێکی ســۆزداری و سێکســکردن زۆرتــر بــوو. لــەوێ یــەکجار بەیەکــەوە سێکســیان کردبــوو، کاتەکــەیان بــە لێخشــاندنی ناســك بەســەربردووە، بــۆ کپکــردن و توانــەوەی ئــاگرە بەجۆشــەکان. لێــرەوە، لــە پەنجــەرە نەوییەکەوە سەیری ڕەنگــەکانی باخچــەی پارکەکــەیان کــردووە، کــە لەبــەر تیشــکی خــۆر دەبریســکایەوە. لێــرەوە، گوڵیــان بــەر پشــکوتن ژمــاردووە و بــەر لــەوەی بیــانقرتێنن. لــەوێ بەیەکــەوە دانیشتبوون، کــە کیژەکــە پێــی دەڵێــت کێشــەی دارایــیم هەیــە، ئەویش چەند مانگێك یارمەتی کرێی شـوقەکەی دەدات. لــەوێ بەرنامە دادەنێن بچنە سیسیلیا. بە ئۆتۆمبێـل بچنـە ئیتاڵیـا. ئـەو ڕۆژەی لــەوێ دانیشــتبوون، نیــوەی شــەو بــوو، دەچنــە دەرەوە، بچنە باڕەکـانی گەڕەکەکـە؛ بخۆنـەوە، جگەرەبکێشــن، درەنگــی شــەویش دەگەڕێنــەوە، ئەگــەرچی _بەیانییەکــەی_ دەبوایــە زوو لەخەو هەڵسن.

******

لەسـەر تاقەکە ژمارەیەك کاسێتی ڤیـدیۆیی دانرابـوو، لەوانـە یەکێکیان بـە نـاوی دیمانـەی ژمارەیـەك چەکـدارانی میلیشــیای شەڕی ناوخۆ بوو، ئەوەیان هەڵدەبژێرێت، فیلمێکی دۆکومێنتاری بــوو، دەرهێنەرەکــەی ژنێکــی ئــەڵمانی بــوو، نــاو و وێنەکەشــی لەسـەر کاسێتەکە دانرابوو. کاسـێتەکە بـە شـریتەکەی سـەری دیــار بــوو کۆنــە. لــە دیــوی دووەمــی کاســێتکەکە وێنەیــەکی ترسناکی کۆمەڵکوژییەکی لەسەر بوو. ئـەوەی پێـی سـەیر بـوو وێنــەی ئــەو کەســەی دیمانەکــەی لەگــەڵ کرابــوو، لەســـەر بەرگەکەی دانرابوو، هەستیش دەکات بە وێنەکە زۆر ئاشنایە.

ســـۆفی کاســـێتەکە لـــەناو ڤیدیۆکـــە دادەنێـــت، بەرامبـــەر تەلەڤزیۆنەکە دادەنیشێت.

فیلمەکــە چەنــد دیمــەنێکی ڕووداوی داگیرکردنــی وڵاتــی لوبنـانی سـاڵی ١٩٨٢ لـە لایـەن سـوپای ئیسـرائیل تێـدا بـوو، فەلەستینییەکان، میلیشیا کریســتیانەکان، حزبــە لوبنانییــەکان، ململانێیــە خوێناوییــەکانی ناوچەکــە، دیمەنــەکان بــە مــوزیکی ڕۆحـــدان و مـــردن نیشـــان دەدران. فیلمەکـــە بریتـــی بـــوو لـــە دێوەزمەیەك، نزیك لە وەحشێکی خنکاو، لەگـەڵ دەنگـی تـەپڵ؛

دوایی کەسێك دەردەکەوێت، باسی چەند کەسێکی ناو میلیشیاکە دەکات، کە بەیەکەوە پەلاماری گەڕەکێکی ناو بەیروت دەدەن.

کەسەکە بە نیگەرانی و شڵەژانەوە قسە دەکات، زۆر هوشیار نییە. زۆریش سەخڵەت نەبوو، چاوەکانی گەش بوون، ترسیش لە ئاکاری کابرا زۆر بەدی نەدەکرا، بەڵام نیگەران بوو. کابرا سەرەتا باسی خۆی دەکات، کە چۆن دەگاتە ناو ئەو هێزەی پەلاماری گەڕەکەکە دەدات: ئەو ئەندامی ئەو گرووپە بیست و چوار پیاوە بووە، بە دوو ئاراستە دەڕۆن، هەردوو بەشیان چالاکییەکیان پێ دەسپێرن: کوشتن، سووکایەتیکردن، ئازاردان و دەستدرێژی سێکسی بەر لە کوشتنیان! بکوژن! هەموو بونەوەرێکی زیندووی چالاك؛ گەورە، یان بچووك، نێر، یان مێ بێت، مرۆڤ، یان ئاژەڵیش بێت!

پیاوە نیگەرانەکە، قەمیسێکی سپی لەبەردابوو، چاوەکانی سوور بوون، لەخۆییەوە قسە دەکات و دانپێدانان دەکات، وردەکارییەکان دەگێڕێتەوە، وردەکارییەکانی کوشتنی بنەماڵەیەکی تەواو. زۆر راشکاوانە قسەکانی دەکرد، رەنگە بۆ ئەوەی بووە، بیرەوەرییەکانی، لە بارێکی قورسی زۆری دیمەن و رووداو و هۆکارەکانی ڤاڵا بکات.

کابرا دەڵێت کوشتن و سەربڕینەکە سێ رۆژ دەخایەنێت، بێ راوەستان، هەموو مەدەنییەکانی شوێنەکەیان کوشتووە، ژن و پیاو و منداڵیش. رۆژی دووەم، تەرمەکان کۆدەکەنەوە و دەیانەوێ شوێنەواری تاوانەکە بسڕنەوە، تەرمەکان بە کیسەی نایلۆن دادەپۆشن، بە کەرەستەی کیمیاوییش چارەیان دەکەن. بەڵام لەبەر ئەوەی تەرمی کوژراوەکان زۆر بوون، ئاسان نەبوو هەموویان بشارنەوە، کامیراکە وێنەی تەرمە بۆگەنە هەڵاوساوەکانی مێشیان لەسەر بوو نیشان دەدا.

پیاوەکە قسەی دەکرد و دانی بە کارەکە دادەنا. قسەکانی نزیك بوو لە چارەسەری هەناسەدان، لەسەر نهێنی و ژان و هەستی کوشتنی ناوەوەی بیرەوەرییەکان، لە وێنەی کیژە بچووکەکەی دەیویست بیکوژێت خۆی دوور دەگرێت، ئەوەی پاش کوشتنی هەموو ئەندامەکانی خێزانەکەی لەناو ماڵەکە لێی ون دەبێت. وێنەی کیژەکە بەردەوام لێی جیانەدەبووەوە. تا ئێستاش بەرۆکی بەرنادات. هیچی ناوێت بێجگە لە راکردن، دوورکەوتنەوە لە دێوەزمەکەی، لە تارماییەکەی کە بەردەوام

بەرۆکی گرتووە. لە دیمەنێکی تریش، دەیەوێ لە پەنا پەردەکەی نزیکی خۆی بشارێتەوە و دەرنەکەوێت.

هەموو شتەکانی ناو فیلمەکە دەوەستێت. دووبارە کابرا دەردەکەوێتەوە، قسە دەکات، لەناو نەخۆشخانەیەکی سوید، کامیراکە فۆکس لەسەر دەموچاو و دەستەکانی دەکات.

چەکی بێدەنگ و تفەنگی ئاسایمان پێ بوو، واتە کلاشینکۆف... هەندێکمان نارنجۆکی دەستی پێبوو، هاوڕێیەکانم چەقۆ و تەوریان پێ بوو.

من بۆ خۆم، کلاشینکۆفێکی بولگارییم پێ بوو، دوو مەخزەنی دەبڵم پێ بوو، کە بە شریت لوولدرابوون.

کەسی یەکەم من کوشتم، یەکێك بوو لەناو خیوەتگەکە بینیم... لێمدا، لە سینگی کابرام دا، دوایی سەری کابرام دایە بەر گوللە، لەودەمانە جەستەمان شەڵاڵی ئارەقەش بوو.

بیست مەترێك دوورکەوتمەوە، چوومە ناو ماڵێك، دەرگاکەیان ئاسن بوو، بە رەنگی شین ژمارە ١٢ی لەسەر نووسرابوو.

دەرگاکەم شکاند، چوومە ناوەوە، گەنجێك لەسەر کەرەوێتەکە بەرامبەر تەلەڤزیۆن دانیشتبوو، سەیری فیلمێکی عەرەبی دەکرد.

بێدەنگ دەبێت...

رووبەڕوو لە سینگی کابرام دا، پاشان دەستڕێژم لە سەری کرد.

بێدەنگ دەبێت...

براکەی لێمان بەژووری کەوت شووشەیەك ئاوی پێ بوو، لە سەلاجەکە هێنابووی، ئەویشم گوللەباران کرد، لە سینگی ئەویشم دا، لە هەردوو چاوەکانی.

بێدەنگ بوو...

کیژێکی بچووك لە کۆلیدۆرەکە بوو، منی بینی، سەیری چاوەکانی کردم، بینی چۆن دوو کەسەکەم کوشت. ویستم تەقەی لێ بکەم هەڵات، وازم لێی هێنا...

گوتم" "کێوە دەڕۆیت؟ با ئەوانی تر تەواو بکەم، دەگەڕێمەوە سەر تۆش، ماڵەکە بچووکە، کێوە دەڕۆی؟".

چوومە ژووری دووەم، باوك و دایکەکە لەسەر ئەرزەکە خەوتبوون، باوکەکە ترساو و شلەژاو هەڵسابوو، لەویشم دا، ژنەکە پاڕایەوە ویستی نەیکوژم، وازی لێ بهێنم، بەڵام لەویشم

دا، لەسەری ئەوم دا، ئەو لەژێر چەرچەفەکە بوو، خوێنی ئەو لە چەرچەفەکەوە هاتەدەرەوە. سەیری منی کرد...

بێدەنگ بوو...

چوومە ژوورەکەی تر، لە کیژە منداڵەکە دەگەڕام، بەڵام نەمدۆزیەوە.

ژوورەکە کەلوپەلی زۆری تێدا بوو، دۆلابی جلوبەرگ، لەسەر دۆلابەکە وێنەیەکی ئەبو عەمار دانرابوو، تەقەم لە وێنەکەش کرد.

لەناو دۆلابەکە لە کیژە بچووکەکە گەڕام نەمدۆزیەوە. ناکرێ نەیدۆزمەوە، چونکە ئەو بەقەد ئایلینی خوشکم بوو، ئەوەی میلیشیاکە کوشتیان، ئەوان خەڵکی ئێرە بوون...

دەبوایە تۆڵەی خوشکم لەو کیژە بچووکە بکەمەوە.

لەناو حەمامەکە بۆی گەڕام، گەڕامەوە ژوورەکەی براکانی تێدا بوو، سەیری بن کەرەوێتەکەم کرد، نەمدۆزیەوە.

برادەرانی میلیشیاکەم عیماد و ئەلبیر بانگیان کردم.

_ یالله، تەواو نەبوون؟!.

_ تەواو بووین.

_ چیت ماوە لە ژوورەوە.

_ وا هاتم.

لە ماڵەکە هاتمە دەرەوە، سی مەترێك ڕۆیشتم. پێم گوتن:

"لەژوورەوە کیژێك ماوە نەمکوشتووە... دەگەڕێمەوە سەری".

گەڕامەوە ناوماڵەکە، بێدەنگ چوومە ژوورەکە، گوێم لێبوو کیژەکە دەگریا، بەرەو سەرچاوەی دەنگەکە ڕۆیشتم. چوومە ژوورەوە دەنگەکە نەما.

زۆری لێ گەڕام، شوێن نەما لێی نەگەڕێم، نەمدۆزیەوە، وەك خوێ توایەوە و نەما.

بێدەنگ بوو...

ئەو کیژە چی لێ هات؟! کێوە ڕۆیشت؟! چی لێ هات؟! نازانم!

عیماد و ئەلبیر گەڕانەوە سەرم و گوتیان:

"وەرە تەواو نەبوویت؟".

لە ماڵەکە دەرچووم، بۆ زوو نەمکوشت، لەدەستم دەرچوو.

ئەوم بینی سەیری چاوەکانی کردم، دەنگی، گریانەکەی لەناو سەرم ماوە، تا ئێستاش لەسەرم دەرناچێت.

من رامکرد، لە لوبنان دەرچووم، ئیشم کرد، پارەم کۆکردەوە، وێنەی ئەو کیژە لەسەرم هەر دەرناچێت. سەرەتا مانگانە دەهاتە لام، دوایی هەفتانە دەهات، دوایی وای لێ هات رۆژانە دەهات.

ئیمڕۆش لە کەللەم ماوە، شەوانە، بە رۆژ، ئەو کیژە لە هزرم ماوە، بەندە بە سەرم، نایەوێ دەربازی بێت...

بێدەنگ دەبێت...

بۆ کە لە کۆلیدۆرەکە بوو لێم نەدا؟! لەدەستم دەرچوو.

ناوپڕێك دەردەکەوێت...

کیژێکی ئەسمەر، قژ رەش، ئاکار سادە و نەرم و نیان پانتۆڵێکی جینز و قەمیسێکی سپی لەبەردایە.

ئەو هاتە ناو ماڵەکەمان، دەمامکی لەسەر دەموچاوی بوو، موحمەدی برامی کوشت، دوایی تەقەی لە شادی برام کرد و ئەویشی کوشت، من لە هۆڵەکە دەرچووم، تا لەلای دایکوباوکم بخەوم. ئەو سەیری منی دەکرد، رووبەڕوو سەیری چاوی یەکترمان دەکرد. من رامکرد. چوومە بن پاڵی دایکم، ئەو هاتە ژوورەکە، تەقەی لە باوکم کرد، دوایی دایکمی کوشت، جووە ژوورەکەی تەنیشتمان. من لە شوێنی خۆم نەجولامەوە، دەمزانی لە من دەگەڕێت. خۆم ماتکرد، کەڕولال بووم، هەناسەم راگرت. پاش چەند ساتێك کابرای چەکدار دەچێتە دەرەوە. هەناسەیەکم هەڵکێشا، لە شوێنی خۆم مامەوە، نەجولامەوە، دەگریام و تەواو، پاش گاڤێکی کەم نازانم چەند دەبوو، ئەو گەڕایەوە، زانیم گەڕایەوە، بێدەنگ بووم، لەناو ماڵەکە دەگەڕا، منی نەدۆزیەوە... کەمێك مایەوە و دەرچوو.

بێدەنگی...

دوو رۆژ لەو رەوشە مامەوە، لەناو باوەشی دایکە مردووەکەم.

بێدەنگی...

دوو رۆژ بەو جۆرە مامەوە، لەبن کەوای دایکم خۆم شاردبووەوە، نەمدەزانی لە دەرەوە چ روودەدات، هەستم دەکرد گەرم بووم، زمانم وشك ببوو، خوێن لە لێوم دەهات، نەمدەتوانی بجولێمەوە. کەواکەی دایکم کردبووە ئەشکەوتێکی بچووکی خۆشاردنەوە، لە ناوەوەش ژان و ترس دەیکرۆشتم. چەند رۆژان دەمینێمەوە، میزم بەخۆم دادەکرد، هەستم بە خۆم نەدەکرد.

بێدەنگی...
ئەوە بیست ساڵ تێدەپەڕێت، تا ئەوەدەمانەش گوێ لە خۆم رادەگرم، ئێستاش هەست دەکەم سەیرم دەکات. ئێستاش وادەزانم بەدوای منە، دەیەوێ بمکوژێت.
******

کە سۆفی سەیری دەموچاوی کیژەکەی ناو فیلمەکە دەکات، دەزانێت شتێکی زۆر کوشندە روودەدات. تەنگاو دەبێت، بیر لە دەموچاوی کیژەکە دەکاتەوە، لەکوێ ئەوەی دیوە، دەپرسێت، بیر دەکاتەوە لەکێ؟ ئەلبۆمەکان هەڵدەداتەوە. وێنەی کیژەکە دەدۆزێتەوە. دەرکەوت کیژەکەی قسەی دەکرد، ژنی ئادریانە. چۆن؟ دەپرسێت. زۆری نامینێت لەداخانا ببورێتەوە.
******
سۆفی خەوی لێ نەدەکەوت. شەوەکەی فیلمە ڤیدیۆییەکەی دیبوو ئارام نەبوو. نیوەی شەویش لەگەڵ ئارەقەکردنێکی زۆر بەئاگا دێت. دڵەکوتەیەکی توندی لێ بوو. دەیویست دیمەنەکە لەبیر بکات، کەشەکە لە ئەندێشەی دووربخاتەوە، بەڵام ئاسان نەبوو، وەك کەسێك وابوو پلانێکی هەبێت بەپێداگرییەوە بیەوێ رایپەڕێنێت، بۆیە دەیویست دەربازی بێت، دیمەنەکە دووبارە دەبێتەوە. دەیویست هەموو شتەکانی بیری لێی دەکردەوە دووربخاتەوە، بەوەش نەیدەتوانی بخەوێت. زۆری نەمابوو برووخێت.
لە شوێنەکەی هەڵدەستێتەوە، دەچێتە لای سەلاجەکە، دانە حەبێکی خەو دەخوات، دەگەڕێتەوە سەر جێگەکەی. پاش نزیکەی سەعاتێك، هەست دەکات خەوی لێدەکەوێت، بەڵام؛ ئەو جارە بە قووڵی دەخەوێت، ئەوە یەك هەفتەیە بەو جۆرە خەوی لێ نەکەوتووە؛ خەونیش دەبینێت لەو خەوە خەوی لێ نەکەوتووە. بەیەکەوە هاوشان لەگەڵ ئادریان پیاسە دەکەن، توند دەستی گرتووە؛ تا لێی دوورنەکەوێتەوە. هەست دەکات بەسەر پارچە هەورێکەوە دەڕۆن و بەرەو رووناکی رێ دەکەن، هەر ئەو دەتوانێت بەرەو رووناکی خۆری ببات؛ لەوێ گوێ لە موزیك و جریوەی باڵندە، تا ئۆتۆمبێلی سەر شەقامەکانیش نەبێت، کە لە خەوەکە هەڵدەستێت، هەست دەکات کەمێك ئاسوودەیە، قاوەکەی دەخواتەوە، بەرەو دەرەوەی ماڵەکە دەڕوات.

******

# ٢٧ی یولی

دوێنــێ، نــەمتوانی بخــەوم. ئــازارێکی زۆرم چێشــتبوو. ماوەیەکی کورت خەوم لێ کەوتبوو، هەڵدەستمەوە، دەرکـەوت هەموو گیانم ئارەقە بوو. بەتەواوی تەڕببووم، وەك ئـەوەی لـەناو دەریایەك مەلەم کردبێت. ویستم بخەومەوە، بەڵام دیوەزمـەکان بەرۆکیان بەرنەدەدام، بواری خەویان نەدەدام. مێژوومـان تاریکـە، هاوڕێیەکەم، بەڵام؛ پەنا دەبەمە بـەر حـەبی خـەوتن، دەخـەوم، نووستنێکی قووڵیش، خەون دەبینم، تۆ دەستم دەگریت، بـەرەو خۆر، کامـەران بـووم، دڵـم هەڵـدەفڕی، شـادمان بـووم، بـە تـۆم گوت:

"_ خۆشـەویستی چییە" بزەیەکت کرد.

پرسیم:

"_ بۆ بزە دەکەیت؟".

رووت لە مـن وەرگێـڕا. دەزانـم ئەگـەر بتـەوێ قسـە نەکـەیت بزەیـەك دەکـەیت. خۆشـەویسـتی لەگـەڵ جەسـتەیەکی تـر چێژبـەخش نییـە، شـتێکی جیـاوازە، بـەڵام لەگـەڵ جەسـتەی یەکێك خۆشتبوێت زۆرتر و گەورەتر دەبێت.

"_ ئایا تاقیتکردیتەوە؟".

پێکەنیت.

"_ هەستێکی مەزن، لە رۆحی، بەرەو ڕۆحێکی تری دەبات".

تۆ بە نەرمی لە شـوێنەکەی خـۆت هەڵدەسـتیت، رووم تـێ دەکەیت، بزەکەت هێشـتا لەسـەر ئاکارتـەوە دیـارە. لەوەدەمانـە، وامدەزانی لە برسانا دەمرم، بێ ئەو، لە ترسانا دەمرم، هەردوو چاوم وەك پەرجووێك، دەکرێنەوە...

بە تۆم گوت:

"_ئەو هاوینە لە هاوینی ساڵەکانی تر جیـاوازە، هاوینەکـەی تێدا خۆشـەویستی تۆ رادەگەیەنێم...".

ئایا زووتر، هەستەکانی درۆیان کردووە؟! هەموو سۆزدارییەکانی پێشوو درۆ بوون، یان بەر لەوەی بتاسم، چەندان پیاوی ترم تاقیکردوتەوە؛ بۆ ئەوەی تۆ بدزۆمەوە!

مێردەکەم بەر لەوەی بکوژرێت گوتی دەمرم و حەفتا حوریە چاوەڕوانم دەکەن، لە فردۆسەکەم. بەوەیان هەستم بە زەلیلییەکی گەورە کرد، کە دەگەمە ئێرەش، ئەوروپا، بڕیار دەدەم لەگەڵ حەفتا پیاو بخەوم، هەموویان راکێشمە سەر جێگەکەم.

دەمویست ئارەزووی ناو هەناوی خۆشەویستییەکەی سەرپێی، یان بە ویست و چێژی جەستەیەك، لە جەستەیەك بگەڕێم. وەك دۆزینەوەی کیشوەرێکی تری نوێ، دۆزینەوەی جیهان، کە زووتر پێم نەزانیبێت. ئەوەش جۆرێك بووە لە ئاشتبوونەوەم بە جەستەی خۆم، کە شاردومەتەوە، لێی ترساوم، لەناوم بردووە. ئەوەش راگەیاندنی ژیانە، لە رۆحێکی نوێی سەرهەڵداوی ناوەوەم. دەزانم تۆ لەوە تێناگەیت، ناتوانێت بەرجەستەی بکەیت، بەڵام؛ چ بکەم؟! ژیانی من وەك خەڵکی تر ئاسوودە نەبووە!

لە شتێك دەگەڕام لەو تاریکییە دەربازم بکات. رۆژانە بۆ ئەوە دەچوومە باڕەکان، ئێوارەکان لەوێ دەبووم، قسە و دەمەتەقێیم دروست دەکرد، کە هیچیان مانایەکی نەبوو، ئیتر ئێوارەکانم بەو بەڕەڵاییە بەسەر دەبرد، قسەکردن لەگەڵ ژن و پیاوان، بە وەهم و بە پەیڤی بەتاڵ و سەرپێی:

"_ تکایە پێکی ترم بۆ تێ مەکە؟ موزیکەکەم پێ خۆشە، تۆش پێت خۆشە؟".

دەمەتەقێیەکانم لەگەڵ خەڵکەکە بەو جۆرە بوو.

_ " زۆر ئەو باڕەم خۆشدەوێت، هەڵبژاردنی موزیکی سەماکانیان زۆر دروستە. میوانەکانی ئەو باڕەم لە میوانی باڕەکەی بەرامبەرمان، پێ باشترە، بەگشتی زۆرتر شەیدای باڕەکانی ئەو دەڤەرەم، لە شوێنی تری ناو بروکسل"....

ئێواران بەو جۆرە لە باڕەکان کاتم لەگەڵ پیاوەکان بەسەردەبرد.

_ "بەڵێ، رۆژانە من لێرەم، نەخێر، نەخێر، نەك هەمان باڕ، حەزم دەکرد هەموو باڕەکان تاقی بکەمەوە، بۆ نەکەم؟!... نەمدەتوانی جێگیر بم، لەیەك باڕ نەدەمامەوە، لەوەیان بێزار دەبووم، رۆژانە دەمویست باڕێکی تر تاقی بکەمەوە...".

سەماش پشكى هەیە.

_"دەتەوێ سەما بكەین؟ حەز بەو موزیكە ناكەیت؟ بەڵێ، زۆریش حەز لە سەما دەكەم، زۆر. ئەدی تۆ، تۆش سەما دەكەیت، سەمای باش دەزانیت... بەیەكەوە"! بەیەكەوە نازدار دەردەكەوین... پڕوا دەكەیت وا بێت؟ نازانم، چۆن ئەوە بزانم؟! ئاخ، هەموو سەیرم دەكەن، بەسەرسامییەوە سەیرم دەكەن! ... سوپاس، ئەوەش لوتفی خۆتە...".

جگەرەیەكی تر دادەگیرسێنێت، پێكەكەی ناو دەستم دەخۆمەوە، لە باڕەكەم، بەردەوام دەبم لە قسەكردن لەگەڵ پیاوێكی قۆز.

"_ كەشی ئیمڕۆ زۆر جوان بوو، هەست بەوە ناكەیت؟! كەشەكە زۆر كامەرانی كردم، تامم لێی وەرگرت. حەز لە رۆژە هەتاوەكانی بروكسل دەكەم، ئەگەرچی دەگمەن و كەمە، ئاخ، بەڵێ؛ چۆن دەزانی؟ راستییەكەی، بەڵێ، من ئیمڕۆ، لە بازاڕ بووم، منت بینی؟! ئاخ، لەگەڵ برادەرێك بووم، ئیتر لەگەڵ برادەرێك، بەڵام؛ بۆ دەپرسیت؟ بۆ تۆ گرینگە؟".

بەڕووی پێدەكەنم، بەردەوام دەبێت لە قسەكانی:

"_ئاخ، بەڵێ، حەقتە. چوومە بازاڕ، ئەو جانتایەم كڕی، پێت چۆنە؟ چیت گوت؟ بە جلەكانی دوێنێ جوانتر بووم! ئیمڕۆش جلەكانت جوانن؟ سوپاس، ئەوەیان نازدارە، حەز دەكەم گوێم لەو قسەیە بێت!".

زۆرجار، لێم دەشاردەوە من لە كوێ هاتووم، یان رەچەڵەكم چییە:

"_من؟ نەخێر، نەخێر، لە هیچ شوێنێكەوە نەهاتووم، بۆ دەپرسی؟ من ژنێكی بەلژیكییم، تەواو. من لە تۆم پرسیوە رەچەڵەكت چییە. راستییەكەی نامەوێ بزانم تۆ لەكوێ هاتوویت، ئەوەیان گرینگ نییە بیزانم چ دەكەیت، گرینگ نییە بیزانم لەكام وڵاتەوە هاتوویت، ئایا تۆ بەلژیكی؟ یان نا؟ ئەوەیان گرینگ نییە، ئەوەندەم بەسە بە تۆ سەرسامم، بە تۆ، بە جەستەت، تۆم بینی پیاوێكی شیكی، بڕیاردەدەم شەو لەگەڵت بمینێمەوە، گوێ بگرم، بێزار بووم لە خواردنەوە و جگەرەكێشان، نەچینەوە ماڵەوە؟ بەڵێ، ماڵی من. پێت باش نییە؟! باشە، پارەكە بدە، من لەناو ئۆتۆمبێلەكە چاوەڕوانت دەكەم، لە دەرەوە".

جانتاکە دەهاوێمە سەرشانم، چەند هەنگاوی سەرکەشانە دەڕۆم، دەپەڕمەوە؛ ڕووناکی ناوچەکە دەکوژێتەوە، لە باڕەکە، بەڵام شوقەکەم ڕووناك دەبێتەوە.

******

ئێستا دەزانم _لە هەموو کاتەکانی تر زۆرتر_ کە ژنێك دەکەوێتە ناو خۆشەویستی مانای چییە... دەڕۆیشتم، بەڵام ڕەمەکی و بێ بەرنامە، وەك ئەوەی لە شتێك بگەڕێم، ئینجا لە شوێنێکی دیاریکراو دەوەستێت. لەلای پیاوێك؛ پێی بڵێت من لە تۆ دەگەڕام. دەبوایە ڕووبەڕوو ئەوەت پێ بڵێم... ڕاستییەکانت لا بدرکێنم. ناکرێ هەتا ئەبەد هەستەکانم بشارمەوە... چۆن بیشارمەوە، کە من یەکەمجارە لە ژیانم هەستی پێ دەکەم؟!... لەبیرمە یەکەمجار تۆ ڕووبەڕوو لەسەر ئەو کەرەوێتە دانیشتی، قاچت لەسەر قاچ دانا، وەك ئەوەی قسە لەگەڵ یەکێکی تر بکەیت، بە منت گوت:

"_... قسە بکە".

تۆ نیمچە ڕووت بوویت، پشتەوەت پەردە بوو، جەستەت لەبەر گەرمای هاوینەکە و شێی لە پەنجەرە کراوەکە دەهاتە ژوورەوە، دەبریسکایەوە. جگەرەیەك دادەگیرسێنیت، بیردەکەیتەوە و سەرێك با دەدەیت، ڕووم تێ دەکەیت و دەپرسی:

"_ خۆشەویستی مانای چییە، بۆ تۆ چ دەگەیەنێت؟".

"_خۆشەویستی مانای چییە؟ ئەو هاوینە، بە جیاوازییەکانی لەگەڵ هاوینێکی تر".

"_دیارە بوویتە ژنێکی شاعیر؟".

"_نەخێر، بەڵام لەگەڵ خۆشەویستی تۆ، هەست دەکەم خەڵك بۆ شیعر دەدۆزنەوە"....

"_بۆ شیعر دەدۆزنەوە؟".

"_کە زمان بۆ پەسنی یەکێك دەستەوەستان دەبێت، بۆ دەربڕینی سۆز و هەستەکان، زمانێکی تر دادەهێنن، پەیڤێکی تر دەدزۆنەوە، شتی تر دەدۆزنەوە، کە پەیوەندی بە شتەکانی نزیك خۆی نەبێت، چونکە خۆشەویستی پەیوەندی، بە هیچ شتێکەوە نییە، ئەوانەی لەو نزیکن".

پێدەنگ دەبم، دوایی بە شێوازێکی ڕامان دەپرسم:

"_بەڵام؛ بۆ من، نەك کەسێکی تر؟".

"_نازانم بۆ ئەو هەڵبژاردنە نەك یەكێكی تر! ئەوەیان نازانم! بەزەحمەتی! ئەو حیكمەتە نازانم، ئەو لەرزینە تێناگەم، نازانم بۆ كە تۆ دەبینم دەگریێم، نازانم بۆ هەست بە نائومێدی دەكەم...".

بەو جۆرە قسە و رازی خۆم دەردكاند، سەرسام بووم كە رۆژێكیان پرسیت:

"_بەڵام تۆ پیاوی زۆرت ناسیوە...؟".

_ "بەڵێ، پیاوانی زۆرم ناسیوە، بەڵام ناسینی تۆ لەگەڵ ناسینی ئەوان جیاواز بووە، تۆش ئەوە باش دەزانیت؟".

" _چۆن دەزانم؟".

تۆ پرسیارەكانت دەتاشی، پرسیارەكان دەدۆزیتەوە، هەندێ جاریش بە شێوەیەكی زۆر ئەستەمیش، كە نەتوانم وەڵامیان بدەمەوە. پێم گوتی:

"_باشە، وازم لێ بێنە، كەمێك بیربكەمەوە".

دەستم لەسەر چاوەكانم دانا. زۆر نەمابوو لەگەڵ تۆ عەقڵیشم لە دەست بدەم. مەڵێ وا نییە. چیتر بڕوات پێ ناكەم. نەخێر، نەخێر بڕوات پێ دەكەم. تۆ بەردەوام وا دەكەیت. دەتەوێ نائومێدم بكەیت. كە قسەم لەگەڵ دەكەیت، دەتەوێ پرسیاری وا بتاشیت وەڵامم نەبێت. بەتایبەتی كە لە ویكێند سەردانم دەكەیت. كە بڕیارمان داوە شەو بەیەكەوە دەربچین و بەیەكەوە بین... بە سووكی لەگەڵما پێدەكەنیت، گاڵتەم پێ دەكەیت. لە گەرمەی دانوستانەكان، وا دیارە لە ناوەوەت منداڵێك بوونی هەیە، منداڵێكی گچكە و گێچەڵم پێ دەكات.

لەگەڵ ئەوەش، تۆ لە پرسیارەكانی، كە من ناتوانم وەڵامیان بدەمەوە بەردەوام دەبیت. دان بەوە دادەنێم كە پرسیارەكان ئاسانن، بەڵام پرسیارە ئاسانەكان بەردەوام وەڵامیان نییە! تۆ وەك ئەوەیە بپرسیت، باڵندە چۆن دەفڕێت، بۆ پشیلەكان نافڕن؟!.

خۆم دەگۆڕی و دەچوومە بەر ئاوێنەكە؛ ماكیاژەكەم نوێ بكەمەوە، پرسیم:

"_ئەو روجە باشترە؟ یان ئەوەیان بۆ لێوم باشترە؟ چۆن بۆ تۆ جوانە؟ خۆشەویستەكەم، وەڵامی ئەو پرسیارەم بدەرەوە، باشترە لە پرسیارە بێ وەڵامەكانی تۆ، ئۆكەی، ئەوەیان دادەنێمە سەر لێوم، ئایا مكیاژ تەنك بۆ شەوانە باشترە، یان مكیاژی گەرم... خۆشەویستەكەم، دەبێ ئەو پرسیارانەم وەڵام بدەیتەوە".

******

قســەم لەگـەڵ تـۆ دەکـرد و ماکیاژیشــم دەکـرد، نـەمتوانیوە پرســیارەکانت وەڵام بدەمــەوە، نابینیــت؟ شــتی زۆر هەیــە. هەستی پێ ناکەین، یان هیچ نەبێت ئێستا درکی پێ ناکەیت، هەروەها نامەوێ بشیانزانم، ئەوەی دەیزانم، تۆم خۆشـدەوێت، ئەوەش هەموو بابەتەکەیە.

بە منت گوت:

"پەلە بکە، هەڵسە جلەکانی بگۆڕە، وا بکەیت ئەم شەو بێ ئاهەنگ دەمینینەوەو ناگەینە ئاهەنگەکە، وەك هەموو جاریك دوا دەکەوین... نازانم تۆ بۆ پێداگری لەو پرسیارانە دەکەیت، هـەموو جـارێکیش... دەزانـم خۆشەویسـتەکەم، دەزانـم دەبـێ پەلـە بکـەیت، پێویسـتە ئیمشـەو بەیەکـەوە دەربچـین، حـەز دەکـەم خەڵك ببینم چاوەڕوانم دەکەن، من هاوشانی تـۆ دەڕۆم، ئـەوەم دەوێ، ئەوەنـدەم بەسـە، مـەڵێ بـۆ؟! ئـەوەم خۆشـدەوێت، بەسە... تکایە بەسە ئەوەندە قسە مەکە، جلـەکانت زوو لەبـەر بکە، ئەگەر ئیمشەو لە ژووانەکەمان دوادەکەوین"....

******

ئــەو رۆژە بەیەکــەوە لــە شــەقامی واترلــۆ دەڕۆیشــتین، کۆششـمان دەکـرد _تـا دوا ئاسـتی دوور و زۆر چێـژ لـە سـروە فێنکە شـیرینەکە وەربگـرین، لـەو ئێـوارە هاوینییـەدا، کـەمێکیش مەســـــت بــــووین، شــــادومانییەکی فــــرەش، کــــەمێك سەرسوڕانیشمان هەبوو. بەیەکەوە نانی ئێوارەمان دەخوارد، لە رێستورانتی پۆلی ناودار بووین، بەدرێژی باسی ئاهەنگەکـەمان کرد، کە بەیەکەوە لەوێ بووین. پێم گوتی باسـی ژیانی خۆمت، پێش ناسینی تۆ بۆ دەکەم، ئەگەرچی برین کوڵانەوەیـە، بـەڵام؛ رەنگە هەندێ جارێش خۆشییەکی تێدا بێت، ئەوەش جۆرێکە لە دانپێدانان، بەڵێ، جۆرێکە لە دانپێدانان کە ئاسوودەیەکی گەورە دەبەخشێت، تـۆ نازانیـت لـەو ژینـە کورتـەی خـۆم چەنـد ئـازاری گــەورەم چێشــتووە! دەردەســەری زۆرم بەســەرهاتووە، لـــە تەمــەنی ســی ســاڵی خــۆم زۆرم دیــوە! بەرگــەی ژان و ئەشـکەنجەی زۆرم گرتـووە، ئـەوەش نیـوەی تەمـەنم بـووە! ... ئەوەیە ژیان، هاوڕێیەکەم، کە گەڕاینەوە، شەوچەرەکەمان تەواو کرد، دووبارە کەوتینەوە قسەکردن.

تۆ لەسەر مێزەکە دانیشتی، منیش قاوەم ساز دەکرد، تۆ بـە تەلەفۆنەکەت سەرقاڵ بوویت، بەڵام گوێت لە منـیش رادەگـرت،

دەمزانی تۆ پێویستت بەو ڕۆژەیە؛ بۆ ئەوەی ژیانی خۆمت لە بروکسل بۆ بگێڕمەوە، ڕۆژانی پێش ناسینی تۆ، پێش ئەو ڕۆژە، تۆ بە ژیانی ڕابردووی من بێزار نەدەبوویت، بەڵام هەستم دەکرد تۆ هێواش هێواش بێزار دەبوویت، ئەوەش سەخڵەتی نەدەکردم، وەك وێنام دەکرد، بەڵکو بەپێچەوانە، شادمانیش بووم.

هەستم دەکرد تۆ وا خەریکە منت خۆشدەوێت، کەمتریش بایەخم پێ دەدەیت، هەموو شتەکانی من، تا ڕابردووشم بۆ تۆ گرینگ بوو. منیش لەلایەن خۆمەوە، بڕیارم دا قسەت بۆ بکەم، بەیەکەوە قاوەمان دەخواردەوە، سەیرت دەکردم و دووکەڵی جگەرەکەت بەبا دەکرد، منیش بەردەوام بۆت دەدوام، بە تۆم گوت:

"ژیانی من وەك مانەوە بوو لەناو دۆزەخ، مانەوەیەك نزیك لە سرووشتێکی ئاسمانی، ئەزموونەکانی ڕابردووم وەك ڕووبارێك بوو، لە قووڕەکەی دادەشورا، کە دەستت لە من دەدا، هەستم دەکرد نەرمی پەنجەکانت دەگەیشتە ناو ئێسقانم، هەستم بە دەنگت دەکرد، وەك چۆن سۆز لە گوڵاڵەی ناو باخچەیەکی بەر هەتاوێکی نەرم وەردەگریت... پێم مەڵیَ بوویتە ژنێکی شاعیر، خۆشەویستی واتە شیعر، شیعری تەواوە خۆشەویستەکەم... تا ژیانێکی بە ئازار و کوشندە نەبینی، نازانیت مانای وشەی ناسك چییە، وەك ژیانی من".

لێت هاتمە پێش و پێم گوتی:

"سەیری دەموچاوم بکە، حەز دەکەم سەیری دەموچاوم بکەیت، ئاکارە تۆڵاژەکەم، ئەوەی دەتوێتەوە، هەموومان دەتوێینەوە، هاوڕێیەکەم، هەموومان بەرەو گەشتی تەمەن دەڕۆین، ئەوەی دەمەوێ ببینم تەنیا تۆی. دەمەوێ لەتەنیشت خۆمەوە بتبینم، بەژنە درێژەکەت، زراڤییەکەت، جلوبەرگە شیکەکەت، قژە ڕەنگ زەردە تێکەڵ بە خۆڵەمێشییەکەت، ئاکارت کە هۆشمەندییم بەبیر دێنێتەوە.. چاوەکانت خۆشەویستییم بەبیر دێنێتەوە... بۆنی تۆم خۆشدەوێت، شێوەی ئاخاوتنی تۆم خۆشدەوێت، شێوەیەکی پێکەنینی تۆم خۆشدەوێت، ئایا ئەوەیان جۆرێکە لە خەیاڵ؟ کەیفی خۆتە چ ناوێکی لێ دەنێیت، هاوڕێیەکەم، ئەوە وایە، زۆرتریشە، گرینگ نییە چ دەبینیت و چی سەبارەت بە هەستەکانم دەبێژیت، گرینگ نییە هەست بە چ دەکەم، هەستی خۆمت پێ بڵێم گرینگ نییە، ئەوانە بۆ من گرینگ نییە... پێم پێ مەکەنە، تکایە،

پێکـــــەوە دامەزرانـــــدن و تەواوکـــــەری یــــەکتری نـــــاوی خۆشەویستییە؟!".

بێــدەنگ بوویــت و قســەیەکت نــەکرد، چــاوەڕوان بــووم تــۆ قسەیەك بکەیت، بەڵام هەرگیز قسە ناکەیت، پرسیم:

"گوێ بگرە، زۆر پیـاوانی تـرم تاقیکردوتـەوە، ئایـا ئـەوەت پـێ گرینگـە، زۆرتـر لـە جارێـك ئـەوەم پـێ گوتیـت. بـەر لـەوەی تـۆ پرسیارم لێ بکەیت، من خۆم ئەوانەم بۆت گێڕاوەتەوە. بەڵام تـۆ پێداگرییت دەکرد، لەوانەش زۆرتر بزانیت، تا ئەودەمانەش نـازانم تۆ بۆ ئەو بابەتە دەترسێنێت؟".

"گــوێ بگــرە، دەبــێ دان بــەوەش دابنــێم، مەســەلەکە لــە سـەرەتاوە تەنیا بۆ تۆڵەسـەندنەوە بـوو، تـەنیا بـۆ دۆزینـەوە بـوو، ڕۆیشتن بوو بەرەو سەرووی نادیارییەکان. بۆ من زۆر شت نادیـار بـــوو، زۆرم نـــەدەزانی. خـــۆم نەدەناســـی. جەســـتەی خـــۆم نەدەناسـی. پێویسـتییەکانی خـۆم نـەدەزانی. نـەزانێکی ڕەهـا بووم، بەرامبەر بە پیاو. ئایا ئەوەش مەسـەلەیەکی سرووشـتی نییە؟".

بێدەنگ بوویت و قسەیەك نەکرد.

"بۆ لەناکاو ئاکارت دەگۆڕێت، کە باسی ئـەو بابەتـە دەکـەم؟! ڕوا بکە، سەرەتا، مەسەلەکە بەو شێوەیە بوو، بەڵام ــدوایـیــ دان بــەوەش دادەنــێم بابەتەکــە دەبێتــە گەمــە. دەبێتــە بــەزم و رابواردن، شتێکی خۆش، بەوە دژایەتی پیاوان دەکەم؛ بۆ ئەوەی رکابەرایەتی زیرەکییان بکـەم. بـە ویسـتی خۆیـان کـەللەرەقی و ملهوڕییەکانیان ببەزێنم. بۆ گاڵتەکردن و بەزمی خۆشـی ئـەوەم پــێ دەکــردن، بۆیــان بســلمێنم کــە چەنــد ســووکن، ســادە، دەبــەنگن، هێــواش دەرکــەوێت، چەنــد گاڵتــەباز و قەشــمەر و سووکن، کە نازانن".

ئەوانـە بـۆ خۆیـان وێنەیـەکی بـەرزیان هـەڵگرتووە، کـە هـیچ پەیوەندییەکی بە واقیع نییە، پەرۆش بووم ئەو وێنەیە بخەمە ناو چڵپاو. بۆ ئەوەی هەنگاو بە هەنگاو بچمـە نـاو ئـەو ژیانـە، جلـی گرانبەهام دەکری، ماکیاژی زۆر، بایەخم بە جەستەم دەدا، یاری جمم دەکرد؛ تا کەسێکی ویستراو بم، شیرین و خۆشەویست؛ تا پیاوەکان بەدوام بکەون، بـەرەو ــبـە شـێوەیەکی ئاسـان و بـە پەلەــ هەموو کەسێك دەچووم ئەوەی بە من سەرسام بوایە.

هــەموو جــۆرە پیــاوێکم تــاقیکردەوە؛ کــورت و درێــژ، قەڵــەو و سووك، دکتـۆر و کرێکـار، قـژزەرد و ئەسـمەر، لـەناو گەنجـەکان،

لەناو تەمەن مامناوەندییەکان هەڵمدەبژارد، پێم خۆش بوو نانیان لەگەڵدا بخۆم، زۆریش لەسەر حیسابی من، لەگەڵ ئەوانە بخۆمەوە. هەمووش بۆ خۆشی و سەرفرازی بوو بە ژیانە نوێیەکەم، تامی فردۆس بکەم، فردۆسەکەی مێردەکەم کۆششی بۆ دەکرد".

منگەیەکت کرد، خەریکی قاوەخواردنەوەکەت بوویت، پرسیت:

"ئەوانە چۆن جێبەجێ دەبوون؟!".

منیش گوتم:

"چۆن؟".

"چۆنت بۆ شرۆڤە بکەم"؟.

"دەمەوێ قسە بکەیت، بەوردی بۆم بگێڕیتەوە".

"کام وردەکاری؟".

******

من لەسەر حەقم، هاوڕێیەکەم، مەسەلەکە هیچ نییە، توورەبوونی تۆی پێویست نییە. تۆ دەزانی پەیوەندی زۆرم هەیە، پێش تۆ. بۆ دەتەوێ هەموو پەیوەندییەکانم بۆت شرۆڤە بکەم. مەسەلەکە ئەوەیە تۆ گومان لە من دەکەیت. هەر کە سڵاو لە یەکێك دەکەم، یان کە قسە لەگەڵ یەکێك دەکەم، ئەوەیان یەکێکە لەو حەفتا پیاوەی لەگەڵیان خەوتوویت. ئەوە شێتبوونی تۆیە. دوێنێ، سڵاوم لە فەرمانبەرەکەی کۆمپانیای تەلەفۆنات کرد، غیرەم لەناو چاوەکانت بەدی کرد، پرسیت، لەگەڵ ئەو گەنجەش خەوتوویت؟ یان نا؟!

پێم گوتی تۆ تەنیا دەتەوێ ئازاری خۆت بدەیت. تۆ دەتەوێ لەسەر ئەو بابەتە قسەت لەگەڵ بکەم، دوایی؛ دەکەویتە ناو گێژاوی گلەیی و خەم، ئینجا دوایی؛ ئازاری من دەدەیت.

گوتم نەخێر، لەگەڵ ئەو کوڕە نەخەوتووم، بەڵام؛ لەگەڵ ئەو چیرۆکێکم هەیە. داوات کرد چیرۆکەکەت بۆ بگێڕمەوە، منیش رەفزم کرد. مەسەلەکە شیاوی ئەوە نییە. پروا بکە چیرۆکەکەی نیوانمان زۆر سادە بوو، ئای خودایە، چی لە من دەکەیت؟ چیت پێ بڵێم؟! نامەوێ هیچت لێ بشارمەوە. بەڵام هەستم کردووە تۆ زێدەڕۆیی لە مەسەلەکە دەکەیت. پرسیارەکانت لەسەر ئەو بابەتە، بۆ من ناشیرین و شەرمەزارییە. پێداگرییت بۆ زانینی هەموو شتەکانی، جۆرێکە لە گومان و غیرەکردن، ئەوەش مایەی نەبوونی متمانە و زەلیلکردنە.

چیرۆکم لەگەڵ ئەو گەنجە، پێویست بە تووڕەبوون ناکات، چیرۆکێکی سەرپێیە، هیچی تر نییە.
جارێکیان لە باڕیك بووم، لە لال دو سونجیری، کوڕەکەی لە کۆمپانیای بیزی تەلەفۆنات کار دەکات. لەوێ بوو. منیش دەچم؛ بیرەیەك بۆ خۆم بێنم. پارەکەم ژمارد، پاش چەند دەقەیەك گەڕامەوە، هەستم کرد، کوڕەکە چاوی لەسەر منە. هەستم کرد لە شوێنەکەی خۆی هەڵسایەوە، لە مێزەکەم نزیك بووەوە، لەنزیکمەوە وەستا، پشتی تێکردم، وەك ئەوەی نەیەوێ رووی وەرگێڕێت، ئاگای لە بوونم نەبێت، دوایی وەك ناڕەزاییەك لە باڕەکە سەیرێکم دەکات... راستییەکەی دەیەوێ بیانوویێك بۆ قسەکردنم بدۆزێتەوە، ئەوەشی نیشان دەدا، کە نیگاکەی لەناکاو و بێ مەبەستە... منیش لەلایەن خۆمەوە، تێگەیشتم ئەوەیان هەنجەتە بۆ قسەکردنی لەگەڵ من، مەسەلەکە جوان دیار بوو، ئەوەش بەڕوونی دیار بوو، پێویستی بە کۆشش و لێکدانەوە نەبوو، دەیویست لێم نزیك ببێتەوە. ئەگەرچی دەردەکەوت هیچ مەبەستی منی نییە، بەڵام دوایی لێم نزیك دەبێتەوە، چەند تێبینییەك لەسەر باڕەکەم پێ دەڵێت. ئەو گوتی:
"_گارسۆنەکەی ئەو باڕە، کەمتەرخەمە، بایەخ بە میوانەکانی نادات، دیارە وایە؟".
"_بەڵێ، لەورۆژانە باڕەکە میوانی زۆرە".
"_دەزانم میوانیان زۆرە، وەك ئەوەی ئیمڕۆش ویکێند بێت، بەڵێ، هەموو ئەو شتانە دەزانم، بەڵام؛ گارسۆنیش دەبێ چاوێکی لەسەر میوانە کۆنەکانی هەر هەبێت".
چاوەڕوانی وەڵامی منی دەکرد، بەڵام وەڵامم نەدایەوە، بە یەك وشەش قسەم لەگەڵ نەکرد، یەك دوو قووم لە بیرەکەم دا، ئەو چاوەڕوانی وەڵام بوو... بەڵام تەنیا بزەیەکم بۆی کرد، بۆیە لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو.
"_من لێرەم، ئەوە پێنج ساڵە، پێنج ساڵە، باڕەکەم ناگۆڕم... ئەوەش ماوەیەکی زۆر نییە؟".
"_بەڵێ، تۆ لەسەر حەقی، ماوەیەکی زۆرە!".
" _من لەو کەسانەم باڕم ناگۆڕم، سرووشتم وایە، راستییەکەی _هەندێ جاریش_ برادەرەکانم گلەییش دەکەن، بەڵام فێربووم و ناتوانم!".
ویستم بەئاسانی لەو پیاوە دەربازم بێت!:

"_بەڵێ، تۆ لەسەر حەقی!" قسەی زۆرترم نەکرد، وەڵامەکەم یەك وشە بوو. بەڵام ئەو هەر بەردەوام بوو، قسەی دەکرد، بە شێوەیەکی زۆر شاناز گوتی:
"_راستییەکەی، حەز دەکەم دڵسۆزی یەك باڕ بم. لەوەتی لێرە لە زانکۆ بووم، پێش چوار ساڵ، کە لە زانکۆی بروکسل دەمخوێند، لەگەڵ هاوڕێیەکانم هاتوومەتە ئەو باڕە".
"_ئۆف، ئای کە ماوەیەکی زۆرە!".
"_بەڵێ، حەز دەکەم لەگەڵ یەك باڕ ئەمین بم. باشتر نییە خەڵك وا بکات؟".
"_بەڵێ، بەدڵنیاییەوە".
" _ئەوە یەکەمجارە تۆ لێرە دەبینم، وادەزانم تۆ زۆر هاموشۆی ئێرە ناکەیت، ماوەیەکی زۆرە لێرەم، لە کارەکەشم نزیکە، من راستییەکەی هەموو میوانەکانی ئەو باڕە دەناسم، لە کۆمپانیایەکی نزیکی ئێرە کار دەکەم، ئەگەر رۆژێکیان کارێکت هەبوو، لە خزمەتم، ئامادەم".
"_سوپاس، لوتفت هەیە!".
"_لەو نزیکانە کار دەکەیت؟".
"_نەخێر، راستییەکەی ئێستا کارم نییە؟".
نەمدەویست کەس شوێنی کارەکەم بزانن بۆیە وام دەگوت، هەروەها حەزیشم نەدەکرد قسەی زۆرتری لەگەڵدا بکەم، ئەو بزەیەك دەکات، بەپێکەنینەوە دەڵێت:
"_دیارە دەوڵەمەندی، پێویستت بە کارکردن نییە! ".
نازانم بۆ لەودەمانە ئەوەم بە خەیاڵدا هات گەمەی لەگەڵ بکەم، بیرۆکەی ئەوە بکەمە مەسەلەیەکی رابواردن.. بۆ پێی رانەبوێرم؟! مەسەلەکە سەبارەت بە خۆم، هەمووی دەبێتە گەمەپێکردن، شتێکی خۆشم بەخەیاڵدا هات ویستم پێی رابوێرم، کە زۆر خۆی بە کەسێکی زیرەك دەزانێت، دەیەوێ بە من رابوێرێت؟ بۆ من ئەوە نەکەم، ئەو گەمەی بەنیازە لەگەڵ من بیکات، با من لەگەڵ ئەودا بیکەم، گەمەیەکی باڵکێشە بۆ تاقیکردنەوەی زیرەکی لەگەڵ خەڵکی تر؟!
"_بەڵێ من دەوڵەمەندەم، پێویستم بەوە نییە کار بکەم".
"_لە نزیك ئێرە دەژی؟".
"_خانووێکم لە لویز هەیە".
"_ئۆف، شوێنێکی جوان... تەنیا شوێنی دەوڵەمەندەکانە".
"_تۆ لە کۆمپانیای بیز کاردەکەیت؟".

"_بەڵێ، ئەوە چەند ساڵە لەو کۆمپانیایە کاردەکەم، نمایش و نیشانە و بابەتی نوێ بە میوانەکانمان نیشان دەدەم. خزمەتی ئەو میوانانە دەکەم کە دەیانەوێ خزمەتی کۆمپانیاکەمان وەربگرن".

کەمێك لێم نزیك دەبێتەوە، لە مێزەکەم، بزەیەکم بۆی کرد، بە سۆزێکی هاندەرانە گوتم:

"_کارێکی جوانە، وەك بزانم".

"_جوانە، بەڵام زەحمەتیشە، پێویستی بە کەسانی دەمگەرم و ئاوەدان و بەرێزیش هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێت خەڵك ئیقناع بکەیت، هەموو نمایشەکانی کۆمپانیاکەی پێ نیشان بدەیت".

نزیکتر دەکەوێتەوە، دەگاتە تەنیشتی مێزەکەم، هەر بە پێوە بزەیەکم بۆ دەکات، گلاسە بەتاڵەکەشی هەر لەناو دەستی بوو:

"_کە لەو کۆمپانیایە، ویستم وەك فرۆشیار کاربکەم ئەزموونێکی وردیان پێکردم. چ لە رووی جلوبەرگ، ئاکار، شێوازی قسەکردن! زێدەڕۆیی ناکەم ئەگەر پێت بڵێم، منیان لەناو بیست کەس هەڵبژارد".

"_دانیشە، بۆ وەستاویت! حەقیان بووە تۆیان هەڵبژاردووە! ئەگەر منیش لە جێگای ئەوان دەبووم؛ تۆم هەڵدەبژارد! هەموو شتەکان بەڕوونی لە ئاکارتەوە دیارە! شیکی، بایەخدان بە خودی خۆت، ئامادەیی کەسایەتی، تۆ ئامادەییەکی باڵات هەیە".

بزەیەك دەکات و دەڵێت:

"_هەموو وام پێ دەڵێن!".

بەر لەوەی قسەیەکم لە دەم دەربچێت، پرسی:

"_چ دەخۆیتەوە؟! تکایە، داوەتت دەکەم، پێکێك بخۆرەوە".

"_گلاسێك بیرەم دەوێ، جۆرە باریکەکە!".

کورسییەکی پاڵدەدات، لە شوێنەکەی خۆی هەڵدەستێت، بەپەلە بەرەو بارمانەکە دەڕوات، گلاسێك شەرابی سوور بۆ خۆی، گلاسێکیش بیرە بۆ من دەهێنێت، گلاسەکەم پێشکەش دەکات و دەڵێت:

"_بەلێ، راستییەکەی، من کەسایەتییەکی سازم هەیە، بۆ زۆرزانیش باشم، زێدەڕۆیی ناکەم ئەگەر بلێم لە هەموویان زۆرتر

کەسایەتییەکەم لەوە دەوەشێتەوە بۆ وروووژاندن و ئیقناعکردنی کڕیارەکان، بۆ کڕینی نمایشەکانی کۆمپانیاکەمان".
_"من لەوەیان دڵنیام، ئەوەیان باش لە تۆ دیارە، کە کەسایەتییەکی باڵات هەیە".
"_بەڵێ، کە یەکێك دەگاتە لای ئێمە، بەتایبەتی ژنان، یەکسەر بەرەو رووی من رادەکەن، وەك ئەوەی کەسی تر نەبینن بێجگە لە من".
"_ ئۆف! لەگەڵ ئەوەش، ماوەیەکە لەناو ئەو باڕە هاواریش دەکەیت و گارسۆنەکە بەرەو رووت نایەت!".
"_تکایە، ئاخ، گاڵتەم پێ مەکە!".
"_ نەخێر، نا، نا...! دەزانم کەسە زیرەکەکان، لەلایەن ئەوانەی وەك ئەوان زیرەك نین، رێزیان ناگرن و حەسوودیان پێ دەبەن".
_ "ئەوە بە دوور ناگرم و سەیریش نییە، هەستم بەوە کردبوو، بەر لەوەی تۆش وا بڵێیت، ناڵێم من کەسی یەکەمم؟! ئەوەش ئیرەییە، سەرەتا لەوە تێگەیشتووم، من دەزانم _هەروەها_ پیاویش حەسوودییان تێدایە!".
"_زۆرتر لە ژنانیش، زۆرتر لە ژنان!" ئەوەی بە دەنگێکی کز و خەمگین دەرپڕی، بەردەوام بوو و گوتی:
"_ناتوانیت مەزندەی ئەوە بکەیت، لە ژیانی خۆم چەندم ئازار بە دەست ئەوە کێشاوە، لەسەر کارەکەشم!".
"_بەڵێ دەتوانم مەزندەی ئەوە بکەم، بەروونی، دەبینی ئەو گارسۆن چون فەرامۆشمان دەکات، ئەوەش بێگومان حەسوودییە..."
رووم تێدەکات؛ بۆ ئەوەی قسەکان بگۆڕێت، باسی من بکات:
"_وادەزانم تۆش ئازارت بە دەست غیرە و حەسوودی کێشاوە؟".
"_بەڵام مەسەلەکە سەبارەت بە من جیاوازە. چونکە من لە هیچ کۆمپانیا و دەزگایەك کار ناکەم، بۆیەش، باشتر دەژیم، بێ ئەوەی کۆنتاکتم لەگەڵ خەڵك هەبێت".
لێرە چاوەکانی دەگەشێنەوە، گوتی:
"_دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم، ئەگەر هەر شتێکت لە کۆمپانیای بیز ویست، راستییەکەی، من هەفتانە تەنیا یەك رۆژ کار دەکەم!".
"_تەنیا یەك رۆژ...؟".

"_راستییەکەی، من بێکارم، ڕۆژانە تەنیا یەك ڕۆژ کار دەکەم، لێرە لەو کۆمپانیایە! ناڵێم غیرە و حەسوودی! زووتر لە لقی کۆمپانیاکە لە ئیکسل کارم دەکردوە، بەڵام؛ پاش چەندان کێشە، لە ئیشەکە نەمام، وا لێرە ئیشێکی ترم دەستکەوتووە. پێش مانگێك، بەڵام؛ هەفتانە یەك ڕۆژ... تۆ شووت کردووە؟".

"_من بێوەژنم... "

چاوەکانی دەگەشێنەوە! بە دەنگێکی کزەوە دەڵێت:

"_بێوەژن و گەنج... لە لویز دەژیت... شتێکی مەزنە!".

...

لەودەمانە تێدەگەم ئەو گەنجە چی لە من دەوێت. بەوە هەڵدەخەڵەتێت کە من ژنێکی دەوڵەمەندم، ئیتر لێرەوە گەمەکە دەست پێ دەکات. من گوریسەکەم دایە دەستی؛ بۆ ئەوەی رایکێشێت، تا دەگاتە خاڵێك، ئینجا لە دەستی دەستێنمەوە. ئەو نازم دەکێشێت، لەدوام ڕادەکات، لێم دەپاڕێتەوە، کۆششم لەگەڵ دەکات. منیش؛ لەلایەن خۆمەوە، پێی ناڵێم نەخێر.

سەرەتا، دەڵێم بەڵێ! کۆتاییەکەی دەڵێم نەخێر.

دوا چرکە ئەو وشەیە لە من دەبیستێت، دەڵێم نەخێر! لەودەمەی تێدەگەم، وشەکەم کاردانەوەی خۆی دەبێت، کاردانەوەیەکی حەقیقی، توند لەسەر کەسایەتی ئەو!

گەمەکەم لەگەڵ ئەو پێ باش بوو، دەمویست تا کۆتاییەکەی لەگەڵی بڕۆم، باش گوێم بۆی شل کردبوو، حەزم دەکرد وا پەرۆش ببینم، رابکات، پرۆای بە خۆی هەبێت، لەدوا چرکەدا، وێنە راستەقینەکە دەبینم، ماندوو، شکاو و شەکەت، ئایا لەگەڵ ئەو کابرایە توند بووم؟ ئایا ئەو کێشە داراییەکانی کردبووە بیانوو؛ تا قەشمەری پێ بکەم؟!

بەڵێ، بەزەییم پێی دەهاتەوە. من گاڵتەم بەو کەسە دەکرد، مەبەستی هەڵخەڵەتاندنی من بوو، کەسێك دەیەوێ بە خۆشەویستی دەستخەرۆم بدات، بەڵام _راستییەکەی_ ئەو ژیانێکی ئاسانی دەویست، دەیویست بێکار بمینێتەوە، کۆششی دەکرد؛ لەگەڵ من بژیت، لە شوقەکەم، پارەی لێ سەرف بکەم، ئەویش _ماوە ماوە_ لەگەڵ ئەوەی خۆشیدەوێت خیانەتی لێ بکات، لەگەڵ ئەو ژنە، یان یەکێکی تریش!

ئەو بابەتە کەمێك ئاسوودەیی پێ دەبەخشیم، ماوەیەکی زۆر بوو لە خۆشەویستی و بایەخدان بێبەری بووم، کۆششم دەکرد؛ خەڵك منیان خۆشبوێت، ماوەیەك زۆر لە تاریکی

ژیابووم... گلەییم لێ مەکە، ماوەیەکی زۆر ژیام، کەس نەیدەزانی من کێم، هەموو جەستەم داپۆشرابوو، هەموو جەستەم لەژێر پەردەیەکی چڕدا بوو، کەس هیچی لێی نەدەزانی، خۆشم نەمدەزانی، ئاوێنەیەکم نەبوو وەك ئاوێنەکەی لێرە بینیم؛ تا تەواوی جەستەی خۆمی تێدا ببینم. هیچ رۆژێك جەستەی خۆم نەدیبوو... نەمدەزانی ئەوەندە جوان و باریکە جەستەم، پێستێکم هەیە پیاوان خۆشیان دەوێت.

******

بەڵام رۆژێکیان تۆ دەدۆزمەوە، هەموو شتەکان لێرەوە گوزەر دەکات، بە پەلە و بە چاوتروکانێك. گوێ لە دەنگی تۆ دەگرم، دەنگێکی ناسك، ئارام؛ رۆژێکی جوان بوو، لە ژیانی من. رووی خۆم لە رووی تۆ نزیك کردەوە. گوێم لە وشەکانت رادەگرت، لە لێوەکانت، کە دەجولان. لەودەمانەش دەستت دەگەیشتە گەردەنم؛ تا پەنجەکانت لەناو قژم گەمە بکەن، دەستەکانت دەگەیشتنە سەر لێوەکانیشم، لە لووت و دوو چاو و نێوچەوانیشم نزیك دەبونەوە، دووبارە ون دەبنەوە، بەڵام لەناو قژم.

"هەست بە دەستەکانم دەکەیت؟" بە منت گوت، چاوەکانت سەیری منیان دەکرد؛ بۆ کاردانەوەی هەر شتێکی نوێ.

گوێت هێنابووە لای دەمم، هەستت لە خشەی دەنگی من راگرتبوو. دەمت کراوە بوو، چاوەکانت گەش و زەق، تا لە دەمم وشەیەك بێتە دەرەوە.

دەمەوێ پەردەکە دادەمەوە... پەردەی پەنجەرەکە...

بە پەلە لە شوێنەکەی خۆت رادەپەڕیت، چاوەکانت بۆ چێژ دەتروسکێنن، کە گەڕایتەوە هەموو جەستەی خۆت، بە من بەخشی.

******

# هەشتەم

کە سۆفی فۆکس دەخاتە سەر وێنەی کەسەکەی لەناو فیلمە دۆکومێنتەکەی شەڕی ناوخۆی لوبنانی، درك بەوە دەکات، کابرا باوکی ئادریانە. بەڵام بە هیچ شێوەیەك شوێنەواری رق و کینە لە ئاکاری کابرا نابینێت. لەجیاتی ئەوە پەشیمانی و فرمێسکی تەڕی لێ دەبینێت.

پیاوەکە خۆیەتی، هەرگیز چاوەکانی هەڵە ناکەن، هەمان ئاکارە، کەسەکە تەواوە، هەمان کەسە کە وێنەکەی لەناو جزدانەکەی ئادریاندا دانراوە:

دوو چاوی رەش، قژ رەش، باڵا ناوەندی، لە ئاکاری، چەند وردە خاڵی پەخشان، لەسەر هەردوو روومەتی دیارە. چاویلکەی پزیشکی لە چاو دایە، بەڵام هیچ نیشانەیەکی ناوازەش بەدی ناکات، لە کەسانی تری جیابکاتەوە، بەناو شەقامەکانا دەڕوات، هەر ئەوەندەی پێوە دیارە، کە چەند وردە خاڵ و دوو کوترانی پێوەیە: یەکەمیان خاچێك لەسەر باسکی راستی، ناوی خوشکەکەی، ئایلین، لەسەر باسکی چەپی.

سۆفی لەکاتی سەیرکردنی فیلمە بەڵگەنامەییەکەی شەڕی ناوخۆی لوبنان، لە پەیقی کابرا، لە رقێك دەگەرا، ماوەی سی ساڵ هاوشانی بوویێت، نەبوو و هیچ نادۆزێتەوە.

باوکی ئادریان بەشداری کۆمەڵکوژییەکەی رۆژانی شەڕی ناوخۆی کردبوو، بۆ تۆڵەکردنەوەی ئایلینی خوشکی. ساتی تۆڵەسەندنەوەکەی بەبیردێنێتەوە، بۆ ئەوە کۆشش دەکات، بۆیەش لە گێژاوەکە دەربازی نایێت. بە نەفرەتێکی بەردەوامی زانیوە. چونکە، خوێن بەرەو خوێنی بردووە. لەودەمانەی گابریل تەرمی خوشکەکەی لەناو چەرچەفەکە لوول دەدات، دەزانی لەو نەفرەتییە دەربازی نایێت، نەك لە تۆڵەکردنەوە شادمانییەکەی، چاوەڕوانی دەکات، بەڵکو لە خەم و تارمایی و خەمۆکی قووڵەکەی، بەردەوام هاوشانی بووە.

بەڵام ئادریان، زۆر بیر لە تۆڵەکردنەوەی باوکی دەکاتەوە، کە بیرۆکەی تۆڵەکردنەوە لەلای ئەو جۆرە کەسە، بووە بە سۆزێکی قووڵ. بەڵام سۆزەکانی هەڵدەگەڕێنەوە، دەرئەنجام دەکەوێتە ناو خۆشەویستی قوربانییەکانی باوکی. بۆیە ئەو لەو کیژە دەگەڕێت، کیژەکەی، رۆژی کۆمەڵکوژییەکە لەبن دەستی باوکی بۆ کوشتن دەربازی بووە، بەدوای دەکەوێت، هۆشی داگیر دەکات، ویستی پەریشانی دەکات، بۆ ئەوەی بیدۆزێتەوە و هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات.

سۆفی نازانێت هەڵسوکەوتی ئادریان لەو جۆرە بیرکردنەوەیە، یان لەو جۆرە پاکبوونەوەیە، یان ئەوەی دوایی لە نامەیەك بۆ دایکی ناوی ناوە "کۆتایی گەمەکردن بە خوێن" ، دەیەوێ کۆتایی بەو چیرۆکە بە تارمایی و دیوەزمەیە بێنێت، بە هاوسەرگیری لەگەڵ کچەکە بیبڕێنێتەوە، ئەو کیژەی لەناو فیملە دۆکومێنتارییە ئەڵمانییەکەی، لەسەر تاوانەکانی شەڕی ناوخۆی لوبنانی سازکرابوو، قسە دەکات.

بکوژەکە دان بەوە دادەنێت، کە تاوانێکی ئەنجام داوە، کیژە قوربانییەکەش؛ قسە دەکات، باسی رۆژەکە دەگێڕێتەوە. کیژەکە، ئەوەی باوکی بۆ کوشتنی بەدوایدا دەگەڕێت، شەوانەش خەونی پێوە دەبینێت، هەروەها لە بیرەوەرییەکانی خۆی، ئادریان نووسیویەتی، کیژەکەی لە خەون دیوە، بەدلەیەکی بووکینی لەبەردا بووە، بۆیە دەچێتە لوبنان، لەوێ لێی دەگەڕێت و دەیەوێ بیدۆزێتەوە.

ئادریان لە بەیروت لە کیژەکە دەگەڕێت و دەیدۆزێتەوە، پەیوەندی پێوە دەکات، بێ ئەوەی بە کیژەکە بڵێت من کوڕی ئەو پیاوەم، کە ویستوویەتی بتکوژێت، کە تارماییەکەی ئێستاش بەردەوام راوی دەنێت، پێی ناڵێت تا خۆشیویستووە، هاوسەرگیری لەگەڵ کردووە. دوایی؛ هەموو بەڵگەکانی باوکی لە وێنە و رۆژنامە و پاشماوەکانی دەگەڕێت و کۆیاندەکاتەوە، لە بروکسل لە شوقەکەی هەڵیاندەگرێت؛ تا ژنەکەی کە لە شەوە شوومەکەدا ژیانی تاڵ بووە، لەو تارماییە دوور بکەوێتەوە و ئاسوودە بێت.

******

هەر چەندە سۆفی، لەناو بەڵگەنامە و نامەکانی ئادریان لەگەڵ دایکی قووڵ دەبێتەوە، تێدەکات، رۆژە سەرەتاکانی ئەو هاوسەرگیرییە ئاسوودە بووە، ژنەکە زۆرتر زمانەکە فێر بووە،

لەســـەر كورســـییەك بەرامبـــەر ئاگردانەكـــە دانیشـــتووە و مێردەكەشــی، گــوێی لــە موزیــك گرتــووە و جگــەرەی كێشــاوە، بەختیاریش، وەك ڕۆبەكەی بەری لوولیداوە، كیژەكە بیـرەوەری و دیوەزمەكانی زەمانە كۆنەكەی سڕیوەتەوە، شـەوە شـوومەكەی ژیانی خۆی و باوكی دەشێوێنێت و دەیكات بە دۆزەخ. كیژەكە لە بیرەوەرییەكانی _یان ویسـتوویەتی_ چیرۆكـە كۆنـە ترسـناكەكە بسڕێتەوە. ئەو هاوژینییە هیوا و موژدەی بۆ دەگێڕێتەوە، دەیەوێ بە سۆز و جوانییەكانی دایبپۆشێت، زۆرترین پارەشـی بۆ كـڕین و خۆشییەكانی بۆ دابین دەكات.

نەیدەزانی توندوتیژییەكان هێشتا تەواو نـەبووە. ئـەو چیرۆكـە شــوومە وا بــە ئاســانی وەك ئــەو مەزنــدەی دەكــرد، كۆتــایی نەهاتبوو.

ژنەكە كیژێكی بە ناوی سالی دەبێـت، سـاڵەكانی یەكـەمی ژیــانی ئاســایی بــووە، یــان نیمچــە ئاســایی بــوو، بــەڵام؛ كــە كیژەكەیان گەورە دەبێت، دەگاتە، ئەو تەمەنەی، تەمەنی دایكی لە ڕۆژەكـەی خێزانەكـەی دەكوژرێـت، بـە چـاوی خـۆی بكوژەكـە دەبینێت، هەست بە هوڕێنەی ترسێكی سـەیر دەكات.

ڕۆژانەی ژنەكـە دەگۆڕێـت. سـەرەتا، ئادریـان ناتوانێـت ئاكـار و هێماكانی دەموچاوی بخوێنێتەوە، بەڵام دوایی درك بەوە دەكات تارماییەكە لە ژنەكەی بە یەكجاری نەڕەویتـەوە، لـە ژیـانی هـەر مـاوە؛ لەگـەڵ ئـەوەش ژنەكـە بیـر دەكاتـەوە تارماییەكـە، ڕاوی كیژەكەشی دەنێت؛ دەیەوێ بیكوژێت.

ئایا دەیزانی تارماییەكە باوكی ئادریانە، باوكی مێردەكەیەتی، ئەوەی چەند ساڵێك پێشتر خۆی كوشتووە، ئێستاش كیژەكـەی لـەناو مـاڵی بـاپیری ئاسـوودە دەژیـت؟ سـەرەتا... ئایـا ئادریـان ڕاستییەكەی لا دركاندوە؟

سۆفی وردەكارییەكانی ئەوە بەڕاستی نازانێت، بەڵگەیـەكی نییە، تا بزانێت بابەتەكـە بـە وردەكارییـەوە دەزانێـت، یـان ژنەكـە لەناو گومان و ڕاماندا بووە و هەر ئەوەندەی زانیوە...

بەڵام بەپێی بەڵگەنامە و دەستنووسـەكانی لەناو شوقەكەی ئادریــان، كــە ئێســتا لــەبن دەســتیەتی ئەوەیــە، تاكــە بــواری گونجــاوی ئەودەمانــە بــۆ ئادریــان ئــەوە بــووە، لــە تارمــایی و دیوەزمـەكانی دەربـازی ببێـت، دووركەوتنـەوە لـە ماڵەكـەی، لـە دایكی، لە ژنەكەی، لە كیژەكەی، نەنووستن لێرە، لە بروكسل، لـــەو شـــوقەیەی هـــەموو بیرەوەرییـــەكانی بـــاوكی تێـــدا

حەپسکردووە، دواییش؛ پەیوەندییەکی سۆزداری لەگەڵ سۆفی دەبەستێت.
ئادریان لە ماڵەکەی رایکردووە، هاتووتە ئێرە و ناو ئەو شوقەیە، بۆ ئەوەی تارمایی بکوژەکە بێدەنگ بکات.

******

شەوەکەی سۆفی نەیتوانیبوو بخەوێت. هەندێجاریش خەوی لێ کەوتووە، بەڵام چاوەکانی هەر زەق بوون.
وێنەکانی ناو ئەلبومەکانی هەڵدەداتەوە، سەیری بەڵگەنامەکانیش دەکات، بیرەوەرییەکانی ئادریان نووسیویەتی، وێنەکانی ئەویش هەڵدەداتەوە. وێنە کۆنەکانی باوکی لە سەردەمی شەڕی ناوخۆ، وێنەکانی بنەماڵەکەیان لە بەیروت، سەفەرەکەیان بۆ ئۆسلۆ، وێنەکانیان لە ستۆکهۆلم، هەموویان بەوردی سەیر دەکات.
دوایی سەیری وێنەکانی ئاهەنگی هاوسەرگیری، مارەبڕینی ئادریان لە کڵێساکە، میوانەکان، وێنەی ئادریان بە گەنجی و بە قژی زەردەوە دەکات. وێنەکەی بە گەردەنێکی کورتەوە، ژنە ئەسمەرە، لاوازەکەی، قژە رەشە چڕە زۆرەکەی. وێنەیەك دەبینێت ئادریان لەسەر کورسییەك دانیشتووە و کتێبێك دەخوێنێتەوە. ژنە ئەسمەرەکەی لە تەنیشتی دانیشتووە. دایکی نزیك پیانووە رەشەکەیە، پەنجەکانی لەسەر تابلۆی کلیلە عاجییەکانە.

******

سۆفی سەیری پەنجەرەکە دەکات. بێ ئەوەی ئاگای لە کات و سەعاتیش بێت، لەسەر خوێندنەوەی شتەکان بەردەوام دەبێت.
بیردەکاتەوە: رەنگە لەبەر ئەوە هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو کیژە کردووە؛ تا لە تارماییەکەی بەردەوام راوی باوکی ناوە، دەرباز بێت.
لە شوێنەکەی خۆی هەڵدەستێتەوە. بەردەوام دەبێت لەسەر خوێندنەوەکە. هەندێك لە زانیارییەکانی لە بیر دەچێتەوە. دەگەڕێتەوە سەرەتاکە، پەنجەکانی بە چەند لاپەڕەیەکەوە دەمێنێتەوە. لەوە دەگەڕا شتێك بۆ ئاسوودەیی بدۆزێتەوە. گێژاوێك سەری تەنیوەتەوە. جۆرەها دەنگ لەناو مێشکی دەبیستێت. سەری لار دەکاتەوە، هەست دەکات ماندوو بووە. وادەزانێت بوراوەتەوە، پاش ئەوە، لەناکاو هەموو

شتەکان ئاسایی دەبنەوە، بەڵام زۆر لەسەرخۆ. پەنجەکانی لەسەر دێرەکان هەڵدەقۆزنەوە، شتەکان بێ ڕیزبەندی دەخوێنێتەوە، بێ ڕاوەستان، دەگەڕێتەوە دواوە، بیر دەکاتەوە، هەڵدەچێت.

******

هیچی تر چاوەکانی نابینێت، وەك ئەوەی بکەوێتە ناو سەندووقی حیکایەتەکە.

لەناو ماڵەکە هاتوچۆ دەکات، گوێ لە دەنگی پیاوەکەی لەناو فیلمەکە دەگرێت، نەك بە گوێیەکانی، بەڵکو، بە تەواوی جەستەی. موچڕکێك بەسەر پێستی دا دەڕوات، تا دەگاتە دەمارەکانی ژان دەیگرێت، دەگاتە ناو ئێسقانەکانیشی.

******

بەیانییەکەی سۆفی لە ماڵەکەی ئادریان دەچێتە دەرەوە. ئەوەش دوا شەوە لەو شوقەیە بخەوێت. بەڕێگادا دەڕوات. لە جانتاکەی هەست بە بوونی کلیلەکان دەکات. خەیاڵ بوو، ئۆتۆمبێلێکی خێرا بەتەنیشتیدا دەڕوات. پێیەکانی لەسەر پایەی شۆستەکە بوو، لە دواوەی دوو ئۆتۆمبێلی سپی ون دەبێت. زۆرترین خەڵك دەبینێت، دەچنە ناو کافتریاکە. ژن و مێردێك لەبەردەم تاکسییەکە گفتوگۆ دەکەن. پیاوێك لەگەڵ هاوژینەکەی باسی ئاهەنگەکەی دوێنێ شەویان دەکەن. ژنێك بەتەنیشتیدا دەڕوات، بە نیگایەکی بەپەلە سەیری دەکات. هەموو چاودێرێك دەتوانێت هەست بە گۆڕانکاری نائاسایی لە ئاکاری سۆفی بکات.

خۆر لە ئاسۆ نزیك دەبووەوە، کەشەکەش ڕووناك بوو، ئەگەرچی قەبارەی ڕووناکییەکە لە نیوەڕۆکە دەگۆڕێت. سۆفی ڕۆیشتنەکەی خێراتر دەکات، ئەگەر بەراوردێك لەگەڵ ڕۆیشتنی ئاسایی جارانی بکەیت. دیارە لە ڕەوشێکی دەروونی نیگەراندا بوو، ئەوەش ئاساییە بۆ هەموو کەسێك لە ڕووداوێکی مەزن نزیك ببێتەوە. دەوەستێت و مردنی دایکی بەبیردێتەوە، لەودەمانەی سەیری تابوتەکەی دەکرد، کە لەناو چاڵەکەی هەموو چڵپاو بوو دایدەگرنە خوارەوە. بەدرێژایی شەقامەکەی واترلۆ دەڕوات، بە نیگایەکی خێراش چاوی لە ڕووبەندی بوتیکەکان دەگێڕا:

پانتۆڵی پێستی ڕەش، پانتۆڵی هێڵدار، فستانی ستریژی سوور، کورسیە، جینزی تەسك، بلوزی هاوینە، قەمیسی

ئاوریشم، قایشی پشت، پێڵاو، جانتا، مۆدیلەکانی پولو، کالڤن کلین، ئیڤ سان لورون، نوتیکا، قەمیسی سپی لورا ئاشلی، جلی یارییەکانی سپۆرت.

سۆفی پانتۆڵێکی جینزی رەش، قەمیسێکی سوور و بێریەکی جوانی لەبەردا بوو، وێنەی خۆی لە ئاوێنە و شووشەبەندی بوتیکەکانی لەبەردەمیان رەتدەبوو دەبینی، هەندێ جار لە وێنەکەی خۆی دەترسا، هەست دەکات کەمێك سکی هەڵساوە، وادەزانێت کەمێك قەڵەوتر بووە، چاوەکانی ماندوو، لەبەر خۆی دەڵێت:

"وەك ئەوەی خۆم نەبم، وێنەکانی من نەبێت، یەکێکی تر بێت".

لەناو رەنگە بە جۆشەکان لە خۆی دەگەڕا، لەناو قوماشە بە بریقەکان، لەبەر رووناکی تابلۆکان چاو لە خۆی دەگێڕێت.

دەگاتە کڵێساکە، چەندان کەس، لەودەمانە لەناو گۆڕستانی کڵێساکە کەسانی نامۆ دەبینێت. وەك ئەوەی چاویان لەو پڕیبێت. لەبەر خۆیەوە دەڵێت ئێستا ئەوانە دەڵێن ئەو ژنە نامۆیە لێرە چ دەکات؟! هەمان هەستی هەبوو کە یەکەم جار ئادریان دەبینێت. تەنیا یەك شتی لەناو مێشکی دایە. دەیبینێت و گوێی لە دەنگی دەبێت. هەست دەکات ژنە نیمچە رووخاوەکەی هاوسۆز و هاوبیری ئەوە.

******

وەك هەموو رۆژەکان کە دەچێتە نەخۆشخانەکە، دەبینێت ژنەکەی لە ژوورەکە دەچێتە دەرەوە، روو لووسە بەبریقەکەی، بەدوو چاوی بادامی زۆر رەش و قژە درێژەکەی کردبووە یەك کەزی ئەستوور وەك باسك. هەست دەکات، کە لە بەرامبەری وەستاوە، وەك ئەوەیە لەنزیکی دانیشتبێت، سەیری چاوەکانی بکات، لەناو نیگاکانی خاوبێتەوە.

دەلەرزێت، پێیەکانی تێکدەئاڵێن. توند خۆی بە دیوارەکە دەگرێتەوە. نازانێت ئەوەی دەیبینێت راستییە؟ یان خەیاڵە؟ ئیمڕۆ بڕوای بە هۆشیاری خۆی نەمابوو. هەست دەکات شتێکی نامۆ دەبینێت، هەرگیز کەسی تر ئەوەی بەسەر نایەت.

دەچێتە تواڵێت، لە ئاوێنەکە سەیری دەموچاوی خۆی دەکات. لەسەر ئاکاری لۆچی پیرەژنانە دەبینێت، هەست دەکات بەو دوو رۆژە بە قەد تەمەنی خۆی گەورەتر بووە، لەگەڵ ئەوەش سوورە

لەسەر ئەوەی لە ئادریان بچێتە ژوورەوە؛ قسەی لەگەڵ بکات، بۆ دواجار بیدوێنێت و لێی دوور بکەوێتەوە.

******

# ٢٨ی یولی

کـە سـەیری کارتەکـەی کیژەکـەی بـۆی نـاردبوو، دەکـەم، رووبەڕووی دوو رامانی جیاواز دەبێت، شادمان، چونکە تێدەگـەم هۆکارەکانی خەم و کەساسییەکانت چییە. بەڵام؛ خەمباریشم، چونکە هەست دەکەم، تۆ دەگەڕێیتەوە، بۆ ئەو شوێنەی لێـوەی هاتوویت، منیش ونت دەکەم. دەزانم ژووانمان لەو شـوێنە یـەك دەگرێتەوە، دەگەڕێتەوە؛ بۆ ئەوەی دووبارە جیاببینەوە.

بـەڵام ئـەوەی بەڕاسـتی منـی سەرسـام کردبـوو، کـە تـۆم بینـی... تـۆ راچڵـەکیت. سـەیری خـوارەوەت کـرد، لـە شـتێك دەگەڕایت، رەنگە بیرت لەوە کردبێتـەوە پەیڤـەکان سـاز بکـەیت، هەستم کرد، دەتەوێ ئازایەتی بدەیتـە بـەر خـۆت بـۆ دەربڕینـی رازەکـە. بێـدەنگ دەبیـت؛ چونکـە ناتوانیـت شـتێك بەرجەسـتە بکەیت بۆ پەیڤین. دەستەواژەی گونجاو نادۆزیتەوە؛ بۆ دەربـڕین. بەڵام هەست بە شتێك دەکەم، لەناو رۆحت، هەستدەکەم، تـۆ ناتوانیت هیچ شتێك بۆ من بەردەست بکەیت.

هەست دەکەم، بەخێرایی، رەنگە هەموو شتێك، پڕوات، یـان بسـڕێتەوە. لـە نیگـای چاوەکانتـەوە دەمزانـی تـۆ شـتێکم لـێ دەشاریتەوە. نەمدەزانی هۆکاری خەم و بێدەنگییەکەت چییە. بۆ لەوەیان پەلە نەکەم، بۆ ئێستا ئەوە نەزانم؟! باوکت چەکدارێکی ناو میلیشیا کریستیانەکان بووە.

بـۆ هەڵتخەڵەتانـدم، هاوڕێیەکـەم بـۆ؛ چونکـە بـاوکی منـیش چەکدارێکی ناو میلیشیا موسلمانەکان بووە.

دەکرا ئێمە هەردووکمان لـە ریزەکـانی پێشـەوەی بـەرەکانی شەڕی نێوان میلیشیاکان بین. تۆ من بکوژیت، منیش تۆ بکوژم.

زۆر چـاوەڕوان بـووم، کـە سـەیری ئاکـاری تـۆم دەکـرد، لـە وەڵامێك دەگـەڕام. هـیچ زانیارییـەکم لەسـەر ئـەو بابەتـە نـەبوو. ماوەیـەك لەبـەردەمت بێـدەنگ دەبـم، وڕەم بـەرز دەکەمـەوە. بەدڵنیاییەوە بـۆت دەگەڕێمـەوە و پێـت دەڵـێم مـن زەمینەیـەکی نامۆم بۆ تـۆ، لـە خـاکێکی نـەفرەتم، لەسـەر خاکێکـەوە هـاتووم

قەدەر توندوتیژی و مردن و خەمەکانی بۆ پڕیوەتەوە. کەواتە؛ هەردووکمان ئاومان لەیەك بیر خواردوتەوە.
وادەزانم تۆ لە بابەتەکە تێدەگەیت، وایە یان نا؟
ماوەیەك بێدەنگ دەبێت؛ تا ورەت بەرز دەبێتەوە، دووبارە بەدڵنیاییەوە:
خودا دەستی لە ئێمە بەرداوە. ئێمە بەڕێکەوت لە ژیاندا ماوین و دەژین. تۆ وەك منداڵێکی بچووك لەبەردەمم ئاوی دەمت قووتدەدایەوە، کە لەبەردەم دایکی لاسارییەکی کردبێت. بێ ئەوەی، بە هیچ شتێك، وەڵامم بدەیتەوە بێدەنگ دەبیت. هەستم بە خەمەکانی تۆ دەکرد، بێ ئەوەی هیچی لێ بزانم. بە ریتمێکی خاو قسەت لەگەڵ دەکردم، تۆ بە منت دەگوت:
"_دەکرا شتەکان جیاواز بن، یان".
"_یان چی، هاوڕێیەکەم"؟.
سۆفی بەنەرمی دەستی بەناو قژی دادەهێنا، بێدەنگ دەبێت.
بە چ رێکەوتێك، لەو شوێنە من و تۆ کۆدەبینەوە. دەبینم هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشیت. وەك ئەوەی بتەوێ شتێك بڵێیت. هەستم بە هەڵپچڕانی ناوەوەت دەکەم، بە ریتمی دەنگت. بەدڵنیاییەوە، دەڵێم، هەستم بە ناوەوەی تۆ دەکرد، بەڵام وامدەزانی تۆ لە من جیاوازتری. تۆ لە هەمووان جیاوازتری، نەمدەتوانی بەرگەی دیمەنەکانی تۆ بگرم. وێنەکەت بەرامبەرمە، ئەودەمانەی دەتەوێ باسی باوکت بکەیت، ئینجا دەستت دەلەرزین. لە ناوەوەی خۆمەوە دەمزانی تۆش چیرۆکێکت پێیە، بەڵام؛ نەدەکرا بەرگە بگرم.
هەستم بەوە دەکرد، لە ناوەوەت شتێك هەیە، جۆرێك لە جولانی ویژدان.
دوودڵ، هەڵچوو، لەناو ژوورەکە هاتوچۆ دەکات. بە تۆم گوت قسە بکە:
"_تۆ هاوسەرت هەیە؟".
"_بەڵێ هاوسەرم هەیە".
"_منداڵت هەیە؟".
"_کیژێکم هەیە".
"_تەمەنی چەندە؟".
"_حەوت ساڵە".
"_بۆ هەرگیز باسی ئەوانە ناکەیت؟".

"....."_

هاوڕێیەکەم دەنگت نەما، ناتوانیت دەمت بکەیتەوە، رووت وەردەگێریت، بەرەو شوێنێکی تر، دەتەوێ ئاکاری دەموچاوت بشاریتەوە، دەتەوێ چاوەکانت دابخەیت؛ تا من نەبینیت.

"_باشە، گوتم تۆم بەتەنیا بۆ خۆم دەوێت".

"_مەسەلەکە وا ئاسان نییە".

"_مەبەستت چییە".

"_شتی زۆر هەیە... ناکرێ ئاشکرا بکرێن..."

"_وەکو چی؟".

"_ناتوانم باسیان بکەم".

"_نامەوێ بیانزانم".

"_ناتوانم باسیان بکەم".

"_ناتوانی قسە بکەیت؟".

هاوڕێیەکەم، قسە بکە، دەمەوێ گوێم لە تۆ بێت. پەیڤی خۆت بڵێ! دەقیژێنم. تۆش مات و بێدەنگ.

"_باوکم..."

"_چییەتی؟".

بێدەنگ، دەستەکانت دەلەرزین.

"_هاوژینەکەم؟".

_ "چییەتی؟".

قیژاندم: قسە بکە. بەڵام ناتوانیت هیچ بڵێیت. وەك ئەوەی تۆ لە شتێك بگەڕێیت، نەتوانیت دەستەبەری بکەیت. ناتوانیت لەگەڵ من ئاسوودەییەکەت فەراهەم بکەیت. ناتوانیت بگەڕێیتەوە ناو ئارامییەکەی جارانت. قیژاندم... تۆش قسە ناکەیت.

******

پاش ئەوەی سۆفی ئیمڕۆ سەردانی ئادریان دەکات، هەست دەکات گۆڕانێك بەسەر تەندروستی داهاتووە. کەمامە ئۆکسجینەکەی سەر لووتی نەمابوو. چەندان پلاستەر و شاشی لێ کرابووەوە، بەڵام ئاوەکەی کە لە سەرووی قەرەوێڵەکەی بەسترابوو، مابوو، نەرم نەرم بەرەو رووی دەچێت. وەك جاران لە شوێنی خۆی و بەرامبەری دادەنیشێت.

شوێنەواری سەردانی کەسێك بۆ ئەو مابوو، لەناو قاپەکەی سەر کۆمدینۆکە پارچە بنیشتێکی لەناودا بوو.

لە خۆی دەپرسێت:

"دەبێ ئەوەی سەردانی کردووە، ژنەکەی بێت؟ ئەوەی بینی خۆیەتی؟ ... نازانێت".

******

کە دەزانم تۆ به رەگەز نیوە لوبنانی، هەستم بەوە کردبوو نیوەی هۆشم دەڕوات. سەرم دەسووڕێت. بەڵام تۆش؛ بێدەنگ، وەك جاری جاران، مات لەبەردەمم دەوەستیت.

کە دەزانم باوکت بە خۆکوشتن مردووە، لە رۆژی لەدایکبوونی تۆ خۆی کوشتووە، هەست بە هەمان سەرسووڕان دەکەمەوە. تۆش وەك جاری جاران، مات لەبەردەمم دەوەستیت.

کە دەزانم بنەماڵەکەی باوکت، دەرئەنجامی کۆمەڵکوژییەك، لە بەیروت لەناوچوون، هەست بە سەرسووڕان دەکەم، بەتایبەتی خوشکەکەی باوکت ئایلین.

دواییش دەزانم باوکت، لە شەڕی ناوخۆی لوبنانی بەشدار دەبێت، دەیەوێ تۆڵەی خوشکەکەی بکاتەوە، سەرم دەسووڕێت.

کە دەزانم کیژەکەی باوکت نایدۆزێتەوە بیکوژێت، دەبێتە تارماییەك، شەو و رۆژ راوی دەنێت، دیسان هەست بە سەر سووڕان دەکەم.

دوایی دەزانم تۆ دەچیت لەدوای ئەو تارماییە دەگەڕێیت؛ تا هاوسەرگیری لەگەڵدا بکەیت.

لێم پرسی، تۆ به بێدەنگی و ماتبوون وەڵامت دامەوە.

بۆ له بەردەمم بێدەنگ دەبیت؟

هەموومان هاوسەرگیریمان لەگەڵ تارماییەکان کردووە، هاوڕێیەکەم، ئێمە نەتەوەی تارماییەکانین.

هاوڕێیەکەم، دەزانم، ئاسان نەبوو بۆم دان بەوانە دابنێیت، چیت کردووە. بەڵام ئازا بوویت، کە رووبەڕووی تارماییەکەت دەبیتەوە. بەلام من؛ تا ئێستاش لەبەر تارماییەکانم رادەکەم، هەستدەکەم بەدرێژایی ژیانم راونراوم، ئەو راوم دەنێت.

ئێمه دەربازمان نابێت.

بۆ بێدەنگی، هاوڕێیەکەم، من هەموو شتەکانم زانی.

هاوڕێیەکەم، قسەیەك بکە، دەمت بکەوە، ببوژێوە.

زۆر مەخەوە، من، چاوەڕوانت دەکەم.

من لە تۆم، ئەی تاکی عەرەب. منت بە ئاکار و قژەزەردەکەت هەڵخەڵەتاند، به رەنگی چاوەکانت.

هەموو شتێکم لەسەر تۆ زانی.
هەروەها ئەوەش دەزانم تـۆ لـە منـی، لـە گۆشــت و خـوێنی منی.
بەڵێ، لە ژاوەژاوی ناختەوە لەوە تێگەیشتم، لەو ساتە زانیم، دەزانم ئەوەش بە هاژەی شاراوەی قووڵایی ناخم دەچێت.
ئیمــڕۆ دەزانــم هــەردووکمان لــە خــاکی بــەردە رەشــەکە لــەدایکبووین. لــە بیابــانی پێغمبــەرەکانی لــەوێش شــاربەدەر کرابوون، هاتووین. لەو حەشاماتە لەدایکبووین، وەك مێرووله لـە شــارەکان دەرکــەوتووین. لــە هەڤاڵبەنـدی عەشــیرەتەکان بــۆ کوشتنی لادەرەکان، لە ماڵە شووشـەییەکانمان لـە شـەڕەکانی بـەرد، لـە یـەك نەتـەوە هـاتووین، ئـەوەی یەکـدەگرن، ئەوانـەی جیادەبنەوە.
ئێمە لە خولانەوەی حەشاماتەکە لە چواردەورەی خۆیـان. لـە چەکی میلیشیاکان، لـەو چەکانـەی وەك بـەرد لـە هەڵـدێرەکان غلۆردەبنــەوە. لــە قرچــەقرچی وشــکی ئێســقانی خامۆشــی باپیرانمان، لە چـاڵایی گۆڕسـتانێك، لـە شـارەکانی پەڕەسـێلکە وێرانی کردبوو، لەو نەتەوەی ئێمـەی پەیـداکرد و رووتیکردینـەوە. ئێمەی دۆزیەوە و دوایی هەڵیخەڵەتاندین.
من فاتیمە عەرەبییەم... هاوڕێیەکەم، من سۆفی نیم کە بەو ناوە منت ناسـی، من _راستییەکەی_ هیچ نیم، من عەدەمم...
تـۆ نیقابەکـەی منـت نەناسـی... رەشـی منـت نەناسـی، جەسـتە شـاراوەکەی ژێـر چەنـدان تۆپـە قوماشـی ئەسـتوور... ئاکاری منت لەناو باڕەکان نەناسـی، جەسـتەکەی مـن ئـەوەی لــەژێر چەنــدان پیــاوان راکشــاوە، دەنگــی منــت نەناســی، زمانەکەم... هەناسەدان و هەناسەوەرگرتنەوەکەم...
من جەستەیەك بووم... جەسـتەیەك، زۆر پیـاو چێـژی خۆیـان لەسـەر کردووە، بەهەشـت و دۆزەخەکانیان لەسـەر کردووە.
بـــە جەســـتەی منـــە بـــەرەو خـــودا و قەناعەتـــەکانیان پەڕیونەتــەوە... بــەرەو فەلســەفە و هوڕێنــەکانیان... بــەرەو خۆرهـەڵات و خۆرئاواکانیـان... مـن بریتـی بـووم لـە پەیکـەرێکی لمی خۆرهەڵات، یان پەیکەرێکی بەفرین و بەس، لـە خۆرئـاوا... من پەیکەرم، بێ ئاکار... من ژنێکم لەسـەر رۆخی بیابان؛ بێهودە قسە لەگەڵ ئەو جیهانە دەکەین...
لەپشتەوەی خۆمەوە سـەیری کەلاوەکانی جیهانم کـردووە... لـە پشــتەوەی خـۆم سـەیری بـاوکم و مێردەکـەی دایکـم پـاش

تەقینەوەکە کردووە... بە دڵی ساردەوە سەیری کەلاوەکانی پشتی خۆمانم کردووە... منداڵەکان، بەسەری بڕاو... ژنەکان، بێ سینگ، بێ چاو... پیاوەکانی، بێ ئەندامانی زاووزێ... خوێنی تێکەڵاوی ناو نەعلە پلاستیکییەکان... تەنی رەش بە سەر دیوارەکانم...
ئەو جیهانەم جێهێشت و هاتمە خۆرئاوا... هاتم وەك پەنابەر... لەگەڵ ئەوانەی دەیانزانی هزرم تژییە لە خوێن دەگەمە ناو دیمەنەکە... گوتیان تۆ درەنگ هاتی، لەناو شانۆگەرییەکە شوێنت نەماوە...
لەگەڵ ئەوەش، تەنیا وەك ریتمی ناوم دەردەکەوتم، کە سەیریان دەکردم، لە بارەکانی شەقامەکان، لە هەموو شوێنەکان، سمتم پێش چاویان بۆیان بادەدا، هەموو سەیریان دەکردم بێ ئەوەی بزانن من نواندن دەکەم و بەس..
بەڵام ئیمڕۆ... وا لەبەردەمت وەستاوم، دانم بەوەداناوە، بە هەموو شتەکان. من دەربازم نابێت؛ چونکە هەزارەها تارماییم لەگەڵ دەڕوات، ئەگەر بمرم، دووبارە خودا وەك پاکیزەیەك زیندووم دەکاتەوە؛ تا تارماییە شەهیدەکان لەکاتی چرکەساتی زەماوەندە خوێناوییەکانیان گەمەم پێ بکەن...
******
دەڕۆم و لێت دووردەکەومەوە، دەزانم هاوژینەکەت، چاوەڕوانت دەکات، کیژەکەت چاوەڕوانت دەکات. وەك چۆن من تارماییم هەیە تۆش تارماییت هەیە. ناکرێ بەیەکەوە بین، چونکە هەرگیز تارماییەکانمان هاوشان نابن.
کاتی دەربازبوونمان لەو جیهانەی تێدا دەژیاین کورت بوو، بەڵام جۆرێك بوو دەربازبوون.
دەبێ بگەڕێینەوە ئەو شوێنەی لێوەی هاتووین. چارە نییە دەبێ بگەڕێینەوە هەوارە کۆنەکانمان. لە ناخەوە هەستم بەوە دەکرد، ئەو دۆخەی نێوانمان ناکرێ درێژە بکێشێت. بەختیاری، بەختیاری سەبارەت بە خۆم، بەردەوام و هەمیشەیی نابێت. نابێت، جارێکیش نابێت، لە ژیانە هەمیشەییەکەی من نابێت. دەمزانی و هەستم کردبوو، ئەوە چارەنووسی ئێمەیە و ناکرێ هەرگیز لەو قەدەرە دەربازمان بێت. دەبێ هەر بگەڕێینەوە سەردەمی جارانمان.
سەرەتا، هەستم بەو بابەتە کردبوو، ئەوەم دەزانی، بۆیە؛ بەردەوام دەترسام، چونکە باش سەرم لە بابەتەکەش

دەرنەدەچوو، ئێستا دەزانم، کەواتە؛ ئێستا کاتی جیابوونەوەیە، هاوڕێیەکەم. هەموو شتەکانی نێوانمان کۆتایی هات.

******

لەو چرکەساتەدا، سۆفی دڵۆپە فرمێسکێك، لەسەر روومەتی ئادریان دەبینێت، بەڵام ناجولێتەوە. دەلەرزێت.

ژنەکە دەستی دەلەرزێت، لێی نزیك دەبێتەوە، دڵۆپەکە دەسڕێتەوە، توند دەستی دەگرێت، ئەویش دەستی دەگرێت، بەتوندی دەیگرێت.

هەست دەکات پیاوەکە زیندووە، هەست دەکات گوێی لە پەیڤەکانی بووە.

سۆفی لەگەڵ رشتنی فرمێسکەکانی، هەست بە شادمانییەکی گەورە دەکات. هەست دەکات پیاوەکە زیندووە، دەگەڕێتەوە لای ژن و کیژەکەی، بەڵام ئەو؛ دەگەڕێتەوە ژیانە ئاساییەکەی جارانی.

دەستی بەردەدات، بە نەرمی دەست دەداتە جانتاکەی و لە ژوورەکە دەچێتە دەرەوە.

******

# نۆیەم

کاتەکە پێش نیوەڕۆ بوو و ئاسمانی بروکسل ساماڵ بوو، چەند پەلە هەورێکی سپی پەخشان لە ئاسمان دەبینرا. سۆفی دەپەڕێتەوە ئەو بەری شەقامەکە. لەسەر چیمەنە کەسکەکە خوێندکار و عاشقەکان لەژێر چەترە هەڵدراوەکان راکشابوون. ئەویش خەیاڵ بە ئاسوودەییەوە گوزەر دەکات، بەڵام ماندووش بوو. لە رێگا "بییر"ی هاوڕێیە کۆنەکەی دەبینێت، زووتر لە خۆپیشاندانەکانی بەهاری عەرەبی بەیەکەوە بەشداریان کردبوو، بەیەکەوە لافیتەیەکی گەورەیان هەڵگرتبوو، لەسەری نووسرابوو:

"ئازادی، بۆ عەرەب".

دەیەوێ رۆژەکە لەگەڵ پیاوێك بەڕێبکات، دەیەوێ لەگەڵ یەکێك پەیقین بکات، داوای لێ دەکات رۆژەکە بەیەکەوە بن، لەناو شەقامەکانا دەخولێنەوە، لە کافتریایەکەوە بۆ یەکێکی تر. سەری ژنەکە گێژی دەخواردەوە، ژاوەژاو بوو. قسەی دەکرد، بەردەوام قسەی دەکرد، نەدەوەستا، نەیدەویست بیر لە هیچ بکاتەوە، قسەکانی بەڕەڵا دەکرد و بەس، بییر قسەی بۆ دەکرد، باسی رۆژانە تاڵەکەی سەردەمی فەلەستنی بۆ دەگێڕایەوە، خوشك و براکانی لە بەیت ئەللّەحم. بە عەرەبی نوکتەیان بۆ یەکتری دەگێڕایەوە و پێدەکەنین.

کاتەکە درەنگ دەبێت، بەڵام نایەوێ بگەڕێنەوەماڵەوە، ژنەکە شووشەیەك بیرەی سارد دەخواتەوە، پارچەیەك پسکویتی سوێر دەخوات، ئارەزووی خواردنی نەبوو، شەو خامۆش ببوو، ئارەقەی کردبوو، بەڵام مەیلی نەبوو بچێتەوە ماڵەوە. لە کافتریای للال دو سو جیری داوەتی دەکات، کافتریاکە لە داری خۆڵەمێشی دروستکرابوو، لە دەرەوە قاڵدرمەیەکی پێوە بوو، رووبەندەکەی قرمید بوو، لە سەرەوەی لافیتەیەك

دەبریسکایەوە، پەنجەرەیەك بەرینی وەك سینەمای پیوە بوو. بییر پێی دەڵێت:

"_ناچیتەوەماڵەوە، دیارە رووت خۆش نییە؟".

"_مەبەستت چییە گۆڕاوم؟".

"_ئەوەی تۆ ببینێت، بە قەحپەیەکی سەرپێیت دەزانیت". بەگاڵتەوە پێیدەڵێت.

"_ترسم لە هیچ نەماوە".

بییر چەند پارچە گۆشتێك، گلاسێك ڤۆدگای بۆ دەهێنێت، گلاسەکە دەخواتەوە، هەست دەکات بەڕاستی مەستە، لە گەنجەکە نزیك دەبێتەوە، ئەوەی حەشیشەی دەفرۆشت. پارچەیەکی لێ دەکڕێت، دە یۆرۆی بۆ دەژمێرێت، جگەرەیەکی لێی لوولدەدات، جگەرەکە دەکێشێت. نیگای لێل دەبێت، باش ئاسۆکە نابینێت، دەنگی موزیکەکە بەرز دەبووەوە، چەند کیژێکیش لە نزیك ئەوانەوە مەست، ئەوانەی موخەدەراتی هەرزان دەفرۆشن، کەسانی نەناس لەوێ نزیك بوون، بییر ئامۆژگاری دەکات، وازبێنێت، بچێتەوە ماڵەوە، بەڵام ئەو قبووڵ ناکات، دەیویست ئیمڕۆ _زۆر بە پیسی_ سەرخۆش بێت.

کوڕێکی گەنجی لاوازی قژ درێژ، پارچە ئەڵماسێکی وردی لە گوێچکەی چەپی دانابوو، لێی نزیك دەبێتەوە... داوای لێ دەکات بەیەکەوە سەما بکەن، ژنەکە سەمای لەگەڵ دەکات، لەکاتی سەماکردنەکە کوڕەکە دەستی بۆ دەبات. ژنەکە دەوەستێت، دەگەڕێتەوە شوێنەکەی خۆی. کەمێك تووڕە ببوو، دەیویست شتێك بکات. مەبەستی نەبوو، ئەو شەوە بە ئارامی تێپەڕێت... کوڕێکی تر لێی نزیك دەبێتەوە، ئەویش قژی درێژ بوو، دەستی تاتوری زۆری پێوە بوو. بەڵام ژنەکە قسەی لەگەڵ ناکات، کوڕەکە ناڕوات، دەیویست قسەی لەگەڵ بکات، بەڵام ئەو نەیدەویست گوێی لە قسەکانی بێت.

لەودەمانە یەك بە دەنگی خۆی هاواری هەموو خەڵکی ناو باڕەکە دەکات. موزیکەکە دەوەستێنن، سۆفی دەچێتە ناوەڕاستی باڕەکە، پێکەکەی دەستی بەرز دەکاتەوە، دەقیژێنێت:

به خۆشی تۆ... بە خۆشی تۆ...

هەموو پێکەکانیان بۆ بەرز دەکەنەوە.

بە خۆشی تۆ، دەخۆمەوە، ئەوە پێکی یەکەمە.

لە پێکی یەکەم، دەتەوێ باسی خۆت بکەیت، ئەوەی گوێی لە تۆ بێت، دەڵێت لەسەر رووی زەمین کەسێك نییە وەك تۆ میسالی بێت، دەتەوێ دڵی خۆت بکەیتەوە و هەموو بابەتەکانی خۆت ئاشکرا بکەیت، چەندان پاڵەوانیەتی و پەرجوو و رەوشتی بەرز و مەزن و پەندیش بۆ خۆت دەخوڵقێنیت...

دەزانم باش دەزانم تۆ تاکە پیاوی مێژووی.

دەزانم تۆ نەبەرد و نازدار و وروژێنەری، هەموو ژنەکان بە دەنگی تۆ دەتوێنەوە. باسی خۆت دەکەیت و دەڵێت من دەوڵەمەندەم، کاردەکەم و بەردەوام کارم هەیە، خانووم هەیە، من لەگەڵ ژنان نەرم و نازدارم. تۆ رەخنە لە پیاوان دەگریت؛ چونکە ئەوان ماشیستن شێتی سێکسین لەگەڵ ژنان، قەدری ژنانیش نازانن.

بەڵام تۆ؛ نەخێر... جیاوازی... هەموویان چەپەلن، شایستەی ئەوەی نین بێجگە لە تۆ ژنان رێزی بگرن..

تۆ زیرەکی، شیکی، حەز بە موزیك و هونەر و گەشت دەکەیت.

بەخۆشی تۆ دەخۆمەوە، ئەوە پێکی دووەم... دەتەوێ هەموو شتێك لەسەر من بزانیت، بەتایبەتی چ جۆرە پیاوێکم خۆشدەوێت، هەموو شتێك لەسەر پەیوەندییە سۆزدارەکانی رابردووم، یان ئایا ئێستا پەیوەندییم بە کەسەوە هەیە. یەکەم، من هیچ پەیوەندییەکم نییە...

بێگومان بێگومان... دەڵێت پەیوەندییم نییە، ئەگەر ژن و سێ منداڵیشت لە قوتابخانەش بن!

دەتەوێ هەڵوێستم لەسەر سێکس بزانیت، ئەوەش بابەتە گرینگەکەیە، دەتەوێ بزانیت لە ژیانی خۆم چ دەکەم، برادەرەکانم کێن، چۆن هەڵیاندەبژێرم، بەتایبەتی پیاوەکان، دەتەوێ بزانیت چ جۆرە شەرابێکم پێ خۆشترە، کام خواردنم زۆرتر خۆشدەوێت، دەچمە کام رێستورانت، کافتریاکانی شەوانی تێدا بەسەر دەبەم.

هەروەها تۆ پەسنی جلوبەرگ و ئاکارم دەکەی، دەتەوێ بزانیت لەکێ جلوبەرگەکانم دەکڕم...

بە خۆشی تۆ دەخۆمەوە، ئەوەش پێکی سێیەم...

لەگەڵ تۆ دەچینە قۆناخێکی تر، قۆناخی پێهەڵدان، پێم دەڵێیت تۆ ژنێکی جیاوازی، تۆ پەرۆشی جیاوازییەکانی، پێم

دەڵێیت تۆ منت هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی قسـەم لەگەڵـدا بکـەیت؛ چونکە من بە ژنانی تر ناچم و جیاوازم.

پـێم دەڵێیـت تـۆ ژنێکـی نمونـەیی، ژنێکـی نـاوازەی ئەگـەر هیچیش لەسەر من نەزانیت.

پێم دەڵێت لەو شـوێنە لـە هـەموو ژنـەکانی تـر جـوانترم، لـە هەموویان نازدارتری، باشتری... جلـەکانی بـەرم لـە هـەموویان شیکترە، لەو شوێنە، وا دەڵێیت ئەگەر جلەکانم هەموویان شڕ و کۆنیش بێت، پێم دەڵێیت لە هەموو ژنەکان زۆرزان و رۆشنبیرتری ئەگــەر جیــاوازی لــەنێوان خوێندنــەوەی دیستۆفیســکی و سەماکردن لەسەر موزیکی دیسکوفسکیش نەکەم.

بخۆرەوە، بە خۆشی تۆ، قۆناخی زەلیلییە، هاوڕێیەکەم...

لەسەر ئەو زەمینە خۆت زەلیل دەکەیت؛ بـۆ ئـەوەی لەگـەڵم بخەویت، چاوەکانت دەبریسکێنەوە، بە یەك تروسکە، تروسکەی چێژ و حەز، بەیەکجاری خۆت کوێر دەکەیت، هیچ لە من نابینیت بێجگـە لـە جەســتەم، جەســتەیەك کـونێکی تێدایـە... خـۆت دەکەیتە پارچە پەرۆیەکی خاوێنکردنـەوەی کاشـی. خـۆتی پـێ دەسڕیتەوە، کاشییەکان، لەبەردەمم دەسـڕیتەوە، دەپاڕێیتـەوە، دەپاڕێیتەوە، بەدوام رادەکەیت، قسەم بۆ دەکەیت، وەك ئـەوەی سـەگ بیـت، کـە دەسـتی گەورەکـەی دەلێسـێتەوە، دەتـەوێ بگرێیت، دەتەوێ لەبن پێیەکانم و لەسەر چۆکان بکەویت...

لەگەڵ پێکی یەکـەم شـەوق و رەونـەقی نـاوەوەت نامینێـت، دەڕۆیت و گارسۆنەکەش پێك لەدوای پێك شەرابم بۆ دەهێنێـت، تا سەرخۆش دەبم... ئینجا بەگەڵت دەکەوم...

دەسـتی بـەرەو چـەپ و راسـت بـەرز دەکاتـەوە، دەڵێـت بـە خۆشی تۆ.. بە خۆشی تۆ... بە خۆشی تۆ.

سەما دەکات، زۆر ناوازە سەمایەك ئەنجام دەدات، دەڵێت:

تـۆ سـەما لەگـەڵ مـن دەکـەیت... تـۆش سـەما لەگـەڵ مـن دەکەیت... هێواش هێواش دەتەوێ دەستت بۆم بهێنیت.

دەتـەوێ دەسـتم بگریـت، تـا کاردانـەوەم بزانیـت، دوایـی؛ دەستت درێژ دەکـەیت، بەنـەرمی و وریاییـەوە، سـەما دەکـەیت بـێ ئـەوەی سـەیرم بکـەیت، دەسـتت دەئاڵێنیـت لـە کەمـەرم، دوایـی؛ دەتـەوێ دەسـت لـە سـمتم بخشـێنیت، یـان دەتـەوێ سینگم بە سینگت بکەوێت، دەتـەوی کاردانـەوەی مـن بزانیـت، هەر چەنـد کاردانەوەکـەم ئـەرێنی بوویێـت. هـەر چەنـد بێـدەنگ

دەبم، تۆش جورئەتت زۆرتر دەبێت، هەنگاوی دوورترم، لێ دەگریت.
رادەوەستێت، روو لە خەڵکەکە دەکات، ژنەکە دەڵێت:
من تۆ دەناسم... دەزانم چەند بەختیار دەبیت، ئەگەر بوارت بدەم هەموو شتەکانم لەگەڵدا بکەیت.
زۆریش بەختیار دەبیت ئەگەر ببینیت پیاوەکانی تری ناو بارەکە سەیرت دەکەن، بە ئیرەییەوە سەیرت دەکەن، بەحەسوودییەوە، بەڵام تۆ هاوڕێیەکەم... تۆش وەك کەلەشێرێك لەبەردەمیان پەڕەکانت فش دەکەیتەوە، شاناز دەبیت، کەیفت بە خۆت دێتەوە، بە نێری و پیاوەتی و زەوقەکەت کە دەتوانی بمبەزێنیت... ئەوەش بەوریاییەوە دەبێت، بۆ هاوڕێیەکانت دەگێڕیتەوە، کە تۆ منت راوکردووە، تۆ لەگەڵ من دەچیتەوە...
دوو بژارت لەبەردەمە... یان من پێتدەڵێم نەخێر... یان لەناخەوە پێت پێدەکەنم...
شادییەکەت بە تراژیدیا دەگۆڕێت، هەموو شتەکان دەگەڕێتەوە سەر پلەی هیچ، ئامێزم دەکەیت، دوا بژارت ئەوەیە توند لە باوەشم بکەیت و بەوەش قەرەبووت بکەیتەوە.
لەگەڵ من هیچت نامینێت ئەوە نەبێت بەتوورەیی لە ئامێزم بگریت.
پێت پێدەکەنم، لەناوەوە گاڵتەت پێدەکەم. دەتبینم نائومێد دەبیت، دەزانم ئێستا دەگەڕێیتەوە شوقەکەت؛ دوشێکی سارد وەردەگریت، تا بەیانی لەسەر چاو دەخەویت...
دەچەمێیتەوە، دەڵێت:
ویکێندێکی کامەران، هاوڕێیەکەم شەوێکی خۆش...
ژنەکە ریتمی قسەکانی دەگۆڕێت:
یان پێت دەڵێم بەڵێ، وەرە بەیەکەوە بچینەوە...
بەو داوایە لە خۆشییانە دەفڕیت، لەبەردەم خەڵکەکە هەڵدەپەڕیت، بەدرێژایی رێگاکە رووخۆش، یان رەنگە کە پێت دەڵێم بەڵێ تۆ ببورێیتەوە.
تۆ سەبرت نییە، هەرگیز ناتوانیت لە من دوور بیت، پێم وەدەنووسێیت، بەدرێژایی رێگاکە دەستم لێدەخشێنیت، لە هەموو شوێنێکی جەستەم. قسەکان تەواو دەبن، غەزەڵ و ستایشەکان تەواو دەبن، دەگۆڕێن بە لێخشان و وروژاندن. وەك ئەوەی بتەوێ لەناو شەقامەکە سوارم بیت..

که دەگەینەوە ماڵەوە، تۆ دەبیتە بەختیارترین پیاوی سەر رووی زەمین، چاوەکانت دەگەشێنەوە، روومەتت سوور هەڵدەگەڕێن، دەچیتە ئاودەستەکە؛ میزێك دەکەیت، دەگەڕێیتەوە، رەنگە بێ پانتۆلیش بیت... بە بۆچوونی خۆت... تۆ لەودەمانە لە لوتکەی وروژاندنی، بەرگەی ئەوەش ناگریت لە ئاودەستەکە زۆر بمینێمەوە، یان بڵێم: "دەتەوێ شتێك بخۆیت...؟".

دەیەوێ لاسایی بکاتەوە:

"_نەخێر ئێستا نا، ئێستا نا... دوایی، دوایی".

ئەوە لە تۆ دەبیستم، ئەوە دەڵێیت... دوایی، لەبن چەرچەفەکە جلەکانت لەبەردەکەیتەوە، چاوەڕوان دەکەیت، زۆریش پەرۆش و ئامادەی...

دەزانم تۆ ئۆرگازمێکی باشت وەرگرتووە... کە رووم لێ وەردەگێڕیت، دەست دەکەیت بە پرخەپرخ.

سۆفی ئەو شەوە، ماندوو و سەرخۆش و رووخاو، بەتەنیا دەگەڕێتەوە شوقەکەی.

کۆتایی

شێرزاد هەینی

لە ساڵی ١٩٥٥ لە هەولێر لە دایک بووە، بەشی رووپێوی لە ئامۆژگەی تەکنەلۆژیای بەغدا تەواوکردووە، تا لە وڵات دەرچووەوە لە شارەوانیی هەولێر فەرمانبەر بووە. ئێستا لەنێوان هەولێر و ستۆکهۆلم دەژیت.

**چاپکراوەکانی:**

1. لە یادی سەد ساڵەی شارەوانیدا، 1985 کتێبی "هەولێر" م ئامادەو چاپ کرد.
2. هەر لە شارەوانیدا لە ساڵی 1994 دا، 12 ژمارەی ڕۆژنامەی "هەولێر" م دەرکرد.
3. کەلاوە، 1991 ریپۆرتاژ، بۆ ئۆردوگاکانی دەڤەری هەولێر.
4. دیوەخانی فلێن، ڕۆژانەیە، لە 1999 لە ڕۆژنامەی "ئاڵای ئازادی" ی بڵاوکرایەوە.
5. هەولێر تا دبلن 2000 ریپۆرتاژ، زانکۆی ئازادی بەرلین.
6. بەغدا بۆ هەولێر 2000 ریپۆرتاژ، سویدو سلێمانی.
7. مەملەکەتی فارگۆنەکان،2001 ریپۆرتاژ، سلێمانی.
8. کاکە، ئەبو ئیسماعیل 2001 ، سلێمانی.
9. بەسەرهاتی دەریاوانێکی خنکاو 2001 ڕۆمانی گابریل مارکیز.
10. ڕێگای دوورم بۆ ئازادی، نیلسۆن ماندیلا، وەرگێڕان. دەزگای موکریانی.
11. سارد، یان گەرم "12" ریپۆرتاژبوو، لە ڕۆژنامەی "هەواڵ"ی سلێمانی .
12. فارگۆنەکان، لە دەزگای بەدرخان لەهەولێر2005 بڵاوکرایەوە.
13. مەملەکەتی کەلاوە، وەك نامیلکە لەوەزارەتی رۆشنبیری لەهەولێر بڵاوکرایەوە.
14. کۆریا پێناسە و مێژووی کۆریای باشوور، لە خانەی وەرگێڕان لە هەولێر 2007.
15. هولۆکۆست... وەرگێڕان ... سەنتەری نما هەولێر 2007.
16. دوو پرێنسیسی نازداری بێناز، دیاناو ماساکۆ... هەولێر دەزگای ئاراس 2008.
17. مارتن لۆسەر، بەشێکە لە کتێبی ناتوندوتیژی 1 سەنتەری مەسەلە هەولێر 2008.
18. بەرەو کۆشکی ئالیزی ، شیراك، روایال، سارکۆزی و: خانەی وەرگێڕان 2008.
19. سێکس و پۆلیتیك، دیوێکە لەژیانی دبلۆماتی فەڕەنسای نوێ و: سەردەم 2008
20. تەها حوسین، نابینایەکی بینا، دۆسیەیەك لە گۆڤاری نما 2008
21. 955 دەقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس دیمانە، دەزگای نما 2008
22. دۆلار لە ئەمریکا، دوو بابەتی ئابووریە و: دەزگای ئاراس 2008
23. مەجبوور، سەربردەو ریپۆرتاژە سلێمانی 2008

24. من ڕۆژنامەنووسم، جاسووس نیم، وەرگێڕان خانەی وەرگێڕان سلێمانی 2009
25. مۆساد وەرگێڕان لە بڵاوکراوەکانی ئاوێر چ١ و ٢ و ٣ هەولێر 2009، 2010،
26. دانپێدانەکانی حاجی پاولۆ، لە بڵاوکراوەکانی ئاوێر هەولێر 2009
27. ترێنە خێرایەکی خۆرهەڵات وەرگێڕان دەزگای موکریانی 2009
28. نهێنییەکانی سندووقە ڕەشەکە، وەرگێڕان وەزارەتی رۆشنبیری 2009
29. کاکە ئەبو خەلیل، بەسەرهات ڕەخنەی چاودێر سلێمانی 2009
30. برادەرە جوانەکە ڕەشیدە داتی دەزگای ئاراس  وەرگێڕان 2009
31. سارا پالین ژنێکە دەرچوو لە نەریتەکان وەرگێڕان دەزگای ئاراس 2010
32. دەسەڵات و نەخۆشی وەرگێڕان خانەی وەرگێڕان سلێمانی 2010
33. سیاسەتی دڵ وەرگێڕان دەزگای ئاراس 2010
34. جیهان لە دیدی کۆشنێر وەرگێڕان دەزگای نما 2010
35. سیڤییەکان 1وەزارەتی رۆشنبیری، کۆمەڵە دیدارێکە 2002 _ 2009
36. گەشتێك بەرەو ئەوروپای نوێ دەزگای ئاراس، وەرگێڕان 2010
37. حیکایەتەکانی غەدر و خوێن وەرگێڕان، خانەی وەرگێڕان سلێمانی 2010
38. چیرۆکێک لە خۆشەویستی و تاریکی، وەرگێڕان ئاوێر ٢٠١١ هەولێر
39. تووتنەوانەکە ڕۆمان، وەرگێڕان، ئاوێر ٢٠١١ هەولێر
40. ئەستێرە سەرگەردانەکە ڕۆمان وەرگێڕان، ئاوێر ٢٠١١ هەولێر
41. دەربازبوون وەرگێران دەزگای ئاراس ٢٠١١
42. مافیا دەوڵەتی سامان و خوێن دەزگای ئاراس ٢٠١١
43. سیڤییەکان ٢  کۆمەڵێک ڕاز و دیمانە وەرگێڕان وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠١١
44. کازیوە، ژنەکەی ناو فەیسبوک، نۆڤلێت دەزگای نما ٢٠١١
45. غاندی، چیرۆکی ئەزموونەکانم لەگەڵ هەقیقەتدا چ، ٢،١، ٣ ئاوێر ٢٠١١، ٢٠١٣
46. سەگەکان لە ریگا، ڕۆمان وەرگێڕان  ئاوێر ٢٠١١
47. غاردان بەدوای گورگەکاندا، ڕۆمان، وەرگێڕان، ئاوێر ٢٠١٢
48. سیڤییەکان ٣ کۆمەڵە ڕاز و دیمانەیە وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠١٢
49. دەسەڵاتی دوو ژن ئیلیزابیتی دووەم و ئەنجیلا میرکل، بەدرخان ٢٠١٢
50. چراکانی ئۆرشەلیم، وەرگێڕان ڕۆمان، ئاوێر ٢٠١٢
51. شۆرشەکانی جیهان ئامادەکردن، ئاوێر ٢٠١٣
52. هەولێر، ئیبنی مەستەوفی، ڕۆمان مەڵبەندی گشتی نووسەران ٢٠١٣
53. هەولێر، سێتاقان، ڕۆمان خانەی ئەربیل ٢٠١٣
54. گێلە، دۆستویڤسکی، وەرگێران ڕۆمان ئاوێر ٢٠١٣

55. زستانی خێزانەکە، وەرگێڕان ڕۆمان خانەی وەرگێڕان سلێمانی ٢٠١٣
56. کەسایەتە مەزنەکانی جیهان، دەزگای نما هەولێر ٢٠١٣.
57. سیڤییەکان ٤ کۆمەڵە ڕاز و دیمانەیە وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠١٣
58. رێنسانسی ئەوروپا مێژوو، وەرگێڕان ئاوێر ٢٠١٣
59. چرکەساتی حیکمەت. فەلەکەدین کاکەیی وەرگێڕان وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠١٤
60. هەولێر تەعجیل ڕۆمان بەرگی ٣ چاپخانەی زانکۆ ٢٠١٤
61. حەلاجیات، فەلەکەدین کاکەیی وەرگێڕان چاپخانەی ڕۆژهەڵات ٢٠١٤
62. بۆ ئامێزێکی بۆنی تۆ ڕۆمان وەرگێڕان خانەی وەرگێڕان سەنتەری نما ٢٠١٤
63. دەریاوانە خنکاوەکە ڕۆمان، گابریل مارکیز چ ٢ لە بڵاوکراوەکانی م. چینی ٢٠١٥
64. هەولێر تەیراوە ڕۆمان، چاپخانەی زانکۆ ٢١٠٥
65. ٩٥٥ دەقیقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس، چ٢، دەزگای جەمال عیرفان ٢٠١٥.
66. هەولێر چۆمان ڕۆمان ٢٠١٥
67. هەولێر سەعدی گچکە ڕۆمان ٢٠١٦
68. کودەتایەکی ڕۆحی، فەلەکەدین کاکەیی وەرگێڕان ٢٠١٦.
69. گوڵەکان بۆ کێ دەپشکوێن فەلەکەدین کاکەیی وەرگێڕان ٢٠١٦.
70. پایەمەکانی ژێرزەوی دۆستۆیفسکی رۆمان وەرگێڕان ئاوێر ٢٠١٦
71. ددانپێدانان خودا لە کوێیە؟ ماکیسم گۆرگی رۆمان، وەرگێڕان ئاوێر ٢٠١٦
72. هەولێر سەفین رۆمان ٢٠١٦
73. ژنێک پرچم رەش دەکاتەوە شیعر ٢٠١٧
74. سەربازانی سالامینا وەرگێڕان ٢٠١٧ دەزگای رۆسا هەولێر.
75. دێڵەگورگی خۆشەویستی و کتێب. رۆمان وەرگێران، ئاوێر هەولێر ٢٠١٧.
76. ژنە یاخیبووەکە، رۆمان وەرگێڕان رۆسا، هەولێر ٢٠١٧.

**ئامادەی چاپە:**

1. پایزە ساڵ تۆماری ڕووداوەکان 2009
2. گەرمێن و کوێستان یادەوەری و سەفەرەکانم
3. حەریمەکانی سوڵتانی عوسمانی ئامادەکراوە
4. کڵێسا لە مەملەکەتی ئورشەلیم وەرگێڕان
5. لەسەر پشتی حوشترەوە لە دیمشق تا حائیل، وەرگێڕان
6. سیڤییەکان ٥ ئامادەکردن و وەرگێڕان.
7. ژن لە ژیانی کاسترۆ وەرگێڕان
8. کوبا لە سەردەمی گەمارۆکە. گابریل مارکیز.

9. هەشتا ساڵ لە غەدر و خوێنی ئەخوان لە میسر.
10. نیکۆس کازانتزاکیس لە میسر.
11. منداڵی دیکتاتۆرەکان وەرگێران.
12. ژن لە ژیانی دیکتاتۆرەکان وەرگێڕان.
13. ژنە یەکەمە، رۆمان وەرگێڕان.
14. هەولێر قەرەچوخ رۆمان.